# شا لیيەر

وليام شێكسپير

# شا ليەر

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

دکتۆر سەلاح بابان

پێداچوونەوەی:

مامۆستا کەمال مەحموود فەرەج

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ولیام شێکسپیر
شا لییەر
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: دکتۆر سەڵاح بابان
پێداچوونەوەی: مامۆستا کەمال مەحموود فەرەج
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٧٨
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٠١٤ - ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. تریسکە ئەحمەد

## پێشکێشکردن

ئەم بەرهەمەم، وەرگێڕانی شا لییەر، کە نووسینی شێکسپیرە و من کردوومە بە کوردی، پێشکێش دەکەم بەو کەسانەی کە بڕوا بە زمانی لووس و رووی خۆشی مەراییکەر دەکەن. مەراییکەر، کە ئیشی پێت هەبێت، بە زمانی لووس و رووی خۆشەوە دەدوێت لەگەڵتدا و ستایشێکی زۆرت دەکات. کە ئیشی پێت نەما، زمانی لووسی، لووسێتیی دەڕوا و زۆرجاریش، تۆڵەی ئەوەت لێ دەکاتەوە کە کاتی خۆی، خۆی سووک دەکرد لە بەردەمتدا. دەروونی مەراییکەر، هەمیشە هەرزان و پیسە؛ بڕوای پێ مەکە.

دۆست، ئەو کەسە نییە کە هەمیشە لەگەڵتدا تەبایە و ستایشت دەکات. دۆستی راستی ئەو کەسەیە، ئەوەی کە راستگۆیە لەگەڵتدا و ئەگەر پێویست بێت سەرزەنشتت دەکات.

وەرگێڕ

## وتەی وەرگێڕ

شانۆگەریی "شا لییەر" لە تراجیدییە هەرە بەناوبانگەکانی شێکسپیرە و یەکێکە لەو چوار شانۆگەرییانەی کە پێیان دەڵێن "چوار تراجیدییە گەورەکانی شێکسپیر" کە جگە لە شا لییەر، هاملێت و ئۆتێللە و مەکبێس دەگرێتەوە.

بۆ یەکەمین جار، شا لییەر، ساڵی ١٦٠٨، لە کاتی ژیانی نووسەرەکەیدا، لە لەندەن تەمسیل کراوە. ئیتر لەوساوە، بە گەلێک زمان، لە شانۆ هەرە بەناوبانگەکانی جیهان، بگرە بەردەوام، پێشان دراوە.

***

ئەمە، چوارەمین تراجیدیی شێکسپیرە کە من وەری بگێڕم بۆ کوردی و بڵاوی بکەمەوە. لە پێش ئەمەدا ساڵی ٢٠٠٧، "مەکبێس" و ٢٠٠٩، "هاملێت" ٢٠١٠ "رۆمیۆ و جولیەت"م بڵاو کردەوە.

لەبەرئەوەی، جگە لە زمانی ئینگلیزی، من عەرەبی و "رووسی"یش دەزانم، ئەم بەرهەمەم، وەکو ئەوانەی ترم، بەراورد کردووە لەگەڵ وەرگێڕانی عەرەبی و "رووسی"یەکانیدا. لەو وەرگێڕانە، بێگومان، زۆر سوودم وەرگرتووە. بەڵام "هەڵە"شم تیایاندا دۆزیوەتەوە. شتێکی ئاسان نییە پیاو بتوانێت کارێکی ئاوا بکات بەبێ ئەوەی هیچ هەڵە و کەموکورتی تیادا هەبێت. لەم بەرهەمەی منیشدا، بێگومان، هەر دەبێت هەندێک لەو جۆرە هەڵانەی تیادا هەبن کە من خۆم نەمبینیون. لەبەر ئەوە زۆرم پێ خۆش دەبێت رەخنەی خوێنەری بەرێزم پێ بگات، بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەربگرم بۆ جاری داهاتووم.

وەرگێڕانی "شا لییەر"، بەمجۆرەی کە لە بەردەستاندایە، بیست مانگێکی بەدەستمەوە خایاندووە. هەمدیسانەوە، وەکو جارانی پێشوو، کە بە مەکبێس و هاملێت و "رۆمیۆ و جولیەت"ەوە خەریک بووم، بە درێژاییی کارکردنەکەم، مامۆستا (کەمال مەحموود فەرەج) یارمەتیی داوم، بە تایبەتی لە زمانە

کـوردییـەکـەیدا؛ وەک مـامـۆسـتـایەکی دڵسـۆز دێر بـە دێر چەند جـارێک هـەمـووی خـوێندووەتەوە و بەراوردی کـردووە لەگەڵ ئینگلیـزییـە رەسـەنەکـەی و وەرگـێـڕانە عـەرەبییـەکانیاندا. لە زۆر جێگەدا رەخنەی لێ گرتووە و زۆریشـمـان پێکەوە چاک کردووەتەوە. پێویستە دان بەو راستییەشدا بهێنم کە لە چەند جێگەیەکدا، هەندێک دێڕ هەن، کە هەر دارشـتنی مامۆستا کەمال خۆیـەتی. ئەمە ئەرکێکی ئاسان نییە. بێگومان، زۆر زۆر سوپاسی دەکەم.

لەم کـارەم و لە کـارەکـانـی پێشـوومـدا، سـوودێکی زۆرم لە چەند فـەرهـەنگێکی کـوردی وەرگـرتووە، کـە بە پێـویسـتی دەزانم، سـوپاسـی دانەرەکـانیـان بکەم. بە تایبـەتی سـوپاسی مـامـۆسـتـا شـەفـیق قـەزاز دەکـەم بۆ فـەرهـەنگی "شـارەزوور" و مـامـۆسـتـا شـەوکـەت مەلا ئیسـمـاعیل بۆ فـەرهـەنگی "مـامۆسـتـا" و دکـتـۆر رەشـید قـەرەداغی بۆ فـەرهـەنگی "ئازادی". بەڕاسـتی کـارێکی گرینگ و گـەلێک باشـیـان کردووە لە پێناوی زمان و ئەدەبی کوردیدا.

شـێکسـپیر بەشـی زۆری "شا لییـەر"ی، وەکو شـانۆگـەرییـەکانی تری، بـە شـیـعر نووسـیـوە. منیش، بە پێی توانـام، هـەوڵم داوە کـە دەسـتـەواژەکـانم هۆنینەوە و سـەروایان بدەمێ.

ئومـێـدم وایـە ئەم بـەرهـەمـەم، سـوودێکی هـەبێت بۆ بـزووتنـەوەی هونـەر و رۆشنبیری لـە کـوردسـتـاندا و هـەروەها بۆ دەوڵـەمـەندکردنی کـتێبـخـانە و ئەدەبی کوردی. هیواداریشم کە خوێنەری بەڕێز پەسندی بکات.

سەلاح بابان،
بێرمنگهام، بەریتانیا
نیسانی ٢٠١١

E-mail: sbaban2000@yahoo.co.uk

## دەربارەی شێکسپیر

هەرچەندە گەلی ئینگلیزی شاعیری باشی زۆرە، بەڵام ولیام شێکسپیر، بە بڕوای زۆر کەس، لە شیعردا، باڵای لە هەموویان بەرزتر و بەناوبانگترە. سەرەڕای ئەوەی کە شێکسپیر شاعیر بووە؛ شانۆگەریی نووسیوە و ئەکتەریش بووە. هەروەها بەڕێوەبەری تیپێکی شانۆگەری بووە و خاوەند بەشێکیش بووە لە شانۆی " گلۆب Globe"، کە یەکێک بووە و ئێستاش یەکێکە لە شانۆ هەرە باش و بەناوبانگەکانی لەندەن.

***

شێکسپیر، لە نیسانی ساڵی ١٥٦٤دا، لە شاری ستراتفورد، لەدایک بووە. ستراتفورد، شارێکی پچووکە لەسەر رووباری "ئەیڤۆن Avon". نزیکەی سەدوپەنجا کیلۆمەترێک لە باکوری رۆهەڵاتی لەندەنەوەیە. رۆژی لەدایکبوونی بەتەواوی کەس نایزانێت. بەڵام دەزانین کە لە ٢٦ی نیسانی ساڵی ١٥٦٤دا، لە کڵێسای ستراتفورد، ناوی بە مەسیحی تۆمار کراوە (تەعمید کراوە). ئەوسا، نەریت وابووە کە سێ رۆژ دوای لەدایکبوون منالْ لە کڵێسادا تۆمار بکەن. لەبەر ئەوە بەلای زۆرەوە لە ٢٣ی نیسانی ساڵی ١٥٦٤دا لەدایک بووە. وا ڕێک کەوت کە هەر لەو رۆژەشدا، لە یادی رۆژی لەدایکبوونیدا، لە ساڵی ١٦١٦دا، لە تەمەنی ٥٢ ساڵیدا، بمرێت و لەو کڵێسایەشدا، لەوەی کە بە منالّی ناوی بە مەسیحی تۆمار کرابوو، دوای ٥٢ ساڵ بنێژرێت.

ولیام، کوڕە گەورەی "جۆن شێکسپیر" بووە. دوو خوشکی هەبووە لە خۆی گەورەتر، سێ برا و دوو خوشکیش، لە خۆی منالْتر. "جۆن"ی باوکی، بە پیشە، دەستکێشدروو بووە. بەڵام، لە هەمان کاتدا کشتوکاڵیی کردووە و بازرگانیشی لە خوری و پێستەدا کردووە. جارجار، لە گەنم و جۆشدا.

جۆن، نە لە دەوڵەمەندەکان و نە لە هەژارەکان بووە؛ لە چینی ناوەند بووە. بەڵام

ژنەکەی، کە ناوی "مێری" بووە، لە بنەماڵەیەکی خاوەند زەویوزار بووە؛ جۆن، کاتی خۆی لەوان زەویی بەکرێ گرتووە بۆ کشتوکاڵکردن. سەرەڕای ئەوانە، جۆن، چالاکییەکی زۆریشی لە کار و کردەوەی کۆمەڵگاییدا هەبووە، تا هەڵبژێرراوە بە سەرۆکی شارەوانیی"Mayer"ی شاری ستراتفورد. بۆ کاتێکیش هەڵبژێرراوە ببێت بە دادوەری ئاشتیی شارەکە.

***

یەکێک لە خوێندنگە[1] هەرە باشەکانی ئەوسای ئینگلتەرە، لە شاری ستراتفورد بووە. ئەو خوێندنگەیە، بۆ منداڵانی کاربەدەستە بەرزەکانی شارەکە، بەخۆڕایی بووە. ولیام شێکسپیر، زۆر لەوە دەچێت، لەوێ خوێندبێتی. چونکە لەو خوێندنگەیەدا، بایەخیان زۆر بە زمان و ئەدەبی گریکی و لاتینی دەدا. "شێکسپیر"یش بە نووسینەکانیدا دیارە کە "پلینی و ئۆڤید و سێنێکا و هۆمیرۆس و پلووتارخ"ی خوێندبێتەوە و کاریان تێ کردبێت.[2]

ستراتفورد، هەرچەندە، وەکو باسمان کرد، شارێکی گەورە نەبووە و ئێستاش گەورە نییە، بەڵام لەوە دەچێت و دوور نییە بەهۆی ئەو خوێندنگەیەی کە باسی کرا، بایەخیان زۆر بە هونەر و شانۆگەری دابووبێت؛ هەر لەوساوە شانۆی باشی تێدا هەبووە و شێکسپیر کاتی خۆی پێش ٤٠٠ ساڵ زیاتر، لە یەکێکیاندا کاری کردووە.

***

نزیکەی ساڵی ١٥٧٧، جۆن، باوکی ولیام شێکسپیر، لە بازرگانییەکەیدا نابووت دەبێت. بە ناچاری هەر چییەکی دەبێت دەیفرۆشێت یان دەیدات بە ڕەهن. لەبەر ئەوە پارەی نابێت کوڕەکەی بنێرێت بۆ زانکۆ خوێندنەکەی تەواو بکات.

ساڵی ١٥٨٢، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا، شێکسپیر ژن دەهێنێت. ژنەکەی کە ناوی "ئان هاتەوەی" دەبێت، هەشت ساڵ لە خۆی گەورەتر دەبێت. کاتی مارەکردن، سکی سێ مانگان دەبێت بە یەکەم منداڵی شێکسپیر. دواى شەش

---

١. خوێندنگە؛ مەکتەب، قوتابخانە.

٢. پلینی، ئۆڤید، سێنێکا، هۆمیرۆس، پلووتارخ: سەیری پەراوێزی لاپەڕەی دوای ئەمە بکە. =

مانگ کچێکیان دەبێت ناوی دەنێن "سوزان". ساڵی ١٥٨٥ ژنەکەی، کوڕ و کچێکی بە سکێک دەبێت. کوڕەکە ناو دەنێن "هامنێت" و کچەکە "جوودێت". لەبەرئەوەی شێکسپیر کەم پارەی دەبێت، بە ناچاری، خۆی و ژن وماڵەکەی لەگەڵ ماڵی دایک و باوکی خۆیدا دەژیان.

لە ساڵی ١٥٨٦دا، باوکی بێ ئیش دەمێنێتەوە. بەهۆی ئەو شانۆیەی کە لە شاری "ستراتفورد"دا هەبووە، ساڵی سێ چوار جار، لە لەندەنەوە تیپی شانۆگەری دەهات و لەوێ تەمسیلیان پێشکێش دەکرد. هەر لەو ساڵەدا، شێکسپیر توانی، لەگەڵ یەکێک لەو تیپانەدا، ئیشێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە. ئیتر لەوەوە وردە بە وردە ئیشی بەرەو باشی دەڕوات. لە دواییدا لەگەڵ یەکێک لەو تیپانەدا دەچێت بۆ لەندەن بۆ ئەوەی لەوێ، لە شانۆکانیدا ئیش بکات و شانۆگەرییان بۆ بنووسێت. تا بەرەو ساڵی ١٥٩٢، پێی دەکرێت ئەوەندە پارە کۆ بکاتەوە، کە باوکی خۆی لە

---

= – پلینی (Pliny) (Gaius Plinius 62-113): نووسەرێکی بەناوبانگی ڕۆمانییە. هەر لە تەمەنی ١٤ ساڵییەوە تراجیدی نووسیوە.

– ئۆڤید (Ovid) (Publius Ovidius Naso 43BC-43AD): شاعیرێکی ڕۆمانییە، تراجیدی (میدیا) یەکێکە لە بەناوبانگەکانی.

– سێنێکا(Lucius Annaeus 4BC-65AD) (Seneca): نووسەر و ڕامیار و فەیلەسووفێکی ڕۆمانییە. لە ئیسپانیادا لەدایک بووە، مامۆستای نیرۆن بووە. نیرۆن لە دواییدا کە دەبێت بە قەیسەری ڕۆما، چەند کەسێک، بۆ ئەوەی ڕۆما لە دەست ئەو ستەمکارە، نیرۆن، ڕزگار بکەن، پیلانێک دادەنێن بۆ کوشتنی. کە نیرۆن پێی دەزانێت، بۆی دەرکەوت کە یەکێک لەو پیلانگێڕانە سێنێکایە. لەبەرئەوەی سێنێکا کاتی خۆی مامۆستای بووە، نیرۆن، حەزی نەدەکرد لە خاچی بدات. لەبەر ئەوە ڕێی دایە کە بەدەستی خۆی، خۆی بکوژێت. ئەویش بە ناچاری خۆی دەکوژێت. پاشکۆی یەکەمی ئەم پەڕتووکە دەربارەی نیرۆنە.

– هۆمیرۆس (Homer) : شاعیرێکی یۆنانیی زۆر کۆنە. سەدەی هەشتەمی پ.ز. ژیاوە. داستانی (مەلحەمەی) "ئیلیادە "Iliad کە باسی جەنگی تەروادە دەکات و "ئۆدیسەی Odyssey "، کە باسی گەشتەکانی شای "ئیتاکا Ithaca " دەکات، لە نووسینە بەناوبانگەکانێتی.

– پلووتارخ (Plutarch 46-120): مێژوونووس و فەیلەسووفێکی یۆنانییە.

نابووتی ڕزگار بکات.

سـاڵی ١٥٩٦ "هامنێت"، ئەو تاکـە کـوڕەی کـە هـەیبـوو، نەخـۆش دەکـەوێت و دەمرێت. بۆ ساڵی دوایی شێکسپیر، شانۆگەریی "شا جۆن" دەنووسێت. لەوێدا، باسی پەژارەی یەکێک دەکات کە جەرگی بەمـردنی ڕۆڵەکەی سووتاوە. ئینجا لە زمانی ئەوەوە، شێکسپیر، باسی سوێداریی دڵی خۆی، دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

پەژارە، ژووری
ڕۆڵەکەی منی داگیر کردووە؛
لە نوێنەکەیدا، لەوێ خەوتووە.
بۆ سەرەوە بێ، یان بۆ خوارەوە،
بڕۆم بۆ هەرچ کوێ، لەگەڵما دەچێ.[١]
دیمەی شیرینی
ئەو، لە ڕوو دەکات.[٢]
وتەکانی ئەو، دووبارە دەکات.
هەموو ئەندامە جوانەکانی ئەو،
دەهێنێتەوە بەر دیدەی بیرم؛
لە خۆی، پەیکەری
ئەو، دروست دەکات،
جلوبەرگەکەی دەکاتە بەری.
کەوابێت بۆنەم هەیە ئەگەر من،
شەیدای سوێداری و پەژارەی خۆم بم.

بۆ ساڵی ١٥٩٢ شێکسپیر دەبێت بە شاعیر و ئەکتەرێکی تەواو بەناوبانگ. لەو کـاتەدا سـەرلەنوێ لە لەندەن تاعـوون بـڵاو دەبێـتـەوە. بۆ ئەوەی بڵاوبـوونەوەی ئەم نەخۆشـییـە کـەم بکرێتـەوە یان کـۆنتـڕۆڵ بکرێت، بـۆ دوو سـاڵ هـەمـوو شـانـۆکـانی لەندەن دادەخـرێن. لەو دوو سـاڵەدا شـێکسـپـیـر، دوو چیـرۆکی درێژ بە شـیـعـر دەنووسێت؛

---

١. مەبەستی لە پەژارەیە.

٢. ئەو؛ مەبەستی لە ڕۆڵەکەی خۆیەتی.

– ڤینۆس و ئەدۆنیس "Venus and Adonis"

– ئەو زۆرداریی‌ەی کە لە نامووسی لوکرێشیا کرا[1] " The rape of Lucrece"

کە شانۆکان، لە ساڵی ١٥٩٤دا، دەکرێنەوە، شێکسپیر، دەبێت بە یەکێک لە خاوەندەکانی تیپێک بەناوی "چێمبەرلەین". لە ماوەی چوار یان پێنج ساڵی دواییدا، شێکسپیر فریا دەکەوێت ئەم هەموو شتە، بۆ تیپەکەی خۆیان، بنووسێت:

– بازرگانی ڤێنیس "The merchant of Venice"

– خەونی شەوێک لە ناوەڕاستی هاویندا " Midsummer Nights Dream"

– ژنە شادمانەکانی وندزەر "The merry wives of Windsor"

– هەرا و هوریایەکی زۆر دەربارەی هیچ "Much ado about nothing"

– وەک چۆن پێت خۆشە "As you like it"

– "ریچارد"ی دووەم "Richard the second"

– "هێنری"ی چوارەم "Henry the fourth"

– رۆمیۆ و جولیەت "Romeo and Juliet"

لە ساڵی ١٥٩٩دا تیپی "چێمبەرلەین" شانۆیەکی تایبەت بۆ خۆی دروست دەکات لەسەر کەناری رووباری تێمس لە لەندەن بەناوی شانۆی " گلۆب". ئەو شانۆیە، ئەوەندە گەورە بووە؛ ٣٠٠٠ کەسی گرتووە. ئینجا، خوێنەری بەڕێز، بزانە تا چ رادەیەک، هەر لەوساوە، شانۆگەری لە ئینگلتەرەدا باوی هەبووە. شابانوو "ئەلیزابێس" یەکێک بووە لەوانەی کە حەزیان لە شانۆ کردووە و بەشێکی زۆری لە شانۆگەرییەکانی شێکسپیر بینیبوو. لە ساڵی ١٦٠٣دا، کە ئەلیزابێس دەمرێت،

---

١. تارکوین، کوری حەوتەمین شای رۆما دەبێت، لە سەدەی شەشەم پێش لەدایکبوونی مەسیح، شەوێک بە دزییەوە دەڕوات بۆ ژووری نوستنی لوکرێشیا ("لوکریس"یشی پێ دەڵێن)، ژنی ئامۆزاکەی خۆی و دەستدرێژی لە نامووسی دەکات. لوکرێشیا، پێش ئەوەی، لە داخا خۆی بکوژێت، بە مێردەکەی و باوکی خۆی دەڵێت. ئەم رووداوە جەنگێکی گەورە دەنێتەوە لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەی شادا. گەلەکە، سوود لەو ئاژاوەیە وەردەگرێت و راپەڕێت دژی رژێمی شا. شا، رادەکات. ئیتر گەلەکە، خۆی پەرلەمانێک هەڵدەبژێرێت، حوکمی وڵاتەکە بکات. ئیتر بەمجۆرە، ئەو رووداوە دەبێت بەهۆی دامەزراندنی یەکەم رژێمی کۆماری لە رۆمادا.

"جێمس"ی یەکەم جێگەی دەگرێت. جێمس، لەویش زیاتر حەزی لە هونەر دەکرد؛ هونەرمەندەکانی، بە تایبەتی شێکسپیر، زۆر لە خۆی نزیک کردبووەوە. تا داوای لە تیپی "چێمبەرلەین" کرد کە ناوی تیپەکەی خۆیان بگۆڕن و بیکەن بە تیپی "شا". ئەوانیش، بێگومان، پێیان خۆش دەبێت؛ ئیتر بەپێی ئارەزووی شا، ناوی تیپەکەی خۆیان گۆڕی. زۆرجار شا، بانگی دەکردن کە لە کۆشکەکەی خۆیدا تەمسیل بکەن.

***

لە ساڵی ١٦١١دا لە تەمەنی ٤٧ ساڵیدا شێکسپیر واز لە شانۆگەری دەهێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی "ستراتفورد". لەو کاتەدا شێکسپیر خاوەن سامانێکی زۆر دەبێت. ئەو خانووەی تیایدا دەژیا لەگەڵ خێزان و منداڵەکانیدا بەتایبەتی بۆ خۆیانی دروست کردبوو.

لە شانۆی " گلۆب"، "فلێچەر"ی هاوڕێی جێگەکەی دەگرێت بۆ بەڕێوەبردنی شانۆ و تیپەکە. چیرۆکی "هێنریی هەشتەم" کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٦١٣دا تەمسیل کرا لە شانۆی " گلۆب"، زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە خۆی و "فلێچەر" پێکەوە نووسیبێتیان.

لە کاتی یەکەم تەمسیلکردنی ئەم چیرۆکە، شانۆکە گڕ دەگرێت. سەرتاپا هەمووی دەسووتێت. بەڵام خۆشبەختانە کەس ئازاری پێ ناگات. هەر وا بەو سووتاوییە دەمێنێتەوە تا دوای ٣٨٤ ساڵ، لە ساڵی ١٩٩٧دا سەرلەنوێ بینا دەکرێتەوە. ئێستا، دیسانەوە، یەکێکە لە شانۆ هەرە باش و بەناوبانگەکانی لەندەن.

ساڵی ١٦٠٧ "سوزان"ی کچی، شوو دەکات بە پزیشکێک بەناوی "جۆن هۆڵ". خانووەکەیان هێشتا لە ستراتفورد ماوە و بە یەکێک لە میراتییەکانی شێکسپیر دادەنرێت. لە ساڵی ١٦١٦دا، چەند مانگێک لە دوای شووکردنی "جوودێت"ی کچی، شێکسپیر دەمرێت.

زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە دواهەمین شیعری شێکسپیر، ئەمە بووبێت، ئەمەی، کە لەسەر کێلی گۆڕەکەی نووسراوە:

هەر لە ڕێی مەسیح، دۆستە باشەکان،
نەکەن دەستکاریی ئەم خۆڵەم بکەن.

ڕەحمەت بێ لەوەی کە ئاگاداریی
جێ و بەردەکانی گۆڕەکەم دەکات.
وە هەزار لەعنەت
لەوەی دەستکاریی
ئێسک و پرووسکی من لێرە دەکات.

***

کەس بەتەواوی هۆی مردنەکەی نازانێت. بەڵام، بنەماڵەی شێکسپیر، هیچیان زۆر نەژیاون؛ هەرسێ براکەی، کە لە خۆی گەنجتر بوون لە پێش خۆیدا مردوون: "گلبێرت" بە ٤٦ ساڵی، "ریچارد" بە ٣٩ ساڵی، "ئێدمەند" بە ٢٧ ساڵی.

شێکسپیر، لە پێش مردنی، هەموو موڵک و سامانەکانی خۆی دەکات بە وەقف بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت بیانفرۆشێت و هەر بەناوی بنەماڵەکەی خۆیەوە، بۆ نەوەکانی، بمێننەوە. بەڵام، "ئەلیزابێس" کە تاقانە کچی "سوزان"ی کچی دەبێت، بەداخەوە لە ساڵی ١٦٧٠دا بەبێ مناڵ دەمرێت. "جوودێت"ی کچی، سێ مناڵی دەبێت، هەرسێکیان بە گەنجی دەمرن. لەبەر ئەوە لە بنەماڵەی ولیام شێکسپیر، کەس نەمایەوە لەو سامانانە سوود وەربگرێت.

***

جگە لە نووسینەکانی تری، شێکسپیر ٣٨ شانۆگەریی نووسیوە. ١٨یان، لە کاتی ژیانیدا بڵاو کراونەتەوە. لە ساڵی ١٦٢٣دا، حەوت ساڵ لە دوای مردنی، دوو لە دۆستە نزیکەکانی، هەموو شانۆگەرییەکانی ئەویان لە یەک کتێبدا بڵاو کردووەتەوە. پێش ئەوەش، بە چەند مانگێک، لە هەمان ساڵدا، لەو کڵێسایەی کە تیایدا نێژراوە پەیکەرێکی بۆ دروست دەکرێت.

## چیرۆکی شا لییەر بە کورتی

کۆن، پێش ئەوەی ئاینی مەسیحی بگاتە دوورگەکانی بەریتانیا، شایەک فەرمانڕەوایی ئینگلتەرەی دەکرد ناوی "لییەر" بووە. لییەر، پیر بووبوو، ژنەکەی مردبوو، هەندێکیش خەڵەفابوو و ئارەزووی فەرمانڕەوایی وڵاتەکەی نەمابوو. سێ کچی هەبوو، دووانیان؛ گۆنێریڵ و ریگان، شوویان کردبوو و پچووکەکەشیان کە ناوی "کۆردێلیا" دەبێت، کاتی شووکردنی هاتبوو و زۆر گەنجی خانەدان داوایان دەکرد. شا لییەر، بڕیاری دا کە لە رۆژی مارەکردنی " کۆردێلیا"دا، واز لە فەرمانڕەوایی بهێنێت و مەملەکەتەکەی دابەش بکات بەسەر سێ کچەکەیدا.

لییەر، خۆی لە دڵی خۆیدا، بڕیاری دابوو چ کەرتێکی مەملەکەتەکە بدات بە کام کچی. وە لەبەرئەوەی کە " کۆردێلیا"ی لە هەموویان زیاتر خۆش دەویست، باشترین کەرتی بۆ ئەو دانابوو.

لەو خانەدانانەی کە "کۆردێلیا"یان دەخواست، لییەر دووانیانی هەڵبژارد و بانگی کردن بێن بۆ لای و لە کۆشکەکەیدا میوانی بن تاکو بڕیار لەسەر یەکێکیان دەدرێت. ئەو دووانە یەکێکیان شای فەرەنسا دەبێت و ئەوەکەی تریان "دیوکی"ی بێرگەندی.[١]

لە رۆژی مارەکردنی " کۆرنێلیا"دا، شا، جگە لە بنەماڵەی خۆی و کچەکانی، چەند خانەدانێک لە دۆستە دڵسۆزەکانی خۆیشی بانگ دەکات. کێنت و گلۆستەر لەو خانەدانانە دەبن. دوای ئەوەی هەموو کۆ دەبنەوە، شا لە گلۆستەر دەخوازێت کە بچێت بانگی ئەو دوو گەنجە بکات کە هاتوون بۆ خواستنی کچەکەی. بڕیاریش دەدات پێش ئەوەی ئەوان بێن، نیازەکانی خۆی بهێنێتە دی؛ واز لە فەرمانڕەوایی بهێنێت و مەملەکەتەکەی دابەش بکات بەسەر کچەکانیدا.

---

١. دیوک نازناوێکە وەکو میر یاخۆ ئەمیر وایە. بێرگەندی کاتی خۆی وڵاتێکی سەربەخۆ بووە، بەڵام ئێستا پارچەیەکە لە فەرەنسا.

لە بەرچاوی میوانەکانیدا، کچەکانی بانگ دەکات و پێیان دەڵێت؛ کچەکانم، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا، میراتییەکانی من نەبن بەهۆی ناکۆکی لە نێوان ئێوەدا، بڕیارم داوە کە لە ئێستاوە، پێش ئەوەی بمرم، مەملەکەتەکە دابەش بکەم بەسەرتاندا. وە بڕیاریشم داوە کە باشترین کەرتی بدەم بەو کچەم، ئەوەی منی لە هەمووتان زیاتر خۆش دەوێت. لەبەر ئەوە دەمەوێت هەر یەکێکتان خۆشەویستیی خۆیم ئێستا بۆ دەرببڕێت.[1]

ئینجا روو دەکاتە گۆنێریڵ و دەڵێت؛ کچم، لەبەرئەوەی تۆ گەورەکەیانی، با لە تۆوە دەستی پێ بکەین. دەی، وا گوێت لێ دەگرم، بزانم تۆ چەند باوکی خۆتت خۆش دەوێت. گۆنێریڵ دەڵێت؛

بەگم، ئەوەندەی، من تۆم خۆش دەوێ
وتە ناتوانێ بۆمی دەربڕێ؛
هێژاترە لام،[2]
لە نووری چاو و هەوا و ئازادی؛
زۆرترە لەوەی
جۆرە نرخێکی بۆ دابنرێ.
هیچ کەمتر نییە لە ژیانێکی
سەربەست و پڕپڕ
لە تەندروستی و شادی و شانازی.
خۆشەویستییەکەم،
جۆرێکە کە قەت نەبووە رۆژێ
رۆڵەیەک باوکی وا خۆش ویستبێ؛
لەو جۆرەیە کە

---

١. زۆرجار پیاو، کە پیر دەبێت و پەکی دەکەوێت و نەختێک دەخەڵەفێت، وادەزانێ منداڵەکانی دەبێت خۆشیان بوێت؛ وەکو چۆن کاتێ کە منداڵ بوون خۆی خۆشی دەویستن. لەبەر ئەوە گەر یەکێکیان مەرایی بکات، زۆری پێ خۆش دەبێت و زوو بڕوا بەوتەکانی دەکات.

٢. هێژاترە؛ بەنرخترە. خۆشەویستییەکەم بەنرخترە.

هەناسەی مرۆڤ، دەبڕێ و زاری،
لە قسەکردن، پەکی دەکەوێ.

شا لییەر، ئەو قسانەی زۆر پێ خۆش دەبێت و بڕوا بە هەمووی دەکات. سەیری خەریتەی وڵاتەکەی دەکات، کە لە بەردەمیدا دانرابوو و دەڵێت؛

راست لەم هێڵەوە تاکو ئەوەیان،
بەو هەموو دار و دارستانەوە،
بەو دەشتانەوە،
بەو رووبارانە ئاو زۆرانەوە،
لەگەڵ ئەم هەموو مێرگە جوانانە،
ئەوەتا تۆمان کرد بە خاتوونیان.[١]
تا هەتاهەتا ببێت بەموڵکی
تۆ و نەوەکانی خۆت و ئەلبەنی.[٢]

ئەمجا، روو دەکاتە کچە ناوەنجییەکەی و دەڵێت؛ دەی، رێگان، نۆرەی تۆیە. ئەویش دەڵێت؛

بەگم، لە هەمان
کەرەستەی خوشکم، دروست کراوم،
با نرخەکەشم، وەک نرخی ئەو بێ.
گوێم لێ بوو هەرچی
ئەڤینی راستی هەیە لە دڵما،
ئەو ناوی هێنا و گشتی دەربڕی.
هەر جگە لەوەی کە من دوژمنی
گشت خۆشییەکی تری ژیانم و
هەر بە شادمانی و خۆشەویستیتان،
کامەران دەبم.

١. خاتوونیان؛ خاوەنیان.
٢. ئەلبەنی؛ مێردی "گۆنێریڵ"ە

لییەر: (سەیری خەریتەکە دەکات و پێی دەڵێت)
تا هەتاهەتا،
ئەمە، هی خۆت و نەوەکانتە. (روو دەکاتە میوانەکانی)
دەمێنێتەوە
ئەم یەک لە سێیە باش و گەورەیە،
لەم مەملەکەتە جوانەی هەمانە،
کە لە مەزنی و نرخ و جوانیدا،
هیچ کەمتر نییە لەوەی گۆنێریڵ. (روو دەکاتە کۆردێلیا)
بەڵام ئێستاکە، شادییەکەمان،[١]
پچووکترین و دواهەمین کچمان،
ئەوەی، ئەوەتا بۆ ڤیانی گەنجی
هەوڵ دەدەن هەردووک؛
ترێی فرەنسی و شیری بێرگەندی،[٢]
تۆ چی دەتوانی بە باوکت بڵێی
تاکو سێیەمین کەرتی وەربگری.
کە زۆر بەپیت و دەوڵەمەندترە
لەوانەی دران بە خوشکەکانت.
دەی فەرموو بدوێ.

کۆردێلیا، باوکی خۆی بەڕاستی خۆش دەویست. باوکیشی، ئەوی لە دووانەکەی تر زیاتر خۆش دەویست. لەبەر ئەوە خوشکەکانی خۆشیان نەدەویست. کۆردێلیا، کچێکی ڕاستگۆ و دڵسۆز و دڵناسک بوو، لەبەر ئەوە زۆری پێ ناخۆش بوو کە خوشکەکانی ئەو باوکە پیرەیان، بەو جۆرە، بە مەرایی و درۆ هەڵدەخەڵەتێنن. لەبەر ئەوە، کە نۆرەی دێت، ئارەزوو ناکات هیچ بڵێت. وەڵامی باوکی دەداتەوە و دەڵێت؛

١. لییەر، کۆردێلیای زۆر خۆش دەوێت. پێی دەڵێت شادییەکەمان؛ بەهۆی تۆوە من لەم دنیایەدا شادم.
٢. دیارە فرەنسا بەناوبانگ بووە بە ترێی باش. "بێرگەندی"یش بە شیر.

گەورەم، هیچ نالێم.

لییەر:

هیچ؟

کۆردێلیا:

بەڵێ، گەورەم، هیچ.

لییەر:

چۆن؟

لە هیچەوە هەر

هیچ دروست دەبێ. سەرلەنوێ بدوێ.

کۆردێلیا:

داخی گرانم،

ئەوەی کە لەناو دڵمایە، بەگم،

بە زمان ناتوانم دەری ببڕم.

ئەمن جەنابی شکۆدارتم،

خۆش دەوێت بەپێی

تەنیا ئەو بەندەی

منی بەتۆوە توند بەستووەتەوە،

نە کەمتر لەوە، نە زۆرتر لەوە.

لییەر:

چۆن، چۆن، کۆردێلیا،

هیچ نەبێت هەندێ

وتارەکەی خۆت چاک بکەرەوە.

نەوەک تۆ بەوە،

هەموو شانسێکی خۆت بدۆڕێنی.

کۆردێلیا:

بەگی بەڕێزم،

منت هێنایە ئەم دنیایەوە،
پەروەردەت کردم،
بە خۆشەویستیت، نازدارت کردم.
ئەوانە، بەگم،
بە ئەرکی خۆمی ئەمن دەزانم،
بتاندەمەوە؛ گوێڕایەڵ دەبم،
خۆشم دەوێن و زۆر ڕێزتان دەگرم.
من خوشکەکانم،
نازانم بۆچی شوویان کردووە،
گەر گشت ئەڤین و خۆشەویستییان،
وەک خۆیان دەڵێن، بۆ جەنابت بن؟
ئەمن کەی شووم کرد،
بەڵکو ئەو کەسەی،
گفتی هاوسەری خۆمی دەدەمێ،
نیوەی ئەڤین و خۆشەویستییەکەی
من بۆ خۆی بەرێ.
هەروەها نیوەی ئەرک و مەراقم.
بێگومان، قەت من، وەک خوشکەکانم،
شوو ناکەم ئەگەر
تەنیا هەر باوکی خۆمم خۆش بوێ.

لییەر:

بەڵام تۆ دڵت،
ئاخۆ تەبایە لەگەڵ ئەمەدا؟

کۆردێلیا:

بەڵێ، سەروەرم.

لییەر:

ئەوەندە گەنجیت، هەندەش دڵڕەقیت؟

کۆردێلیا:

ئەوەندە گەنجم،

ئەوەندەش، بەگم، ڕاستگۆم لەگەڵت.

لییەر:

باشە، با وابێت؛ با ڕاستگۆییەکەت،

مارەییەکەت بێت.[1]

چونکە بەو تیشکە پیرۆزەی هەتاو،

بەو "فەلەک"انەی

کە ئێمە هەموو بەهۆیانەوە

دەژین و دەمرین،

ئێستا لێرەدا من حاشا دەکەم

لە گشت ئەرکێکی باوک و باوکێتی،

لە خزمایەتی و خوێن نزیکێتی؛

هەتاکو هەتاهەتایە دەبیت

بە بێگانەیەک،

بۆ من و بۆ ئەم دڵەی تیامدایە.

"لییەر"ی خەڵەفاو، بەوجۆرە، حاشا لەو کچە باشە دڵسۆزە ڕاستگۆیەی خۆی دەکات و بەشەکەی ئەو لە مەملەکەتەکە، دەدات بە دوو کچەکەی تری بە نیوەیی و فەرمانڕەوایی مەملەکەتەکەش، تەسلیمی ئەوان و مێردەکانیان دەکات. هیچ بۆ خۆی ناهێڵێتەوە. بەڵام لەگەڵیاندا ڕێک دەکەوێت کە سەد شاسوار بۆ خۆی گل بداتەوە و هەر مانگی لە ماڵی یەکێک لەو دوو کچانەیدا بژێت.

کێنت، دۆستێکی دڵسۆزی شا دەبێت. وە هەردووکیانی؛ شا و کۆردێلیای، زۆر خۆش دەوێت. کە بینی چی ڕووی دا و شا، چ هەڵەیەکی گەورەی کرد کە حاشای

١. جاران، بە تایبەتی لە ماڵە خانەدانەکاندا، بۆ ئەوەی کچەکانیان شوویەکی باش بکات، مارەییان دەدا بەکچەکانیان، ئیتر ئەو مارەییە هەر چییەک بێت، کچەکە لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ ماڵی مێردەکەی. لییەر، بڕیاری دابوو کە باشترین کەرتی مەملەکەتەکە، بکات بە مارەییی کۆردێلیا.

لەو کـچـە باشـەی خـۆی کـرد و هـەمـوو مـەملەکـەتەکـە و سـامـان و دەسـەڵاتەکـانی شـاهانیی خـۆی دا بەو دوو کـچـەکـەی تری. بە هـاوارەوە هـەڵسـایە سـەرپێ و چۆکی لە بەردەمی شا دایەوە و گوتی.

گەورەی بەڕێزم–

لییەر:

کێنت،
دەنگ دەرنەهێنی
نەچیتە نێوان ئەژدەها و قینی.
لە هـەموویانم، زیاتر ئەمیانم،
ئەمن خۆش دەویست.
واشم دەزانی ماوەی ژیانم
لەژێر چاودێریی دڵی ناسکی
ئەم، رای دەبوارم. (روو دەکاتە کۆردێلیا)
دەی لە بەرچاوم، نەمێنیتەوە.
جێی حەسانەوەم، گۆڕەکەم دەبێت.[١]

کێنت:

"لییەر"ی خاوەن شکۆی شاهانی،
ئەوەی کە وەکو
شای خۆم هەمیشە رێزم گرتووە،
هێندەی باوکی خۆم خۆشم ویستووە،
وەک مامۆستایەک گوێم لێ گرتووە–

لییەر، نایەڵێت وتەکانی تەواو بکات و دەڵێت؛

کەوانەکە، ها،
راکێشراوە و چەماوەتەوە.

---

١. لە باتیی مـاڵی تۆ، گۆڕەکەم دەبێت بەجێی حەسـانەوەم. لییـەر کۆردێلیـای زۆر خـۆش دەویست و دەیزانی کە لە کچەکانی تری باشترە.

خۆت لادە و لاچۆ لەبەر تیرەکەی.

کێنت:

لای من باشترە لێوەی دەرپەڕێت،
گەر نووکەکەشی بەر جەرگم کەوێت،
لەوەی کە لییەر، بەمجۆرە شێت بێت.

لییەر:

کێنت، دەی بەسێتی
لەسەر ژیانی خۆت گرەو مەکە.

کێنت:

هەمیشە، بەگم، ئەمن ژیانم
لە بارمتەدا، دامناوە و جەنگم
دژی دوژمنی ئێوە کردووە.[١]
قەت نەترساوم لە کیسم بچێت،
بەگ، لە پێناوی سەلامەتیتان.

لییەر:

بڕۆ، دەی ونبە
نەمێنیتەوە لە بەرچاوانم.

کێنت:

لییەر، تۆ باشتر بیانکەرەوە[٢]
ڕێگەشم بەرێ،
بمێنمەوە و ئامۆژگارت بم.

لییەر:

ئێستا سوێند دەخۆم من بە ئەپۆلۆ ...[٣]

---

١. بارمتە؛ ئەو شتەیە کە ڕەهن دەکرێت. لە بارمتەدا دامناوە؛ ڕەهنم کردووە.
٢. چاوەکانت، باشتر بکەرەوە.
٣. ئەپۆلۆ؛ بەپێی مثیۆلۆجیی گریکی، خوایەکە لە خوایە گەورەکانی یۆنان.

کێنت:

ئێستا سوێند دەخۆم من بە ئەپۆلۆ و

بە خوایەکانت، تۆ خاوەن شکۆ،

سوێندی بێ سوود و خۆڕایی دەخۆی.

لییەر:

ئای، بەندەی ریسوا. (لییەر دەست دەبات بۆ شمشێرەکەی)

ئەلبەنی و کۆرنوەڵ[1]

نا، بەگم، نەکەی.

دوای ئەوە شا، کێنت نەفی دەکات. پێنج رۆژی دەداتێ کە پێویستییەکانی کۆ بکاتەوە. شەشەمین رۆژ ئەگەر لە وڵاتەکەدا بدۆزرێتەوە دەکوژرێت.

کێنت دەڕوات، بەڵام دەزانێت کە شا، خەڵەفاوە بۆیە بەوجۆرە خۆی دەنوێنێت. لەبەر ئەوە بە ئەرکی خۆی دەزانێت کە بە هەر جۆرێک بێت بگەڕێتەوە و لەگەڵیدا بێت و ئاگەداری بێت.

***

لەو کاتەدا گلۆستەر، لەگەڵ دوو خانەدانە گەنجەکاندا دەگەڕێتەوە. روو دەکاتە شا و دەڵێت؛

شکۆداری بەرز،

ئەوا فرەنسا و بێرگەندی هاتن.[2]

لییەر:

"دیوک"ی بێرگەندی

لە پێشاندا من، لەگەڵ جەنابی

ئێوەدا دەدوێم.

چییە کەمترین مارەییی ئەوەی

تۆ داوای دەکەی تاکو بیهێنی،[3]

١. ئەلبەنی مێردی "گۆنێریڵ"ە و کۆرنوەڵ مێردی "ریگان"ە.

٢. فرەنسا؛ شای فرەنسا. بێرگەندی؛ دیوکی بێرگەندی.

٣. تاکو بیهێنی؛ تاکو کۆردێلیا مارە بکەیت.

یان لە ئەڤینی، تۆ واز بهێنی؟

بێرگەندی:

شای شکۆدارم، زۆرتر ناخوازم

لەوەی جەنابتان بۆتان داناوە.

لییەر:

ئەی خانەدانی دیوکی بێرگەندی،

ئەوساکەی کە ئەو،

خۆشەویستمان بوو، ئەوەبوو نرخی.

بەڵام ئێستاکە نرخی شکاوە.

لییەر: ئاماژەی کۆردێلیا دەکات و دەڵێت؛

بەگم، ئەوەتا لەوێ وەستاوە.

گەر پارچەیەکی

ئەو شتە وردەی لەوێ دەیبینی،

یان هەمووی، گشتی،

بە ناڕەزاییی

ئێمەوە، بەگم، وە هیچی تری

لەگەڵدا نەبێت،

پەسندی دەکەیت،

ئەوەتا لەوێ وەستاوە بیبە.

بیبە هی خۆتە.

بێرگەندی، پیاوێکی چاوبرسی دەبێت. وای دەزانی مارەیییەکەی کۆردێلیا، جگە لە یەک لە سێی وڵاتەکە، سامانێکی زۆری لەگەڵدا دەبێت. لەبەر ئەوە دەڵێت؛

بەگم، نازانم ئەمن بڵێم چی.

لییەر:

کەوابێت وازی لێ بێنە، بەگم.

بەو دەسەڵاتەی دروستی کردووم،

هەرچی سامانی هەیە پێم گوتی.

ئینجا لییەر، روو دەکاتە شای فرەنسا و پێی دەڵێت؛ لەبەرئەوەی من تۆم خۆش دەوێت حەز ناکەم کچێکت بدەمێ ببێت بە هاوسەرت کە من خۆم خۆشم نەوێت. فرەنسا وەڵامی دەداتەوە؛

ئەمە شتێکی زۆر نامۆ و سەیرە!
لە پێش تۆزێکدا،
مەتحکردنی
ئەو بوو لای ئەنگۆ،
خۆشترین رستەی باس و گفتوگۆ.
ئەو بوو مەرهەمی تەمەنی پیرتان.
هەرە باشتر و ئازیزترین کەس
دەبێت ئاوا زوو،
لە خولەکێکی گچکەی زەماندا،
کردەوەیەکی
هەندە درندە و بەدنیار بکات،
بنج و بنیاتی
ئەو هەموو جوانی و چاکییەی تێک بدات؟

کۆردێلیا، هەر گوێی دەگرت و هیچی نەدەوت. لە دواییدا بەباوکی دەڵێت؛ ئاخر دە بڵێ من چیم کردووە و بۆچی تۆ ئاوا لێم تووڕە بوویت جگە لەوەی کە من کەموکورتیم هەیە لە هونەری رواڵەت و مەراییکردندا. ئیتر دەڵێت؛

کەموکورتێتیی
لەو جۆرە، بەگم،
دەوڵەمەندترم دەکا و پێم خۆشە
کە چاو و زاری سواڵکەرم نییە.
هەرچەندە ئەوە، بێبەشم دەکا
لە خۆشەویستیی جەنابی ئێوە.

لییەر:

بڕۆ، دەی بڕۆ

باشتر دەبوو تۆ، هەر نەبوویتایە،

لەوەی کە ئاوا دڵم بشکێنی.

فرەنسا:

تەنیا هەر ئەوە؟ شتێکی تر نا؟ (روو دەکاتە بێرگەندی)

دیوکی بێرگەندی،

بەم خاتوونە تۆ، ئێستا دەڵێیت چی؟

ئەڤین، بەڕاستی،

هیچ ئەڤین نییە، گەر تێکەڵ کرێ

لەگەڵ شتێکدا،

بە ئەڤینەوە، پێوەندیی نەبێ.

ها، تۆ دەیهێنی؟

ئەم ئافرەتە هەر

خۆی مارەییە.

بێرگەندی: (روو دەکاتە شا)

شای شکۆدارم،

تەنیا ئەو بەشەی بدەیتێ، بەگم،

ئەوەی جەنابت بەڵێنی دابوو،

ئێستا لێرەدا من دەستەکانی

کۆردێلیا یەکسەر

دەگرم و دەیکەم بە "دیوکژن"ی[1]

خاکی بێرگەندی.

لییەر:

هیچی نادەمێ، سوێندم خواردووە،

---

١. دیوک؛ دۆق، سان. دیوکژن؛ ژنی دیوک. وەکو شاژن یاخۆ ئاغاژن.

هەرگیز من سوێندی خۆم ناشکێنم.

بێرگەندی: (روو دەکاتە کۆردێلیا)

زۆر بەداخەوە، بە دۆڕاندنی

باوکەکەت، وەی ڕۆ،

مێردێکیش ئەتۆ، وا دەدۆڕێنی.

کۆردێلیا:

دەی با بێرگەندی، ئەسپەردەی خوا بێ.

گەر خۆشەویستیی

ئەو، هەر بۆ ڕێز و دەوڵەمەندی بێ،

نابم بە ژنی.

فرەنسا:

ئای " کۆردێلیا"ی جوان،

ئەوەی هەژاری،

دەوڵەمەندتری دەکات و نرخی

بەرز دەکاتەوە.

بێکەسی خوێنی، گەرمتر دەکا و

داماوی دەیکات بە خۆشەویستی

عاشقی ڕاستی.

خۆت و ڕەوشتی سەربەست و جوانت

دەخوازم ببن بە نەسیبی من.

جا ئەگەر یاسا ڕێگەم بداتێ

ئەم پاشماوەیە من دەبەم بۆ خۆم. (دەستەکانی هەڵدەبڕێت و روو دەکاتە ئاسمان)

ئای خوایە، خوایە! ئای کە شتێکی (ئەمجا روو دەکاتە شا)

سەیرە؛ بە ساردی خۆشەویستییان،

لە دڵما ئەڤین گڕی تێ بەربێ.

سەروەرم کچی بێ مارەییتان،
خوای بەختیاری بۆ منی هەڵدا و
بوو بە بانووشای
من و فرەنسای دڵبەری رەنگین.
ئیتر گشت بەگ و "دیوک"ەکانی
خاکی بێرگەندی
ئاودار، ناتوانن
ئەم کچە جوانە هێژایە لە من،
بکڕنەوە.
دە دەی کۆرنێلیا،
هەرچەندە دڵیان، سارد و بێ رەحمە،
ماڵئاواییبان، لەگەڵدا بکە.
ئەوەی کە لێرە، لەکیست دەچێ،
تۆ، لەوێندەرێ، باشترت دەبێ.[1]

لییەر:
فرەنسا ئەوا بوو بەموڵکی خۆت.
با هەر هی خۆت بێ.
کچی ئاوامان نییە و ئەو رووە
قەت جارێکی تر نابینمەوە.
کۆردێلیا: (روو دەکاتە خوشکەکانی)
گەوهەرەکانی باوکەکەمان، وا
بە دوو چاوانی پڕ فرمێسکەوە،
کۆردێلیا ئێوە، بەجێ دەهێڵێ.
دەتانبینم کێن.
بەڵام، وەک خوشکێک، زۆر ناخۆشە پێم

١. لەوێندەرێ؛ لەوێ.

ناوە راستییەکەی نەنگدارییەکانتان،[1]
بە دەم پێ بڵێم.
توخوا باوکمانتان، هەندێک خۆش بووێ.
من دەیسپێرم
بە ئێوە و بە ئەو خۆشەویستییەی
بۆتان دەربڕی.
داخی بەجەرگم،
گەر لەگەڵیدا دەبووم، شوێنێکی
باشتری دەبوو.
دەی ئیتر ماڵتان هەردووک ئاوابێ.

شای فرەنسا، پیاوێکی زۆر جوامێر و چاوتێر و سەربەرز دەبێت. لەبەرئەوەی کە کۆردێلیا، لە خۆی دەچێت، زۆری خۆش دەوێت. دەستەکانی دەگرێت و دەیبات و دەیکات بە شاژنی خۆی و فرەنسا.

***

مرۆڤی مەراییکەر، بە ئاسایی، رووی خۆشە و زمانی لووسە، بەڵام هەمیشە، دەروونی پیسە و دڵی نەگریسە. کچەکانی "لیەر"یش وەکو هەموو مەراییکەرێک زۆر ناکەس و نمەککوێر دەرچوون؛ یەکسەر دوای ئەوەی فەرمانڕەواییی وڵاتەکە و سامانەکانی کەوتنە ژێر دەستی خۆیان و ئیشیان بە باوکیان نەما، روویان لە باوکی خۆیان گرژ کرد و زمانە لووسەکانیان، لووسێتیی نەما. تا گەیشتە ئەوەی کە جارێک لییەر چووبوو بۆ ڕاو، گۆنێریڵ بە کارگێڕی کۆشکەکەی بڵێت؛
کە گەڕایەوە،
لە ڕاو، نامەوێت لەگەڵیا بدوێم؛
بڵێ؛ ناساغە.
باشتریش دەبوو،
ئەگەر لەمەولا، هەندێک بەخاوی،
ئەرکی ئاساییی خۆتی بۆ بکەیت.

[1]. نەنگ؛ عەیب. نەنگداری؛ عەیبداری.

"گۆنێریڵ"ی کچی، ئەوەندە بە ڕوویەکی سارد و ناسازەوە مامەڵەی باوکی خۆی دەکرد تا لە دواییدا ناچاری کرد لە ماڵەکەی دەربچێت و سوێند بخوات کە قەت بۆی نەگەڕێتەوە. ئەلبەنی، مێردی گۆنێریڵ، پێی ناخۆش بوو کە ژنەکەی بەوجۆرە مامەڵەی باوکی خۆی دەکات. کە لییەر دەبینێت چەند تووڕە و ورووژاوە و دەیەوێت لە ماڵەکە دەربچێت لێی دەپرسێت؛

بەگ، چی قەوماوە؟

لییەر :

ئێستا پێت دەڵێم. (ڕوو دەکاتە گۆنێریڵ)
ئاخ،
ژیان و مردن، شەرم دەمگرێ،
کە دەسەڵاتت هەیە و دەتوانی
ئاوا پیاوەتیم هەڵبتەکێنی.
وە ئەم فرمێسکە گەرمانەی دژی
ئارەزوو و ویستی خۆم هەڵدەقووڵێن،
نرخت دەدەنێ کە بیانهێنی.[1] (ئەمجا بە چاوەکانی خۆی دەڵێت)
ئەی چاوە پیرە ڕیژگاوەکانم،
ها، ئەوە شەرتبێ؛
گەر جارێکی تر بگرین بۆ حاڵم،
هەڵتان بکۆڵم،
لەگەڵ ئەو ئاوەی لێتان دەردەچێ و
فڕێتان بدەم بۆ ناو خۆڵ و گڵ.
ئای، گەیشتینە چی و چ ڕۆژێکمان دی؟

لییەر، بەو نیازەوە لە ماڵی گۆنێریڵ دەردەچێت کە بچێت بۆ ماڵی کچەکەی تری. لییەر، لە پێش خۆیەوە کێنت دەنێرێت کە ئاگەداریان بکات. دوای ئەوەی کێنت دەگات و ڕای دەگەیەنێت کە شا دێت لە ماڵیان بمێنێتەوە، ڕێگان نامەیەکی بۆ دێت لە " گۆنێریڵ"ی خوشکییەوە، ئامۆژگاریی دەکات کە باشترە کاتی گەیشتنی

١. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ تۆ، ئەو فرمێسکانەی من ناهێنیت.

باوکی، هیچیان لە ماڵەوە نەبن. ئەویش وا دەکات؛ خۆی و مێردەکەی دەچن بۆ ماڵی گلۆستەر. ئیتر لەبەر ئەوە و لەبەر هەندێ کردەوەی ناشیرینی تریش، لییەر بڕیار دەدات بۆ ماڵی کەس نەچێت و بەدەربەدەری بمێنێتەوە.

"کێنت"ی دڵسۆز، هەمیشە بیری لەلای شا بوو، چونکە دەیزانی کە خراپ مامەڵە دەکرێت. زۆر حەزی دەکرد بەجۆرێک بگەڕێتەوە بۆ لای، بۆ ئەوەی خزمەتی بکات. لەبەر ئەوە جل و شێواز و دەنگی خۆی بەجۆرێک دەگۆڕێت کە نەناسرێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ لای شا، کە جارێ هێشتا شا، دەربەدەر نەبووبوو. کە شا لێی دەپرسێت تۆ کێیت، دەڵێت؛

پیاوێکی گەلێک دڵپاک و ڕاستم.
ئەوەندەی کە شا،
هەژارە منیش، هەندە هەژارم.

لییەر:

گەر ئەوەندەی شا – بە شایەتییەوە–
هەژارە، ئەتۆش هەندە هەژار بی،
دەبێت پیاوێکی گەلێک هەژار بی.[١]
باشە چیت دەوێ؟

کێنت:

خزمەتت بکەم.

لییەر:

وەرە دوام بکەوە، تۆ بەکەڵکم دێی.

ئیتر بەوجۆرە، کێنت دەگەڕێتەوە بۆ لای شا، بەبێ ئەوەی شا بزانێت کە ئەمە هەر ئەو "کێنت"ەیە کە خۆی نەفیی کردووە.

لییەر،" کەوەدەن"ێکی[٢] دەبێت. کەوەدەنەکەی کوڕێکی دڵسۆز و ڕاستگۆ و

١. ئەگەر شا، بە شایەتییەوە، ئەوەندە هەژار بێت، تۆ دەبێت چەند هەژار بیت.

٢. جاران، لە ماڵە دەوڵەمەندەکاندا، باو بووە یەکێک لە ماڵەوە ڕابگرن تەنیا بۆ ئەوەی گاڵتەیان بۆ بگێڕێتەوە و بیانخاتە پێکەنین و بەوە کەشی ماڵەکە خۆش بکات. پێیان دەگوتن (کەوەدەن fool).

راسـتـەوخـۆ و زیرەک و گـاڵتـەچی دەبێت، لەبەر ئـەوە لییـەر، زۆری خـۆش دەوێت. حەزی دەکرد هەمیشە لەگەڵیدا بێت.

ئیـتـر ئەو دووانە، کـێنت و کـەودەن، لەگـەڵ شـا دەمـێننەوە تـا دواهەمین رۆژی ژیانی.

***

هەموو کـاتەکە، کێنت، نامـەی بۆ کـۆردێلیا دەنووسی دەربارەی ئـەو بارودۆخـە گرانەی کە لییـەر تیایدایەتی. نامـەکانی بە دەست خانەدانێکدا دەنارد. جارێکیـان کە گەڕایەوە لێی پرسی.

نامەکانی تۆ، وەکو بزانی،
"ئاژنین"ەکانی،
هەست پێ دەکرا بە شاژنەوە؛
خەفەت، دڵتەنگی، یان شتێکی وا؟

خانەدان:

بەڵێ، سەروەرم، کە دەیخوێندەوە،
من لەوێدا بووم.
تاوێک نا ، تاوێ،
فرمێسکێکی زۆر دەهاتە خوارێ،
ئا بەو روومەتە ناسکانەوەی.

کێنت:

گەر وا بێت سۆزی دڵ و دەروونی،
بووژاونەتەوە.

خانەدان:

وا نا کە شەنگیی خۆی بدۆڕێنێ.
بەڵام خەفەتی قووڵی ناو دڵی،
بە دیمەنیەوە دیاربوو بە روونی؛
ناسکیی دڵی ئاشکرا دەکرد.
خۆ تۆ باران و تیشکی هەتاوت

دیوە پێکەوە؛
خەنینی لێوی و فرمێسکەکانی
لەو دووانە دەچوون،
بەڵام جوانتر و زۆر دڵڕفێنتر.
ئا ئەو خەنینە شادمانەی بەسەر
ئەو لێوە جوانە ئاڵانەیەوە،
بە جۆرێکی وا خۆی دەنواند،
لەوە نەدەچوو، کە ئاگەدار بێ
لەو فرمێسکانەی کە چاوەکانی
هەڵیان دەقووڵاند.
ئەوانەی وەکو دەنکە مرواری
لە ئەڵماسەوە بەردەبوونەوە.[١]
دەبا بەکورتی من پێتان بڵێم؛
پەژارە وەکو جۆرە شتێکی
دەگمەنی دڵبەر دەردەکەوت ئەگەر
هەمیشە لەسەر،
ئەو رووە جوانەی، دەربکەوتایە.

مێردەکەی کۆردێلیا، شای فرەنسا، ناچار دەبێت سوپایەک بنێرێت بە فریادی لییەر. سەرۆکایەتیی سوپاکە دەداتە کۆردێلیا خۆی.

***

کە کۆردێلیا دێت بە فریادی باوکییەوە و دەبینێت؛ مێشکی تێکچووە و گەلێک ماندووە، لە بەردەمیدا چۆک دادەدات و دەڵێت؛

سەیری من بکە و دەستت، سەروەرم،
دابنێ لەسەر ناوەڕاستی سەرم.
بۆ ئەوەی گیانم،

١. چونکە کۆردێلیا کچێکی دڵناسک و باش بوو، هەموویان خۆشیان دەوێت؛ فرمێسکەکانی لە دەنکە مرواری دەچن و چاوەکانی وەکو ئەڵماس وان.

پیرۆز بکەیت و بە درووود ببم.

لییەر، زۆر سەری لێ شێواوە، کە کۆردێلیا دەبینێت زۆر دڵنیا نییە ئاخۆ ئەمە ئەوە یان نا. نەشیدەزانی ئاخۆ خەوە یاخۆ راستییە. دەڵێت.

من تکایەکی زۆرت لێ دەکەم،

گاڵتەم پێ مەکە.

پیاوێکی گەلێک ریژگاو و پیرم،

خەڵەفاویشم.

(سەیری کێنت دەکات و دیسانەوە روو دەکاتە کچەکەی)

دەبێت ئەم پیاوە و ئەتۆ بناسم.

بەڵام گومانم زۆر لەوە هەیە؛ (روو دەکاتەوە کێنت)

لام وایە ئەمە، ئا ئەم خاتوونە،

"کۆردێلیا"ی کچمە.

کۆردێلیا: (بە گریانەوە)

ئا، ئا، من ئەوم

لییەر:

فرمێسکەکانی تۆ ئاخۆ تەڕن؟ (دەست دەدات لە رووومەتی کچەکەی)

ئا، بە ئیمانم.

ئاخر دە مەگری، تکات لێ دەکەم؛

ئەگەر ژەهریشت تۆ بۆ هێنابم،

من دەیخۆمەوە.[١]

من باش دەزانم؛ منت خۆش ناوێت.[٢]

هاتەوە بیرم؛

---

١. لییەر، خۆی بەتاوانبار دەزانێت بەرامبەر کۆردێلیای کچی. بۆ ئەوەی کچەکەی ئاشت بکاتەوە ئامادەیە هەموو شتێکی بۆ بکات؛ ئەگەر ژەهریشی بداتێ بیخواتەوە.

٢. چونکە کاتی خۆی، خراپەی لەگەڵ ئەو کچە باشەی خۆی کردووە. وا دەزانێ کچەکەی رقی لێیەتی.

خوشکەکانی تۆ غەدریان لێ کردم،

بۆنەشیان نەبوو. بەڵام تۆ، هەتە.

کۆردێلیا:

نا، بۆنەم نییە. نا بۆنەم نییە.

لییەر:

من، لە "فرەنسا"م؟ (کۆردێلیا، دەگریا نەیتوانی وەڵامی بداتەوە)

کێنت:

لە مەملەکەتی خۆتیت، سەروەرم.

***

هەندێک دوای ئەوەی کۆردێلیا و باوکی یەکتری دەبیننەوە و ئاشت دەبنەوە، هەردووکیان بە دیلی دەگیرێن. پێش ئەوەی فریایان بکەون و رزگار بکرێن، کۆردێلیا لە سێدارە دەدرێت. ئیتر لییەر لە داخا لە تەنیشت تەرمی کچەکەیەوە دەمرێت.

***

چیرۆکی "شا لییەر" لەو جۆرە نییە کە بە ئاسانی کورت بکرێتەوە. پێویستە مرۆڤ، بۆ ئەوەی تێی بگات، هەمووی بەوردی بخوێنێتەوە.

# شا لییەر

## لیستەی کەسایەتییەکان

| | |
|---|---|
| لییەر (Lear) | شای بەریتانیا |
| گۆنێریڵ (Goneril) | کچە گەورەکەی |
| ڕێگان (Regan) | کچە ناوەنجییەکەی |
| کۆردێلیا (Cordelia) | کچە پچووکەکەی |
| ئەلبەنی (Albany) | دیوکی ئەلبەنی، مێردی گۆنێریڵ |
| کۆرنوەڵ (Cornwall) | دیوکی کۆرنوەڵ، مێردی ڕێگان |
| شای فرەنسا (France) | |
| بێرگەندی (Burgundy) | |
| گڵۆستەر (Gloucester) | سانی ناوچەی گڵۆستەر |
| ئیدگار (Edgar) | کوڕە گەورەکەی |
| ئێدمەند (Edmund) | کوڕی دووەمی |
| کێنت (Kent) | سانی ناوچەی کێنت |
| کەودەن (Fool) | نۆکەری لییەرە |
| ئۆسواڵد (Oswald) | پیاوی گۆنێریڵە |
| کوران (Curan) | پیاوی گڵۆستەرە |
| پیرەمێرد (Old Man) | پیاوی گڵۆستەرە |

پەیامبەر، کاپتن، ئەفسەر، پزیشک، شاسوار، خانەدان، نۆکەر، خزمەتکار.

# پەردەی یەکەم

## دیمەنی ١,١

کێنت و گلۆستەر و ئێدمەند دەردەکەون.

کێنت:

من وام دەزانی کە شا، ئەڤینی
زۆرتریکە بۆ
"دیوک"ی ئەلبەنی، لەوەی بۆ کۆرنوەڵ![1]

گلۆستەر:

ئێمە هەمیشە وامان دەزانی.
بەڵام ئێستاکە،
بە بەشکردنی مەملەکەتەکە،
دیار نییە کامیان، لەو دوو "دیوک"ە،
لەلای شا ڕێز و نرخی بەرزترە.
بەشەکانیانی هێندە بە وردی
کێشاوە، هیچیان
ناتوانێت بڵێت؛ خۆزگەم بەوەی کە.

کێنت: (ڕوو دەکاتە گلۆستەر)

سەروەرم، ئاخۆ،
ئا ئەمە، کوڕی جەنابت نییە؟

---

١. دیوک (Duke)؛ دۆق، نازناوێکی بەرزە، بە ئاسـاییی دەدرێت بە هەندێک لەوانەی خزمایەتییەکی نزیکیان لەگەڵ "شا"دا هەیە. وادیارە کێنت و گلۆستەر ئاگەدارن لە دابەشکردنی مەملەکەتەکە.

گڵۆستەر:

بەهۆی منەوە، هاتە دنیاوە.
بە دان پیانانی
ئەوە، ئای بەگم، تاکو راهاتم،
بە جارەهای جار، سوور هەڵگەڕاوم.

کێنت:

ناتوانم ئەوە، وێنا بکەم یان
لێتان تێ بگەم.[١]

گڵۆستەر:

بەڵام داکی ئەم
گەنجە، سەروەرم،
توانی و زوو سکی پێی هەڵئاوسا.
ئیتر کوڕێکی بوو بۆ بێشکەکەی،
بەگم، پێش ئەوەی
مێردێکی هەبێت بۆ ناو جێگەکەی.
ئەرێ تۆ بۆنی هەڵەی لێ دەکەی؟[٢]

کێنت:

ناتوانم بڵێم؛ "خۆزگە دەتتوانی
ئەو هەڵەیەی خۆت هەڵبوەشێنی
چونکە دەبینم
چ بەرهەمێکی باشی لێ دەرچوو.

---

١. وێناکردن؛ تەسەورکردن. کێنت، بە ئینگلیزییەکەی دەڵێت (I cannot conceive it) ئەم رستەیە بە ئینگلیزی دوو مانای هەیە:
١– ناتوانم وێنای ئەوە بکەم و تێی بگەم. ٢– ناتوانم بەوە سکم پڕ بکەم.
بۆیە گڵۆستەر، بەوجۆرەی کە لە خوارەوە نووسراوە وەرامی دەداتەوە.

٢. ئاخۆ ئەو کارەی کە من وەختی خۆی کردم، بۆنی هیچ هەڵەیەکی لێ دەکەی؟

گلۆستەر:

بەڵام کوڕێکم هەیە، سەروەرم،
کە بەپێی یاسا، لە دایک بووە؛
نزیکەی ساڵێک لەم گەورەترە،
لەلای من هیچ لەم ئازیزتر نییە.
هەرچەند ئەم زۆڵە،
بە شوورەیییەوە هاتە دنیاوە،
پێش ئەوەی کەسێ، بە دوایا بچێ.
بەڵام بەڕاستی
دایکێکی جوان و خوێنگەرمی هەبوو.
ئای کە شتێکی
جۆشسەند و خۆش بوو دروستکردنی.
ئەم قەحبەدایکە، ئێستاکە دەبێ
دانی پیانرێ. (روو دەکاتە ئێدمەندی کوڕی)
ئەم خانەدانە، ئێدمەند، دەناسی؟

ئێدمەند:

نەخێر، سەروەرم.

گلۆستەر: (روو دەکاتە ئێدمەند)

ئەم بەگە "سان"ی " کێنت"ە. لەمەولا،[1]
تۆ لە بیرت بێ
کە دۆستێکی زۆر نزیکی منە.

ئێدمەند:

هەمیشە، بەگم،
من لە خزمەتی جەنابتان دەبم.

---

١. سان؛ نازناوێکە وەکو میر (ئەمیر) وایە.

کێنت:

تۆ پەسند دەکەم.
وە هەوڵیش دەدەم، باشتر بتناسم.

ئێدمەند:

منیش هەوڵ دەدەم کە شایانی بم.[١]

گلۆستەر:

ئەم، وا نۆ ساڵە لە دەرەوەیە[٢]
دیسان بۆ ئەوێ، دەگەڕێتەوە. (دەنگی بلویر دێت)
ئەوەتا شا، دێت.

(شا لەگەڵ کۆرنوەڵ و ئەلبەنی و گۆنێریل و ڕێگان و کۆردێلیا و یاوەرەکانیان دەردەکەون)

لییەر:

گلۆستەر، بانگی
شازادەکانی
فەرەنسا و خاکی بێرگەندی بکە.[٣]
با بێن بفەرموون.

گلۆستەر:

باشە، سەروەرم.

لییەر:

تاکو ئەوان دێن،
ئێمە، نیازە پەنهانەکانمان،
ئاشکرا دەکەین.[٤]

---

١. هەوڵ دەدەم کە شایانی ئەو هەوڵدانەی جەنابتان بم.
٢. لە دەرەوە؛ لە دەرەوەی وڵات.
٣. دوو کەس هاتوون بۆ خواستنی کۆردێلیا. یەکێکیان شای فەرەنسایە و ئەوەکەی تریان "دیوک"ی بێرگەندییە.
٤. نیازە پەنهانەکانمان؛ ئەو نیازانەی کە لە دڵماندایە و ئاشکرا نەکراون.

ئەو خەریتەیەی ئەوێم بدەرێ.
سەیر بکەن ئێمە، مەملەکەتەکەی
خۆمانمان ئاوا
دابەش کردووە بە سێ کەرتەوە.
وە بڕیارێکی نەگۆڕمان داوە،
کە هەموو خەم و
کاروبارێکی خۆمانمان ئیتر،
لەم تەمەنەمان، هەڵتەکێنین و
وە بیانبەخشین بە دەسەڵاتی
بەتوانا و گەنجتر.
خۆشمان، بە بێ بار، ١,١,٤٠
بەرەو مەرگەوە، سووک بخشێنین.
کۆرنوەڵ، کوڕەکەم، ئەتۆش ئەلبەنی،
خۆ تۆش کوڕمی و کەمتر ئازیز نی،
ئێستا لێرەدا، خواستی چەسپاومان،
رادەگەیەنین:
زۆر بەجیاوازی ئێمە مارەییی
سێ کچەکانمان ئاشکرا دەکەین.[١]
تا لە ئێستاوە
بەڵکو گورێزی جەنگ و ناکۆکی[٢]
ئاییندە بکەین.

١. لە زۆر جێگە، بۆ ئەوەی مێردێکی باش بۆ کچەکەیان بدۆزنەوە، دایک و باوک مارەیی، وەکو پارە، ئاڵتوون، زەوی، دادەنێن بۆ کچەکانیان بۆ ئەوەی هەرچ کاتێک شووی کرد، کچەکە لەگەڵ خۆیدا بیبات.

٢. گورێزکردن؛ خۆلادان، دوورکەوتنەوە (تەجەنوب). چونکە کوڕی نییە جێگەی بگرێتەوە، دەترسێت لە دوای مردنی ناکۆکی بکەوێتە ناو بنەماڵەی کچەکانیەوە لەسەر دابەشکردنی سامانەکانی.

هەردوو شازادە مەزنەکانی
خاکی فرەنسا و ناوچەی بێرگەندی،
هاوچاوی گەورەن لە دەست خواستنی[١]
کچە پچووکە ئازیزەکەمان.
دەمێکە دێن و دەڕۆن دڵدارییی
خۆیان دەربارەی ئەو دەردەبڕن.
ئەوا لێرەدا چاوەڕووان دەکەن؛
وەرام وەربگرن.
دەی کچەکانم –
چونکە ئێستا من، هەردووک لەبەری
خۆم دادەکەنم؛
حوکمکردن و سامان و خاکی
وڵاتەکەمان –
دەی با هەر یەکێ،
خۆشەویستییەکەی خۆی بۆ ئەم باوکەی
خۆی، دەرببڕێ.
بەپێی ئەوە من، خۆم بڕیار دەدەم
کامەتان منی زۆرتر خۆش دەوێ
تاکو هەر یەکێ،
بەپێی سروشتی باوکی و شایانی[٢]
خۆی و ڕەوشتی خۆی ببەخشرێ.
گۆنێریڵ، دە دەی،
کچە گەورەکەم، تۆ دەست پێ بکە.

١. هاوچاوی گەورەن؛ موونافیسی گەورەی یەکترین.
٢. سروشتی باوکی؛ ئەوەیە کە هەموو باوکێک منداڵەکانی خۆی خۆش دەوێت.

گۆنێریڵ:

بەگم، ئەوەندەی، من تۆم خۆش دەوێ
وتە ناتوانێ بۆمی دەربڕێ؛
هێژاترە لام،
لە نووری چاو و هەوا و ئازادی،
زۆرترە لەوەی
جۆرە نرخێکی بۆ دابنرێ.
هیچ کەمتر نییە لە ژیانێکی
سەربەست و پڕپڕ
لە تەندروستی و شادی و شانازی.
خۆشەویستییەکەم
جۆرێکە کە قەت نەبووە رۆژێ
رۆڵەیەک باوکی وا خۆش ویستبێ؛
لەو جۆرەیە کە
هەناسەی مرۆڤ، دەبڕێ و زاری،
لە وتەکردن پەکی دەکەوێ.

کۆردێلیا: (لەبەر خۆیەوە)

ئاخر کۆردێلیا، ئیتر چی بڵێ؟
هەر خۆشت بووێ. بەڵام هیچ مەڵێ.

لییەر:

راست لەم هێڵەوە تاکو ئەوەیان،
بەو هەموو دار و دارستانەوە،
بەو دەشتانەوە،
بەو رووبارانە ئاو زۆرانەوە،
لەگەڵ ئەم هەموو مێرگە جوانانە،
ئەوەتا تۆمان کرد بە خاتوونیان.[١]

١. خاتوونیان؛ خاوەنیان.

تا هەتاهەتا ببێت بەموڵکی
تۆ و نەوەکانی خۆت و ئەلبەنی.
ئینجا بزانین
دووەمین کچی زۆر خۆشەویستم،
"ڕێگان"مان ژنی کۆرنوەڵ، چی دەڵێ.
دەی ئەتۆ بدوێ.

ڕێگان:
بەگم، لە هەمان
کەرەستەی خوشکم، دروست کراوم،
با نرخەکەشم، وەک نرخی ئەو بێ.
گوێم لێ بوو هەرچی
ئەڤینی ڕاستی هەیە لە دڵما
ئەو ناوی هێنا و گشتی دەربڕی.[١]
هەر جگە لەوەی کە من دوژمنی
گشت خۆشییەکی تری ژیانم و
هەر بەشادمانی و خۆشەویستیتان
کامەران دەبم.

کۆردێلیا: (لەبەر خۆیەوە)
کۆردێلیا، ئەگەر وابێت هەژاری.
بەڵام، وا نییە، چونکە دەزانم،
کە خۆشەویستیی من زەنگینترە
لە وتەکانی زار و زمانم.

لییەر:
تا هەتاهەتا
ئەمە هی خۆت و نەوەکانتە.

١. ئەو؛ گۆنێریل

دەمێنێتەوە
ئەم یەک لە سێیە، باش و گەورەیە،
لەم مەملەکەتە جوانەی هەمانە.
کە لە مەزنی و نرخ و جوانیدا
هیچ کەمتر نییە لەوەی گۆنێریڵ. (روو دەکاتە کۆردێلیا)
بەڵام ئێستاکە، شادییەکەمان،[1]
پچووکترین و هەرە دواهەمین،
ئەوەی، ئەوەتا بۆ ڤیانی گەنجی
هەوڵ دەدەن هەردووک؛
ترێی فرەنسی و شیری بێرگەندی[2]
تۆ چی دەتوانی بە باوکت بڵێی
تاکو سێهەمین کەرتی وەربگری.
کە زۆر بەپیت و دەوڵەمەندترە
لەوانەی دران بە خوشکەکانت.
دەی فەرموو بدوێ.

کۆرنێلیا:

گەورەم، هیچ ناڵێم.

لییەر:

هیچ؟

کۆرنێلیا:

بەڵێ، گەورەم، هیچ.

لییەر:

چۆن؟

---

١. لییەر، کۆردێلیای زۆر خۆش دەوێت. پێی دەڵێت شادییەکەمان؛ بەهۆی تۆوە من لەم دنیایەدا شادم.

٢. دیارە فرەنسا بەناوبانگ بووە بە ترێی باش. "بێرگەندی"یش بە شیر.

له هیچەوە، هەر
هیچ دروست دەبێ. سەرلەنوێ بدوێ.

کۆردێلیا:

داخی گرانم،
ئەوەی کە لەناو دڵمایە، بەگم،
بە زمان ناتوانم دەری ببڕم.[1]
ئەمن جەنابی شکۆدارتم،
خۆش دەوێت بەپێی
تەنیا ئەو بەندەی
منی بەتۆوە توند بەستووەتەوە،
نە کەمتر لەوە، نە زۆرتر لەوە.

لییەر:

چۆن، چۆن، کۆردێلیا،
هیچ نەبێ هەندێک،
وتارەکەی خۆت چاک بکەرەوە.
نەوەک تۆ بەوە،
هەموو شانسێکی خۆت بدۆڕێنی.

کۆردێلیا:

بەگی بەڕێزم،
منت هێنایە، ئەم دنیایەوە،
پەروەردەت کردم،
بە خۆشەویستیت نازدارت کردم،
ئەوانە، بەگم،

---

١. کۆردێلیا، لە خوشکەکانی زیاتر، باوکی خۆی خۆش دەوێت. دەزانێت کە ئەوان بە درۆ مەرایی باوکیان دەکەن. "لییەر"یش " کۆرنێلیا"ی زۆر خۆش دەوێت و حەزی دەکرد مارەیییەکەی لە کچەکانی تری زیاتر بێت.

به ئەركی خۆمی ئەمن دەزانم
بتاندەمەوە؛
گوێڕایەڵ دەبم،
خۆش مدەوێن و زۆر ڕێزتان دەگرم.
من خوشكەكانم،
نازانم بۆچی شوویان كردووە،
گەر گشت ئەڤین و خۆشەویستییان،
وەک خۆیان دەڵێن، بۆ جەنابت بن؟
من كە مێردم كرد،
بەڵكو ئەو كەسەی
گفتی هاوسەری خۆمی دەدەمێ
نیوەی ئەڤین و خۆشەویستییەكەی
من، بۆ خۆی بەرێ.
هەروەها نیوەی ئەرک و مەراقم.
بێگومان، قەت من، وەک خوشكەكانم،
شوو ناكەم ئەگەر
تەنیا هەر باوكی خۆمم خۆش بوێ.

لییەر:

بەڵام تۆ دڵت،
ئاخۆ تەبایە لەگەڵ زمانت؟

كۆردێلیا:

بەڵێ، سەروەرم.

لییەر:

ئەوەندە گەنجیت، هەندەش دڵڕەقیت؟[1]

---

١. لییەر پیرە و پەكی كەوتووە و تۆزێكیش خەڵەفاوە. ژنەكەی مردووە و هەر ئەو سێ كچەی هەیە. پێی خۆشە وابزانێت كە كچەكانی زۆریان خۆش دەوێت. لەبەر ئەوە كە مەرایی دەكەن بڕوا دەكات.

کۆردێلیا:

ئەوەندە گەنجم،
ئەوەندەش، بەگم، راستگۆم لەگەڵت.

لییەر:

باشە، با وابێت؛ با راستگۆییەکەت،
مارەییەکەت بێت.
چونکە بەو تیشکە پیرۆزەی هەتاو،
دە بە پەنهانی شەو و "هێکاتی"،[١]
بەو "فەلەک"انەی
کە ئێمە هەموو بە هۆیانەوە
دەژین و دەمرین،
ئێستا لێرەدا من حاشا دەکەم
لە گشت ئەرکێکی باوک و باوکێتی؛
لە خزمایەتی و خوێن نزیکێتی و
هەتاکو هەتاهەتایە دەبیت
بە بێگانەیەک،
بۆ من و بۆ ئەم دڵەی تیامدایە.
ئەو "سیزی"یانە، یاخۆ ئەوانەی[٢]
کە نەوەکانی خۆیانیان دەکرد
بە مەزە تاکو ئیشتهاکانیان،
بۆ خواردەمەنی بکرێتەوە،
نزیکترن لێم، لە تۆ، ئەو کەسەی،

---

١. هێکاتی؛ لە ئەفسانەی گریکیدا، بانووخوای تاریکی و تارمایی و جادووگەرییە.

٢. سیزی (Scythian)، گوایە گەلێکی زۆر دڵڕەق و دڕندە بوون؛ منداڵەکانی خۆیانیان دەخوارد. نزیکەی ٨٠٠ ساڵ پ.ز. دەسەڵاتیان هەبووە بەسەر ئەو ناوچانەی کە ئازربێجان و ئەرمینیای ئێستا دەگرێتەوە.

کاتێک بە کچی خۆمم دەزانی.

کێنت:

گەورەی بەڕێزم–[١]

لییەر:

کێنت،

دەنگ دەرنەهێنی

نەچیتە نێوان ئەژدەها و قینی.

لە هەموویانم، زیاتر ئەمیانم،

ئەمن خۆش دەویست.

واشم دەزانی ماوەی ژیانم

لەژێر چاودێریی دڵی ناسکی

ئەم، رای دەبوارم. (روو دەکاتە کۆردێلیا)

دەی لە بەرچاوم، نەمێنیتەوە. ١,١,١٢٥

جێی حەسانەوەم، گۆڕەکەم دەبێت.[٢]

ئیتر من دڵی

باوکێتیم لە تۆ وەردەگرمەوە.

فرەنسا بانگ بکەن،[٣]

دەی زوو یەکێکتان بجووڵێتەوە!

"بێرگەندی"یش با بێت.[٤] (دێن)

کۆرنوەڵ، ئەلبەنی،

لەگەڵ مارەییی دوو کچەکانم،

---

١. کێنت (سانی ناوچەی کێنت). لییەری خۆش دەویست و زۆر دڵسۆزی بوو. ویستی لێی بپاڕێتەوە کە بەڵکو ئەو بڕیارەی خۆی بگۆڕێت و حاشا لەو کچە باشەی خۆی نەکات.

٢. دەمرم و لە گۆڕەکەمدا دەحەسێمەوە.

٣. فرەنسا؛ شای فرەنسا .

٤. بێرگەندی؛ شای بێرگەندی، یاخۆ سانی بێرگەندی.

کەرتی سێیەمیش، ببەن هەرسیبکەن.[١]
دەی با سەربەرزی،
ئەوەی کە ناوی لێ دەنێت راستی،
ببێت بە مێردی.[٢] (روو دەکاتە کۆرنوەڵ و ئەلبەنی)
من دەسەڵاتی فەرمانڕەواییی
خۆم، لە ئێستاوە دەدەم بەئێوە.
لەگەڵیشیدا،
هەرچی ئاوەڵی شکۆدارییە.[٣]
بە هەموو فیزی
شاهانی و هێزی سەربەخۆییەوە.
خۆشم، هەر مانگی
لەگەڵ یەکێکتان دەمێنمەوە؛
بە سەد سوارەوە،
کە من بۆ خۆمی گل دەدەمەوە.
خواردن و هەموو مەسرەفی تری،
دەکەوێتە سەر گەردنی ئێوە.
تەنیا، ناوی شا و نازناوەکانم،
ئیتر من بۆ خۆم دەهێڵمەوە.
بەدیهێنانی
کار و کردەوەی گشت وڵاتەکە،
کوڕەکانی خۆم، ئازیزەکانم،
ئیتر بە ئێوەی رادەسپێرم.
تا بەتەواویش دایبچەسپێنم؛

---

١. هەرسی کەن؛ بیخۆن و بیکەن بە هی خۆتان.
٢. مێردی؛ مێردی کۆردێلیا.
٣. ئاوەڵ؛ هاوڕێ، مورافق. شکۆداری؛ پایەبەرزی.

ئەم تاجە بەش کەن لەناو خۆتاندا.

کێنت:

"لییەر"ی خاوەن شکۆی شاهانی،
ئەوەی، کە وەکو
شای خۆم هەمیشە رێزم گرتووە،
هێندەی باوکی خۆم خۆشم ویستووە،
وەک مامۆستایەک گوێم لێ گرتووە،
وەک پارێزەرێک،
هەرچەندە ئەمن نوێژم کردووە،
لە خوای گەورەم داوا کردووە...

لییەر:

کەوانەکە، ها،
راکێشراوە و چەماوەتەوە.
خۆت لادە و لاچۆ لەبەر تیرەکەی.

کێنت:

لای من باشترە لێوەی دەرپەڕێت،
گەر نووکەکەشی بەر جەرگم کەوێت،
لەوەی کە لییەر، بەمجۆرە شێت بێت.
با کێنت، رەوشتی، نائاسا و بەد بێت.
پیرەمێردەکە، چیت دەوێ بکەیت؟
تۆ وا دەزانی ئەرکی سەرشانی
پیاو، سام دەیگرێت؛
ئیتر ناوێرێت دەنگ بکا و بدوێت،[١]
کە دەسەڵاتی
شا، بۆ مەرایی دەچەمێتەوە؟

---

١. ئەرکی سەر شانی من ئەوەیە کە هەمیشە دڵسۆزت بم و لە کەس نەترسم.

کە بەرەو چاڵی ریژگاوییەوە،
شا دەخلیسکێت،
دڵسۆز هەمیشە
ڕووبەڕوو قسەی راستی پێ دەڵێت.
دەسەڵاتی خۆت، بهێڵەرەوە،
وە بە ئەسپایی، ئا لەم هەڵەشە
بەدە، بە باشی بیر بکەرەوە.
لەسەر ژیانی خۆم گرەو دەکەم
کە خۆشەویستی
کچی پچووکتان، هیچ کەمتر نییە
لە خۆشەویستیی ئەوانەی ترتان.
دەنگی نزمیشی، هۆکەی ئەوەیە؛
بێ بۆشایییە؛ دەنگ ناداتەوە.

لییەر:
کێنت، دەی بەسێتی
لەسەر ژیانی خۆت گرەو مەکە.

کێنت:
هەمیشە، بەگم، ئەمن ژیانم
لە بارمتەدا، دامناوە و جەنگم
دژی دوژمنی ئێوە کردووە.[١]
قەت نەترساوم لەکیسم بچێت،
بەگ، لە پێناوی سەلامەتیتان.

لییەر:
بڕۆ، دەی ونبە
نەمێنیتەوە لە بەرچاوانم.

---

١. بارمتە؛ ئەو شتەیە کە رەهن دەکرێت. لە بارمتەدا دامناوە؛ رەهنم کردووە.

کێنت:

لییەر، تۆ باشتر بیانکەرەوە[1]
ڕێگەشم بەرێ،
بمێنمەوە و ئامۆژگارت بم.

لییەر:

ئێستا سوێند دەخۆم من بە ئەپۆلۆ...

کێنت:

ئێستا سوێند دەخۆم من بە ئەپۆلۆ،
بە خوایەکانت، تۆ خاوەن شکۆ،
سوێندی بێ سوود و خۆڕایی دەخۆیت.

لییەر:

ئای، بەندەی ڕیسوا. (لییەر دەست دەبات بۆ شمشێرەکەی)

ئەلبەنی و کۆرنوەڵ

نا، بەگم، نەکەی.

کێنت:

پزیشکەکەی خۆت، ئا دەی بکوژە.
ئوجوورەکەشی،
خەرج بکە لەسەر ئەو دەردە پیسە.
دیارییەکانی خۆت وەربگرەوە.
ئەگینا تاکو، لە گەروومەوە،
هاوار بتوانم من دەربهێنم،
هەر دەقیژێنم؛
" کردەوەیەکی بەدت کردووە!"

لییەر:

گوێ بگرە ناکەس،

---

١. بیانکەرەوە؛ چاوەکانت بکەرەوە.

بەپێی ئەو سوێندەی
کە تۆ خواردووتە لایەنگرمان بی،
گوێ لە من بگرە؛
ئەتۆ هەوڵ دەدەیت
ئەو گفتەی داومە پێم بشکێنی،
کە تاکو ئێستا،
هەرگیز من رۆژێک نەمشکاندووە.
بە سەربەرزییەوە،
سەربەرزییەکی پووتی نائاسا،
هاتوویت دەوەستی لە نێوان هێزی
من و بڕیار و ئارەزووەکانم.
ئەوە، بێگومان،
نە سروشتی من، نە جێگەی بەرزم
لێت قبووڵ دەکا.
وا دەسەڵاتم دادەچەسپێنم؛
سزات وەربگرە؛
تەنیا پێنج رۆژت دەدەینێ تاکو
کەلوپەلی خۆت ئامادە بکەیت
بتانپارێزێ
لە بەڵا و هەموو جۆرێک وێرانی
ئەم دنیایەمان.
شەشەمین رۆژی،
پشتی دزێوت دەبێت بکەیته[1]
ئەم مەملەکەتە.
بۆ رۆژی دوایی گەر هاتو تەنی

١. دزێو؛ زۆر ئێسک گران.

دەرکراوی تۆ
دۆزرایەوە لە ناوچەیەکی
ئەم مەملەکەتە،
لەو "خولەک"ەدا،[1] مەرگت دەبینی.
دەی لە بەرچاوم مەمێنەرەوە.
بەو "یوپیتەر"ە،[2]
لەم بڕیارەم قەت ناگەڕێمەوە.

کێنت:

دەی، شا، کەوابێت ئەسپەردەی خوا بی.
سەربەستی راستی لەوێدا دەژی.
لێرەدا؛ نەفی. (روو دەکاتە کۆردێلیا)
لە پەنای خوا بی،
کچە گەنجەکە، ئەوەی زمانی،
بیرکردنەوەی
رۆڵەی دڵسۆز و رەوای دەربڕی. (ئەمجا روو دەکاتە گۆنێریل و ریگان)
دەی خۆزگە ئێوەش
وتارە گەورە درێژەکانتان
بە کردەوەتان، داتان دەچەسپاند.
وە ئەو وشانەی خۆشەویستیتان،
ئەنجامی باشیان لێ هەڵدەقوولا. (روو دەکاتە هەموویان)
دەی شازادەکان،
ئەوا کێنت دەڵێ؛ماڵتان ئاوابێ.
بۆ وڵاتێکی
نوێ ئێستا دەچێ،

١. خولەک؛ دەقیقە.

٢. یوپیتەر؛ بەپێی ئەفسانەی رۆمانی، گەورەی خوایەکانە.

بەڵام هەمیشە،
لەسەر ڕەوشتی کۆنی دەمێنێ.
(گلۆستەر و فرەنسا و بێرگەندی لەگەڵ یاوەرەکانیان دەردەکەون.)
گلۆستەر:
شکۆداری بەرز
ئەوا فرەنسا و بێرگەندی هاتن.[١]
لییەر:
"دیوک"ی بێرگەندی
لە پێشاندا من، لەگەڵ جەنابی
ئێوەدا دەدوێم.
ئێوە، ئێوەی کە،
لەگەڵ جەنابی ئەم مەلیکەدا،[٢]
بەربەرەکانی گەرمتان دەکرد
بۆ داخازی ئا ئەم کچەکەی ئێمە.
چییە کەمترین مارەییی ئەوەی
تۆ داوای دەکەی تاکو بیهێنی،
یان لە ئەڤینی تۆ واز بهێنی.
بێرگەندی:
شای خاوەن شکۆ، زۆرتر ناخوازم
لەوەی جەنابتان بۆتان داناوە.
خۆ کەمتر لەوە،
بەگ، پێشکێش ناکەن؟
لییەر:
ئەی خانەدان و "دیوک"ی بێرگەندی،

---

١. فرەنسا و بێرگەندی؛ شا فرەنسا و دیوکی بێرگەندی.
٢. ئەم مەلیکە؛ مەلیکی فرەنسا.

ئەوساکەی کە ئەو،
خۆشەویستمان بوو، ئەوەبوو نرخی.
بەڵام ئێستاکە نرخی شکاوە. (ئاماژەی کۆردێلیا دەکات)
بەگم، ئەوەتا لەوێ وەستاوە.
گەر پارچەیەکی
ئەو شتە وردەی لەوێ دەیبینی،
یان هەمووی، گشتی،
بە نارەزایی
ئێمەوە، بەگم، وە هیچی تری
لەگەڵا نەبێت،
پەسندی دەکەیت،
ئەوەتا لەوێ وەستاوە بیبە.
بیبە هی خۆتە.
بێرگەندی:
بەگم، نازانم ئەمن بڵێم چی.
لییەر:
گەورەم، دەتەوێت
بەو دەردانەوەی کە پێوەیەتی؛
بێ دۆستە و کین و توورەیی باوکی،
تازە، پێش تۆزێک، کەوتنە سەر گەردی.
مارەیییەکەشی تەنیا لەعنەتی
ئێمەیە لەگەڵ حاشای ئەبەدی؟
ئیتر ئەوەیە، دەتەوێت، بیبە،
ئەگەر ناتەوێت، وازی لێ بێنە.
بێرگەندی:
شای شکۆدارم، ببوورە، بەگم،

بەو مەرجانەوە،
کۆلان و ڕێگەی هەڵبژاردنم،
لێ داخراوە.

لییەر:

کەوابێت وازی لێ بێنە، بەگم.
بەو دەسەڵاتەی دروستی کردووم،
هەرچی سامانی هەیە پێم گوتی. (ڕوو دەکاتە فرەنسا)
مەلیکی مەزن،
دەربارەی ئێوە، ئارەزوو ناکەم،
ئەو ئەڤینەی کە
لە دڵتاندایە، من تێکی بدەم؛[1] ١,١,٢١٠
ژنێکی ئاوات بۆ پێشکێش بکەم،
خۆم، خۆشم نەوێت.
ئینجا من گەلێک تکات لێ دەکەم
خۆشەویستێکی
هێژاتر بۆ خۆت بدۆزیتەوە،
لەوەی نەگبەتێک بۆ خۆت بهێنی،
بگرە سروشت، خۆی،
پێی شەرمە دانی پیادا بهێنێت.[2]

فرەنسا:

ئەمە شتێکی زۆر نامۆ و سەیرە!

---

١. لییەر، مەبەستی لەو ئەڤینەیە کە لە دڵیایەتی بۆ شای فرەنسا. شای فرەنسای خۆش دەوێت.

٢. باوک و مناڵ، بە سروشت، یەکتریان دەبێت خۆش بوێت. بەڵام ئێستا، چونکە لییەر حاشای لە کچەکەی خۆی کردووە، سروشتی لییەر، دان بەوەدا ناهێنێت کە کۆردێلیا کچێتی.

لە پێش تۆزێکدا،
مەتحکردنی ١,١,٢١٥
ئەو بوو لای ئەنگۆ،
خۆشترین رستەی باس و گفتوگۆ.
ئەو بوو مەرهەمی تەمەنی پیرتان،
هەرە باشتر و ئازیزترین کەس
دەبێت ئاوا زوو
لە خولەکێکی گچکەی زەماندا
کردەوەیەکی
هەندە دڕندە و بەدنیار بکات
بنج و بنیاتی
ئەو هەموو جوانی و چاکییە تێک بدات.
بێگومان، دەبێت
تاوانەکانی، تا رادەیەکی
هەندە نائاسا و دڕندەیی بێت ١,١,٢٢٠
بە دڕندەی بکات.
یان بەو ئەڤینەی کە لە پێش تۆزێک،
پیشانتان دەدا،
بۆ کچەکەتان، گومان دەکرێت.
گەر بڕوا بکەم
کە ئەو شتی وا، دەتوانێت بکا،
جۆرە دینێکم پێویستە هەبێت.
ئەوەش، مێشکم، بەبێ موعجیزە،
لە دەروونمدا، ناهێڵێت بڕوێت.
کۆردێلیا:
هەرچەند دەزانم، شای شکۆدارم،

کەموکورتێتیم،
من لە هونەری ریا و مەرایی –
(کە شتێک بڵێم، بەڵام مەبەستی
راستی من نەبێت؛ ئەگەر نیازی
کارێکی باشم هەبێت من دەیکەم
بەر لەوەی باسی لەلای کەس بکەم) –
ئا گەلێک زۆرە.[1]
لەگەڵ ئەوەشدا لێتان دەخوازم
ئاشکرای بکەن،
چییە ئەو کارەی کە ئێوەی ئاوا
تووڕە کردووە.
با ئاشکرا بێت
کە من کارێکی وام نەکردووە
داوێنم پیس کات؛ پیاوم کوشتووبێت،
یان هەنگاوێکی
وام هەڵهێنابێت کە ئابڕووم بەرێت،
یاخۆ پێوەندیی بە شەرەفمەوە،
بە جۆرێک هەبێت،
لە خۆشەویستیی
ئێوە، وا منی بێبەش کردووە.
کەموکورتێتیی
لەو جۆرە بەگم،[2]
دەوڵەمەندترم دەکا و پێم خۆشە،
کە چاو و زاری سواڵکەرم نییە.

---

١. من کەموکورتیم لە هونەری ریا و مەراییدا گەلێک زۆرە.

٢. لەو جۆرە؛ مەبەستی لە ریا و مەراییيە.

هەرچەندە ئەوە، بێبەشم دەکا
لە خۆشەویستیی جەنابی ئێوە.

لییەر:

برۆ، دەی برۆ
باشتر دەبوو تۆ، هەر نەبوویتایە،
لەوەی کە ئاوا دڵم بشکێنی.

فرەنسا:

تەنیا هەر ئەوە؟ شتێکی تر نا؟
دوودڵییەکی سروشتییە کە
زۆرجار نایەڵێ، مرۆڤ نیاز و
هەستی دەروونی خۆی دەرببڕێ؟[١] (روو دەکاتە بێرگەندی)
سانی بێرگەندی،
بەم خاتوونە تۆ، ئێستا دەڵێیت چی؟
ئەڤین، بەڕاستی،
هیچ ئەڤین نییە گەر تێکەڵ کرێت
لەگەڵ شتێکدا،
بە ئەڤینەوە، پێوەندیی نەبێت.
ها، تۆ دەیهێنی؟
ئەم ئافرەتە هەر
خۆی مارەییە.

بێرگەندی: (روو دەکاتە شا)

شای شکۆدارم،
تەنیا ئەو بەشەی بدەیتێ، بەگم،
ئەوەی جەنابت بەڵێنی دابوو،
ئێستا لێرەدا من دەستەکانی

---

١. فرەنسا هەست دەکات کە کۆردێلیا لە دڵیدا شتێک هەیە، نایەوێت باسی بکات.

کۆردێلیا یەکسەر
دەگرم و دەیکەم بە "دیوکژن"ی[1]
خاکی بێرگەندی.
لییەر:
هیچی نادەمێ، سوێندم خواردووە،
هەرگیز من سوێندی خۆم ناشکێنم.
بێرگەندی: (روو دەکاتە کۆردێلیا)
زۆر بەداخەوە، بە دۆڕاندنی
باوکەکەت، وەی ڕۆ،
مێردێکیش ئەتۆ، وا دەدۆڕێنی.
کۆردێلیا:
دەی با بێرگەندی، ئەسپەردەی خوا بێ.
گەر خۆشەویستیی
ئەو، هەر بۆ ڕێز و دەوڵەمەندی بێ،
نابم بە ژنی.
فرەنسا:
ئای " کۆردێلیا"ی جوان،
ئەوەی هەژاری،
دەوڵەمەندتری دەکات و نرخی
بەرز دەکاتەوە.
بێکەسی خوێنی، گەرمتر دەکات.
داماوی دەیکات بە خۆشەویستی
عاشقی ڕاستی.
خۆت و ڕەوشتی سەربەست و جوانت
دەخوازم ببن بە نەسیبی من.

١. دیوک؛ دۆق. دیوکژن؛ ژنی دیوک (وەکو ئاغا و ئاغاژن).

جا ئەگەر یاسا ڕێگەم بداتێ
ئەم پاشماوەیە، من بۆ خۆم دەبەم.
ئای خوایە، خوایە! (ڕوو دەکاتە شا)
ئای کە شتێکی سەیر و نامۆیە
کە وا بەساردی خۆشەویستییان،
لە دڵما ئەڤین گڕی تێ بەربێ.
سەروەرم کچی بێ مارەییتان،
خوای بەختیاری بۆ منی هەڵدا و
بوو بە بانووشای من و فەرەنسای
دڵبەری ڕەنگین.
ئیتر گشت بەگ و "دیوک"ەکانی
خاکی بێرگەندی
ئاودار، ناتوانن
ئەم کچە جوانە هێژایە لە من،
بکڕنەوە.
دە دەی کۆرنێلیا،
هەرچەندە دڵیان، سارد و بێ ڕەحمە،
ماڵئاواییان، لەگەڵدا بکە.
ئەوەی کە لێرە، لەکیست دەچێ،
تۆ، لەوێندەرێ، باشترت دەبێ.[1]

لییەر:

فەرەنسا، ئەوا بوو بەموڵکی خۆت.
با هەر هی خۆت بێ.
کچی ئاوامان نییە و ئەو ڕووە،
قەت جارێکی تر نابینینەوە.

---

١. لەوێندەرێ؛ لەوێ، لە فەرەنسا.

بڕۆن، دەی بڕۆن
بێ پیرۆزبایی و دروودی ئێمە.
بێرگەندی بەڕێز، با ئێمەش بڕۆین.

(دەنگی بلوێر دێ. لییەر، بێرگەندی، کۆرنوەڵ، ئەلبەنی، گلۆستەر، ئێدمەند، هەموویان دەڕۆن)

فرەنسا:

دەی ماڵئاوایی،
لە خوشکەکانت، بکە، کۆردێلیا.

کۆردێلیا:

گەوهەرەکانی باوکەکەمان، وا
بە دوو چاوانی پڕ فرمێسکەوە،
کۆردێلیا ئێوە بەجێ دەهێڵێت.
دەتانبینم کێن.
بەڵام، وەک خوشکێک، زۆر ناخۆشە پێم
ناوە راستییەکەی "نەنگداری"یەکانتان،[1]
بە دەم پێ بڵێم.
توخوا باوکمانتان، هەندێک خۆش بووێت.
من دەیسپێرم
بە ئێوە و بە ئەو خۆشەویستییەی
بۆتان دەربڕی.
داخی بەجەرگم،
گەر لەگەڵیدا دەبووم، شوێنێکی
باشتری دەبوو.
دەی ئیتر ماڵتان هەردووک ئاوابێت.

١. نەنگ؛ عەیب. نەنگداری؛ عەیبداری.

ڕێگان:

تۆ پێمان مەڵێ، ئێمە چۆن ئەرکی

خۆمان پێویستە بهێنینە دی.

گۆنێریڵ:

تۆ ئاگاداری ئەو "بەگ"ەی خۆت بە.

ئەوەی کە بەخت خۆی

هات بە تۆی بەخشی.[1]

چونکە تۆ ئەرکی

گوێڕایەڵی خۆت نەهێنایە دی،

بە موستەحەقی بێبەش کراوی،

لەوەی کە نەتبوو و دڵت دەیخوازی.[2]

کۆردێلیا:

بەڵێنی درۆ، ئەوەی فێڵبازی

لە لۆچەکانی دەیشارێتەوە،

هەر ڕۆژێک زەمان، دەیانکاتەوە.[3]

ئەوانەی نەنگییان دەشارنەوە،

ڕووڕەشی بەشیان

دەبێ و لە پاشا، شەرمەزار دەبن.

فرەنسا:

کۆردێلیای جوان، دەی،

وەرە با بڕۆین. (فرەنسا و کۆردێلیا دەڕۆن)

گۆنێریڵ:

ئەوانەی کە من

---

١. خوای بەخت، ویستی خێرت پێ بکات بۆیە شای فرەنسا تۆی هێنا.

٢. لەوەی کە نەتبوو و دڵت دەیخوازی؛ سامان و خۆشەویستی باوک.

٣. ئەو لۆچانە دەکاتەوە و درۆکە ئاشکرا دەبێت.

پێویستە باسیان بکەم لەگەڵتا
کەم نین خوشکەکەم. زۆریش نزیکن
لە کاروباری هەردووکمانەوە.
لەو باوەڕەدام
باوکمان، هەر ئەمشەو، لێرە دەربچێت.

ڕێگان:

ئەوە گومانی هیچ تیادا نییە؛
لەگەڵتان دەبێت.
مانگی داهاتوو، بۆ لای ئێمە دێت.

گۆنێریڵ:

لەم تەمەنەیدا،
دەبینیت چۆن زوو،
بیر و مەزاژی گشتی دەگۆڕڕێت.
ئەوەی کە ئێمە دیمان کەم نەبوو؛
خوشکەکەی ئێمە، هەمیشە لای ئەو،
خۆشەویستتر بوو.
ئێستاکەش بینیت، دیاربوو بە ڕوونی،
بە بیانوویەکی
چەند لاواز ئەوی کردە دەرەوە.[1]

ڕێگان:

ئەو لاوازییە هی تەمەنیەتی.
هەرچەندە خۆ ئەو، هەر ئاوا بووە؛
خۆی کەم ناسیوە.

گۆنێریڵ:

کاتی چالاکی و لووتکەی گەنجێتیش،

١. هەرچەندە خوشکەکەمانی لە ئێمە زیاتر خۆش دەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا، بینیت چەند بەئاسانی و بە بیانوویەکی لاواز کردییە دەرەوە.

هەڵەشە بووە؛
جا ئێمە دەبێ لە تەمەنەکەی
هەر رابینینی
کردەوەکانی جارانی نەکەین،
بەڵام لاساری و تووڕەییی تری،
ئەوەی ساڵانی بێهێزی و پیری
لەگەڵ خۆیاندا بۆی دەهێنن.
ڕێگان:
زۆر لەوانەیە، کە ئێمەش تووشی
فێ لێهاتنێک ببین لەو جۆرەی
" کێنت"ی نەفی کرد.
گۆنێریڵ:
خواحافیزییەکەی فرەنسات خۆ دی.[١]
تکات لێ دەکەم لەگەڵما رێک بی
گەر ئاوا باوکمان، بەو جۆرەی دیمان،
هەر بەردەوام بێت لە حوکمڕانی،
ئەو بڕیارەی دای
کە واز بهێنێت لە تەخت و تاجی،
تەنیا بێزاری بۆ ئێمە دێنێت.
ڕێگان:
دەبێ بیرێکی لێ بکەینەوە.
گۆنێریڵ:
ئێمە پێویستە، هەتاکو گەرمە،
زوو شتێک بکەین.

١. خۆ دیت چەند بە جۆرێکی دڕندە و ناشیرین خواحافیزیی لە فرەنسا (شای فرەنسا) کرد.

## دیمەنی ١,٢

ئێدمەند دەردەکەوێت، نامەیەکی بەدەستەوەیە

ئێدمەند:

هەر تۆ یەزدانی منیت ئەی سروشت،
کردەوە و کاری
من، بەندیواری یاساکانی تۆن.[1]
کەوابێت بۆچی،
بێدەنگ و جووڵە،
بوەستم لەناو نەخۆشی و دەردی
نەریتی بەددا و[2]
بهێڵم رەخنەی خەڵکی و کۆمەڵگە،
لە مافەکانم بێبەشم بکا.
هەر لەبەرئەوەی
کە من دوانزە مانگ،
یان چواردە مانگێک
لە دوای براکەم هاتمە دنیاوە؟
ئاخر بۆ "زۆڵ"م پێ بگوترێت؟
بۆچی نارِەسەن؟
گەر بەژن و باڵا و شێوازی لەشم،
مێشکی بە توانا و وریایی و هۆشم،

١. بەپێی یاساکانی تۆ من کار دەکەم.

٢. نەریت؛ عادەت.

بێ لەکە و نەنگ بن،
وەکو هی نەوەی بانووی پاکداوێن.[١]
بۆچی بە ریسوا و کەم من دادەنێن؟
ڕیسوا و ناکەسە
ئەوەی لە نهێنیی ئاڵۆشی سروشت،
پێکهێنانێکی
گەرم و بەتین و جوان و بەسۆزتر
بۆ خۆی وەردەگرێت،
لەوەی کە لەناو
نوێنی بێ سۆز و مەییو و ماندوو،
دروست دەکرێ کاتی خەواڵوو
لەگەڵ تیرەیەک دەبەنگ و گەلحۆ؟[٢]
باشە کەوابێت، هەی حەڵاڵ زادە،
ئیدگار، من شەرتە،
ئەو خاکەی هەتە، بۆ خۆمی بەرم.[٣]
ئەو ئەڤینەی کە
باوکمان هەیەتی بۆ " ئێدمەند"ی زۆڵ
جیاوازیی نییە
لەوەی هەیەتی بۆ حەڵاڵزادە.[٤]
ئا، "حەڵاڵزادە"،
وشەیەکی زۆر نایاب و چاکە.

---

١. نەنگ؛ عەیب. ژنی پاکداوێن؛ ئەو ژنەی کە پێوەندیی جنسیی نەبووە جگە لەگەڵ مێردەکەی خۆیدا.

٢. تیرە؛ هۆز، خێڵ، عەشیرەت. گەلحۆ؛ گەلۆر، گێژووێژ، کەودەن.

٣. زۆڵ، هیچ گوناحێکی نییە کە زۆڵە، لەگەڵ ئەوەشدا، جگە لەوەی کە هەموو کەسێک ریسوای دەکات، بەپێی یاسا، لە باوکیشیەوە، میراتی بۆ نامێنێتەوە.

٤. گوێی لە باوکی بوو کە بە " کێنت"ی گوت؛ من هەردووکیانم وەک یەک خۆش دەوێت.

باشە زۆر باشە، حەلاڵزادەکەم.
گەر ئەم نامەیەم،
بە ئامانجی خۆی بگا و سەربگرێ،
" ئێدمەند"ی ریسوا،
زاڵ دەبێت بەسەر حەلاڵزادەدا؛
پەرە دەسەنم، پێی گەورە دەبم.
ئێستا، دەی خوایە،
تەنیا هەر جارێ، پشتی زۆڵ بگرە! (گلۆستەر دەردەکەوێت)

گلۆستەر:
ئاوا، بەمجۆرە، کێنت نەفی کرا؟
"فرەنسا"ش ئاوا،
بەتوورەییەوە، گورج بەرێ کرا؟
"شا"ش، بەم شەوە، رۆیشت؟
وازی لە هێزی شایەتی هێنا؟
هەر جگە لە "ناو"، هیچی بۆ نەما؟
ئەمانەش گشتی،
لە یەک خولەکی پچووک روویان دا؟
(ئێدمەند دەبینێت کە کاغەزێک لە گرفانیدا دەشارێتەوە)
ها ئێدمەند، ئاخۆ
هیچ دەنگوباسی تازەت لا هەیە؟

ئێدمەند:
نەخێر، سەروەرم، هیچم لانییە.

گلۆستەر:
بۆچی تۆ ئاوا، ئا ئەو کاغەزە،
بە پەرۆشەوە دەشاریتەوە؟

ئێدمەند:
بەگم، هەواڵی تازەم پێ نییە.

گلۆستەر:

ئەو کاغەزەی کە
تۆ دەتخوێندەوە، پێم بڵێ چییە؟

ئێدمەند:

گەورەم، هیچ نییە.

گلۆستەر:

نا، ئاخر بۆچی
وا بە خێرایی و بە شڵەژاوی،
لە گیرفانتدا دەیشاریتەوە؟
شتێک، هیچ نەبێت،
پێویستی ناکات، بە شاردنەوە.
بێنە بمدەرێ، با سەیری بکەم.
ئەگەر هیچ نەبێ
پێویستیم نابێ، بە چاویلکەکەم.

ئێدمەند:

تکات لێ دەکەم، گەورەم، ببوورە.[١]
نامەیەکە لە
براکەمەوە. کە هێشتا جارێ،
خۆم بەتەواوی، نەمخوێندووەتەوە.
بەڵام بەو تۆزەی، خوێندوومەتەوە،
ئەوە ناهێنێت ئێوە بیبینن.

گلۆستەر:

نامەکەم بەرێ.

ئێدمەند:

پیشانتان نەدەم، لێم تووڕە دەبن.

---

١. ببوورە، حەز ناکەم ئێوە بیبینن.

پیشانتان بدەم، پێی تووڕە دەبن.
ناوەڕۆکەکەی، بەگم هەندێکی،
وەک من تێی دەگەم،
جێی سەرزەنشتی و گلەییی زۆرە.

گلۆستەر:
دەبا ببینین، دەبا ببینین.

ئێدمەند:
من هیوادارم،
تاکو براکەم، تاوانبار نەبێت،
ئەمەی نووسیبێت، هەر وەک وتارێک،
یاخۆ دڵسۆزیم تاقی بکاتەوە.

گلۆستەر: (نامەکە دەخوێنێتەوە)
ئەم سیاسەتە و زۆر ڕێز گرتنی
تەمەنی پیری،
تامی باشترین کاتی ژیانی
ئێمە تاڵ دەکات؛
ڕێی میراتیمان لێ قەپات دەکات،
تاکو پیرێتی وامان لێ دەکات،
ئیتر نەتوانین
لەو میراتییە لەزەت وەربگرین.
ئەوا خەریکم
تەواو بێزار بم لە ستەمکاری
ئا ئەم زۆردارە پیرە بێ عەقڵە.
کار و کردەوەی وای پێ دەکرێت،
نەک بە هۆی هێز و دەسەڵاتی خۆی،
نا، هەر چونکە ئێمە،

ئێمەی لێقەوماو، لێی بێدەنگ دەبین.
وەرە بمبینە،
تا زیاتر بدوێین دەربارەی ئەمە.
گەر باوکمان تەنیا
بنوێت هەتاکو هەڵی دەستێنم،
ئەوساکە ئەتۆش، بە هەمیشەیی،
بە نیوەی موڵک و سامانەکانی
ئەو، رادەبوێری، ١,٢,٥٥
وە خۆشەویستی برای خۆت دەبیت.
"دڵسۆزت ئیدگار" (لەبەر خۆیەوە بیر دەکاتەوە)
ئحم! پیلانبازییە!
"بنوێت هەتاکو هەڵی دەستێنم"
"ئەوساکە ئەتۆش، بە هەمیشەیی،
بە نیوەی موڵک و سامانەکانی
ئەو، رادەبوێری"
"ئێدگار"ی کوڕم، ئاخۆ قەت دەشێت،
دەستێکی ئاوای هەبێت بتوانێت
ئەمە بنووسێت؟
بڵێیت مێشک و دڵی وای هەبێت،
لە دەروونیدا، پەروەردەی شتێک
لەم جۆرە بکا؟ (روو دەکاتەوە ئێدمەند)
کەی ئەمەت پێ گەیشت؟
کێ ئەمەی داتێ؟
ئێدمەند:
ئەمە، سەروەرم، کەس نەیداومەتێ،
ئاخر من سەرم لەوە سووڕماوە؛

که له پەنجەرەی ژوورەکەمەوە،
بۆم هەڵدراوە.

گلۆستەر:

ئەتۆ دەستخەتی
ئێدگاری برات، دەناسیتەوە؟

ئێدمەند:

ناوەڕۆکەکەی، ئەگەر باش بووایە،
بەگ، سوێندم دەخوارد؛
که خەتی ئەوە.
بەڵام، هەر لەبەر ئەوە پێم خۆشە
بڵێم؛ "دەستخەتی براکەم نییە".

گلۆستەر:

دەستخەتی ئەوە؟

ئێدمەند:

بەڵێ، سەروەرم، دەستخەتی ئەوە.
بەڵام ئومێدم وایە که دڵی
ئەوی تیا نەبێت.

گلۆستەر:

لەگەڵتا ڕۆژێک،
قەت باسی کاری ئاوای کردووە؟

ئێدمەند:

نەخێر، سەروەرم.
بەڵام گەلێک جار من گوێم لێ بووە،
بدوێت و بڵێت: کوڕ که دەگاتە
لووتکەی گەنجێتی و باوکی پیر دەبێت،
دروسته که باوک،

به کوڕەکەی خۆی سپاردە کرێت.
ئەویش چاودێریی سامانەکانی
باوکی خۆی بکات.
گلۆستەر:
ئای ناکەس، ناکەس،
ئای کە ناکەسی.
لە نامەکەیدا،
بیروباوەڕی خۆی دەربڕیوە.
دزێوی ریسوا، چەند بێناموسی،
دڕندەی کێوی، پیاوی نائاسا،
تا لە دڕندەش، دڕندەتری.
دەی کوڕە بڕۆ بیدۆزەرەوە.
دەبێ بەندی بکەم.
ئاخ، ناکەسبەچە!
کوانێ، لە کوێیە؟
ئێدمەند:
گەورەم، بەڕاستی، ئەمن نازانم.
من وابزانم، دروستتر دەبوو،
تووڕەییەکەتان،
دژی براکەم دوابخەن تاکو
لە خۆی گەواهیی باشتر دەبیستن،
دەربارەی ئەمە و مەبەستی راستی.
بە رێگایەکی گەلێک تایبەتی،
بەگم، پێویستە ئێوە بۆی بچن؛
گەر توندوتیژی بەکار بهێنن
دژی و لە دوایی بۆتان دەرکەوێت

مەبەستەکانی تێنەگەیشتبن،
درزێکی گەورە لە ئابڕووی ئێوە
دەردەهێنێت و ڕێزی بۆ ئێوە
هەر لە بنجەوە هەڵدەتەکێنێت.
ئێستا دەوێرم لەسەر ژیانی
خۆم گرەو بکەم
کە ئەو، ئەوانەی نووسیوە تەنیا
تا منەم بکا؛ چەند دڵسۆزتانم.[1]
بۆ هیچی تر نا.

گڵۆستەر:
تۆ، وا دەزانی؟

ئێدمەند:
گەر بە شتێکی باشی دەزانن،
دەتوانم، گەورەم،
ئەم ئێوارەیە، بۆتان ڕێک بخەم؛
لە پەنایەکدا
خۆتان بوەستن، گوێمان لێ بگرن،
کاتێ کە ئێمە، پێکەوە باسی
ئەمانە دەکەین. تا گوێچکەکانی
خۆتان گەواهیی وتەکانمان بن.
ئەوە، دەتوانم بەبێ دواخستن،
ئەم ئێوارەیە، بۆتان ڕێک بخەم.

گڵۆستەر:
قەت ناشێ هەندە، ئەو دڕندە بێ.

ئێدمەند:
بێگومان، ناشێ.

١. منە؛ پشکنین، فەحس، تاقیکردنەوە. منەم بکات؛ تاقیم بکاتەوە.

گلۆستەر:

دژی ئەم باوکەی،
کە بە گشت دڵ و جەرگییەوە، ئەوی
هەندە خۆش دەوێ.
ئاخ،
زەمین و گەردوون!
ئێدمەند، برۆ دەی،
بیدۆزەرەوە.
نهێنیی دڵیم بۆ روون کەرەوە.
بەپێی دانایی
خۆت رێبازێکی بۆ بسازێنە.
ئەمن ئامادەم
لە هەموو موڵک و سامانەکانی
خۆم واز بهێنم
تەنیا بۆ ئەوەی بگەمە بنجی
ئا ئەم کێشەیە.

ئێدمەند:

ئێستا بەشوێنیا دەچم دەگەڕێم.
کاروبارەکەش،
چ رێبازێکم من بە باش زانی،
بەپێی توانای خۆم، بەو جۆرە دەیکەم.
هەرچیشم زانی
زوو دێم بۆتانی دەگێڕمەوە.

گلۆستەر:

ئەم مانگ گیران و ئەم رۆژ گیرانە،
لەم دواییەدا، کە روویان دەدا،

هێما و ئاماژەی بەیووم و بەد بوون.
هەرچەند دانایی سروشت ئەمانە،[١]
روون دەکاتەوە بەوە و بەمانە،
بەڵام هەمیشە،
سروشت، ئازاری ئەنجامەکانی
ئەوان، دەچێژێت؛[٢]
ئەڤین، گەرمایی سارد دەبێتەوە.
تای دووبەرەکی،
دەکەوێتە ناو برا و براوە.
هاوڕێیی دەمرێت، باوی نامێنێت.
لە شارەکاندا، یاخیبوون دەبێت.
لە وڵاتاندا، ئاژاوە و تەنگی.
لە کۆشکەکاندا، درۆ و ناپاکی.
بەندی خوێن نێوان باوک و رۆڵەکەی
خۆی، دەپچرێت.
ئەم ناکەسەی من، کردەوەکانی
پێشبینێکی تەواو کرابوون –
کوڕ دژی باوکی خۆی ڕادەپەڕێت،
باوک دژی کوڕی.
شا،
نامێنێتەوە بە لایەنگری رەوشتی سروشت.[٣]
ئێمە ئەوەتا؛ باشترین کاتی

١. سروشت؛ ژیان. شێکسپیر، زۆرجار، وشەی سروشت لە باتیی ژیان یان زیندوو بەکار دەهێنێت.
٢. ئەنجامەکانی ئەوان؛ ئەنجامەکانی مانگ و رۆژ گیران.
٣. پێوەندیی شا، لەگەڵ سروشتدا، تێک دەچێت (شێت دەبێت)

ژیانمانمان، دی.
ئیتر فرِوفێڵ، درۆ، ناپاکی،
وە هەموو جۆرە کردەوەیەکی
وەی و وێرانی،
بە هەڵڵا و بەزم، دوامان دەکەون
بۆ ناو ئەو گۆڕەی، دەچینە ناوی. (روو دەکاتەوە ئێدمەند)
دەی ئەو ناکەسە بدۆزەرەوە،
ئێدمەند، تۆ بەوە، هیچ نادۆڕێنی.
بەڵام، لەسەرخۆ، لەسەرخۆ بیکە.
ئەو خانەدانە، دڵسۆزە پاکە،
کێنت، نەفی کرا.
تاوانەکەشی، تەنیا ئەوەبوو
کە ئابڕوودار و پیاوێکی چاکە.
شتێکی سەیرە.
ئێدمەند: (لەبەر خۆیەوە)
ئەمە، بە راستی، کەودەنییەکی[١]
گەلێک نایابی ئەم دنیایەیە؛
ئێمە کە تووشی بەدبەختی دەبین،
گەلێک جار بەهۆی
هەر کەموکورتی و رەوشتی بەدی
خۆمان، تووش دەبین
کەچی دێین رۆژ و
مانگ و ئەستێرەی فەلەکی دەورمان،
تاوانبار دەکەین.
هەر وەکو بڵێین؛

١. کەودەن: ریژگاو، گەلحۆ، دەبەنگ، گەلۆر

ناکەسین چونکە دەبێت ناکەس بین.
بە زۆری ئاسمان، کەودەن و دزین.
بەهۆی ڕێگە و جێی ئەستێرەکانی
ئاسمانە ئێمە کە ئارەقخۆر و
درۆهەڵچن و خائین و بەدین.
چونکە ناچارین؛
گوێ لە فەرمانی ئەستێرەکانی
فەلەکمان بگرین.
لە هەرچییەکدا بەدکاری بکەین
خەتای ئەستێرە و فەلەکمان دەگرین.
ئەمە، بە ڕاستی، دەربازگەیەکی
گەلێک نایابە
بۆ قەحبەبازێک، ئاڵۆشەکانی
بەسەر فەلەک و ئەستێرەکانی
ئاسماندا بێنێت.
باوکم، هات لەگەڵ داکمدا جووت بوو
ڕاست لەژێر کلکی ئەژدەهاکەدا.[1]
وە لەبن تیشکی ورچە گەورەدا،[2]
من لەدایک بووم.
بۆیە من ئاوا
مێباز و گەلێک چاوبرسی و بەدم.
بەو خوایە ئەمن، چۆنم وا دەبووم
ئیتر خوای دەکرد

١. کلکی ئەژدەهاک (dragons tail)؛ ناوی کۆمەڵە ئەستێرەیەکە.
٢. ورچە گەورە؛ حەوتەوانە (حەوت ئەستێرەیە بەئاسمانەوە. گەر بەیەکەوە سەیر بکرێن لە ورچ دەچن، بەعەرەبی پێیان دەڵێن "الدب الاکبر")

لەژێر تریفەی هەرە پاکترین
ئەستێرەی ئاسمان
دەکرام بە زۆڵ.[١] (ئێدگار دەردەکەوێت)
ئەوەتانێ هات، هەر بەتەواوی
لە کاتی خۆیدا؛ وەکو کارەسات
لەناو کۆمێدی و تەمسیلی کۆندا.
منیش وا دەوری خۆم دەس پێ دەکەم
بە هەناسەیەک،
هەناسەیەکی ساردی پڕ خەفەت.[٢]
وەکو ئەوانەی تۆمی ئۆبێدلام.[٣] ١,٢,١٣٥
ئەی،
ڕۆژ و مانگ گیران،
شەڕ و ناسازی دادەمەزرێنن.
فا، سۆ، لا، می[٤]

ئێدگار:

ها، ئێدمەند، بۆچی
برام، وا ماتی؛ وەکو شتێکی

---

١. ئێدمەند، بەرهەمی پێوەندییەکی نایاساییە لە نێوان گلۆستەر و دایکیدا. ئەو پێوەندییە، چونکە نایاسا بوو، ئێدمەندی کرد بە زۆڵ.

٢. خۆم وا دەنوێنم کە خەفەتبارم. بە هەناسەیەکی ساردی پڕ خەفەت، ئەو دەورەی خۆم دەست پێ دەکەم.

٣. تیمارخانەیەکی شێتان هەبووە لە لەندەن بەناوی "ئۆبێدلام". کابرایەکی سواڵکەریش هەبووە ناوی "تۆم" بووە. بۆ ئەوەی خەڵک بەزەیی پیا بێتەوە و پارەی بدەنێ خۆی کردووە بە شێت و وتوویەتی من لە تیمارخانەی "ئۆبێدلام" رام کردووە.

٤. ئاوازی ساز، پلەکانی ئاوا دەبێت؛ دۆ رێ می فا سۆل لا سی. لێرەدا ئێدمەند، بۆ گاڵتە پێکردن دەڵێت فا، سۆل، لا، می. لە باتیی "سی"، "می" دادەنێت بۆ ئەوەی ئاوازەکە ناساز دەربچێت.

گرینگ مێشکتی داگیر کردبێ؟
ئێدمەند:
برام، دانیشتووم
لە پێشبینینێک، بیر دەکەمەوە؛
لە پێش چەند رۆژێک
من خوێندمەوە،
کە چی پێویستە چاوەڕوان بکرێت
لە دوای گرتنی
ئەم رۆژ و مانگەی ئەم دواییەدا .
ئێدگار:
بە شتی واوە خۆت خەریک دەکەی؟
ئێدمەند:
بڕوام پێ بکە،
ئەو ئەنجامانەی ئەو نووسیویەتی
وە پێشبینینی روودانیان دەکات،
زۆر بەداخەوە، زۆری روو دەدات؛
وەک دووبەرەکی،
لە نێوان باوک و مناڵەکانی،
مردن، برسێتی، دوژمنایەتی،
دابەشکردنی وڵات و خاک و سامانەکانی،
هەڕەشە و جنێو،
دژی شا خۆی و کەسوکارانی،
گومانکردنی
بێ بنج لە پاکیی هاوکار و خەڵکی،
نەفیکردنی دۆست و برادەران،
خیانەتکردن لەنێو هاوسەران،

نازانم چیی تر.

ئێدگار:

له کەیەکەوە،
تۆ لایەنگری ئەستێرەگەریت؟[١]

ئێدمەند:

دواهەمین جار کەی، باوکمانت بینی؟

ئێدگار:

شەوی ڕابردوو. بۆچی دەپرسی؟

ئێدمەند:

ئاخۆ دواندت تۆ هیچ لەگەڵی؟
هیچی پێ گوتی؟

ئێدگار:

ئا، بۆ دوو سەعات، بەیەکەوە بووین.

ئێدمەند:

ئەی جیابوونەوە بە باشی و ئاشتی؟
هیچ هەستت نەکرد بە نارەزایی؛
له وتەکانی، یان دیمە و تەنی؟

ئێدگار:

نا، بە هیچ جۆرێک.

ئێدمەند:

بیر بکەرەوە،
هیچت کردووە ئەو پێی تووڕە بێت؟
تکات لێ دەکەم،
جارێ تۆ خۆتی لێ دوور خەرەوە.

---

١. ئەستێرەگەری؛ زانیارییەکە، گوایە بە هۆی جێگە و جووڵانەوەی ئەستێرەکانەوە، پیاو دەتوانێت پێشبینینی دوارۆژ بکات.

تاکو کات تینی ئەو توورەییەی
کە ئێستا تیایدا ئاوا دەکوڵێت،
کەم دەکاتەوە.
بە بینینی تۆ، دەبووژێتەوە و
لە دەروونیدا و بەتینتر دەبێت.

ئێدگار:
ناکەسێک دەبێت
بەدکاریی لەگەڵ مندا کردبێت.

ئێدمەند:
لەوە دەترسم.
تکات لێ دەکەم، ئارامت هەبێت،
هەتاکو گوڕی ئەو توورەییەی
دەشکێت و هەندێک سووک دەبێتەوە.
وەکو پێم گوتی
تۆ وەرە لای من بمێنەرەوە
لەوێوە بۆتی ئاوا رێک دەخەم،
برام، بتوانیت
خۆت گوێت لە دەنگی
باوکی خۆت بگریت.
ها، کلیلەکەم،
هەر ئێستا بڕۆ، تکات لێ دەکەم.
ئەگەر هاتیش و چوویتە دەرەوە،
بێ چەک، دەرنەچیت.

ئێدگار:
بێ چەک، دەرنەچم؟

ئێدمەند:
ئەوەی بەباشی دەزانم، برام،

ئەوەم پێ گوتی؛
با چەکت پێ بێ.
دەک ئابڕووم بچێ،
گەر بەرەو تۆوە، ئەو مەبەستێکی
دروستی هەبێ.
پێم گوتی چیم دی و من گوێم لە چی بوو.
بەڵام بە ئاستەم
برام، لە وێنەی
ئەو سامهێنەرەی کە من دیم دەچوو.[١]
دەی ئیتر بڕۆ، تکات لێ دەکەم.
ئێدگار:
بەم نزیکانە، لە تۆ، دەبیستم؟
ئێدمەند:
لەم کارەدا من، خزمەتکارتم. (ئێدگار دەڕوات)
باوکێکی ئاوا پاک و خۆش بڕوا،
وە برایەکی هەندە خانەدان،
ئەوەی لە زیانکردن ئەوەندە دوورە سروشتی؛
قەت ڕۆژێک گومان ناکات لە خەڵکی،
کردەوەکانم، زۆر بە ئاسانی،
دەتوانن سواری
ئەو دڵە پاکە گەلۆرەیان بن.[٢]
ڕێی کارکردنی خۆم، من دەبینم.
لەدایکبوونم

١. ئەوەی کە پێم گوتی بە ئاستەمێک لەوە دەچێت کە من دەیزانم. ئەوەی کە دەیزانم، زۆر سامناکترە لەوەی پێم گوتی.
٢. گەلۆر؛ ڕیژگاو، گەلحۆ، گێژوویژ.

ئەگەر من نەمکات بە خاوەن زەوی،
مێشکم دەمکات.
هەرچ کردەوەیەک،
لەگەڵ مەبەستی مندا تەبا بێت،
من پێم دەکرێت.[1]

١. من هەموو شتێک ئامادەم بکەم. هیچ شتێک ئازار بە دەروونی من ناگەیەنێت.

## دیمەنی ١,٣

گۆنێریڵ و ئۆسواڵد دەردەکەون

گۆنێریڵ:

راستە کە باوکم،
لە کارگێڕەکەی کۆشکەکەی داوم،
چونکە سەرکۆنەی[١]
" کەودەن"ەکەیی گوایە کردووە؟[٢]

ئۆسواڵد:

بەڵێ، خاتوونە.

گۆنێریڵ:

بە رۆژ و بە شەو، ئەو هەر خەریکی
کار و کردەوەی بەدە لە دژم.
هەر گشت سەعاتێ،
تاوانێک دەبێ بکا و ناسازی
لەناو ئێمەدا دابگیرسێنێ.
من، ئەوەم ئیتر پێ ناچێژرێ؛
شاسوارەکانی

---

١. کارگێڕ؛ بەڕێوەبەر، ئەوەی کاروباری کۆشکەکە بەڕێوە دەبات. سەرکۆنە؛ سەرزەنشتی.

٢. کەودەن؛ ریژگاو. جاران هەندێ لە ماڵە دەوڵەمەندە خانەدانەکان، گاڵتەچییەکیان بەتایبەتی لە ماڵەوە رادەگرت بۆ ئەوەی بیانهێنێتە پێکەنین و کەشی ماڵەکەی پێ خۆش بکەن. پێیان دەگوتن " کەودەن Fool "

هەموو شەڕانی و ئاژاوەگێڕن.
خۆشی گلەیی
دەکات و خۆیمان لێ تووڕە دەکات،
بۆ شتی گەلێک بێ نرخ و پچووک.
کە گەڕایەوە،
لە راو، نامەوێت لەگەڵیا بدوێم؛
بڵێ؛ ناساغە.
باشتریش دەبوو،
ئەگەر لەمەولا، هەندێک بە خاوی،
ئەرکی ئاسایی خۆتی بۆ بکەیت.
گەر شتێکیش بوو
لێپرسراوی ئەوە خۆم دەبم.

ئۆسواڵد:
خاتوونە وا هات، گوێم لە دەنگییەتی.

گۆنێریڵ:
بەو جۆرەی خۆتان پەسندی دەکەن،
تۆ و هاوڕێکانت،
روویەکی ماندوو و گرژی بدەنێ.
دەمەوێت ئەوە بیورووژێنێ.
ئەگەر بەدڵی
نییە، با بچێ بۆ لای خوشکەکەم.
ئەویش هەڵوێستی
لە هی من دەچێ؛
نایەوێت یەکێک فەرمانەکانی
پێ هەڵوەشێنێ.
ئەم پیرەمێردە بێ وزە و کەڵکە
هێشتا دەیەوێ،

ئەو دەسەڵاتەی بەکار بهێنێ
کە بە خواستی خۆی وازی لێ هێنا.
من بە ژیانم سوێند دەخۆم ئێستا؛
پیرە گەلحۆکان، هەم دیسانەوە
دەگەڕێنەوە و دەبن بە ساوا.
هەر وەکو "ساوا"ش،
ها، پێوست دەکات مامەڵە کرێن؛
گەر وتەی نەرم و
مەرایی، سوودیان نەبوو لەگەڵی،
زۆر و هەڕەشە سوودیان بۆ دەبێ.
لە بیرت نەچێ، ئەوەی پێم گوتی.

ئۆسواڵد:

زۆر باشە، خانم.

گۆنێریڵ:

ئێوە روویەکی ساردتر پیشانی
شاسوارەکانی، لەمەولا بدەن.
گوێشی مەدەنێ، چی لێ دەردەچێ.[1]
بە هاوڕێکانی
خۆت، ئەوە بڵێ.
بۆ بیانوویەکی گونجاو دەگەڕێم؛
تاکو بە باشی لەگەڵیان بدوێم.[2]
بۆ خوشکەکەشم، ئێستا دەنووسم
ئەویش وەکو من پێشوازیی بکات.
دەی ئیتر بڕۆ،
ژەمی نیوەڕۆ، ئامادە بکەن.

---

١. گوێی مەدەنێ، هەرچییەک دەبێت با ببێت؛ من خۆم بەرپرسیاری ئەوەم.
٢. لەگەڵیان بدوێم؛ لەگەڵ شاسوارەکانی باوکمدا بدوێم.

## دیمەنی ١,٤

کێنت دەردەکەوێت؛ خۆی گۆڕیوە بە جۆرێک کە نەناسرێتەوە

کێنت:

هەر ئەوەم ماوە؛ شێوازی دەنگ و
شێوەی وتاری خۆم من بگۆڕم.
ئەوسا دەمتوانی مەبەستی پاکم،
ئەوەی دیمەنی خۆم لە پێناوی
ئەودا وا گۆڕی، بهێنمە دی.
ئێستا ئەی " کێنت"ی
ئاوارەکراو، ئەگەر بتوانی
خزمەتی بکەیت لەسەر ئەو خاکەی
ئەوەی گەر تیایدا
بمێنیتەوە، تاوانبار دەبی،
ئەو شکۆدارەی کە خۆشت دەوێت،
تێ دەگات کە چەند دڵسۆزی ئەوی.[١]
(لییەر دێتە ژوورەوە لەگەڵ چوار پێنج شاسواردا)

لییەر:

بۆ خواردنەکەم، یەک تاو نەیەڵی
چاوەڕوان بکەم.

---

١. کێنت، هەست دەکات کە لییەر غەدری لێ دەکرێت. لەبەر ئەوە دەیەوێت لەگەڵیدا بمێنێتەوە و ئاگەداری بێت. بەڵام چونکە شا، نەفیی کردووە، ناتوانێت بمێنێتەوە. بۆیە جلوبەرگ و شێوە و دەنگی خۆی دەگۆڕێت، بۆ ئەوەی کەس نەیناسێتەوە.

دەی بڕۆ بۆمی ئامادە بکە. (شاسوار دەڕوات. روو دەکاتە کێنت)
کابراکە، تۆ کێیت؟

کێنت:

گەورەم، پیاوێکم.

لییەر:

تۆ کارت چییە و بۆ لەگەڵمانی؟

کێنت:

لێرەم تا خۆمتان پێ بناسێنم،
وە ئاشکرای کەم؛
وەکو چۆن دیارم،
هەمیشە وابم، هیچ کەمتر نەبم؛
دڵسۆز و راست بم، من لە خزمەتی
ئەوەی باوەڕی بە پاکیم هەبێ،
هەمیشە پیاوی چاکم خۆش بووێ،
لەگەڵ مرۆڤی زیرەک و دانا و
کەم دووا بدوێم.
لە رۆژی دادگەی گەورە بترسم.[١]
هەڵبژاردنم، گەر بۆ نەمابێ،
ئەوسا بجەنگم.[٢]
خواردەمەنیشم،
قەت ماسی نەبێ.[٣]

١. دادگەی گەورە؛ دادگەی خوا لە رۆژی هەڵسانەوەدا.

٢. ئەگەر تووشی کێشەیەک بووم و نەمتوانی بە هیچ رێبازێکی ئاشتی خۆمی لێ رزگار بکەم. ئەوسا بە ناچاری دەجەنگم.

٣. لێرەدا روون نییە، کێنت، مەبەستی لە چییە. ئاخۆ مەبەستی ئەوەیە بڵێت من پرۆتستانتم و قەت نابم بە کاسۆلیک؟ کاسۆلیکەکان، رۆژی هەینی ماسی دەخۆن، گۆشت ناخۆن.

لییەر:

پێم بڵێ، تۆ کێیت؟

کێنت:

پیاوێکی گەلێک دڵپاک و راستم.
ئەوەندەی کە شا،
هەژارە منیش، هەندە هەژارم.

لییەر:

گەر ئەوەندەی شا – بە شایەتییەوە –
هەژارە، ئەتۆش هەندە هەژار بی،
دەبێت پیاوێکی گەلێک هەژار بی.[1]
باشە چیت دەوێ؟

کێنت:

خزمەتت بکەم.

لییەر:

خزمەتی کێ بکەیت؟

کێنت:

گەورەم، هی ئێوە.

لییەر:

کابراکە، بۆچی تۆ من دەناسی؟

کێنت:

نا، ناتانناسم. بەڵام سەروەرم،
بە رووتانەوە شتێک دەبینم
شادمانم دەکات
ئێوە بە گەورە و وەستام بزانم.

---

١. ئەگەر شا، بە شایەتییەوە، ئەوەندە هەژار بێت، تۆ دەبێت چەند هەژار بیت.

لییەر:

چییە ئەو شتە؟

کێنت:

فەرمانڕەوایی.

لییەر:

چ خزمەتێکم، دەتوانیت بکەیت؟

کێنت:

نهێنیی بێ نەنگ،[1]
لە نێوان دڵی خۆمدا ڕابگرم،
سواری وڵاخ بم،
خێرا رابکەم.
چیرۆک، تێک بدەم بە گێڕانەوەی.
پەیامی سادە، راستەوخۆ بەرم.
ئەوەی کە پیاوی ئاسا دەتوانێ
هەڵی سووڕێنێ،
من وەک پسپۆڕێ بیهێنمە دی[2]
بەڵام تێکۆشەر،
هەرە باشترین سیفەتی منە.

لییەر:

تەمەنت چەندە؟

کێنت:

ئەوەندە گەنج نیم، سەروەرم، تا من
حەز لە ژن بکەم بۆ دەنگی خۆشی.
ئەوەندەش پیر نیم

١. بێ نەنگ: پاک، بێ گەرد، بێ عەیب.
٢. پسپۆڕ: لێزان، شارەزا.

تا بەخۆڕایی بۆی شەیدا ببم.
ئەمن تەمەنم، چل و هەشت ساڵە.

لییەر:

وەرە دوام کەوە، تۆ بە کەڵکم دێیت
گەر لە دوای خواردن،
خۆشەویستیم بۆت کەم نەبێتەوە،
من جارێ لە تۆ، جیا نابمەوە.
هێی، خواردنەکە، دەی خواردنەکە.
کوا نۆکەرەکەم، کوا " کەودەن"ەکەم؟
دە بڕۆ بانگی کەودەنەکەم کە،
با بێت بۆ ئێرە.(دووەم سوار دەڕوات، ئۆسواڵد دەردەکەوێت)
ئەرێ کابراکە، کوانێ کچەکەم؟

ئۆسواڵد:

ببوورە، تاوێ.[١] (ئۆسواڵد دەڕواتە دەرێ)

لییەر:

ئەو پیاوەی ئەوێ، چی بە من دەڵێ؟
بەو کەرە بڵێن بێتەوە بۆ لام. (سێیەم سوار دەڕوات)
کوا کەودەنەکەم؟
هێی،
بۆم دەردەکەوێ؛ دنیا نوستووە، (سێیەم سوار دەگەڕێتەوە)
ها، چی بەسەرهات، ئەو نارەسەنە؟

سێیەم سوار:

سەروەرم دەڵێ،
کچەکەی ئێوە، ناساغە هەندێ.

١. بەجۆرێک دەڵێت "ببوورە تاوێک" وەکو بە شا بڵێت؛ من کاری گرینگترم بەدەستەوەیە، چاوەڕوان بکە.

لییەر:
ئەو بەندەیە بۆ،
کە من بانگم کرد، نەگەڕایەوە؟
سێیەم سوار:
بەگ، وەرامێکی بێ ڕووی بە ڕەقی
دامەوە و گوتی، کە نایەوێت بێ.
لییەر:
گوتی؛ نایەوێ؟
سێیەم سوار:
بەگم، نازانم چییە مەسەلە.
بۆم دەردەکەوێ
کە پایەی بەرزی جەنابتان ئێستا،
وەکو جارانی،
بەخێرهاتنی گەرم ناکرێ.
جۆشی پێشوازیی جارانیان گەلێ
کەم کردووەتەوە.
نەک هەر لەلایەن نۆکەرانەوە،
بەڵام لەلایەن
جەنابی دیوک و کچەکەشتەوە.
لییەر:
ها! ئاوا دەڵێیت؟
سێیەم سوار:
زۆر تکا دەکەم لێتان، سەروەرم،
گەر ناڕەوا بم، لە من ببوورن.
چونکە من ئەرکم
ئەوەیە؛ نابێ

بێدەنگ بوەستم،
ئەگەر بزانم،
پایەی بەرزتان ئازار دەدرێ.

لییەر:

بەوەی پێت گوتم، هاتەوە بیرم
کە من هەر خۆشم
هەستم کردبوو چەند رێز و نرخم
لەم دواییەدا کەم بوونەتەوە.
بەڵام هەمیشە من پێم خۆشترە
لۆمەی دەروونی
پڕ بە گومانی پیسی خۆم بکەم،
لەوەی کە لۆمەی
بەدی و بێ ڕەحمی کەسی تر بکەم.
ئەمن بیرێکی لێ دەکەمەوە.
بەڵام دە کوانێ، کوا کەودەنەکەم؟
ئەوە دوو رۆژە، ئەوم نەدیوە.

سێیەم سوار:

هەر لەوساوەی کە خاتوونەی گەنجم،
چووە بۆ فرەنسا، کەودەنی هەژار،
لە داخانا هەر پەکی کەوتووە.

لییەر:

ئیتر تۆ باسی مەکە بەسێتی.
خۆم تێبینینی ئەوەم کردووە.
بڕۆ بە کچەکەم
بڵێ دەمەوێ بدوێم لەگەڵی (سێیەم سوار دەڕوا)
تۆش کەودەنەکەم،

برِۆ بانگ بکە، با بێت بۆ ئێرە. (چوارەم سوار دەڕوا)
(ئۆسوالْد دەردەکەوێت)
ها، بەگم، هاتی؟
وەرە بۆ ئێرە نزیک بەرەوە.
دەزانیت من کێم؟

ئۆسوالْد:
بەلْێ، تۆ باوکی خاتوونەکەمی.

لییەر:
دەلْێیت؛ من باوکی خاتوونەکەتم؟
ئەتۆ نۆکەری سەروەرەکەمی.
کوڕی سۆزانی،
سەگ، ناکەسبەچە، گەمالْی خوێڕی.

ئۆسوالْد:
من ئەوانە نیم،
تکات لێ دەکەم لە من ببووری.

لییەر:
ئەمجا چاو لە من، مۆر دەکەیتەوە،
زۆڵی نارِەسەن؟ (زللەیەکی لێ دەدات)

ئۆسوالْد:
بەگم، ئەوە نیم، کە لێم بدرێت.
(کێنت پاشقولێکی لێ دەگرێ و دەیدات بە خاکدا)

کێنت:
نە بەسەر خاکدا، ناکەس، بخرێیت،
فووتبۆلْێن کەری نەگریسی ریسوا.[1]

١. ئەوساکە ئەوەی رێزی خۆی بگرتایە، فووتبۆلْێنی نەدەکرد.

لییەر:

سوپاست دەکەم، کابراکە گەلێ.
خزمەتت کردم، من تۆم خۆش دەوێ.

کێنت: (روو دەکاتەوە ئۆسواڵد و لە شانی چاکەتەکەیەوە بەرزی دەکاتەوە)
دەی هەڵسە، بەگم، روو بکەرە دەرێ،
تا فێرت بکەم،
چۆن پایەی بەرزی، رێزی دەگیرێ
گەر دیسانەوە،
ئارەزوو دەکەی
باڵای کرێتی قەبەت بپێوی؛[1]
چاوەڕوانم کە.
دەی، ئیتر برۆ.
کابراکە ئەرێ داناییت هەیە؟
بڕۆرە دەرێ. (پاڵی پێوە دەنێ و دەیکاتە دەرەوە)

لییەر:
ئێستا،
نۆکەری دۆست و دڵسۆزم،
سوپاست دەکەم. (پارەی دەداتێ)
ئەوەش پێشەکی بۆ خزمەتەکەت. (کەودەن دەردەکەوێت)

کەودەن:
دە دەی با منیش بەکرێی بگرم. (کڵاوەکەی خۆی دەداتێ)
ها، کڵاوەکەم.

لییەر:
ها، ئەوا هاتی، پیاوە باشەکەم،
پێم بڵێ چۆنی؟

١. کرێت: ناشیرین.

کەودەن: (روو دەکاتە کێنت)

کابراکە، بۆ تۆ گەلێک باشترە،
گەر کڵاوەکەی
من، بۆ خۆت بەری.

کێنت:

کەودەن لەبەر چی؟

کەودەن:

گوتت لەبەر چی؟
هەر لەبەرئەوەی کە لایەنگری
یەکێکی لە باو
دەرچووی داماوی.[1]
ئەگەر نەتوانی لەگەڵ زریاندا
بچەمێیتەوە،
لەم زووانەدا، سەرما دەتگرێ. (کڵاوەکەی خۆی دەداتێ)
ها، کڵاوەکەم!     ئاخۆ دەزانی
ئەم پیاوە، دووانی ١,٤,١٠
لە کچەکانی خۆی دەربەدەر کرد.[2]
وە پیرۆزبایی لە سێیەمیان کرد،
دژی ئارەزوو و داخوازی دڵی.[3]

---

١. ئەو کڵاوە ئاماژەی کەودەنییە (بێ مێشکییە). دانا بوویتایە لەسەر پیاوێکی لە باو دەرچووت نەدەکردەوە.

٢. دوای ئەوەی کە سامانەکانی خۆی دا بە کچەکانی، ئیتر کچەکانی ئیشیان پێی نەما و لییەر بوو بە بار بەسەریانەوە. لەبەر ئەوە خۆیانی لێ دوور دەخەنەوە.

٣. لییەر، بەوەی کە سامانەکانی دا بە دوو کچەکەی، ئەو دوو کچەی لە کیس چوو؛ ئیتر گوێیان نەدەدایە؛ هەر وەکو باوکیان دەری کردبن. کچی سێیەمی، چونکە لە سامان بێبەش کرا، شوویەکی باشی کرد؛ وەکو باوکی لێی موبارەک کردبێت، هەرچەندە باوکی دژی ئەو شووە بوو.

ئەگەر دوای کەوی
پێویستیت بەئەم
کڵاوەم دەبێت بیکەیتە سەرت. (روو دەکاتە لییەر)
ها، خاڵۆ، خۆزگە
من دوو کڵاو و دوو کچم دەبوو.

لییەر:
بۆچی، کوڕی خۆم؟

کەودەن:
تاکو گەر هاتوو
من هەموو موڵک و سامانەکانم
بۆ بەخش دەکردن،
کڵاوەکانم، هەڵدەگرم بۆ خۆم. (کڵاوەکەی خۆی دەداتێ)
هانێ، ئەوەی خۆم،
ئەوەکەی تریان،
لە کچەکانی خۆتی سواڵ بکە.

لییەر:
ئاگەداربە، ها، دارکاری هەیە!

کەودەن:
راستگۆیی، سەگە،
بۆ کونجەکەی خۆی پێویستە بچێ.
ئەگینا بە دار، بۆی راودەنرێ.[1]
بەڵام دەڵەسەگ، رێگەی دەدرێ،
لەلای ئاگردان
بمێنێتەوە و بۆگەنی دەرچێ.[2]

١. بۆی؛ بۆ کونجەکەی.
٢. راستگۆیی سەگە؛ دوای ئەوەی سەگ، بە دڵسۆزی پاسەوانیی خۆی دەکات و لێ=

لییەر:

زیانبەخشێکی
تاڵە؛ دڵم پێی، ئازار دەچێژێ.[١]

کەودەن:

کوڕە با فێری شتێکت بکەم.

لییەر:

دە دەی، گوێم لێتە.

کەودەن:

خاڵۆ، گوێ بگرە؛ (بە گۆرانییەوە دەڵێت)
گشت سامانێکی خۆت پیشان مەدە،
کەمتر ببێژە لەوەی دەیزانی.
قەرز، کەمتر بدە لەوەی کە هەتە.
هەمیشە زۆرتر
بڕۆ بە سواری،     کەمتر بە پیادە.
بڕوا بە هەموو وتەیەک مەکە.
ئەگەر زار هەڵدەی،[٢]
کابرا، بەتەمای ژمارەی کەم بە.
بادە و سۆزانی
خۆت، تەرک بکە و لە ماڵی خۆتدا،
دانیشە دەرگەی خۆت قەپات بکە.
لە ئامۆژگاریی

---

= دەبێتەوە، راودەنرێت بۆ کونجەکەی. وا دیارە کەودەن مەبەستی لە " کۆردێلیا"یە. دەڵەسەگ (bitch)؛ لای ئاگردانی ماڵەکە پاڵ دەکەوێت و خۆی گەرم دەکاتەوە. زۆرجار ئینگلیز بە قەحبە دەڵێن (bitch). دیارە مەبەستی لە دوو کچەکەی تریەتی.

١. زیانبەخشەکە، روون نییە کێیە؛ کەودەنە چونکە ئەم قسانە دەکات، یان یەکێکی ترە.

٢. زار: زاری قومارکردن.

وا، گەر گوێ بگری،
ئەوسا لە پوولێک، بیست پوول وەردەگری. ١,٤,١٢٥
لییەر:
ئەمانە، کەودەن، هیچن، هەر هیچن.
کەودەن:
ئەمەی پێم گوتی،
وەکو وتاری پارێزەرێکی
بێ کرێ وایە؛
هیچت نەدامێ ئەتۆ لە باتی.
خاڵۆ، ئەرێ تۆ، لە هیچ دەتوانی
هیچ سوود وەربگری؟
لییەر:
نا، کوڕم، بۆچی؛
لە هیچ، دەتوانی هەر هیچ وەربگری. ١,٤,١٣٠
کەودەن: (روو دەکاتە کێنت)
کابراکە توخوا،
دە تۆ لە باتیی من تێی گەیەنە؛
کە کرێ و سوودی زەوییەکانی،
ئەوەندە دەکەن.[١]
چونکە ئەو بڕوا بە کەودەن ناکا.
لییەر:
ئاخ، کەودەنی تاڵ.
کەودەن:
ڕۆڵە، دەزانی، چییە جیاوازی،

١. شـا، زەویی نەمـاوە؛ لە هـیچ هـەر هـیچ دروست دەکـرێت. کـەوابـێت کـرێی زەوییـەکـانی دەکاتە هیچ.

لەنێو کەودەنی تاڵ و شیریندا؟

لییەر:

نا، نا، لاوەکە، تۆ فێرم بکە.

کەودەن: (بە گۆرانییەوە)

ئەو خانەدانەی کە ئامۆژگاریی
کردی کە بچی
لە هەموو خاک و سامانەکانی
خۆت دەست هەڵبگری،
با بێت بوەستێت لەلای منەوە.[1]
تۆ خۆت لە باتیی ئەو رابوەستە.
کەودەنی تاڵ و
شیرین ئێستاکە، لەلای یەکەوە،
لێرە وەستاون؛
یەکیان، بە جلی ڕەنگاوڕەنگەوە،
لێرە وەستاوە.[2]
ئەوەکەی تریان، لەولا وەستاوە.

لییەر:

بە کەودەن، کوڕە، ناوم لێ دەنێی؟

کەودەن:

هیچ نازناوێکی ترت نەماوە؛
داتن بە خەڵکی.
هەر ئەمەت ماوە،
ئەمەی لەگەڵتا هاتە دنیاوە.

کێنت: (روو دەکاتە لییەر)

---

١. کەس ئامۆژگاریی شای نەکردبوو. ئەوە بڕیاری شا خۆی بوو.

٢. ڕەنگاوڕەنگەکە؛ کەودەن خۆیەتی. ئەوەکەی تریان شا خۆیەتی.

گەورەم، ئەم پیاوە، هیچ کەودەن نییە.[١]

کەودەن:

نا، بە ئیمانم؛
نا، خانەدانە بەڕێزەکانم،
نایەڵن دەستی بەسەرا بگرم؛[٢]
دەبێ بەشێکیان لە ناودا هەبێت.
خاتوونەکانیش؛ نایەڵن هەموو
گەمژەکە بۆ خۆم بە تەنیا بەرم؛
لێم دەفرێنن.[٣]
گەر هێلکەیەکم،
خاڵۆ، بدەیتێ
یەکسەر دوو تاجت ئەمن دەدەمێ.[٤]

لییەر:

دوو تاجی چۆن چۆن؟

کەودەن:

کەی من هێلکەکەم، لە ناوەڕاستدا،
شکاند و ناوکە خۆشەکەیم خوارد،
ئەو دوو تاجانەی توێکڵی هێلکەکە.[٥]

---

١. کێنت، وتەکانی کەودەن بە راست دەبینێ. لەبەر ئەوە دەڵێت؛ ئەم پیاوە کەودەن نییە.

٢. نایەڵن دەستی بەسەرا بگرم؛ نایەڵن ئیحتیکاری بکەم. ئیحتیکاری کەودەنی بکەم.

٣. گەمژە؛ کەودەن، کەر، بێ عەقڵ. بە ئینگلیزی واتە (فووڵ، Fool) بەڵام وشەی فووڵ بە ئینگلیزی مانایەکی تریشی هەیە: جۆرە شیرینییەکە لە میوە دروست دەکرێت.

٤. وشەی (کراون، Crown) بە ئینگلیزی زۆر مانای هەیە؛ کڵاو، تاج، تەپڵی سەر. لێرەدا، هەر جارێ بە مانایەک بەکار هێنراوە.

٥. تاج ، بەبێ دەسەڵات هیچ نرخێکی نییە. وەکو هێلکە؛ ئەگەر ناوکەکەی لەگەڵا نەبێت هیچ نرخێکی نییە. کە لە سەرەوە لییەر، دەپرسێت؛ دوو تاجی چۆن چۆن؟ بەم دێرە وەرامی دەداتەوە و دەڵێت؛ ئەو دوو تاجانەی کە لە توێکڵی هێلکەکە دروست دەبن دوای ئەوەی ناوەکەی دەخۆم.

کە تاجەکەی خۆت،
تۆ داتلّیشاند، لە ناوەڕاستدا و
هەردووکیت بەخشی؛
ئەتۆ بەو کارەت،
" کەر"ەکەی خۆتت، بە ناو چلّکاودا،
بەسەر ئەو پشتەی خۆتەوە هەڵگرت.[١]
لەژێر ئەو تاجە رووتەی سەرتدا،[٢] ١,٤,١٥٥
کەم هەبوو مەژی، ئەو کاتەی هاتی،
ئەو بڕیارەت دا؛
تاجە زێڕەکەت، بدەیت بە خەڵکی.
گەر من کەودەنم،
ئاواش دەربارەی ئەو کارە دەدوێم،[٣]
ئەو کەسە دەبێ،
یەکەمین کەس بێ، دارکاری کرێ،
ئەوەی کە بیروباوەڕی دڵی،
لەگەڵ باوەڕی مندا دەگونجێ.[٤] (بە گۆرانییە)
قەت کەودەنەکان،

---

١. کەر، بۆ ئەوەیە کە هەڵت بگرێت، نەک تۆ هەڵی بگریت. دەسەلاّتی تاجەکەت بۆ ئەوە بوو کە هەڵت بگرێت. بەلاّم تۆ ئەو دەسەلاّتەت دا بەخەڵک و ئێستا بەهۆی ئەو دەسەلاّتەوە سواری تۆ بوون.

٢. لێرەدا تاج، بە مانای تەپڵی سەر دێت.

٣. ئەگەر من کەودەنم و وەکو کەودەنێک، دەربارەی ئەم کارەی کە تۆ کردووتە دەدوێم.

٤. لە سەرەوە لییەر، هەڕەشەی لە کەودەن دەکرد و دەیگوت؛ ها، دارکاری هەیە. لێرەدا کەودەن دەڵێت من کەودەنم، بێ مێشکم، حەقە دارکاری بکرێم ئەگەر راست نەبم. بەلاّم ئەو کەسەی، لە دڵی خۆیدا، ئێستا بیروباوەڕی لەگەڵ هی مندا دەگونجێت، دەبێت ئەو لە پێش هەموو کەسێکدا دارکاری بکرێت. لێرەدا بێگومان، مەبەستی لە "لییەر"ە.

له ماوەی تەنیا تاکە یەک ساڵدا،
ئەوەندە نرخیان، زۆر نەشکاوە.
چونکە داناکان، بوون بە کەودەن و
نازانن مێشک، بەکار بهێنن؛
بە ڕەوشت گەلێک لە مەیموون دەچن.

لییەر:

کوڕەکە ئەرێ، لە کەیەکەوە،
تۆ خووت داوەتە
بەستە و گۆرانی؟

کەودەن:

خاڵۆ، لەوساوەی، تۆ هەر کچێکی
خۆت کرد بە دایکێ
بۆ خۆت و یەکی
شوڵکێکت دانێ و
شرواڵەکەی خۆت داگرتە خوارێ.
(دەست دەکاتەوە بە گۆرانی)
ئینجا کە ئەوان،
بە هۆی شادمانیی "ناکاو"یانەوە،
لە کەیفا گریان.[1]
منیش لە داخا؛
کە سەیرم کرد شا،
چاوشارکێ دەکا و کەوتووەتە یاری
لەنێو ریژگاوان، ئیتر گۆرانیم
کرد بە پیشەکەم.
خاڵۆ، من گەلێک تکات لێ دەکەم؛

١. زۆرجار مرۆڤ، کە بە شادییەکی زۆر دەورووژێت، دەگری.

تۆ مامۆستایەک بگرە بەکرێ،
بەڵکو بتوانێ
کەودەنەکەتان،
فێری دەلەسە و درۆکرن کا.
ئای کە پێم خۆشە
فێری دەلەسە و درۆکردن بم.

لییەر:

گەر درۆ بکەی، کوڕە دارکاری،
ئەوسا دەکرێی.

کەودەن:

سەرم سووڕماوە لە خزمایەتیی
تۆ و کچەکانت. ئەوان، که راستی
دەڵێم، دەسبەجێ دارکاریم دەکەن.
تۆ، ئەگەر هاتو من درۆ بکەم.
جاری واش بووە
دارکاریی باشم ئەمن خواردووە،
هەر لەبەرئەوەی؛
چونکە زمانی خۆم راگرتووە.
ئای کە حەز دەکەم
هەرچییەک ببم، هەر کەودەن نەبم.
لەگەڵ ئەوەشدا،
خاڵۆ، نامەوێت لە جێی تۆدا بم.
خاڵۆ، مێشکی خۆتت کردووە
بە دوو کەرتەوە،
هیچت لەناوی نەهێشتووەتەوە.
ئەوا کەرتێکی

بەرەو ئێرە دێت. (گۆنێریڵ دەردەکەوێت)

لییەر:

ها، کچم، چۆنی

بۆ ناوچەوانی خۆت بەستووەتەوە؟

دەبینم ئەتۆ، لەم دواییەدا،

زۆربەی کاتەکە، رووت گرژە و مۆنی.[١]

کەودەن:

ئەوسا کەسێکی پەسندکراو بووی،

ئەوسای پێویستیت

نەبوو گوێ بدەی بە دیمەی گرژی.

بەڵام تۆ ئێستا

سفرێکی رووتی بەبێ ژمارە.

خۆ ئێستاکە من، لە تۆ باشترم؛

من کەودەنێکم، بەڵام تۆ هیچ نیت. (روو دەکاتە گۆنێریڵ)

باشە، زمانی خۆم ئەوا دەگرم.[٢]

رووت، وای پێ گوتم،

هەرچەند بە زمانی خۆت پێت نەگوتم.

خاتوونە، خانم! ( گۆرانی دەڵێت)

ئەوەی کە لە توێ و[٣]

ناوکی کولێرەی خۆی، بێزار دەبێ و

هەمووی دەبەخشێ، برسی دەمێنێ. (ئاماژەی لییەر دەکات)

ئەوە، بەزالیای بێ تۆو و دەنکە. [٤]

١. گۆنێریڵ، بەقەستی خۆی نەخۆش کردووە (سەیری دێری ١,٣,٠٩ بکە)

٢. دیارە گۆنێریڵ، بە چاو، هەڕەشەی لێ دەکات.

٣. توێی کولێرە؛ توێ برژاوە خۆشەکەی دەرەوەی کولێرە.

٤. ئەو بەزالیا وشکەی کە تۆوی لە ناودا هەیە، کە رای دەوەشێنی، دەنگی لێوە دێت. بەزالیای بێ تۆو بێ دەنکە بەکەڵکی هیچ نایەت؛ کەس نایەوێت.

گۆنێریڵ:
سەروەرم، تەنیا
خۆ ئەم " کەودەن"ەت نییە کە ئاوا،
ڕێی دراوەتێ گشت شتێک بکا؛
بەڵام ئەم هەموو
دەستوپێوەندە بێشەرمەی هەتە؛
کە گشت سەعاتێ ناکۆکییەکی
قیژن و دڕی پیس دەنێنەوە؛[١]
دژی یەکتری زمانی شڕی
بازاڕیی ئاوا بەکار دەهێنن،
قبووڵ ناکرێن.
سەروەرم من لەو باوەڕەدا بووم؛
ئەگەر ئەمەت بۆ ڕوونبکەمەوە،
چارەیەکی بۆ دەدۆزییەوە.
بەڵام، ئێستاکە من سام دەمگرێت
بەوانەی کە خۆت، لەم دواییەدا،
دەیڵێیت و دەیکەیت.
وەکو بتەوێ بەرگریی جۆری
هەڵوێستیان بکەیت؛ ڕێیان بدەیتێ.
گەر ئەمە ڕاست بێ؛
ئەم هەڵەیەی تۆ، لە سەرزەنشتی
ڕزگاری نابێ.
نە تیمارکاری،
بەبێدەنگ چاوی دادەخا و دەنوێ؛
زۆر لەوانەیە بێت لە پێناوی[٢]

١. قیژن: پڕقیژ، پڕ لە قیژەقیژ.
٢. بێت: تیمارکاری بێت.

سازگاری حوکمی ولآتەکەمان،
کردەیەک بکات تۆ وا پەست بکات،
شەرمەزار ببین، ئەگەر نەزانین،
ئەوە، دڵسۆزی پێویستی دەکات[١]

کەودەن:

خاڵۆ، بیستووتە، تۆ خۆت دەزانی؛ (گۆرانی دەڵێت)
چۆلەکە پەپووی بۆ ماوەیەکی
ئەوەندە دوور و درێژ بەخێو دەکرد
تا جووجەڵەکە، دەنووکی گیر کرد
لە ملی و قرتانی.
ئیتر بەمجۆرە، مۆم کوژایەوە و
لە تاریکیدا، هەمووماینەوە.[٢]

لییەر:

ئەرێ تۆ کچی ئێمەی بە راستی؟

گۆنێریڵ:

گەورەم، بەسێتی؛ خۆزگە داناییی
نایابی خۆتت، بەکار دەهێنا.
ئەوەی دەزانم
کە گەردوون، بەگم،
زۆری پێ داوی و وازت دەهێنا
لەو رەوشتەی کە، لەم دواییەدا،[٣]

---

١. ئەوە؛ ئەو تیمارکارییە. چونکە دڵسۆزیی ئێمە بۆ ولآتەکەمان ئەو تیمارکارییە پێویست دەکات، لەبەر ئەوە شەرمەزار نابین.

٢. دیارە کەودەن، چاوەڕوانی داهاتوویەکی پەست و تاریک دەکات.

٣. خۆزگە داناییی خۆتت بەکار دەهێنا و وازت دەهێنا لەو رەوشتەی کە تۆی ئەوەندە گۆڕیوە.

تۆی وا گۆڕیوە و هیچ لە جارانی
راستی خۆت ناچی.

کەودەن:

بۆ ئەوە، " کەر"یش هەستی پێ ناکات؛
کە گالیسکەکە،
ئێستا ئەسپەکەی خۆی رادەکێشێت؟[١] (گۆنێریل چاوی لێ مۆر دەکاتەوە)
ووپ،
جەگ، تۆم خۆشدەوێ.[٢]

لییەر:

لێرەدا، ئاخۆ، کەس من دەناسێ؟
ها،
ئەمە، لییەر نییە.
بەمجۆرە لییەر، دەڕوات و دەدوێ؟
کوان چاوەکانی؟
بیرکردنەوەی، لاواز بووەتەوە
یان هەستەکانی، بووراونەتەوە–
ها، بە خەبەرم، یان خەو دەبینم؟
بێگومان نابێ ئەمە ئاوا بێ.
ئەو کەسە کوانێ، ئەوەی دەتوانێ
پێم بڵێت؛ من کێم؟

کەودەن:

سێبەری " لییەر"یت.

---

١. گالیسکە: عەرەبانە. هەمیشە ئەسپ گالیسکە رادەکێشێت. بەڵام ئێستا وای لێ هاتووە گالیسکە ئەسپەکە خۆی رادەکێشێت.

٢. وەکو بڵێت: ووپ، لە بیرم چوو کە تۆ قسەکانم پەسند ناکەیت. ئیتر قسەکە دەگۆڕێ و دەیکات بە گۆرانی و دەڵێت؛ جەگ (جۆن)، من بەڕاستی تۆم زۆر خۆش دەوێت.

لییەر:

ئاخر دەمەوێت ئەوە، بزانم.
چونکە من بەپێی
بیرکردنەوە و مێشک و داناییم،
دەبێ گەندە بم،[١]
وام لێ کرابێ کە وابزانم
کە کچم هەیە و باوکی کچانم.

کەودەن:

ئەوانە، ئەوا[٢]
باوکێکی ژیرت لێ دروست کەن.

لییەر:

ئەی کچە جوانە خانەدانەکە،
تۆ ناوت چییە؟

گۆنێریڵ:

ئەم سەرسامییەی دەینوێنیت، بەگم،
بە بۆن و تامی، پەنگێکی ترە
ئا لەو پەنگانەی،
لەم دواییەدا، تۆ پێمان دەدەی.
تکات لێ دەکەم، مەبەستەکانی
من باش تێ بگەی؛
ئەوەندەی پیری و ڕێزت دەگیرێ،
ئەوەندەش دەبێ، ژیر و دانا بی.
ئاوا لێرەدا، تۆ سەد شاسواری
چەکدار رادەگری،
هەمووشیان نارێک، لاسار، سەرسەری؛

١. گەندە: قەڵب، ساختە.
٢. ئەوانەی: ئەو کچانەی.

کۆشکەکەی ئێمە، هەر لە خانێکی
پڕ لە ئاشووب و ئاژاوە دەچێ.
(ئەپیکوورزم) و ئاڵۆش، پێکەوە،[١]
کۆشکەکەمانیان وا لێ کردووە
لە قەحبەخانە و مەیخانە بچێ.
نە جێگەیەکی ڕێز بەرز و سەنگین.
شەرمەزاریی خۆی، لێمان دەخوازێ،
کە زوو دەستبەجێ، چارەسەرکەرێ.
بە ئارەزووی تۆ، گەر بۆی نەکرێ،
ئەوەی ئێستا لێت، دەپاڕێتەوە.[٢]
بە دەستەکانی خۆی دەیانرنێ؛[٣]
هەندێک ژمارەی شاسوارەکانت،
کەم دەکاتەوە و
ئەوانەی بۆتی دەهێڵێتەوە،
جۆرێ بن دەبێ
ڕەوشتیان لەگەڵ
تەمەن و پایەی بەرزتان بگونجێ؛
خۆیان بناسن، بشزانن تۆ کێی.
لییەر:
تاریکی و شەیتان![٤]

---

١. ئەپیکوورزم یاخۆ ئەپیکووریانزم؛ فەلسەفەیێکی کۆنە. فەیلەسووفی گریکی بەناوبانگ (ئەپیکوورەس Epicurus 341-271BC). دایهێناوە. ئەم فەلسەفەیە دەڵێت؛ کەیف و گەڕان و ڕابواردنی خۆش، لە هەموو شتێک گرینگترە لە ژیاندا.
٢. ئەوەی ئێستا لێت دەپاڕێتەوە؛ گۆنێریل، مەبەستی لە خۆیەتی.
٣. دەیانرنێ؛ وەکو چۆن میوە لە درەخت دەڕنرێت.
٤. تاریکی و شەیتان، بانگ دەکات کە بێن و ماڵی گۆنێریل، کاول بکەن؛ ڕەبی تاریکی دابێت بەسەرتاندا و شەیتان لە دۆزەخدا میواندارتان بێت.

دەی ئەسپەکانم با زین بکرێن!
پیاوەکانیشم، کۆ بکەنەوە.
ئیتر زەحمەتتان من پێ ناکێشم.
بێناموسی زۆڵ، کچێکی ترم
خۆ هێشتا هەیە.

گۆنێریڵ:
ئاخر، لە دەست و پێوەندەکانم،
دەدەیت، سەرورەرم.
پیاوەکانیشت، نارەسەنانە،
دێن کارەکەری
بە کەسی هێژای گەلێک بەڕێزتر
لە خۆیان، دەکەن.[١]

لییەر:
وەی بۆ ئەو کەسەی
درەنگ هەست دەکات بە پەشیمانی! (ئەلبەنی دەردەکەوێت)
ها گەورەم، هاتی؟
ئەمە، هەوەسی تۆیە، سەرورەرم؟
با ئەسپەکانم، ئامادە کرێن. (شاسوارێک دەردەچێت)
چەند نمەک کوێری، شەیتانی دڵ بەرد!
تۆ کرێتتری لە دێوی دەریا،[٢]
کە خۆت لێرەدا، بە مناڵ دەدوێنی.[٣]

ئەلبەنی:
بەگم، من گەلێک تکات لێ دەکەم

١. کارەکەری بە کەسانێک دەکەن لە خۆیان بەڕێزترن.
٢. کرێت: ناشرین، ئێسک گران.
٣. مناڵ: بێ تاوان. (ئەلبەنی، بە راستی بێ تاوانە و پێی ناخۆشە کە لییەر بەو جۆرە مامەڵە دەکرێت)

ئارامت هەبێ.

لییەر: (روو دەکاتە گۆنێریل)

هەی داڵی ریسوا، تۆ درۆزنی؛[١]
پیاوەکانی من،
خاوەن رەوشتی رەوای دەگمەنن؛
تایبەتی ئەرکی خۆیان دەزانن.
زۆر ئاگەدارن،
ناوی ئەو کارەی کە ئەوان دەیکەن
قەت بە هیچ جۆرێ لەکەدار نەکەن.
ئای پچووکترین هەڵەی سەرزەمین،
چەند کرێت دیار بوویت، بە " کۆردێلیا"وە،[٢]
وەک مەکینەیەک،
هاتیت پەیکەری سروشتی منت،
لە بنچی توندی خۆیدا هەڵتەکان؛
گشت خۆشەویستی دڵمت مژی و
تالاوی جەرگی منت تاڵتر کرد.
ئاخ، لییەر، لییەر (چەپۆک بە سەری خۆیدا دەکێشێت)
بەم دەرگەیەدا بکێشە و بدە،
ئەمەی کە رێگەی دا بە ریژگاوی،
بچێتە ناوی و هێشتی دانایی،
لێوەی دەربچێ. (روو دەکاتە پیاوەکانی خۆی)
دەی پیاوەکانم، برۆنە دەرێ.
(کێنت و شاسوارەکان و یاوەرەکانی هەموو دەردەچن)

---

١. داڵ، بە باڵندەی نێچیرەوان و چاوبرسی و دڵرەق، دەڵێن.

٢. هەڵەکەی کۆردێلیا هەر ئەوەبوو کە مەراییی باوکی خۆی نەکرد. ئەوە هەڵەیەکی زۆر پچووکە. لەگەڵ ئەوەشدا بە "کۆردێلیا"وە زۆر ناشیرین دیاربوو.

ئەلبەنی:

بەگ، بێ تاوانم،
من، هەر ناشزانم، بۆ ورووژاوی.

لییەر:

ئا، لەوانەیە
وابێت سەروەرم.[1]
گوێ بگرە، سروشت، گوێ لە من بگرە!
ئەی خوای ئازیز، تۆ گوێم لێ بگرە!
گەر بەتەما بوویت ئەم بوونەوەرە[2]
خاوەن نەوە بکەیت،
بڕیارەکەی خۆت، خوایە بگۆڕە!
بۆ منالّدانی، زڕی بنێرە
گشت ئەندامێکی
زاوزێکردنی وشک بکەرەوە و
هەرگیز نەیەڵی
لەو لەش و گیانە ناپیرۆزەوە
ساوایەک بێتە ئەم دنیایەوە.
گەر هەر دەبێت بێ؛
خوایە یەکێکی زۆر هاروهاج بێ.
تا بەدەستییەوە،
هەموو ژیانی، ئازار بچێژێ؛
چرچی و ژاکاوی،
لەسەر تەوێڵی لاوی بکێڵێ،[3]

١. ئا، لەوانەیە تۆ تاوانبار نەبیت. لییەر دەزانێت کە ئەلبەنی پیاوێکی خراپ نییە.
٢. بوونەوەر؛ گیان لەبەر. مەبەستی لە کچەکەیەتی.
٣. چرچی و ژاکاوی؛ چرچ و لۆچی. تەوێڵ؛ ناوچەوان.

روومەتەکانی،
فرمێسک دێراویان تیا هەڵبکەنێ.
ژانی دایکێتی، دەک خوایە بەشی[١]
ریسواکردن بێ.
شادمانی گشتی گریان و شین بێت[٢]
تاکو بزانێ چەند گرانترە
لە پێوەدانی ماری ژەهراوی،
گەر پیاو منالّی، سپڵە دەربچێ.[٣]
دە دەی با برۆین. (لییەر و کەودەن دەڕۆن)

ئەلبەنی:
ئای،
ئەو خوایانەی دەتانپەرستین،
لەبەرچی ئێستا، وا توورە بووە؟

گۆنێریڵ:
خۆت ماندوو مەکە تۆ بە زانینی.
با ئەو رەوشتی،
بنوێنێت بەپێی ویست و داخوازی
خەڵەفاوییەکەی. (لییەر دێتەوە و کەودەن بە دوایەوە)

لییەر:
چۆن،
پەنجا بە جارێک، لە پیاوەکانم.
هەمووشی تەنیا لە دوو حەفتەدا؟[٤]

١. ژانی دایکێتی؛ ئەو ژانەی کە ژن، دەیچێژێت لەو کاتەی کە منالّی دەبێت.
٢. شادمانی؛ شادمانیی منالّبوون.
٣. سپڵە؛ نمەک کوێر.
٤. لەو دوو حەفتەیەیدا، گۆنێریڵ بەتەما بووە پەنجا کەس لە پیاوەکانی باوکی دەربکات.

ئەلبەنی:

بەگ، چی قەوماوە؟

لییەر:

ئێستا پێت دەڵێم. (روو دەکاتە گۆنێریڵ)
ئاخ،
ژیان و مردن، شەرم دەمگرێ،
کە دەسەڵاتت هەیە و دەتوانی
ئاوا پیاوەتیم هەڵبتەکێنی.
وە ئەم فرمێسکە گەرمانەی دژی
ئارەزوو و ویستی خۆم هەڵدەقووڵێن،
نرخت دەدەنێ کە بیانهێنی.[١]
ڕەبی برینی دەردی تیراوێ[٢]
ئەوەی لەعنەتی باوک دەیانهێنێ،
گشت هەستەکانت دابوەشێنێ.
ئەی چاوە پیرە ڕیژگاوەکانم،
ها، ئەوە شەرت بێ؛
گەر جارێکی تر بگرین بۆ حاڵم،
هەڵتان بکۆڵم،
لەگەڵ ئەو ئاوەی لێتان دەردەچێ،
فرێتان بدەم بۆ ناو خۆڵ و گڵ.
ئای، گەیشتینە چی و چ ڕۆژێکمان دی؟
دە دەی، با وا بێ.
خۆ من کچێکی تریشم هەیە.
گومانم نییە، کە ئەو کەسێکی

١. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ تۆ، ئەو فرمێسکانەی من ناهێنیت.

٢. تیراوێ؛ گەنگرین، جۆرە نەخۆشییەکە خوێن ناگاتە هەندێک جێگەی لەش و دەبێت بەهۆی مردنی ئەو جێگەیەی لەش. زۆرجاریش دەبێت بەهۆی مردنی مرۆڤەکە.

دڵ نەرمە و زاری ئاسوودەبەخشە.
ئەگەر ببیستێت دەربارەی ئەمە،
هەر بە نینۆکی دەستەکانی خۆی،
دێت کەوڵی دیمەی گورگانیت دەکا.[١]
ئێستا، دەبینی!
من دیسانەوە دەگەڕێمەوە
بۆ ئەو شێوەیەی تۆ وات دەزانی
بە هەمیشەیی لە کیسم چووە.[٢]
من، ئەوە بۆ تۆ مسۆگەر دەکەم. (لییەر، دەڕوات)
گۆنێریڵ: (روو دەکاتە مێردەکەی)
گەورەم، دەبینی؟
ئەلبەنی:
هەرچەندە گەلێ من تۆم خۆش دەوێ،
بەڵام ناتوانم، من لایەنگری
تۆ بم لەمەدا.
گۆنێریڵ:
تکات لێ دەکەم، ئیتر بەسێتی.
ئەرێ کوا ئۆسواڵد؟ (ئەمجا روو دەکاتە کەودەن)
بەڕێز، تۆ زۆرتر ناکەسی و بەدی
لەوەی کەودەن بی.
دەی تۆش برۆ دوای
بەگت بکەوە.
کەودەن:
هێی، خاڵۆ لییەر، هێی خاڵۆ لییەر،
چاوەڕوان بکە!

١. دیمەی گورگانی؛ ئەو دیمەیەی (ئەو رووەی) کە لە هی گورگ دەچێت.
٢. ئەو هێز و دەسەڵاتەی جارانم، من دیسانەوە دەگەڕێنمەوە بۆ خۆم.

کەودەنەکەی خۆت، لەگەڵ خۆت بەرە. (ئەمجا بە گۆرانییەوە دەڵێت)
ئەو ڕێوییەی کە
کەسێک دەیگرێ،
لەگەڵ کچی وا، بێگومان دەبێ
ڕەوانە کرێن بۆ جێی سەربڕین.
گەر کڵاوەکەم گوریسێک بێنێ،
پێویستە کەودەن دوایان بکەوێ.[١] (دوای لییەر دەکەوێت)

گۆنێریڵ:
دیارە ئەم پیاوە،
ئامۆژگاریی باش، زۆر باش کراوە؛
سەد سواری هەبێ.
ئەمە بیرێکی
زیرەکە و گەلێ سەلامەتیشە،
گەر ڕێی بدرێ.[٢]
سەد سواری چەکدار بۆ خۆی رابگرێ!
ئێ،
جا هەرچەند خەوێ
ببینێ، یاخۆ شتێ ببیستێ،
یان تەنیا شتێ بەدڵی نەبێ؛
ئەوسا دەتوانێ، بە زەبری ئەوان،
خەڵەفاوییەکەی خۆی بپارێزێ.
ژیانی ئێمەش،
ڕەهنی بەزەیی و دڵنەرمیی ئەو بێ.

---

١. ئەگەر کڵاوەکەم گوریسێکی بکردایە، ئەوسا دەمفرۆشت و بە پارەکەی گوریسێکم دەکڕی و دوایان دەکەوتم بۆ ئەوەی ملی ڕێوییەکە و ئەم کچەی پێ ببەستمەوە و بیانبەم بۆ سەربڕین.
٢. ئەمە بە گاڵتە پێکردنەوە (بە سوخرییەتەوە) دەڵێت.

دەڵێم؛ کوا ئوسواڵد، لە کوێیە، کوانێ؟

ئەلبەنی:

تۆ، لەوانەیە، زیاد لە پێویستی
ترست لێی هەبێ.

گۆنێریڵ:

سەلامەتترە،
لەوەی بڕوامان گەلێک پێی هەبێ.
گەر من هەمیشە
ئەو زیانبەخشەی دەمانترسێنێ
دوور بخەمەوە،
باشترە لەوەی کە من هەمیشە،
هیچ نەکەم و ئەو بمانترسێنێ.
دڵی دەناسم، ئەوانەی گوتی؛
بۆ خوشکەکەمم، هەموویم نووسی.
گەر میوانداریی
باوکم و هەموو، سەد سوارەکانی
بکات دوای ئەوەی
بۆم روون کردەوە؛ کە وا ناگونجێ– (ئۆسواڵد دەردەکەوێت)

ئۆسواڵد:

خاتوون، ئەوەتام.

گۆنێریڵ:

ها، ئۆسواڵد، هاتی؟
ئەرێ، نامەکەت بۆ خوشکم نووسی؟

ئۆسواڵد:

بەڵێ، خاتوونم.

گۆنێریڵ:

دەی زوو چەند کەسێ

لەگەڵ خۆت بەرە و بۆ ئەسپەکانتان.
بۆی روون کەرەوە؛
من، بەتایبەتی لە چی دەترسم،
خۆشت هەر چیی تر بەباش دەزانی،
کە هۆ و هەڵوێستمان بەتینتر بکات،
بیخەرە سەری.
دەی برۆن و زوو
بگەڕێنەوە. (ئۆسواڵد دەڕوات. گۆنێریڵ، روو دەکاتە ئەلبەنی)
نا، نا سەروەرم،
هەرچەند من دژی
بۆچوونی نەرمونیانیی تۆ نیم،
بەڵام ببوورە لێم با پێت بڵێم؛
تۆ، لە دواییدا، زۆر سەرزەنشتی
زیاتر دەکرێیت بۆ کەم داناییت،
لەوەی قەت رۆژێک ستایش کرێیت
بۆ ئەو نەرمییەی زیان دەبەخشێت.
ئەلبەنی:
ناتوانم بڵێم، تا چ رادەیەک،
چاوەکانی تۆ، قووڵ شت دەبینن،
بەڵام دەزانم، زۆرجار هەوڵ دەدەین
ئەوەی کە باشە، باشتری بکەین؛
سەقەتی دەکەین.
گۆنێریڵ:
ئینجا، کەوابێ–
ئەلبەنی:
دەی، با ببینین، چۆن کۆتاییی دێ.

## دیمەنی ١,٥

لییەر و کێنت

(کێنت، خۆی گۆڕیوە بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە) و کەودەن دەردەکەون.

لییەر: (روو دەکاتە کێنت)

لە پێش ئێمەوە، بەم نامانەوە،
تۆ ئێستا برۆ، بۆ لای گلۆستەر.
بە کچەکەی من، هیچ شتێک مەڵێ
لەوەی دەیزانی.
جگە لەوانەی، لە نامەکەدا،
باسی کراوە و خۆی لێت دەپرسێ.
گەر خێرا نەکەیت،
خۆم لە پێش تۆدا دەگەمە ئەوەی.

کێنت:

سەروەرم، نانووم،
تا نامەکەتی پێ نەگەیێنم. (دەڕوات)

کەودەن:

ئەگەر مەژیی، لە پاژنەیدا بێ
ئاخۆ مەترسیی" کایب"ی هیچ دەبێ[١]

---

١. مەژی: مێشک. کایب (kibe)؛ هەندێ کەس، لە سەرمادا پەنجەی پێی دەئاوسێت و دەیەشێت و دەخورێت. بەو ئاوساوییە دەڵێن "کایبی سەرما". کەودەن، وەکو بە لییەر بڵێت من دەزانم کە مێشک لە سەرتا نییە. وام دەزانی لە پاژنەکانتایە. بەڵام وادیارە، لەوێشدا نییە. لەبەر ئەوە مەترسە، مێشکت پێویستی بە پێڵاوی گەرم نابێت.

لییەر:

ئا، کوڕم، دەیبێ.

کەودەن:

کەوابێت گەلێ تکات لێ دەکەم،
با دڵت خۆش بێ؛
مەژیت قەت ڕۆژێ
پێویستی نابێ بە کەوش یان پێڵاو.

لییەر:

ها، ها، ها.

کەودەن:

ئێستا کچەکەی
ترت، دەبینی؛
هەندەی ئەمەیان دڵنەرم و باش بوو،
ئەویش لەگەڵتا هەندە باش دەبێ.
چونکە ئەوەیان هەندە لەم دەچێ
هەندەی کە کراب
لە سێوی کێوی تاڵ و ترش دەچێ.[1]
ئەوەی دەیزانم، ئەوەت پێ دەڵێم.

لییەر:

ڕۆڵەکەم بۆچی، تۆ چی دەزانی؟

کەودەن:

ئەوەشیان تامی لەمەیان دەچێ.
وەکو چۆن تامی
کراب هەمیشە لە کراب دەچێ.
دەزانی بۆ لووت

---

١. کراب؛ جۆرە سێوێکی کێوییە، لە سێوی ئاسایی دەچێت، بەڵام ترش و تاڵ و ناخۆشە.

له ناوەڕاستی ڕوو دانراوە؟
لییەر:
نا، من نازانم.
کەودەن:
بۆ ئەوەی لەملا و
لەولای، چاو هەبێ؛
گەر پیاو نەتوانێ شتێ بۆن بکات،
بە چاو بیبینێ.
لییەر:
ئاخ، غەدرم لێ کرد.[1]
کەودەن:
دەتوانی بە من
بڵێیت؛ چۆن مەحار
سەدەفی دەوری خۆی دروست دەکا؟
لییەر:
نا، من ناتوانم.
کەودەن:
منیش ناتوانم.
بەڵام دەتوانم پێت بڵێم بۆچی؛
هەموو لووپێچێک خانووی خۆی هەیە.[2]
لییەر:
بۆچی هەیەتی؟
کەودەن:
بۆ؟

١. دیارە مەبەستی لە " کۆردێلیا"ی کچێتی.
٢. لووپێچ؛ هێلکە شەیتانۆکە، زەلەنگەح.

بۆ ئەوەی سەری خۆی تێ بخا.
بۆ ئەوە نا، تا،
بیبەخشێ و بیدا
بە کچەکانی و
شاخەکانی خۆی بێ کێلان بکا.

لییەر:

ئەمن خەریکم سروشتی خۆمم
لە بیر چێتەوە:
باوکێکی هەندە بەڕەحم و چاک بووم![1]
دەی ئەسپەکانم، ئامادە کران؟

کەودەن:

کەرەکانی تۆ، وا خەریکیانن.[2]
حەوتەوانە بۆ حەوت ئەستێرەیە،
هیچ زیاتر نییە،
ئەوە هۆیەکی زۆر باشی هەیە.

لییەر:

چونکە هەشت نییە.

کەودەن:

ئا، بەڵێ، وایە.
ئای،
چ کەودەنێکی باش و نایابت
تۆ لێ دەردەچێ.

---

١. سروشتی باوک ئەوەیە کە منداڵەکانی خۆی خۆش بووێت. بەڵام لییەر ئێستا هەست دەکات کە کچە گەورەکەی خۆی خۆش ناوێت.

٢. کەرەکانی تۆ؛ نۆکەرەکانی تۆ. مەبەستی ئەوەیە؛ ئەگەر کەر نەبوونایە لەگەڵ تۆ نەدەمانەوە.

لییەر:

بەزۆر من گشتی دەسەندمەوە؟[1]
ئاخ، ناکەسبەچە و نمەک کوێرانە!

کەودەن:

ئەگەر ئێستا تۆ کەودەنم دەبووی،
خاڵۆ، دارکاریی باشم دەکردی.
هەر لەبەرئەوەی زوو هێشتت پیری
بەسەرتدا زاڵ بێ.

لییەر:

مەبەستت چییە؟

کەودەن:

تۆ نەدەبووایە، پیر ببوویتایە،
پێش ئەوەی دانا و ژیرتر بوویتایە.

لییەر:

ئاخ، با شێت نەبم.
گەردوون، دەخیلتم، نەیەڵیت شێت بم.
یەزدانی ئازیز،
ئاسوودەم بەرێ هێمن بمێنم.
نابێت شێت ببم. (خانەدانێک دەردەکەوێت)
ها، ئەسپەکانم، ئامادە کران؟

خانەدان:

ئامادەن، بەگم.

لییەر:

دەی کورم، برۆین. (لییەر و خانەدانەکە دەردەچن، کەودەن دەمێنێتەوە)

---

١. سەیری دێری ١,٤,٣٠٠ بکە. لەوێدا هەڕەشە لە گۆنێریل دەکات.

کەودەن:

ئەوەی کە ئێستا کەنیشکە و گاڵتە[1]

بە گەشتکردنی من ئاوا دەکا.

زۆر بە کەنیشکی نامێنێتەوە،[2]

مەگەر شتەکەم کورت کرێتەوە[3] ١,٥,٥٠

١. کەنیشک؛ ئەو ژنەی کە هێشتا پێوەندیی لەگەڵ پیاودا نەبووە (عذراء).

٢. زۆر؛ بۆ ماوەیەکی زۆر.

٣. شتەکەم؛ کێرم.

کەودەن، وا دیارە مەبەستی لە " گۆنێریڵ"ە. کەودەن، کە ئەو قسانە دەکات، بە تەنیا هەر خۆی لەسەر شانۆکەیە. کە ئەو قسانە دەکات سەیری خەڵکەکە دەکات بۆ ئەوەی دوای ئەو هەموو خەفەتە، بیانهێنێتە پێکەنین.

# پەردەی دووەم

## دیمەنی ٢,١

ئێدمەند و کورەن دەردەکەون.

ئێدمەند:

کورەن، دەک یەزدان،
بتانپارێزێت.

کورەن:

سەروەرم، ئێوەش.
لەگەڵ باوکت بووم.
ڕام گەیاند ئەمشەو "دیوک"ی کۆرنوەڵ،
پێکەوە لەگەڵ "ڕێگان"ی ژنی،
بۆ لای جەنابتان دێن بەمیوانی.

ئێدمەند:

ئەوە چۆنە دێن؟

کورەن:

منیش، نازانم.
هیچ هەواڵێکی تازەت بیستووە؟
من هەر مەبەستم لەو هەواڵەیە،
کە جارێ خەڵکی، تەنیا بە چرپە،
بە گوێچکەکانی یەکتری، دەڵێن.

ئێدمەند:

نا، نەمبیستووە،
تکات لێ دەکەم، دەربارەی چییە؟

کورەن:

بیستووتە ئەرێ

کە لەوانەیە جەنگ هەڵبگیرسێ

لەنێو "دیوک"ی ئەلبەنی و کۆرنوەڵ؟

ئێدمەند:

نا،

من شتێکی ئاوام هیچ نەبیستووە.

کورەن:

گەورەم، کەی کاتی

هات، پێی دەزانی. سپەردەی خوا بی. (کورەن دەڕوات)

ئێدمەند: (لەبەر خۆیەوە)

دیوک، ئەم شەو دێ؟

ئەمجا، خۆ باشتر؛

ئەوە شتێکی چاکە و بەباشی

لەگەڵ مەبەستی من ڕێک دەکەوێ.

ئێستا باوکم دێ،

گوێ لە گفتوگۆی براکەم بگرێ.

ئیتر یەک کاری پێویست و هەندێ

ترسناک ماوە من، بیهێنمە دی.

دە دەی خێرایی، دەی بەختەوەری

بێنە فریادی پیلانەکانم!

(ئێدگاری برای لە ژووری سەرەوەیە. ئێدمەند بانگی دەکات)

برام، یەک گوتەم هەیە پێت بڵێم؛

وەرە خوارەوە، با پێتی بڵێم. (ئێدگار دێت)

باوکم، بەشوێنتا،

دەگەڕێ و دەبێ، گەورەم، دەستبەجێ،

رابکەیت، لێرە نەمێنیتەوە.
پێی گوتراوە و دەزانێ لە کوێ
خۆت شاردووەتەوە.[١]
هەر ئێستا برۆ تاکو بتوانی
هوو لە تاریکیی شەو بکەیتەوە.[٢]
دژی "دیوک"ی
کۆرنوەڵ ئاخۆ تۆ، هیچت گوتووە؟
تاکو بەم شەوە، وا بەخێرایی،
رێگانی ژنی لەگەڵ خۆی بێنێ و
روو بکاتە ئێرە.
ئاخۆ شتێکی ئاوات گوتووە
دەربارەی سواژ و ناکۆیی لەگەڵ[٣]
"دیوک"ی ئەلبەنی؟
بیر بکەرەوە.

ئێدگار:

دڵنیام لەوەی کە من یەک گوتەم
لەم زمانەی خۆم، دەرنەکردووە.

ئێدمەند:

گوێم لێیە باوکم، بەرەو ئێرە دێت.
تۆ، ببوورە لێم؛
هەر بۆ فێڵبازی، من وا شمشێری
خۆم هەڵدەکێشم،

---

١. وەک لە بیرتان دێت، ئەدمۆند خۆی بە باوکی (بە گلۆستەری) گوتووە کە بێت گوێ لە گفتوگۆی "ئێدگار"ی کوڕی خۆی بگرێت.

٢. سوود لە تاریکیی شەو وەربگریت و بتوانیت خۆت بشاریتەوە و رابکەیت.

٣. سواژ؛ ناکۆکی، دووبەرەکی. ناکۆکیی کۆرنوەڵ لەگەڵ ئەلبەنی.

تۆش هەڵی بکێشە،
وەکو بەرگری تۆ لە خۆت بکەی.
باش بجەنگە، دەی. (بە دەنگێکی بەرز)
تەسلیم بە کوڕە، ئیتر بەسێتی
وەرە لە بەردەم باوکم بوەستە!
هێی زوو رووناکی، بۆ ئێرە، ئێرە! (بە دەنگێکی نزم)
دەی برام رابکە، رابکە نەوەستی. (بە دەنگێکی بەرز)
چرا، شاپڵیتە.[1] (بە دەنگێکی نزم)
دەی ئیتر رابکە، ئەسپەردەی خوا بی. (ئێدگار دەڕوات)
(لەبەر خۆیەوە) گەر تۆزێ خوێنم لێوە دەربچێت؛
وادەردەکەوێت کە من هەوڵێکی
دڕ و بەجۆشم داوە لەگەڵی. (دەستی خۆی بریندار دەکات)
سەرخۆشم دیوە، هەر وا بۆ گاڵتە،
دەستی خۆی لەمە، قووڵتر بڕیوە.
باوکە، ها، باوکە،
مەڕۆ، بوەستە! (ئەمجا بە هاوارەوە داوای یارمەتی دەکات)
کەس نییە لێرە،
یارمەتییەکم پێ بگەیێنێ؟
(گلۆستەر لەگەڵ چەند نۆکەرێکدا بە شاپڵیتەوە دەردەکەون)
گلۆستەر:
ها، ئێدمەند کوانێ، کوا ئەو ناکەسە؟
ئێدمەند:
هەر ئێستا ئێرە
وەستابوو لەناو تاریکییەکەدا،

١. داوای چرا و شاپڵیتە دەکات وەکو بیەوێت لە تاریکییەکەدا بە شوێن "ئێدگار"ی برایدا بگەڕێت.

شیرە تیژەکەی خۆی هەڵکێشابوو و
منجەمنجی بوو،
خەریکی نوشتە و جادووگەری بوو
یارا و گۆ و ئاری، لە مانگ دەخوازی.[١]
گڵۆستەر:
باشە، بۆ کوێ چوو؟
ئێدمەند:
سەیری برینم، خوێن دەپژێنێ.
گڵۆستەر:
ئێدمەند، دە کوانێ، کوا ناکەسەکە؟
ئێدمەند:
بەگم دەرباز بوو، رای کرد بۆ ئەولا
کاتێک کە زانی، من بە هیچ جۆرێ–
گڵۆستەر: (روو دەکاتە نۆکەرەکانی)
رابکەن بە دوایا، بیدۆزنەوە!
(نۆکەرەکان دەڕۆن. گڵۆستەر روو دەکاتەوە ئێدمەند)
بە هیچ جۆرێ، چی؟
ئێدمەند:
گەورەم، ناتوانێت، لاسم پێ بدا،[٢]
جەنابی بەرزی ئێوە بکوژم.
دەسبەجێ پێم گوت؛
خوای تۆڵەسەند، برووسکە و گڕی

١. یارا: توانا. گۆ: ورە، هێز. ئاری: یارمەتی. ئێدمەند، دەزانێت کە باوکی بڕوای بە مانگ گیران و جادووگەری و نوشتە و شتی وا هەیە. لەبەر ئەوە بەجۆرێک خۆی دەنوێنێت تاکو باوکەکەی وا تێ بگات کە "ئێدگار"ی کوڕی تا جادووگەریش دژی باوکی خۆی بەکار دەهێنێت.

٢. لاسم پێ بدات؛ رازیم بکات.

هەمیشە دژی باوککوژ دەنێرێت.
من باسم بۆ کرد
کە چەند پێوەندی
لە نێوان باوک و منداڵەکانی
فرە جۆر و توندە.[1]
ئیتر، بەکورتی؛
هەرکە تێگەیشت و بەدڵنیایی،
سەروەرم، زانی
چەند بە بێزەوە وەستاوم دژی
مەبەستی سەیر و زۆر نائاسایی،
سەیرم کرد یەکسەر،
بە جووڵەیەکی زۆر دڕندەیی،
هەڵی کوتایە
سەر گیانی بێ زرێی نەپارێزراوم.[2]
بە شیری تیژی دەستمی بڕی.
ئیتر نازانم؛ ئەوە بوو کە دی
ورەی بەتینم
چەند وروژاوە و وەستاوە دژی،
یاخۆ هاواری بەرزم ترسانی!
هەر لە پڕێکدا، سەیرم کرد رای کرد.

گلۆستەر:
بۆ جێگەیەکی دوور با رابکات،
ئەگینا لێرە، بە نەگیراوی،
نامێنێتەوە.

۱. فرە جۆر: هەمەجۆر، زۆر جۆر.
۲. زرێ: زرێپۆش.

بدۆزرێتەوە یەکسەر دەیکوژن.
میرانی هێژا و گەورەی بەڕێزم،
لێرە دەبێت شەو.
بە روخسەتی ئەو،[١]
فەرمان دەردەکەم کە جاڕ بدرێ؛
ئەوەی بەدی کا و بیدۆزێتەوە،
سوپاسی ئێمە شایانی دەبێ
گەر ئەو پیاوکوژە نامەردە بێنێ
بۆ ستوون تاکو سزای وەرگرێ.[٢]
ئەوەی بشوێرێ بیشارێتەوە،
لەناو دەبرێ.

ئێدمەند:

لەو کاتەی هەوڵم دەدا لەگەڵی
واز لە نیازی بەدی بهێنێ،
سەیرم کرد، نەخێر، سوورە لەسەری.
ئیتر ناچار بووم،
بە زمانێکی تووڕە و تیژەوە،
هەڕەشەی لێ بکەم؛
مەبەستەکانی ئاشکرا بکەم.
هەر زوو وەرامی دامەوە و گوتی؛
هەی زۆڵی خوێڕی بێ زاروزەوی،
تۆ وادەزانی
ئەگەر بمەوێ دژت بوەستم،
خەڵکی باوەڕی بەبێ نرخێکی

---

١. مەبەستی لە میری (دیوکی) کۆرنوەڵە.

٢. ستوون؛ کۆڵەکەیەکی دارە، تاوانباری پێوە دەبەستنەوە بۆ سووتاندن.

وەکو تۆی دەبێ؟
نا، بە تۆی نابێ،
ئەگەر هاتو من نکووڵی بکەم.
وە دڵنیابە، نکووڵی دەکەم.
ئەگەر هاتیش و
بەڵگەی دەستنووسی منت دەرهێنا،[١]
من هەمووی دژی تۆ هەڵدەگێڕم.
ئەمن خەڵکەکە، تێ دەگەیێنم
کە پیلانێکی گەلێک ناپاکی
خواگرتووی تۆیە،
تۆ خۆت چنیوتە لەناویا دژم.[٢]
دنیاکە دەبێ هەر بە کەرێکی
تەواو دابنێی،
گەر وا بزانی ئەوان نازانن
کە مردنی من، قانزاجی تۆیە،
بۆیە تۆ، ئاوا هەوڵی بۆ دەدەی.
گلۆستەر:
ئای
چ رەوشتێکی نامۆت پێوەیە،
ناکەسی چەسپاو.[٣]
وتی نامەکەی خۆم نکووڵ دەکەم؟
کوڕی من نییە. (دەنگی بلوێر دێت)
گوێ بگرە، ئەوە
بلوێرەکانی دیوک دەنگیان دێ.

١. مەبەستی لەو نامەیەیە کە گوایە ئێدگاری برای بۆی نووسیوە.
٢. لەناویا؛ لەناو نامەکەدا.
٣. مەبەستی لە ئێدگاری کوڕیەتی.

نازانم بۆ دێ.
بەندەرەکانی وڵات من گشتی،[١]
دابخەم دەبێ.
ناکەس ناتوانێ رابکا و دەربچێ.
دیوک، ئەمەم پێ
دەبێت ببەخشێ:[٢]
سەرەڕای وێنەی، نامە دەنووسم[٣]
بۆ نزیک و دوور، لەناو سنووری
مەملەکەتەکە، ئاگەداری بن.
زەویوزاریشم، رۆڵەی دڵسۆزم،
رێیەک دەدۆزم بەر تۆش بکەون.[٤]

(کۆرنوەڵ و رێگان لەگەڵ یاوەرەکانیان دەردەکەون)

کۆرنوەڵ:

دۆستی بەڕێزم،
لەوساوەی کە من گەیشتمە ئێرە،
کە من دەتوانم بڵێم ئێستاکە،
هەواڵێکی زۆر نامۆ و سەیرم بیست.

رێگان:

خۆ، ئەگەر راست بێ،

---

١. بەندەر؛ میناء.

٢. دیوک، دەبێت رێگام بداتێ کوڕەکەی خۆم بگرم و سزای بدەم.

٣. وێنەی؛ وێنەی کوڕەکەی. بەتەمایە لە دیوک روخسەت وەربگرێت کە بیەڵێت بۆ هەموو پۆرتەکان (بەندەرەکان) وێنەی ئێدگاری کوڕی بنێرێت لەگەڵ نامەیەک لێیان بخوازێت کە ئاگەدار بن نەیەڵن کوڕەکەی لە وڵات دەربچێت و دەسبەجێ بیگرن.

٤. ئێدمەند، چونکە رۆڵەیەکی یاسایی باوکی خۆی (گلۆستەر) نییە، لە دوای مردنی باوکی، هیچ میراتییەکی بۆ نامێنێتەوە. لەبەر ئەوە گلۆستەر بەڵێنی دەداتێ کە رێگەیەک، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، بدۆزێتەوە.

نییە تۆڵەیەک، لە توانایا بێ
شایانی خاوەن کردەوەی وا بێ.[1]
گەورەم، خۆت چۆنی؟

گلۆستەر:
ئاخ، بانووەکەم، ئەم دڵە پیرەم،
درزی بردووە، درزی بردووە.

ڕیگان:
چۆن،
کوڕی گیانیی باوکی من ویستی[2]
بێت دەسدرێژی لە ژیانتان بکات؟
ئەو کوڕەی باوکم خۆی ناوی لێ نا؟
"ئێدگار"ی کوڕت؟

گلۆستەر:
ئاخ، خاتوونەکەم، شەرمەزارییەکەم،
دەیەوێت ئەوە، بشارێتەوە.

ڕیگان:
وەکو بزانی، ئەو لایەنگری
سواری یاخیبووی باوکی من نییە،
ئەوانەی وابوو خزمەتی بکەن؟

گلۆستەر:
خاتوون، نازانم

---

١. هەموو جۆرە سزادانێک بۆ مرۆڤی ئاوا کەمە. هەرچی سزایەک بدرێت هێشتا هەر کەمە.

٢. کوڕی گیانی؛ لای مەسیحییەکان کە منداڵ لەدایک دەبێت، دەیبەن بۆ کەنیسە بۆ پیرۆزکردن. بەپێی ئاسایی پیاوێکی خزمیان لەگەڵیاندا دەچێت منداڵەکە لە ئاو هەڵدەکێشێت و ناوی لێ دەنێت. ئیتر بەو جۆرە، ئەو پیاوە دەبێت بە باوکی گیانیی (ڕۆحی) منداڵەکە. منداڵەکەش بە ڕۆڵەی گیانیی پیاوەکە.

کردەوەیەکی بەدە، زۆر بەدە.
ئێدمەند:
بەڵێ، خاتوونە، ئەویش یەکێکی
ئەو کۆمەڵەیە.
رێگان:
کەوابێت سەرم هیچ سورِ نامێنێت؛
هاندانی ئەوان وای لێ کردووە
دەستی درێژ کات،
لە گیانی پاکی پیرەمێردەکە.
بۆ ئەوەی موڵک و سامانەکانی
بمێنێتەوە بۆیان خەرجی بکەن.
ئەم ئێوارەیە، لە خوشکمەوە
دەربارەی ئەوان، رایان گەیاندم،
لەگەڵ پەیامێک کە ئاگەدار بم
گەر هاتو ئەوان،
هاتن بۆ ماڵمان بمێننەوە،
من لە ماڵ نەبم.
کۆرنوەڵ:
منیش،"رێگان"م، تۆ دڵنیابە.[1]
ئێدمەند، من بیستم.
ئەرکی رۆڵەییت،
بەرانبەر باوکت، باش نواندووە.[2]
ئێدمەند:
ئا، گەورەم، ئەوە،

١. منیش، رێگانی خۆم، لە ماڵ نابم. دڵنیابە لەوە.
٢. ئەرکی رۆڵەیی؛ ئەرکی مرۆڤ بەرانبەر باوک و باپیری.

وامێکە و دەبێت بدرێتەوە.
گلۆستەر: (روو دەکاتە کۆرنوەڵ)
ئەی،
ناپاکیی ئەوی ئاشکرا کرد بۆم.[١]
کاتێک کە ویستی
بیگرێ و بۆ لای منی بهێنێ،
وەکو دەبینن، بریندار کرد.
کۆرنوەڵ:
کەس دوای کەوتووە؟[٢]
گلۆستەر:
بەڵێ، سەروەرم.
کۆرنوەڵ:
ئەگەر بگیرێ، ترسی نامێنێ؛
ئازار بە کەسی تر بگەیەنێ.
خۆت بڕیار بدە،
چۆنت پێ خۆشە دەربارەی ئەمە،
بەو جۆرە هێزم بەکار دەهێنم. (ئەمجا روو دەکاتە ئێدمەند)
بەڵام دەربارەی
تۆ، ئێدمەند خۆتت ئێستا پیشان دا؛
تا چ رادەیەک
تۆ گوێڕایەڵ و دڵسۆزی باوکتی.
ئا لەم ئاستەدا، هەڵمان بژاردی
پیاوی خۆمان بی.
ئای پێویستیمان زۆرە بەیەکێ

١. ئەو؛ ئێدگار. ئێدمەند ناپاکیی ئێدگاری ئاشکرا کرد.
٢. کەس دوای کەوتووە کە بیگرێت.

ڕەوشتی پاک بێ و
هەندە بە قووڵی، جێگەی باوەڕ بێ؛
یەکەمین کەسین، بتدۆزینەوە؛
ئەتۆ، بۆ خۆمان، گل دەدەینەوە.[١]
ئێدمەند:
بە هەر جۆرێک بێ،
بەگ، بە دڵسۆزی، خزمەتتان دەکەم.
گلۆستەر:
لە باتیی ئەو، من،
سوپاستان دەکەم.
کۆرنوەڵ:
ئێوە نازانن، ئێمە لەبەرچی ٢,١,١٢٠
هاتین بۆ سەردان.
ڕێگان:
لەم ناکاتەدا، دەزوو هەڵکێشن
لە چاوی ڕەشی شەوی تاریکدا.[٢]
بەگ، هەندێک شتی گرینگ رووی داوە،
کە زۆر پێویستی
بە ئامۆژگاریی جەنابت دەکەن؛
باوکمان بۆمانی نووسیوە باسی
ناکۆکی دەکات
لە نێوان خۆی و خوشکەکەماندا.

١. تۆ دەکەین بە پیاوی خۆمان.
٢. چۆن دەزوو لە چاوی دەرزیدا هەڵدەکێشرێت. ئینجا ئەگەر شەو تاریک بێت و چاوەکانیشی ڕەش بێت وەکو خۆی، ئەوساکە کارێکی ئاسان نابێت پیاو بتوانێت دەزووی لێ هەڵبکێشێت.

خوشکەکەم خۆشی،
شتێکی ئاوای بۆ من نووسیوە.
بە باشم زانی، دوور لەماڵەوە
وەرامی خۆمی من بۆ بنێرم.
پەیامبەر زۆرە،
لێرەوە بچێ و پێی بگەیەنێ.
هاورێی دڵسۆزمان،
ئاسوودە هەندێک بهێنەرەوە
بۆ دڵی پەستتان؛
وە ئامۆژگاریی گەلێک پێویستی
خۆت لە پێناوی کاری گرینگی
ئێمە دابنێ،
ئەوەی ئێستا ئەو، بە پەرۆشەوە،[١]
چاوەڕوانێتی
خێرا، دەستبەجێ، بەکاری بێنێ.
گلۆستەر:
خاتوونە، ئەمن، لە خزمەتتانم
چیم لێ دەخوازن، بەسەر چاوانم.

١. ئەو؛ مەبەستی لەو کارە گرسنگەیە.

## دیمەنی ٢,٢

کێنت: (خۆی گۆڕیوە) و ئۆسواڵد لەبەر ماڵی گلۆستەردا، دەردەکەون.

ئۆسواڵد:

کازیوەتان باش.[١]

ئاخۆ جەنابتان خەڵکی ئەم ماڵەن؟

کێنت:

ئا.

ئۆسواڵد:

ئەرێ ئەسپەکان، لە کوێ رابگرین؟

کێنت:

لەوێدا لەناو زەلکاوەکەدا.

ئۆسواڵد:

تکات لێ دەکەم، ئەگەر تۆ هەندێ

منت خۆش دەوێ، پێم بڵێ لە کوێ.[٢]

کێنت:

من تۆم خۆش ناوێ.

ئۆسواڵد:

جا ئەگەر وابێ، من گوێت نادەمێ.

---

١. کازیوە: گزنگ، شەبەق.

٢. بەپێی ئاینی مەسیحی، مرۆڤ دەبێت هەموو کەسێکی خۆش بووێت تا دوژمنی خۆشی. مەبەستی ئەوەیە ئەگەر مەسیحیت، دەبێت منت خۆش بووێت و رێزم بگریت.

کێنت:

ئاخ، گەر دەمگرتی لە (لیپسبێری)،[1]
لەناو کۆمەڵێ ئاژەڵی خوێڕی،
وام لێ دەکردی
کە گوێم بدەیتێ.

ئۆسواڵد:

بۆچی بەمجۆرە لەگەڵما دەدوێیت؟
من تۆ ناناسم.

کێنت:

کابراکە، بەڵام، من تۆ دەناسم.

ئۆسواڵد:

بە چیم دەناسی؟

کێنت:

بە ناکەس، نەگریس، بە پاشماوەخۆر،
سووک، نزم، نامەرد،
سەربەرزێکی پووت.
بە بەندەی ریسوای گۆرەوی خوری،
بە کوڕی قەحبە، بە جگەرسپی.[2]
بە ناڕەسەن و دز و ساختەچی،
بە بێ ویژدانی رژدی پیسکەلە.[3]
بە تەرەس و زۆڵ، دەڵە سەگێکی

---

١. لیپسبێری (Lips-bury): ئەم وشەیە لە ناوی شار دەچێت. بەڵام وا نییە. (Lips) کۆی لێوە و (Bury) شارە. بەمجۆرە لیپسبێری دەبێت بە شاری نێوان لێوەکان یاخۆ نێوان شەویلکەکان (نێوان دانەکان).

٢. گۆرەوی خوری: لەو رۆژگارانەدا، خزمەتکارەکانی ماڵە دەوڵەمەندەکان گۆرەویی خورییان لە پێ دەکردن. جگەرسپی؛ ترسنۆک.

٣. رژد: رەزیل، تەماعچی.

خوێڕیی نارەسەن.
گەر بڕگەیەکی
ئەم نازناوانەی لێمی دەبیستی
تۆ نکووڵ بکەیت، ئێستاکە لێرە،
وات تێ هەڵدەدەم، تا دەکەویتە
هاوار و لوورە.[١]

ئۆسواڵد:
ئای کە پیاوێکی هار و دڕندەی؛
دێیت جنێو دەدەی
ئەتۆ بە کەسێ، نە تۆ دەیناسی،
نە ئەو دەزانێ، کابراکە، تۆ کێی.

کێنت:
ئای کە زۆڵێکی ساختەچی و پیسی،
نکووڵی دەکەیت کە من دەناسی؟
هەر دوو ڕۆژ نییە، کە پاژنەم بادای.
لە بەرچاوی شا، چەندم تێ هەڵدای؟
سەرسەری دە دەی، دەی شمشێرەکەی
خۆت هەڵبکێشە،
هەرچەندە شەوە، بەڵام تریفەی
مانگ بەشمان دەکا، (کێنت شیرەکەی خۆی هەڵدەکێشێت)
لە بەرچاویدا بتکەم بە قیمە.
دەی کوڕی قەحبە، هەڵی بکێشە.

ئۆسواڵد:
کابراکە، بڕۆ،
من هیچ پێوەندیم نییە لەگەڵ تۆ.

---
١. هەتاکو وەکو سەگ دەلوورێنیت.

کێنت:

دەی شمشێرەکەی خۆت هەڵبکێشە.
ناکەس، دژی شا، نامە دەهێنی؟
شانازی دەکەی بەوەی کە بووبووی
تۆ بە بووکەڵەی ئەو کەسەی دژی[١]
باوکی شاهانی خۆی ڕاوەستاوە؟
هەڵی بکێشە، نامەرد، ئەگینا
لوولاقەکانت، ئێستا دەچجنم.[٢]
هەڵی بکێشە و وەرە بەردەمم.

ئۆسواڵد:

هاوار، با یەکێ فریام بکەوێ،
ئەمە پیاوکوژە، هاتووە بمکوژێ.

کێنت:

بەندەی ڕیسوا دەی، دەست بوەشێنە! (لێی دەدات)
هەڵسە دەی هەڵسە، بەندەی کەشخەچی![٣]

ئۆسواڵد:

هاوار، با یەکێ، فریام بکەوێ.
ئەمە، پیاوکوژە، هاتووە بمکوژێ.

(ئێدمەند، بە شیرێکی هەڵکێشراوەوە، دێت لەگەڵ کۆرنوەڵ و ڕێگان و گلۆستەر و چەند یاوەرێک)

ئێدمەند:

ها، ئەوە چییە، ئاخۆ چی بووە؟
دەی، جیا بنەوە.

---

١. بووکەڵە؛ دومیە.
٢. لوولاق؛ ئەو پارچەیەی لاق، کە لە نێوان ئەژنۆ و گووزەگ (قۆلەپێ)دایە.
٣. ئۆسواڵد هەمیشە حەزی لە جلی جوان و کەشخەیی دەکرد.

کێنت: (روو دەکاتە ئێدمەند)

ئەگەر پێت خۆشە، کوڕە باشەکە،
دەی، با لە تۆوە، دەستی پێ بکەم،
تا فێرت بکەم، ئاغا گەنجەکە.[1]

گلۆستەر:

شیر و چەک لێرە، هەڵکێشراوە؟
ئاخۆ، چی بووە، شتێک رووی داوە؟

کۆرنوەڵ:

لێرەدا، ئاشتی دەبێت راگیرێ:
ئەمجارە ئەوەی دەست بوەشێنێ،
ها، دەکوژرێ.
چییە، مەسەلە؟ شتێک قەوماوە؟

رێگان:

ئەمانە، هاتوون بە پەیامبەری،
لە خوشکەکەم و جەنابی شاوە.[2]

کۆرنوەڵ: (روو دەکاتە کێنت)

ئێوە لەسەر چی ئەم شەڕە دەکەن؟
دە پێمان بڵێن.

ئۆسواڵد:

بەگم، هەناسەم، من لێ بڕاوە.

کێنت:

من سەرم بەوە، هیچ سوورنەماوە؛
ئازایەتییەکەی تۆ ورووژاوە.
هەی ترسنۆکی ناکەسی ریسوا؛

---

١. فێرت دەکەم چۆن پیاو جەنگ دەکات. ئەمە هەڕەشەیە.
٢. ئۆسواڵد پەیامبەری لەلایەن گۆنێریلە هاتووە و کێنت لەلایەن شاوە.

سروشت، هەر حاشای لە تۆ کردووە،
بەرگدرووویەک تۆی، دروست کردووە.[1]
کۆرنوەڵ:
ئەتۆ کابراکە، پیاوێکی سەیریت،
بەرگدروو هەیە، پیاو دروست بکا؟ ٢,٢,٥٥
کێنت:
بەڵێ، بەرگدروو،
چونکە بەردتاش و هونەرمەندەکان،
هەرگیز شتێکی هەندە کرێتیان،[2]
دروست نەدەکرد.
گەر هەر دوو ساڵیش لە پیشەدابن،[3]
پێیان دەکرا
شتێکی باشتر لەم دروست بکەن.
کۆرنوەڵ: (روو دەکاتە ئۆسواڵد)
پێم بڵێن بۆچی کەوتوونەتە یەک؟
ئۆسواڵد:
ئەم پیرەمێردە، درەی دەبینی،
لەبەر خاتری ریشە سپییەکەی،
گەورەم، ژیانیم بۆ گل دایەوە– ٢,٢,٦٠
کێنت:
ئەی کوڕی قەحبە، کوڕە تۆ "زێد"ی

١. خوا شتی ئاوا قەڵب و ناڕەسەن دروست ناکات. جلەکەت جوانە و هیچی ترت جوان نییە. تۆ هەر جلەکەتیت هیچی تر نیت. ئەوش بەرگدروو دروستی کردووە.
٢. کرێت؛ ناشیرین و ئێسک گران.
٣. گەر هەر دووساڵیش لە پیشەدا بن؛ ئەگەر تازەش بن لە ئیشدا. واتە پسپۆڕییان کەم بێت.

پیتێکی زیادە و بێ سوود و کەڵکی.[١]
ئەگەر روخسەتم بدەیتێ بەگم،
ئا ئەم ناکەسە لەنجەولارکەرە،
بە پێ دەشێلم
دەیکەم بە قوڕ و سواغی دیواری
ئاودەستخانەکەی ئێوەی پێ دەکەم. (روو دەکاتە ئۆسواڵد)
ئەتۆ بەزەییت
بە ریشی سپیی مندا هاتەوە،
هەی کلک بادەر؟[٢] ٢,٢,٦٥

کۆرنوەڵ:

کورە بەسێتی.
درِندەی ناکەس،
ئاخۆ تۆ رێزی کەست لا نییە؟

کێنت:

بەڵێ، سەروەرم، بەڵام توورەیی
مافی تایبەتی و جیاوازی هەیە.[٣]

کۆرنوەڵ:

ئاخر لەبەرچی تۆ وا تووڕە بوویت؟

کێنت:

هەر لەبەرئەوەی
کە بەندەیەکی وا رێی دەدرێ

---

١. پیتی زێد؛ حەرفی (Z). بە ئینگلیزی کەم بەکار دێت. لە زۆرترین وشەدا، پیتی (S) لە باتیی (Z) بەکار دەهێنرێت. لەبەر ئەوە پیتی (Z) نرخی کەمە؛ کە دەڵێن تۆ زێدیت، واتە بێ نرخیت.

٢. سەگ کە دەترسێت کلکی خۆی بادەدات.

٣. گەر پیاو لە کاتی تووڕەبوونیدا هەڵەیەک بکات، سزاکەی جیاوازە لەوەی بە هێمنی بیکات.

شمشێر هەڵبگرێ،
بێ ئەوەی هەندێ ئابروو هەڵبگرێ.
ناکەسی ئاوای دەم بە پێکەنین،
وەکو مشک وان؛
زۆرجار دێن بە گاز
بەندی سروشتی پیرۆز دەبرن[١]
ئەوانەی وا توند، بە یەکترییەوە،
ئاڵۆزاون و
قەت، بە ئاسانی ناکرێنەوە.
گەر هاتو سۆزێک،
لەناو سروشتی بەگەکانیاندا،
دژی دانایی، یاخی بنوێنێ،
دێن لووس و چەوری دەکەن دەستبەجێ.[٢]
بۆ ئاگر، نەوتن
بۆ دەروونی سارد، بەفر و سەهۆڵن.
شت نکووڵ دەکەن
جارێک و جارێک دایدەچەسپێنن.
ئاراستەی دەنووکی
"هالسیۆن"ی خۆیان[٣]

١. بەندی سروشتی پیرۆز؛ ئەو بەندەی (ئەو پێوەندییەی) باوان بە رۆڵەکانیانەوە دەبەستێتەوە.
سەیری دێری ١,١,٩٣ بکە. بزانە کۆردێلیا چی بە باوکی دەڵێت.
٢. ئەگەر هاتو ناکۆکییەک لە نێوان بەگەکانیاندا رووی دا، ئەو ناکۆکییە لووس و چەور دەکەن بۆ ئەوەی باشتر کار بکات. هەمیشە ئامادەن بۆ خراپەکردن.
٣. هاڵسیۆن (Halcyon) باڵندەیەکی ئەفسانەییە. گوایە دەنووکی ئاراستەی چ لایەکی دەریای ورووژاو بکات، ئەو لایەی هێمن دەکاتەوە.

لەگەڵ راویژ و گشت زریانێکی[١]
خاوەنەکانیان، یەکسەر دەگۆڕن.
شتێک، نازانن،
بەڵام دەزانن چۆن وەکو سەگێک
دوای بەگەکانی خۆیان بکەون. (روو دەکاتە ئۆسواڵد)
دەک تاعوون دیمەی فێدارت بگرێت.[٢]
وەک وابزانی ئەمن ریژگاوم،
بە وتەکانم، خەنین دەتگرێت؟ ٢,٢,٨٠
قاز، گوێم لێ بگرە![٣]
ئەگەر دەمبینیت لە دەشتی (ساروم)[٤]
لە پێش خۆمەوە من راوم دەنایت،
تا، بە گارەگار، دەگەیتەماڵی
خۆت لە (کامێلۆت).[٥]

کۆرنوەڵ:

کابرای پیرەمێرد، ئاخۆ تۆ شێتی؟

گلۆستەر:

ئاخر لەسەرچی ئێوە شەڕ دەکەن،
دە پێمان بڵێن.

کێنت:

نییە دوشمنێک، هەندە بەجارێک

---

١. ئەم جۆرە پیاوانە، بەندەن؛ هەمیشە دوای خاوەنەکانیان دەکەون؛ خاوەنەکانیان راوێژ بکات و رای خۆی بگۆڕێت ئەمانیش دەیگۆڕن. توورە ببێت ئەمانیش توورە دەبن.
٢. دیمەی فێدار؛ رووی وروژاو، وەکو هی ئەو کەسانەی کە فێیان لێ دێت.
٣. پێکەنینەکەی ئۆسواڵد، گارەگاری قاز دەهێنێتەوە بیری کێنت.
٤. ساروم؛ ناوی دەشتێکە.
٥. کامێلۆت؛ ناوی ناوچەیەکە لە وینچێستەر، لە بەریتانیا. ئەوساکە هەندێک کەس بە پیاوی ئێسک گرانیان دەگوت قازی وینچێستەر.

بێز لە دوشمنی خۆی بکاتەوە،
ئەوەندەی کە من، بێز دەکەمەوە
ئا لەم ناکەسە.

کۆرنوەڵ:
بۆچی ناکەسە؟
چ هەڵەیەکی دژت کردووە؟

کێنت:
حەزم لە دیمەی ئەم پیاوە نییە.

کۆرنوەڵ:
تۆ، لەوانەیە، لە دیمەی منیش
زۆر حەزت نەبێ (ئاراستەی ڕێگان و گلۆستەر دەکات)
لە هی ئەویش و لە هینی ئەمیش.

کێنت:
گەورەم، من پیشەم ئەوەیە هەردەم
ئەوەی کە ڕاستە، ڕەپاوڕەپ بیڵێم؛[1]
لە کاتی خۆمدا،
من ڕووی باشترم دیوە لەوانەی،
کە لەسەر شانی ئەوانەی ئێستا،
لە بەرچاوانی خۆم، دەیانبینم.

کۆرنوەڵ:
ئەمە یەکێکە، لەوانەی جارێک،[2]
بۆ ڕەپاوڕەپی،
هەندێک ستایش دیارە کراوە.
ئێستاش بە جۆرێک
زمانی زبر و دزێوی لێرە بەکار دەهێنێت،[3]

١. ڕەپاوڕەپ: ڕووبەڕوو.
٢. ئەمە: مەبەستی لە (کێنت)ە
٣. زمانی زبر و دزێو؛ زمانی ڕەق و ناخۆش.

تا وا دەرکەوێت
کە ڕەپاوڕەپە؛ مەراییی کەسێک
ناتوانێت بکا. راستییەکەی دەڵێت؛
ئەگەر خەڵکەکە پەسندی بکا،
ئەوە زۆر باشە.
ئەگەر نەیشیکات؛
ڕووبەڕوو راستی بە خەڵکی دەڵێت.
ئەمن ناکەسی ئاوا دەناسم،
ئەوەی لە نێوان ڕەپاوڕەپیدا،
مەبەستی بەد و
گەلێک ناپاکتر، دەشارێتەوە
لە هی بیست کەسی مەراییکەری
دەم و زمان خۆش.

کێنت:

بەگ، بە ئیمانم، بەبێ رواڵەت،
روخسەت دەخوازم لە پایەی بەرزت،
ئەوەی کە یارا و گۆ و دەسەڵاتی،
وەکو گوڵبەندی ئاگر لە دەوری
خۆری تروسکدار، دەدرەوشێتەوە[1]

کۆرنوەڵ:

مەبەستت چییە، بەمەی کە دەیڵێیت؟

کێنت:

دوور کەومەوە
ئەمن لەو شێوە زمانەی ئێوە،
پەسندی ناکەن.

---

١. یارا: توانا. گۆ: ورە. ئەو وتارە بە جۆرێک دەڵێت وەکو گاڵتە بە کۆرنوەڵ بکات.

من خۆم دەناسم؛ مەراییکەر نیم.
بەڵام ئەو کەسەی فێڵی لێ کردیت،
بە زمانێکی ڕووبەڕوو و ساکار،
ئەو، ناکەسێکی ئاسا و ساکارە.
قەت نابێت ڕۆژێک من لەو جۆرە بم.
گەر هاتو لێشم بپاڕێیتەوە و
ئەگەر بشزانم بەوە، شایانی
ئاژر و قینی جەنابت دەبم.[1]
کۆرنوەڵ: (ڕوو دەکاتە ئۆسواڵد)
بە چی تۆ ئاوا تووڕەت کردووە؟
ئۆسواڵد:
بەگم، من هیچم پێ نەگوتووە.
شا، خاوەنەکەی، لەم دواییەدا
ئارەزووی هەڵسا کە لە من بدا،
بە بۆنەی هەڵە تێگەیشتنی لێم.
جا بۆ مەرایی؛
هات لە پشتەوە، پێی گیر کرد لە پێم.
جا کە خستمی، وەک پاڵەوانێک،
خۆی هەڵدەکێشا و
وشەی کرێتی دەهاویشتە گوێم.[2]
تا ستایشی شا شایانی بێ.
هەر لەبەر ئەوەی
هەڵی کوتایە سەر پیاوی کەوتوو.
سەرکەوتنەکەی،

١. ئاژر: ڕق، تووڕەیی.
٢. کرێت: ناشیرین.

لەو سەرکەشییە ناشیرینەیدا،
ئەوەیە ئێستا کە هانی دەدا
دیسانەوە بێت،
شمشێرەکەیم لێ هەڵبکێشێت.

کێنت:

لە نێوان ئا ئەم نامەردانەدا،
نییە نامەردێک یاخۆ ناکەسێک
کە ئاجاکس خۆیشی، بە کەر دانەنێت.[١]

کۆرنوەڵ:

ئەرێ کۆتەکەم، توخوا بۆ بێنە.[٢] (یەکێک لە پیاوەکانی دەچێت)
باشە، ناکەسی پیری کەللەڕەق،
هەی خۆهەڵکێشی بەڕێز من شەرت بێ،
فێرت بکەم چۆن ڕێزی خەڵک بگری.

کێنت:

سەروەرم، پیرم، من لە تەمەنی ٢,٢,١٢٥
فێربوون، دەچووم.
ها، نەکەن کۆت و شتم بۆ بێنن؛
من پیاوی شاهم؛ وەک پەیامبەرێک،
لە لایەنیەوە بۆ لاتان هاتووم.
بەو جۆرە ئێوە، ڕێزی دەشکێنن.
پڕکێشییەکی[٣]

١. ئاجاکس، پاڵەوانێکی مێژوویی یۆنانییە. هۆمیرۆس، لە (ئیلیادە)دا باسی کردووە.
٢. کۆت (Stocks)؛ جۆرە ئامێرێکە پێکهاتووە لە تەختەیەک ئاوا نیو مەترێک پانە و مەترێک درێژە. چوار کونی تیادایە، دەست و پێی پیاوی تێ دەخرێت و قفڵ دەکرێت. وەکو کەلەپچە وایە. پیاو لەشی لە دیوێکی تەختەکەدا دەمێنێتەوە و دەست و پێی لە دیوەکەی تری.
٣. پڕکێشی؛ چاوقایمی، بێ ناموسی، بێ حەیایی.

بەدخوازی دژی
پایەی بڵندی گەورەم، دەنوێنن؛
ئەگەر نوێنەری
لەناو کۆتەدا، لێرە بەند بکەن.
کۆرنوەڵ:
دە دەی کۆتەکە، برۆ بهێنە!
بە ئابروو و ژینم،
لەوێدا دەبێت داتبنیشێنم،
تاکو نیوەڕۆ.
ڕێگان:
تاکو نیوەڕۆ؟
نەخێر، سەروەرم، تاکو شەو دادێت.
گشت شەوەکەشی با لەگەڵدا بێت.
کێنت:
خاتوونە، بۆچی
گەر من سەگێکی باوکیشت دەبووم،
قەت نەدەبووایە، ئا بەم شێوەیە،
تۆ مامەڵەت بکردمایە.
ڕێگان:
وات لەگەڵ دەکەم، چونکە تۆ، گەورەم،
بەندەی نەگریس و ناکەسی ئەوی. (کۆتەکە دەهێنن)
کۆرنوەڵ:
ئەمە خۆیەتی، ئەو کابرایەیە،
ئەوەی کە باسی دەکرد خوشکەکەم.
دەی، کوا کۆتەکە!
گلۆستەر:
دەپاڕێمەوە و تکات لێ دەکەم؛

ئەم کارە نەکەی.
زلە، دەزانم، بەگم، هەڵەکەی،
بەڵام جەنابی شا، خاوەنەکەی،
خۆی، سزای دەدات.
هەر تاوانباری
زۆر نزم و ریسوا، وەکو دزێتی،
یان کاروبارێک ئابڕووی پیاو بەرێت،
بەمجۆرە ئاوا، سزا دەدرێت.
شا، خاوەنەکەی،
بێگومان بەوە، بۆی دەردەکەوێت؛
بێ نرخ کراوە،
کاتێک دەبیستێت، پەیامبەرەکەی
بەمجۆرە ئاوا کۆتە کراوە.

کۆرنوەڵ:

لێپرسراوی ئەوە خۆم دەبم.

رێگان:

جا خۆ خوشکەکەی
من، پەستتر دەبێت
کاتێک دەبیستێت سەرپەرشتکەری[١]
بە جنێو و لێدان ریسوا کراوە،
لە کاتێکدا ئەو، ناردبووی تاکو
داخوازییەکانی بهێنێتە دی.
دەی قاچەکانی، بخەنە ناوی. (کێنت، دەخەنە ناو کۆتەکەوە)

کۆرنوەڵ:

دەی، سەروەرم، دەی، با ئێمە بڕۆین.

---

١. سەرپەرشتکەر: چاودێر، کارگێڕ، بەڕێوەبەر. لێرەدا مەبەستی لە "ئۆسواڵد"ە.

(هەموویان دەڕۆن. بەڵام، گڵۆستەر بۆ ماوەیەک خۆی دوادەخات)

گڵۆستەر:

دۆستەکەم، دڵم بە تۆ دەسووتێت.
ئەمە ئارەزووی دیوک خۆیەتی،
وات لێ بکرێت.
بڕیارەکانی،
هەموو کەسێکی دنیا دەزانێت؛
نە دەگۆڕرێن
نە بە کەس ڕۆژێک دەوەستێنرێن.
ئێستا، دەچم لێی
دەپاڕێمەوە و هەوڵت بۆ دەدەم.

کێنت:

تکات لێ دەکەم هەوڵم بۆ مەدە،
گەشتکردنێکی ئەوەندە سەختم
ئەمن کردووە، هەر گەلێک ماندووم.
چاوەکانیشم، خەویان نەدیوە.
هەندێک بە نوستن کاتم دەکوژم،
ماوەکەی تری فیکە لێ دەدەم.
تا پیاوی چاکیش، لەبەر هەژاری،
ڕوو دەدات پاژنەی پێڵاوەکانی
دەسوێ و پێیەکانی لێوەی دەردەچن.[1]
دەی، خوات لەگەڵ بێت.

گڵۆستەر:

بۆ ئەمە، دیوک،

---

١. لێرەدا کێنت گاڵتە بەو بارودۆخە دەکات کە تیایدایەتی؛ پێیەکانی لەودیوی کۆتەکە (تەختەکە) هاتوونەتە دەرەوە.

گەلێک گلەییی دەبێ لێ بکرێت؛
کردەوەیەکی، نارەوا و بەدە. (گلۆستەر دەڕوات)
کێنت: (لەبەر خۆیەوە)
شای شکۆدارم، تۆ ئیتر دەبێت
بەم پەندە کۆنە باوەڕت هەبێت؛
" لەژێر ئەو کەپرە پیرۆزکراوەی
گەردوون تۆ دەرچووی،
تا لەژێر گەرمای
هەتاودا لێرە، بپیشێیتەوە". ٢,٢,١٦٠
دەی چرای زەمین، نزیک بەرەوە![1]
تاکو بە تیشکی ئاسوودەبەخشت،
ئا ئەم نامەیە بخوێنمەوە.[2]
جگە لە کاتی کوێرەوەریدا
بەولاوە، بگرە،
نییە باوەڕی بە موعجیزە بێت؛[3]
دەزانم ئەمە، لە " کۆردێلیا"وە،
بۆ من هاتووە.
سەد شوکر ئۆخەی، پێی گوتراوە ٢,٢,١٦٥
دەربارەی شێوە و ڕێبازی ژینی
داپۆشراوم.[4]

---

١. چرای زەمین: ڕۆژ، خۆر.
٢. نامەیەکی بۆ هاتووە، دڵی پێی دەڵێت کە لە کۆردێلیاوە بۆی هاتووە. لەبەر ئەوە لە ڕۆژ دەپاڕێتەوە کە هەڵبێت بۆ ئەوەی زوو نامەکە بخوێنێتەوە.
٣. پیاو هەر لە کاتی داماوی و کوێرەوەریدا بڕوا بە موعجیزە دەکات.
٤. کێنت بە جۆرێک شێوازی گۆڕیوە (داپۆشیوە) کە کەس نەیناسێتەوە. بەڵام دەربارەی ئەوە بە کۆردێلیا گوتراوە و ئاگەدارە.

کاتێکی گونجاو
دەدۆزێتەوە و دێت بە فریادم؛
مافی خوراوم دەسەنێتەوە.
سەرتاپا ماندووم، دەی چاوەکانم،
دابخرێن تا
نیشتەجێ و جێگەی ئابڕوو پێبەرم،
ئیتر نەبینم. ٢,٢,١٧٠
فەلەک، شەوت باش، ئازیز، دەخیلتم:
هەر یەک جاری تر با چەرخی بەختم،
بخولێتەوە و
روانین و دەمت، پێ بکەنن بۆم.

## دیمەنی ٢,٣

ئێدگار دەردەکەوێت

ئێدگار:

گوێم لێ بوو یەکێک، بانگی دەکردم،
باش بوو دارێکی پووت و کلۆرم،
لەو ئاستەدا دی و خۆم خستە ناوی.
لەو ڕاوکەرانە، ئیتر ڕزگار بووم.[1]
نەمابوو جێیەک؛
نە بەندەر نە ڕێ، پاسدارەکانی
بۆ گرتنی من، دەوری نەدابێ.
تا ئەو کاتە دێ کە من بتوانم
لێرە دەرباز بم،
زوو بڕیارم دا لە نێوان بەرگی
یەکێکی ئێجگار
داماودا، گیانی خۆم بپارێزم؛
یەکێکی ئاوا، هەرگیز قەت ڕۆژێک
نەبوونی، پیاوی هەندە بەجارێک[2]
سووک نەکردبێت؛ بیکات بە شتێک
لە ئاژەڵ بچێت.

---

١. باسی ئەوساکە دەکات کە باوکی، لەگەڵ چەند کەسێکدا، شەو بە چراوە لە تاریکییەکەدا بەشوێنیدا دەگەڕان و نەیاندۆزییەوە.

٢. نەبوونی: هەژاری، بێ پارەیی.

جا بڕیارم دا لە قوڕ و چڵکاو،
ڕوو و دەموچاوی خۆم هەڵبکێشم.
لە دەوری سمتم،
جاجمی کۆن و دڕاو بپێچم،
بە گرێ و پرژی،
قژەکانی خۆم بئاڵۆزێنم.
جا بە پێ و لەشی ڕووتەوە بچم
ڕووبەڕوو دژی
زریان و زوڵمی ئاسمان بوەستم.
لادێ بەرگری لە ژیانم بکا و[١]
سواڵکەرەکانی (بێدلەم) ببن بە
پێشڕەوی ژینم.[٢]
ئا لەو جۆرەی کە[٣]
بە دەستی سڕ و ڕووتی مردوویدا،
دڕک و دەرزی و
بزماری تەختە و میخ دادەکوتێ و
بە دەنگی بەرزی نەڕەنەڕی دێ.
جا بە ئەو دیمە سامناکانەوە،
ئەو لادێییە قوڕبەسەرانە،
لە بێستانەکان،

١. لە شار خۆی دوور دەکاتەوە و لە لادێکاندا بە سواڵکردن دەژی.

٢. سواڵکەرەکانی بێدلەم: خەستەخانەیەکی شێتان وەختی خۆی هەبووە بەناوی جێی لەدایکبوونی حەزرەتی عیساوە (بێت لەحەم Bethlehem) ناو نراوە. هەندێک لە سواڵکەرەکان وەک ئەو شێتانە خۆیان دەنواند بۆ ئەوەی سەرنج و سۆزی خەڵکەکە بەرەو خۆیان رابکێشن؛ بەڵکو پارەیان بدەنێ. "ئێدگار"یش خۆی وەکو ئەوان لێ دەکات.

٣. ئا لەو جۆرانەی: ئا لەو جۆرە شێتە سواڵکەرانەی.

له جێی پەروەردەی مەڕ و بزنیان،
یان لە ئاشەکان، دەدۆزنەوە.
بەپاڕانەوە، یان جنێو پێدان، ٢,٣,٢٠
ناچاریان دەکەن، خێریان پێ بکەن.
ئاخ، "تۆم"ی هەژار، هێشتا شتێکیت.[١]
بەڵام، تۆ، ئێدگار، تا شێتێکیش نیت.

١. ئەو جۆرە سواڵکەرە ساختەچییانە زۆرجار ناوی خۆیان دەنێن (تۆم). "ئێدگار"یش ناوی خۆی دەنێت (تۆم).

## دیمەنی ٢,٤

لییەر و کەودەن و پیاوێکی خانەدان دەردەکەون

لییەر:

سەیرە کە ئاوا لە ماڵ دەرچوون،
بێ ئەوەی بۆ لام،
پەیامبەرەکەم، بنێرنەوە.

خانەدان:

دوێنێ ئێوارە، وەکو بزانم،
نیازیان نەبوو، ئەم گەشتە بکەن.

کێنت: (خەبەری دەبێتەوە)
بەخێر بێیت، بەگم، شای شکۆدارم.

لییەر:

ها،
وا بە ریسوایی، کاتی سرەوتی[١]
خۆت، رادەبوێری؟

کێنت:

نەخێر، سەروەرم.

کەودەن:

ئای، سەیری بکەن،
گۆرەویی سەختی لە پێ کردووە.[٢]

---

١. سرەوت: دانیشتن بۆ حەسانەوە. هێمنی.

٢. سەخت: رەق. مەبەستی لە کۆتە تەختەکەیە؛ نەرم نییە، ڕەقە.

ئەسپ، لە سەریەوە، دەبەستریتەوە.
سەگ و ورچەکان، لە ملیانەوە.
مەیموون، لە ناوچەی کەمەرییەوە،
مرۆڤ، لە پێوە.
ئەگەر پیاو قاچی، زیاد لە ئاسایی،
ئاڵۆشاوی بێت،
گۆرەویی تەختەی لە پێ دەکرێت.[1]
لییەر: (روو دەکاتە کێنت)
ئەو کەسە کێ بێت،
ئەوەندە هەڵەی گەورەی کردبێت،[2]
بەرامبەر پایەت،
تاکو لێرەدا ئاوا بەندت کات؟
کێنت:
سەروەرم، هەردووک؛ کچ و کوڕەکەت.
لییەر:
نا.
کێنت:
ئا.
لییەر:
من پێت دەڵێم، نا.
کێنت:
من پێت دەڵێم، ئا.

١. پیاوی بەئاڵۆش، ناحەسێتەوە، هەر دەگەڕێت ( قاچەکانی ئاڵۆشیان تیادایە). گۆرەویی تەختەیان لە پێ دەکرێت بۆ ئەوەی نەجووڵێنەوە.
٢. ئاخۆ ئەو کەسە کێ بێت ئەوەی هەڵەیەکی ئەوەندە گەورەی کردبێت؛ نەیزانیبێت کە تۆ کەسێکی پایەبەرزیت، نوێنەری منیت و نابێت بەمجۆرە مامەڵە بکرێیت.

لییەر:

نا، نا، قەت ناشێت ئەوان وابکەن.

کێنت:

با، کردوویانە.

لییەر:

من، بە یووپیتەر،

سوێند دەخۆم ئەوان شتی وا ناکەن.

کێنت:

منیش بە یوونۆ،[1]

سوێندت بۆ دەخۆم کە کردوویانە.

لییەر:

چۆن، حەدیان چییە شتی وا بکەن؛ ٢٠, ٤, ٢

نایکەن و نایکەن؛

خۆ ئەمە لە پیاوکوشتن بەدترە؛

لە جێی رێزگرتن،

کردەوەیەکی هەندە دڕندە!

بۆم روونکەرەوە، خێرا دەستبەجێ؛

تۆ چیت کردووە،

تاکو پاداشتی وا شایەنت بێ![2]

یاخۆ لەبەرچی

وا مامەڵەی خراپ دەکرێی.

خۆ دەیانزانی نوێنەری منی!

کێنت:

لەو کاتەی، بەگم، من لە ماڵیاندا،

---

١. یووپیتەر: گەورەترین خوای رۆمانییەکانە. یوونۆ، ژنێتی. ئەویش خوایەکە وەکو مێردەکەی.

٢. پاداشت: سزا، جەزا.

نامەی جەنابی شکۆدارتانم،
پێ دەگەیاندن،
پێش ئەوەی هەڵسم،
لەو جێگەیەی کە، بۆ ڕێز نواندن،
چۆکم دانابوو،
نامەبەرێکی پیسی بۆگەنم
دی هات بۆ لایان؛
لەبەر پەلەیی،
لە نێوان تینی خۆیدا پیشابوو.[1]
بە هەناسەبڕکێ،
لە " گۆنێریڵ"ی خاتوونەیەوە،
سلاوی گەرمی پێ دەگەیاندن.
نامەیەکیشی هێنابوو بۆیان.
هەرچەند هاتنی
ئەو، دواندنی منی پچڕاند؛
نامەکەی ئەویان، یەکسەر خوێندەوە.
بەوەی تیایدابوو،
زوو پیاوەکانی خۆیان بانگ کرد و
چوون بەرەو ئەسپیان.
بە منیشیان گوت؛
دوایان بکەوم، چاوەڕوانیان بم؛
کەی ئارەزوویان هەڵسا وەرامم
لەگەڵ دەنێرن.
ڕوویەکی ساردیان، پیشان من دەدا .
نامەبەرەکەی

١. ئەوەندە خێرا بە غارکردن هاتبوو، لە گەرما و ئارەقی خۆیدا پیشابوو.

تر، ئەوەی لەویٚ کە تووشی هاتم و
پێشوازییەکەی،
هەستم کرد ژەهری دەدا بەوەی من،[1]
ئەو کابرایە بوو،
ئەوەی کە ئەوسا، جاری ڕابردوو،
ناکەسە دژی جەنابتان وەستا و
بیٚ ڕووییەکی زۆری پیشان دا.
بەگ، منیش، چونکە،
زۆرتر پیاوەتیم، تیابوو لە مەژی،
شمشێرەکەمم هەڵکێشا دژی. ٢,٤,٤٠
هاواری بەرزی، ئەو ترسنۆکە،
ماڵەکەی هەڵسان.
ئیتر، سەروەرم،
کچ و زاواکەت، بڕیاریان وابوو؛
تاوانبارییەکەم، دەهێنێت کە من
ئەم شەرمەزارییەی ئێستام بچێژم.
کەودەن:
زستان، کۆتایی نەهاتووە گەر ٢,٤,٤٥
قاز و مراویی کێوی هێشتا هەر
بە ئاسمانەوە لەولا بفڕن. (بە گۆرانییەوە دەڵێت)
ئەو باوکەی شڕە، دەکاتە بەری،
زۆرجار منالی
خۆی، بیٚ چاو دەکات.
ئەو باوکەی کیسی بەدەستەوەیە،
دڵنەرم و سەخی

١. ژەهری دا بەو پێشوازییەی کە دەکرام و کوشتی.

منداڵەکانی، دێنە بەرچاوی.[1]
بەخت، قەحبەیەکی تەواو تەواوە،
بۆ هەژار دەرگە، قەت ناکاتەوە.
بۆیە، تۆ بەدەست کچەکانتەوە،
تووشی ئەوەندە پەژارە دەبی؛
ساڵێکت دەوێت بیانژمێری.

لییەر:

ئەم مناڵدانەم، دەئاوسێت و
بەرەو دڵمەوە، بەرز دەبێتەوە.[2]
هیستێریای سۆزی، دەی بۆ خوارەوە.
ئاخ، ئەو خەفەتەی کە سەردەکەوی،
جێگەی ئاسایی تۆ، خوارەوەیە. (کچەکەی دێتەوە بیر)
کچەکەم کوانێ؟

کێنت:

لەگەڵ "دیوک"دا، لە ژوورەوەیە.

لییەر:

دوای من نەکەویت؛ لێرە بمێنە. (دەڕوا)

---

١. ئەو باوکەی جلوبەرگەکەی شڕ بێت، منداڵەکانی خۆیان وا دەنوێنن وەکو نەیبینن. چاوی خۆیان کوێر دەکەن بۆ ئەوەی ئەو دیمەنە ناچاریان نەکات بچن جلی تازەی بۆ بکڕن. بەڵام ئەو باوکەی کیسی پارەی بە دەستەوەیە، منداڵەکانی مەرایی دەکەن و دڵنەرم و سەخی لە بەرچاوی باوکیاندا دەردەکەون.

٢. ئەو کچانەی کە گەورە دەبن و شوویان نەکردووە، بەپێی بیروباوەڕی کۆن، مناڵدانەکانیان دەئاوسێت و بەرەو دڵیانەوە بەرز دەبێتەوە. بەهۆی ئەوەوە جار بەجار هەناسەیان دەگیرێت و تووشی هیستێریا دەبن. لییەر، لێرەدا، دەیەوێت بڵێت پیاوەتیم تێدا نەماوە وەکو ژنم لێ هاتووە و تووشی هیستێریای سۆزی (هیستێریای عاطفی) دەبم و دڵ و دەروونم دەورووژێن.

خانەدان:

جگە لەوەی کە
خۆت گێڕاتەوە، ئاخۆ دژی تۆ،
هیچ تاوانباری تر نەکراوە؟

کێنت:

نا.
ئەوە چۆنە، شا،
ژمارەیەکی هەندە پچووکی
لەگەڵ هاتووە؟

کەودەن:

گەر تۆیان لەبەر
ئەم پرسکردنە، بەند بکردایە،
ئەو گۆرەوییە، شایانت دەبوو.

کێنت:

ئای، کەودەن، بۆچی؟

کەودەن:

دەتنێرین بچی بۆ لای مێلوورە،
تا فێرت بکات،
کە لە زستاندا، کار نییە بیکات.[1]
ئەو کەسەی
کە دوای لووتی دەکەوێت
ئەگەر کوێر نەبێت
هەمیشە چاوی، بەڕێوەی دەبات.
لە بیست لووتیشدا، لووتێک نابینی

١. مێلوورە، کاری خۆی دەزانێت. لە زستاندا ئیشی پێ ناکرێت. لییەر، ئێستا لە کاتی زستانیدایە. هیچ سوودێکی نابێت بۆت.

نەتوانێت بۆنی پیاوی گەنیو کات.[1]
گەر پێچکەیەکی مەزنی گەورە،
لە گردێکەوە بتلێتەوە،
خۆت هەڵنەواسی پێوەی، با بڕوات،
نەوەکو ملی خۆت بشکێنی.
بەڵام گەر گەورە،
بەرەو سەرەوە هەنگاو هەڵهێنێت،
با لەگەڵ خۆیدا، تۆش رابکێشێت.
ئەگەر پیاوێکی زیرەک و دانا،
هات ئامۆژگاریی باشتری کردی،
ئەوسا ئەوانەی خۆم، بدەرەوە.
چونکە نامەوێت، جگە لە ناکەس،
دوای ئامۆژگاریی کەودەن بکەوێت.
ئەوەی خزمەتت دەکات و هەردەم
بە شوێن قازانج  و شێواز دەگەڕێ،
هەر باران باری، زوو کەلوپەلی
کۆ دەکاتەوە و
لەناو زریاندا، بەجێت دەهێڵێ.
بەڵام کەودەن، نا.
کەودەن لەگەڵتا، دەمێنێتەوە.
رێگەش بە دانا، دەدات ڕابکا.
ناکەس، خۆی دەکا
بە کەودەن و زوو خۆی رزگار دەکا.
بەڵام کەودەن قەت ناکەسی ناکا.

---

١. مرۆڤ، دوای بەرژەوەندیی خۆی دەکەوێت. پیاوی پیری بێ پوول و پارە، وەکو لییەر، سوودی بۆ کەس نییە. وەکو مردوویێکی گەنیو وایە.

کێنت:

کەودەن، تۆ لە کوێ ئەمانە فێر بوویت

کەودەن:

لەناو کۆتەکەی تۆدا نا، کەودەن. (لییەر و گلۆستەر دەردەکەون)

لییەر:

لەگەڵما، نادوێن؟
بیمار و ماندوون؛
شەوەکە، هەمووی بە رێگەوە بوون؟
ئەمانە، بیانوون؛
دژم، یاخی بوون.
تەنیا خۆیان لێم، دەدزنەوە.
دە وەرامێکی باشترم بەنێ.

گلۆستەر:

گەورەی ئازیزم،
تۆ، خۆت رەوشتی
گەرمی گڕگرتووی دیوک دەزانی،
دەزانیت کە چەند
ئەو سوورە لەسەر بیر و بڕیاری.

لییەر:

ئاخ، تۆڵەسەندن!  ئاخ مەرگ!
ئاخ تاعوون! ئاخ، سەرلێشێواوی!
چییە گڕگرتوو، چۆن رەوشتێکە؟
گلۆستەر، ئاخر پێویستە ئێستا،
لەگەڵ "دیوک" و ژنەکەی بدوێم.

گلۆستەر:

گەورەی بەرێزم، پێم راگەیاندوون.

لییەر:

پێت ڕاگەیاندوون؟
ئەرێ، کابرا تۆ، تێ دەگەیت لە من؟

گلۆستەر:

بەڵێ، سەروەرم.

لییەر:

شا، لەگەڵ کۆرنوەڵ دەیەوێت بدوێت،
باوکە ئازیزە خۆشەویستەکەی،
دەیەوێت لەگەڵ کچەکەی بدوێت.
دەفەرموێت،
دەبێت خزمەت بکرێت.
ئەمەت، پێ گوتوون؟ ٢,٤,١٠٠
من بە هەناسە و خوێنم سوێند دەخۆم –
هێی، هێی، گڕگرتوو! "دیوک"ی گڕگرتوو؟
بڕۆ بەو "دیوک"ە جۆشنە بڵێ؛[1]
لییەر دەیەوێ –
بەڵام، جارێ نا؛ نەوەک بیمار بێ.
چونکە بیماری،
پیاو وا لێ دەکات کە گوێ نەداتە
ئەوەی تەندروست، هەر بە ئاسایی،
دەیکا و بە ئەرکی خۆی دەزانێ.
سروشت، نەخۆشی کە پەستی دەکات،
فەرمان دەردەکات؛
بۆ مەژی، بەشێک[2]

---

١. جۆشن؛ سەرگەرم، وروژاو.
٢. مێژی؛ مێشک.

له ژانی لەشی دەبێت بچێژێت.
پێویستە هەندێک ئارامم هەبێت؛
گوێ لە داخوازی ویستی زۆردارم،
من، نابێت بگرم؛
وتەی پیاوێکی بیمار و ناساغ
بچم وەربگرم
وەک هی یەکێکی تەندروست و ساغ.
پایەی بڵندم، با مەرگ بەشی بێت![1] (سەیری کێنت دەکات)
بۆچی لێرەدا، وا دانراوە؟[2]
ئەم کردەوەیە، وا لە من دەکات
کە بڕوام هەبێت؛
ئەم گەشتکردنەی میر و ژنەکەی،
خۆڕایی نەبێت.
دە پیاوەکەم با، بەڕەڵا کرێت. (روو دەکاتە گلۆستەر)
بڕۆ بە دیوک و ژنەکەی بڵێ؛
ئێستا، دەستبەجێ،
ئەمن، دەمەوێت لەگەڵیان بدوێم.
پێیان بڵێ بێن، تا گوێم لێ بگرن.
ئەگینا، دەچم
بە دەرگەی ژووری نوستنەکەیان،
دەهۆڵ لێ دەدەم.
تا بە وەڕینی،[3]

١. ئیتر گوێ نادەمێ ئەگەر خەڵکی رێزی پایەی بڵندم نەگرن.
٢. مەبەستی لە " کێنت"ە.
٣. دەنگی دەرگــە لێـدانەکــەم وەکــو وەڕینی ســەگ دوای نوســتنەکــەیان دەکــەوێت. نوستنەکەیان لە ترساندا لەناو چاویاندا دەکوژێت و ئیتر قەت نانوون.

لەناو چاویاندا، نوستن دەکوژم.

گلۆستەر:

ئومێدم وایە

هەمیشە باش بن لەگەڵ یەکتری.

لییەر:

وەی لە من دڵم، دڵی هەڵهاتووم،

دەی بۆ خوارەوە، نزم بەرەوە.[١]

کەودەن:

هاوار بەسەریا بکە خاڵۆ، دەی،

وەکو ئەو ژنەی

جارێک مارماسی، هەر بە زیندوویی،

لەناو هەویری ناندا دەبرژاند.

ئەوەی کە سەری بەرز دەکردەوە[٢]

بۆ هەناسەدان،

داری دەکێشا بە تەپڵی سەری

مارماسییەکەدا و هاواری دەکرد؛ ٢,٤,١٢٠

ئا دەی سەرسەری،

دەی بۆ خوارەوە، نزم بەرەوە.[٣]

برای ئەو ژنە، ئەوە بوو ئەوەی

---

١. هەویر کە هەڵدێت، دەئاوسێت. "لییەر"یش لە داخا دڵی ئاوساوە. داوای لێ دەکات نزم بێتەوە بۆ خوارەوە.

٢. ئەوەی: ئەو مارماسییەی.

٣. جۆرە خواردەمەنییەک هەیە؛ مارماسی یاخۆ ماسی دەخەنە ناو هەویرەوە، ئینجا پێکەوە دەیانبرژێنن. ژنێک، مارماسییەکانی بە زیندوویی خستووەتە هەویرەکەوە؛ ئەو مارماسییەی سەری لە هەویرەکە دەرهێنا، بۆ هەناسەدان، ژنەکە دارێکی دەکێشا بە تەپڵی سەری مارماسییەکەدا و پێی گوت "ئا دەی سەرسەری، دەی بۆ خوارەوە نزم بەرەوە".

ئەوەندە باش بوو لەگەڵ ئەسپەکەی؛
بە رۆن کایەکەی، بۆ چەور دەکرد.[1]
(کۆرنوەڵ، رێگان، گڵۆستەر و چەند نۆکەرێک دەردەکەون)
لییەر:
رۆژی هەردووکتان، باش و شادمان بێ.
کۆرنوەڵ:
بژیت، سەروەرم. (کێنت لەم کاتەدا ئازاد دەکرێت)
رێگان:
شادمانم پایەی بەرزتان ببینم،
لییەر:
ئا، رێگان، بەڵێ،
من وا دەزانم دەبێت شادمان بی.
دەشزانم بۆچی من وا دەزانم؛
چونکە ئەگەر تۆ، شاد نەبوویتایە،
گۆڕەکەی دایکتم، من تەڵاق دەدا.[2]
چونکە ئەوساکە من تێ دەگەیشتم؛
زیناکەرێکی تیا نێژراوە. (روو دەکاتە کێنت)
ها، بەرەڵا بوویت؟
دەربارەی ئەوە، بۆ کاتێکی تر. (کێنت دەڕوات)
رێگان، ئازیزم،
خوشکەکەت ناکەس،
زۆر ناکەس دەرچوو؛ (ئاماژەی دڵی دەکات)
ئا بێرەمەوە، دڵڕەقییەکی
دان تیژ و هاری ئاوای بەستەوە،

١. ئەسپ، کای رۆناوی ناخوات.
٢. دایکتم بە مردوویش تەڵاق دەدا و حاشام لە گۆڕەکەی دەکرد.

وەک هەڵۆیەکی گەلێک دڕندەی
بەردابووبێتە دڵ و جەرگمەوە.[١]
وتە لە قوڕگم،
دەرناچێت بۆتی بگێڕمەوە؛[٢]
بڕوام پێ ناکەیت، بە شێوازێکی
چەند بێ ئابڕوویی مامەڵەی کردم.
ئاخ، ڕێگان، کچم!

ڕێگان:

تکات لێ دەکەم،
گەورەم، با هەندێک، ئارامت هەبێت. ٢,٤,١٣٥
من هیوادارم، کە تۆ نەزانی
چۆن نرخی ڕەنجی گرانی بگری.
نەک کە ئەو کەم و
کورتی کردبێت لە ڕێزگرتنت.

لییەر:

ئەوە دەڵێیت چی؟ مەبەستت چییە؟

ڕێگان:

قەت باوەڕ ناکەم، بە ئاستەمێکیش،

---

١. لێرەدا لییەر مەبەستی لەم چیرۆکە ئەفسانەیییەیە: پرۆمێسیەس، دێوێک بوو مرۆڤی خۆش دەویست. دەیزانی مرۆڤ پێویستی بە ئاگر هەیە بۆ چێشت لێنان و خۆگەرمکردنەوە. لە زیۆس، گەورەی خوایەکان، ئاگر دەدزێت و بڵاوی دەکاتەوە لەسەر رووی زەمین. کە زیۆس، پێی دەزانێ، سزای دێوەکە دەدات؛ لەسەر شاخی قەفقاز دەیبەستێتەوە و هەموو رۆژێک هەڵۆیەک دەنێرێت سکی هەڵدڕێ و جگەری بخوات. شەو سەرلەنوێ جگەرێکی تازەی بۆ دروست دەکرد. بەو جۆرە ماوەتەوە تا بەتەواوی پیر بووە. رۆژێکیان هەرقل دەیبینێت چۆن هەڵۆکە جگەری دەخوات، زۆر بەزەیی پێدا دێتەوە، رزگاری دەکات.

٢. گریانی دێت کە دەیگێڕێتەوە.

که خوشکەکەی من،
ئەرکی سەر شانی خۆی نەکردبێت.
گەر رێککەوتبێت ئەو بەندوبەستی
هەرا و ئاشووبی
پیاوەکانتی، جار جار کردبێت.
هەردەم کردوویەتی لەسەر بنچێکی
شایستە و سازگار.[١]
که بەهیچ جۆرێک ئەو سەرزەنشتی
نابێت بکرێت.

لییەر:

لەعنەتی لێ بێت.

رێگان:

سەروەرم، پیر بوویت:
سروشت، لەناوتا لەسەر ئەوپەڕی
هێڵی سنووری خۆیدا وەستاوە.
ئەتۆ پێویستە ڕابەرت هەبێت،
یەکێک بێت لە خۆت باشتر بزانێت
تۆ چیت گەرەکە و
چی لە پایەی تۆ، باشتر دەگونجێت.
لەبەر ئەوە من، تکات لێ دەکەم
بگەڕێرەوە بۆ لای خوشکەکەم.
پێی بڵێی هەڵەت دژی کردووە.

لییەر:

من، لێبووردن لەو، بچم بخوازم؟
ئاخۆ دەتوانی وێنای دیمەنی

---

١. لەسەر ئەساسێکی مستەحەقانە و باش کردوویەتی.

ئا ئەوە بکەیت، تاکو بزانی
لە پایەی بەرزی من چەند دەگونجێت؟
کچی ئازیزم، دەزانم پیرم،
وە هیچ کەڵکێکم پێوە نەماوە. (لەسەر ئەژنۆکانی دادەنیشێت)
بەسەر ئەژنۆوە،
دادەنیشم و دەپاڕێمەوە؛
نەختێک بەزەییت پیامدا بێتەوە؛
جل و خواردن و جێگەی نوستنم،
بۆ دابین بکەیت.

ڕێگان:

گەورەی بەڕێزم، ئیتر بەسێتی.
فێڵ و کەڵەکی
کرێت لەگەڵمان بەکار دەهێنی.[1]
بگەڕێرەوە بۆ لای خوشکەکەم.

لییەر:

نا، ڕێگان، هەرگیز من ئەوە ناکەم:
نیوەی نۆکەر و پیاوەکانمی
لێ سەندمەوە.
بە سەیرکردنی، ریسوای دەکردم،
بە زمانی دڕی وەک کوڵە مارێک
بە ناخی دڵی منەوەی دەدا.
دەک خوایە هەرچی
تۆڵەت لە گەردوون کۆ کردووەتەوە،
هەمووی بە جارێک،
لەم نمەک کوێرەی بسەنیتەوە.

١. کرێت؛ ناشرین.

خۆزگە زریانی زیانبەخش ئێستا،
لە ئێسکی گەنجی دەدا و شەل دەبوو.

کۆرنوەڵ:

گەورەم بەسێتی. شەرم و شوورەیی!

لییەر:

برووسکەی چالاک،
ئاگر و گڕی دیدە کوێرکەرت
بهاوێژە ناو
ئا ئەو چاوانە ڕیسواکەرانەی.
ئەی پیسە هەڵاو،
ئەوەی بە هێز و گەرماییی هەتاو،
پێک هاتوویت لەناو زەلکاوەکاندا،
بە ئاوڵەی درم، رووی وێران بکە.

ڕێگان:

ئای، خوای گەورە!
باوکە، لە کاتی
دڵتەنگی و پەستی و هەڵەشەییدا،
بۆ منیش، ئاوا لە خوا دەخوازی.

لییەر:

نا، نا، ڕێگان، قەت
من تۆ بە لەعنەت ناکەم وەکو ئەو.
سروشتی نەرمت، هەرگیز ناهێڵێت
تیژی لە دژی من بەکار هێنی.
ئەو تێڕوانینی، سارد و دژوارە
ئەوەی تۆ، گەرم و خزمەتگوزارە.[1]

١. خزمەتگوزار: ئەو کەسەی بە روویەکی خۆشەوە پێشوازیی میوان دەکات، ڕێزی دەگرێت و خزمەتی دەکات.

تۆ لەو جۆرە نیت بوەستیت دژی
داخوازییەکانم؛
نیوەی ژمارەی نۆکەرەکانم،
لە من ببڕی.
یاخۆ زمانت لەگەڵ زمانم
وشە و وتاری
رەق و ناشیرین بگۆڕێتەوە.
یاخۆ پێویستی بوون و ژیانم،
لە من ببڕی.
لە کۆتاییشدا،
بە ڕوومدا دەرگەی ماڵت پێوە دەیت.
تۆ لە رەوشتی
ژیان و سروشت، شارەزاتری؛
نرخی پێوەندیی کاتی منالّی،
دەگری و دەزانی و باش ئاگەداری
لە کاریگەریی
رێز و ئابوونەی سوپاسگوزاری.[1]
لە بیرت ناچێت
کە ئەو نیوەیەی مەملەکەتەکە،
ئەوەی بە موڵکی خۆتی دەزانی،
من بە تۆم بەخشی.[2]

١. سوپاسگوزار: ئەو کەسەی کە چاکەی لە بیر ناچێتەوە و هەمیشە سوپاسی ئەو کەسە دەکات کە چاکەی بۆ کردووە. منالّ، نابێت ئەو پێوەندییە جوانەی لە بیر بچێتەوە، ئەوەی کە بە منالّی لەگەڵ دایک و باوکی خۆیدا هەیبووە؛ هەمیشە دەبێت رێزیان بگرێت و ئابوونەی سوپاسگوزاریی لە بیر بێت.
٢. لیەر، مەملەکەتەکەی خۆی بەش کرد لە نێوان گۆنێریڵ و رێگان. هیچی بۆ خۆی نەهێشتەوە و هیچیشی نەدا بە کۆردێلیای کچی. چونکە ئەو مەرایی بۆ نەکرد.

ڕیگان:

گەورەم، ئیتر دەی، بۆ مەوزووعەکە.

لییەر:

کێ بوو ئەوەی کە

نوێنەرەکەمی خستە کۆتەوە؟

(لەو کاتەدا دەنگی بلوێر دێت و ئۆسوالْد دەردەکەوێت)

کۆرنوەڵ:

ئەرێ ئا ئەوە، بلوێری کێیە؟

ڕیگان:

ئەوە بلوێری

خوشکەکەی خۆمە؛ دەیناسمەوە.

ئەوەی نووسیبووی، دەیهێنێتە دی؛ ٢,٤,١٨٠

کە خێرا خۆشی بۆ لای ئێمە دێت. (ڕوو دەکاتە ئۆسوالْد)

خاتوونەکەتە؟

لییەر: (ئۆسوالْد دەبینێت)

ئەو ناکەسەیە.[١]

ئەوەی سەربەرزیی

قەرز کردووە و دەژێت بە خێری

ئەو خاتوونەی کە

ئەم، لە دوایەوە دەڕوا و دەوەستێ.[٢]

دەی، هەتیو، ون بە؛

لە بەرچاوی من، نەمێنیتەوە.

---

١. لییەر، مەبەستی ئەوەیە کە ئۆسوالْد، پیاوێکی ناکەسی بێ نرخە. ئەو سەربەرزییەی کە پیشانی دەدات، هی خۆی نییە؛ خاتوونەکەی ڕێگەی داوەتێ هەیبێت.

٢. ئەو خاتوونە " گۆنێریڵ"ی کچیەتی.

کۆرنوەڵ:

گەورەم، مەبەستی جەنابت چییە؟ (گۆنێریل دەردەکەوێت)

لییەر:

کێ بوو ئەوەی کە
نۆکەرەکەمی، خستە کۆتەوە؟
رێگان، ئومێدم
تەنیا بەوەیە؛ کە تۆ هیچ ئاگات
لەم کردەوەیە، نەبووە و نییە.
ئەوە کێیە هات؟ (گۆنێریل دەبینێت)
ئای، یەزدانەکان!
گەر بەزەییتان بە پیر دێتەوە،
وە گوێ لە نزا و نوێژی دەگرن،
وە خۆشتان پیر و تەمەن درێژن،
وەرنە خوارێ، لایەنگرم بن! (روو دەکاتە گۆنێریل)
شەرم ناتگرێت،
کە سەیری ئا ئەم
ریشەی من دەکەی؟
(رێگان دەستەکانی خۆی بۆ خوشکەکەی درێژ دەکات)
ئاخ، رێگان، هێشتا،
دەستەکانتی بۆ درێژ دەکەی؟

گۆنێریل:

بەگم، پێم ناڵێی
بۆ دەستەکانیم، بۆ درێژ نەکات؟
چیم کرد و بە چی دڵم شکاندوویت؟
ئەوانە، هیچیان تاوانباری نین؛
ئەوانەی چاوی

ناژیری بەدی دەکات و مێشکی
خەڵفاو یەکسەر بڕوای پێ دەکات.[1]

لییەر:

ئاخ، پەراسووەکانم،
ئای کە بەهێز و پتەو و جیڕن![2]
هەر بەرگە دەگرن؟
ئەوە چۆن رووی دا نوێنەرەکەی من،
بەمجۆرە بەند بکەن؟

کۆرنوەڵ:

بەگ، بە بڕیاری
من ئەو لەوێدا ئاوا بەند کرا.
ئاشووب نانەوەی
ئەو، بەگ، بەڕاستی
پاداشتدانەوەی
هەر گەلێک کەمتر، شایستەیەتی.[3]

لییەر:

تۆ؟
ئەرێ تۆ کردت؟

رێگان:

تکات لێ دەکەم، باوکە، لاوازی.

---

١. ئەوانەی چاوی ناژیری دەیانبینێت و مێشکی خەڵفاو بڕوای پێ دەکات، تاوانباری نین.
٢. دڵی لە خەفەتدا ئەوەندە ئاوساوە و ئەوەندە بەهێز لێ دەدات، نازانێت چۆن پەراسووەکانی دەتوانن بەرگەی بگرن.
٣. ئاشووب نانەوە: ئاژاوەنانەوە. پاداشت: جەزا.
لێرەدا کۆرنوەڵ، بە گاڵتە پێکردنەوە وەلامی لییەر دەداتەوە. مەبەستی ئەوەیە بڵێت "ئەو مستەحەقی سزادانێکی زۆر لەوە زیاترە."

واش خۆت بنوێنه.[1]
گەر تا کۆتاییی
مانگەکەت بچی و[2]
بگەڕێیتەوە بۆ لای خوشکەکەم،
نیوەی یاوەر و شاسوارەکانت
بەڕەڵا بکە. ئەوسا دەتوانی
بێیت لای من بژی.
ئێستا لە ماڵی خۆمەوە دوورم
ئەوەی پێویستە
بۆ میوانداری و خزمەتکردنت،
ئێستاکە بە من، دابین ناکرێت.

لییەر:

بگەڕێمەوە دیسان بۆ ئەوێ؟
پەنجاش لە پیاو و
نۆکەرەکانم، بەڕەڵا بکەم؟
نا، خۆشترە لام،
سوێند بخۆم؛ هەرچی
سەربانە، ئیتر نەنووم لە ژێری،
هەر خۆم بە تەنیا، بجەنگم دژی
کەش و رەشەبا؛[3]
نوقرچی تیژی پێویستی ژیان[4]

---

١. وەکو چۆن تۆ ئێستا پیاوێکی بێ دەسەڵاتیت، بەو جۆرەش خۆت بنوێنە.
٢. بڕیار وابوو کە لییەر، هەر مانگی لە ماڵی یەکێک لە کچەکانی بژی.
٣. کەش؛ مەناخ.
٤. ئەگەر لییەر لەژێر سەرباندا نەنوێت، دەبێت لە کێودا بژی. ئەوساکە دەبێت خەبات بکات دژی رەشەبا و زریان و ئازاری نوقورچی تیژی پێویستی ژیان بچێژێت و ببێت بە دۆستی گیانەوەرە دڕندەکان.

من، بچێژم و ببم بە دۆستی
گورگ و پەپووەکان.
لەگەڵیا بڕۆم، بگەڕێمەوە؟
خۆ ئەگەر وا بێت
بۆ لای مەلیکی فرەنسا دەچم،
ئەو کوڕە گەنجە
خوێن گەرمەی کە هات،
بەبێ مارەیی،
کچە گەنجەکەی منی هەڵبژارد،
ببێت بە ژنی.
دەچم لە بەرپێی، تەختی شاهانی
چۆک دادەنێم و دەپاڕێمەوە؛
وەک نۆکەرێکی پیری داماوی،
خانەنشینیم بۆ ببڕێتەوە[١]
ژیانی ریسوامی پێ ببەمە سەر.
لەگەڵیا بڕۆم، بگەڕێمەوە؟
پێم خۆشتر دەبوو، رازی بکرێم؛
ببم بە بەندەی یان بە ئێستری (ئاماژە دەکات بەرەو ئۆسواڵد)
ئا ئەم مەیتەرە ئێسک گرانە.

گۆنێریڵ:

بەگی بەڕێزم، ئارەزووی خۆتە.

لییەر:

بەسە کچەکەم، تکات لێ دەکەم
هەر شێتم مەکە.
ئیتر زەحمەتی بە تۆ ناکێشم،

١. خانەنشینی؛ تەقاعودی. لییەر، دەزانێت کە شای فرەنسا، پیاوێکی نەجیبە.

ئەسپەردەی خوا بی.
لەمەولاش ئێمە،
نە لە یەک جێگە کۆ دەبینەوە
نە جارێکی تر یەکتر دەبینین.
بەڵام هێشتا تۆ، گۆشت و خوێنمیت؛
تۆ کچی منیت،
یاخۆ دەردێکیت لەناو گۆشتمدا،
ناچارم بڵێم کە تۆ هی منیت.
تۆ دومەڵێکیت، یان تیراوێیەک
لەناو ئەم خوێنە ناپاکەی مندا.
لۆمەی تۆ ناکەم: با شەرمەزاری
خۆی بۆ سەردانی
دڵ و دەروونی تۆ بێت، کەی ویستی؛
من بانگی ناکەم.
لە خواش ناخوازم برووسکەکانی
بۆ تۆ هەڵبدات.
لە دادگەی خواشدا، من باست ناکەم.
بە ئارەزووی خۆت، هەچ کاتێک ویستت،
چاک ببەرەوە؛
بە ئارام دەبم، خۆم و سەد سوارم،
دەتوانم لەلای رێگانی کچم
بمێنمەوە.
رێگان:
نا، نا، بەڕێزم، بەو جۆرە نابێت.
شوێن و رێ دەبێت ئامادە بکرێت،
من چاوەڕوانی هاتنت نەبووم

تا ئامادە بم
پێشوازییەکی شایستەت بکەم.
گوێ لە خوشکەکەم بگرە سەروەرم؛
ئەو، ئەو کەسەیە
کە ژیریی خۆی و سۆزی جەنابت
تێکەڵ یەکتری دەکا و تێ دەگات[١]
کە تۆ پیاوێکی بێهێز و پیری[٢]
ئەو دەزانێ چی پێویستە بکات.

لییەر:

تۆ وا دەزانی؟

رێگان:

گومانم نییە.
ئای، پەنجا شوێنکەوت! هێشتا لات کەمە؟[٣]
لەوە زیاترت ئاخر بۆ چییە؟
ژمارەیەکی ئەوەندە گەورە،
مەترسیی هەیە و مەسرەفی زۆرە.
چۆن لە یەکماڵدا،
بە سەرۆکداریی دوو کەس ناکۆکی
ناکەوێتە ناو ئەندامەکانی؟
گرانە، بگرە،
قەت رێک ناکەوێت.

---

١. خوشکەکەم، ژیریی خۆی لەگەڵ سۆز و هەڵەشەییی تۆدا تێکەڵ یەکتری دەکات؛ دەزانێت چۆن دانایی و ژیریی خۆی بەکار بهێنێت و لە سۆز و هەڵەشەییی تۆش تێ بگات.

٢. وتەکانی خۆی بڕی و تەواوی نەکرد. وەکو لە دێری ٢,٤,١٤٤دا. دیارە نەیدەویست لەوە زیاتر دڵی باوکی خۆی بشکێنێت.

٣. شوێنکەوت؛ ئەوەی شوێنی یەکێک دەکەوێت وەکو نۆکەر و پیاو و یاوەر.

گۆنێریڵ:
گەورەم، ئەی بۆچی، نۆکەرەکانی
من و خوشکەکەم،
نەتوانن هەڵسن بە خزمەتکاری
جەنابی ئێوە؟
ڕێگان:
ئا، گەورەم ، بۆ نا؟
گەر هاتو ئەوسا،
کەموکورتییان دژت پیشان دا،
ئێمە دەتوانین سزایان بدەین.
گەر هاتیت بۆ لام- چونکە من، ئێستا
مەترسیی ئەوە، چییە دەیبینم-
تکات لێ دەکەم کە لەگەڵ خۆتدا
بیست و پێنج شاسوار زیاتر، نەهێنی:
بەو ژمارەیە زیاتر جێ نادەم.
گوێشیان نادەمێ.
لییەر:
خۆ من، کچەکەم،
هەر هەرچیم هەبوو، هەموویم دانێ...
ڕێگان:
وە لە کاتێکی لەباردا، داتێنێ.[١]
لییەر:
ئا من کردمن بە لێپرسراوی
خۆم و گشت موڵک و سامانەکانم.
بەڵام، بەمەرجێک؛

١. دیسانەوە دەیەوێت بە باوکی بڵێت؛ تۆ زۆر پیریت بۆیە مەملەکەتەکەت داینێ.

ژمارەیەکی ئاوام لەگەڵ بێت.
واتە، پێویستە من بۆ لای تۆ بێم
تەنیا هەر لەگەڵ بیست و پێنج کەسدا؟
ڕێگان، وا دەڵێیت؟

ڕێگان:
ئا گەورەم، ئەوە دەڵێم و ئیتر
لەگەڵما نابێت، باسی بکرێت.

لییەر:
بوونەوەری بەد، بەراورد کرێت
لەگەڵ هی بەدتر،
باش دەردەکەوێت.
چونکە ئەو هەرە بەدەکە نییە؛
تاکو رادەیەک،
شایانی هەندێک ستایش دەبێت. (ڕوو دەکاتە گۆنێریڵ)
لەگەڵ تۆ دەڕۆم،
خۆ پەنجاکەی تۆ، دوو بیست و پێنجە،
خۆشەویستیشت، دوو ئەوەندەیە.

گۆنێریڵ:
گەورەم، گوێم بەرێ؛
تۆ بیست و پێنجت ئاخر بۆ چییە؟
یان دە؟ یاخۆ پێنج؟
بەدواتەوە بن، لەناو ماڵێکدا
کە دوو ئەوەندە
زۆرتر یاوەری لەناودا هەیە،
خزمەتت بکەن.

ڕێگان:
پیاو، چی کەی دەوێت؟

لییەر:

ئاخ، بە دانایی،
زۆر لە پێویستی، بیر مەکەرەوە؛
ریسواترین و هەرە هەژارتر
سواڵکەری ئێمە،
لەو نەبوونییەی کە تیادایەتی،
هێشتا زۆر شتی هەیە کە زیادەن.
ئەگەر نەیەڵی
مرۆڤ، کە هەندێک زۆرتری هەبێ
لەوەی سروشتی پێویستی دەبێ؛[1]
ئەوسا ژیانی
وەکو هی ئاژەڵ؛ زۆر هەرزان دەبێ.
ئەوا تۆ ئێستا، خاتوونەیەکی؛
ئەگەر جلوبەرگ لەبەر خۆت دەکەی
تەنیا بۆ ئەوەی گەرمت بێتەوە،
بۆ دەبێت جوان بێ؟ ٢,٢,٢٦٥
سروشت پێویستی بەو جلە جوانەی
بەری تۆ نییە.
ئەوەی ئاستەمێ
لەش و گیانەکەت، گەرم دەکاتەوە.
بەڵام ئا ئەوەی، کە من بە راستی
زۆر بە پێویستی دەزانم هەمبێ –
ئاخ، ئاسمانەکان، ئارامم، بەنێ.
ئارامە ئەوەی کە من پێویستیم

١. سروشت: شێکسپیر، زۆرجار وشەی سروشت لە باتیی ژیان یاخۆ زیندوو بەکار دەهێنێت.

پێی هەیە گەلێ.
ئاخ، ئاسمانەکان، لێرە دەمبینن،
کە هەژارێکی پیری داماوم؛
ئەوەندەی گیانم، بە تەمەن پڕە،
ئەوەندەش دڵم، بە سوێ و پەژارە.
بەدەستیانەوە، ئاخ، پەرێشانم.
گەر راستە ئێوەن،
هەستی ناو دڵی دوو کچەکانم
دژ باوکی خۆیان دەورووژێنن،
بە جارێک شێت و بێکەڵکم مەکەن!
بەڵکو بتوانم،
من بە هێمنی ئازار بچێژم؛
با نمەکگیر بم، وەک خانەدانێک.[1]
ئاخ، ئاخ، نەهێڵن چەکی ژنانە؛
دڵۆپی فرمێسک، ئا ئەم روومەتە،
پیاوانەی هەمە، لەکەدار بکات.
بێناموسانە، من تۆڵەیەکی
وا لە هەردووکتان دەسەنمەوە،
کە هەموو گێتی –
شتی وا دەکەم،
ئەوانە، چی بن، جارێ نازانم،
بەڵام ترسناکی رووی زەمین دەبن –
واتان دەزانی من دەگرییێن؛
نا، نا، من ناگریم

١. نمەکگیر: توورە، سوێدار، خەفەتبار. بە تایبەتی کە لە بارێکدا لەگەڵ یەکێکدا چاکە دەکەیت و ئەو بە خراپە، وەرامت دەداتەوە.

هۆم گەلێک زۆرە کە بگریم بەڵام،
تاکو ئەم دڵەم، لەتوپەت نەبێ،
ببێت بە هەزار لەتەوە نابێ
یەک دڵۆپ فرمێسک رەشەبا دەست پێ دەکات)
ئا لەم چاوانەی منەوە دەرچێ.
کەودەن، مێشکم ئەوا تێک دەچێ.
(لییەر و گلۆستەر و کێنت و کەودەن دەڕۆن)

کۆرنوەڵ:

با ئێمە ئیتر بڕۆینە ژووریٌ،
ئەوا بارانە و زریان هەڵدەستێ.

ڕێگان:

ئەم ماڵە هەندێ
پچووکە، جێگەی شاسوارەکانی
ئەم پیاوە پیرە، باش نابێتەوە.

گۆنێریڵ:

هەڵەی خۆیەتی
خۆی هات سرەوتی خۆی لە خۆی شێوان،[١]
پێویستە تامی
ئەم ڕیژگاوییەی هەندێک بچێژێت.

ڕێگان:

دەربارەی خۆی، من،
بە شادمانییەوە، پێشوازیی دەکەم.
بەڵام یەک پیاوی ئەو قبووڵ ناکەم.

گۆنێریڵ:

منیش بڕیارم داوە وا بکەم.

---

١. سرەوت؛ ئیسراحەت.

سانی گڵۆستەر، ئەرێ چی لێ هات؟ (گڵۆستەر دەردەکەوێ)

کۆرنوەڵ:

دوای پیرەمێرد کەوت – ئەوا هاتەوە.

گڵۆستەر:

شا، هەڵچووە و زۆر،
زۆر توورە بووە.

کۆرنوەڵ:

ئەی بۆ کوێ دەچێ؟

گڵۆستەر:

ئەسپ دەخوازێ، بەڵام نازانم
بەرەو کوێ دەچێ.

کۆرنوەڵ:

باشترە ئەگەر رێی بدرێتێ
با خۆی ڕابەری کردەوەی خۆی بێ

گۆنێریڵ: (روو دەکاتە گڵۆستەر)

گەورەم، ها، نەکەی بپاڕێیتەوە
لێی، کە لێرەدا بمێنێتەوە.

گڵۆستەر:

داخی گرانم، ئەوەتا شەو دێ
گێژەڵووکەش وا لوورەلووری دێ؛
بۆ ماوەی زۆر میل تا دەوەنێکیش
لەم ناوچەیەدا،
بگرە، دیار نابێ و نادۆزرێتەوە.

رێگان:

بۆ پیاوی سەرسەخت
ئەو برینانەی، کە بەدەست خۆیان،

له خۆیان دەکەن،
پێویستە ببن بە مامۆستایان.
نۆکەرەکانی کۆمەڵێک پیاوی
پەست و داماون.[1]
دوور نییە گوێیان بداتێ و ئەوان،
بیورووژێنن؛
کردەوەیەکی نائاسا بکا.[2]
دانایی دەڵێ؛ دەبێ بترسین. ٢,٤,٣٠٥
کۆرنوەڵ:
بەگ، دەرگەی  ماڵت ئیتر دابخە.
شەوێکی گەلێک دڕندە و بەدە.
ئامۆژگارییەکەی "ڕێگان"ی ژنم،
بە باش دەبینم؛
لەم گەردەلوولە دەچینە دەرێ.[3]

---

١. داماون، چونکە جێگەیان نییە تیایدا بژین.
٢. پیاوەکانی لەوانەیە پێشنیازێکی وا بخەنە مێشکی "لیەر"ەوە؛ بەو هەموو شاسوارانەیەوە بۆ ئێرە بگەڕێتەوە؛ ماڵەکەمان لێ داگیر بکات و ولاتەکەمان لێ بسەنێتەوە.
٣. کەی دەرگەی ماڵەکە داخرا، گەردەلوولەکە لە دەرەوە دەمێنێتەوە و ڕزگارمان دەبێت لێی.

# پەردەی سێیەم

## دیمەنی ٣,١

هێشتا هەر ڕەشەبایە.
لە دەشتێکدا کێنت (شێوەی خۆی گۆڕیوە) لەگەڵ پیاوێکی
خانەداندا دەردەکەوێت.

کێنت:

کێ لەوێدایە،
جگە لە کەشی بەد و رەشەبا؟[1]

خانەدان:[2]

پیاوێکی لێیە، باری مێشکی،
وەک کەشی دەوری،
زۆر وروژاوە.

کێنت:

دەتناسمەوە. ئەرێ کوانێ شا؟

خانەدان:

لەگەڵ سروشتی تووڕە، جەنگ دەکا.
لە با، دەخوازێت،
زەمین هەڵبدا بۆ نێوان دەریا.
یان بە شەپۆلی ئاوی هاژاوی
زەمین داپۆشێ و وێرانی بکا،

---

١. کەش؛ هەوا و با، رەشەبا.

٢. زۆر روون نییە ئەم خانەدانە کێیە. بەڵام وا دیارە هەر ئەوەیە کە لە دیمەنی (٢,٤) لەگەڵ "لییەر"دا بوو.

یان چاکی بکا.
پرچە سپییەکەی خۆی دەڕنێت و
زریانی کوێربوو، لە تووڕەییدا،
بە گوژمەکانی لێی دەفڕێنێ و
لە بایەکەدا
پەرش و بڵاوی دەکاتەوە بێ
ئەوەی ئاستەمێ ڕێزی لێ بگرێ.
لەناو ئەو دنیا
مرۆڤییە گچکەی کە تیایدایەتی،
بەربەرەکانی
لەگەڵ باران و ڕەشەبا دەکا.
ئا لەم شەوەدا، نە دەڵە ورچی
بەچکەدار سەری
لە لانەی گەرمی خۆی دەردەهێنێ،
نە شێر، نە گورگی دڕندەی برسی
دەردەچێت خوریی لەشی تەڕ بکا.
لییەر، بە سەری رووتەوە کەچی،
رادەکا و دەمی ناڵە و هاواری
بێ ئومێدێکی داماو دەردەکا.

کێنت:

کێی لەگەڵدایە؟

خانەدان:

هەر ئەو کەودەنە، ئەوەی هەوڵ دەدا،
بە گاڵتەبازی، برینەکانی
دڵ و دەروونی بۆ تیمار بکا.

کێنت:

من تۆ دەناسم. لەبەر ئەوە من،

بەگم، دەوێرم نهێنییەکی
گەلێک گرینگت پێ راگەیێنم،
هەرچەندە خۆیان دەیشارنەوە
بە رووالەت و درۆ و فێڵبازی؛
گەورەم، ناکۆکی کەوتووەتە نێوان
دیوکی کۆرنوەڵ و دیوکی ئەلبەنی.
بەردەستە و پیاویان زۆر لە ماڵدایە،
وەک هەموو ماڵە خانەدانەکان.
بە دڵسۆز خۆیان دەردەخەن بەلام،[١]
بۆ شای فرەنسا، رازبەری دەکەن[٢]
دەربارەی باری ولاتەکەمان؛
شەڕ و ناکۆکیی ناو "دیوک"ەکان،[٣]
یاخۆ دەربارەی
ئەو مامەڵە سەختەی
کە هەردووک دەیکەن
لەگەڵ ئەم شایە پیرە باشەمان.
یاخۆ شتێکی قووڵتر؛ ئەمانە،
تەنیا هەر دیوی دەرەوەیەتی.
ئەوەی دەیزانم؛ لە فرەنساوە
سوپا هاتووە بۆ سەر زەمینی
ئەم مەملەکەتە دابەش کراوە.
بەهۆی بێ مەژی و نادانابیمان،[٤]
بۆیان کراوە، بێن بە نهێنی

١. بەردەستەکان، بە دڵسۆز خۆیان دەردەخەن.
٢. راز: نهێنی. رازبەر: نهێنیبەر، جاسووس. رازبەری؛ جاسووسی.
٣. دوو دیوکەکان؛ ئەلبەنی و کۆرنوەڵ.
٤. بێ مەژی: بێ مێشکی

جێگە پێیەک بۆ لەشکرەکانیان،
دابین بکەن لە هەرە باشترین
بەندەرەکانی وڵاتەکەمان.
لەم زووانەدا دەگەنە ئەوەی؛
هەر بە ئاشکرا
ئاڵاکەی خۆیان بەرز بکەنەوە.
دەبا من ئەمەت ئێستا پێ بڵێم؛
تا رادەیەک گەر بڕوات هەیە پێم،
دەستبەجێ یەکسەر بچۆ بۆ "دۆڤەر".
خەڵکێکی ئاوا لەوێ دەبینی
سوپاست بکەن
بۆ ئەو هەواڵە رەوا و راستانەی
کە پێیان دەڵێی
دەربارەی خۆی، شا و، پەژارەکانی
کە شێتی دەکەن.
بە پەروەردە و خوێن، من خانەدانم؛
ئەمانەی بیستت پێم نەدەگوتی
ئەگەر سەرچاوەی هەواڵەکانم
جێی بڕوایەکی تەواو نەبووایە.
خانەدان:
دەمەوێت زیاتر لەگەڵتا بدوێم.
کێنت:
نا، زیاتر مەدوێ.
هەر لەبەرئەوەی کە تۆ بزانی
کە من کەسێکی گەلێک زیاترم
لەوەی دەمبینی،

ئا ئەم کیسەیە، بە دەستەکانی
خۆت بکەرەوە و ئەوەی تیایەتی
لێی دەربهێنە. (دەیکاتەوە، ئەنگوستیلەیەکی لێ دەردەهێنێت)
لەوێدا ئەگەر " کۆردێلیا"ت بینی،
کە بێگومان تۆ، لەوێ دەیبینی،
ئەنگوستیلەکەی تۆ پیشان بدە.
ئەوساکە باسی من لەو دەبیستی و
تێت دەگەیەنێ
کێیە ئەم پیاوەی کە تۆ نایناسی.
تف لەم زریانە،
من دەچم بەشوێن "شا"دا دەگەڕێم.

خانەدان:

دەستتم بەرێ.
شتێکی ترت نییە پێم بڵێی؟

کێنت:

چەند وتەیەکن،
لەوانەی گوتم زۆر گرینگترن.
کەی ئێمە "شا"مان، دۆزییەوە، ئەوسا.
تۆ بڕۆ بەولا، منیش ئا بەملا
ئەوەی لە پێشدا دۆزییەوە توخوا،
بۆ ئەوەکەی تر، با هاوار بکا.
(هەر کەسەی بە لایەکدا دەڕوا)

## دیمەنی ٣,٢

لە جێگەیەکی تری دەشتەکەدا، لییەر و کەودەن دەردەکەون

لییەر:

دەی ڕەشەباکە، هەڵبکە و بە فوو،
ڕوومەتەکانی خۆت هەڵدڕێنە![١]
لافاو و گەرداو، بەردەوام بن تا
گشت لووتکەکانی "کڵێسە"کانمان،
دادەپۆشن و کەڵەشێرەکان،
دەکەونە ژێر ئاو و دەخنکێن![٢]
دەی برووسکەکان، بە کسپەکانتان،[٣]
ئەوانەی کە پێش دەنگتان دەکەون،[٤]
قژە سپییەکەم، هەڵکرووزێنن.
ئێوەش هەورەکان، بە گرمەیەکی
ئاوا کە داری
بەڕوو سەرتاپا دادەقڵیشێت،
خڕیەتی ئا ئەم،
جیهانە توند و پتەوە سەرجەم،

١. جاران، زۆرجار، کە ڕەسمی ڕەشەبا دەکرا، ڕوویەکی گەورە فووی لە زەمین دەکرد.
٢. جاران، تا ئێستاش، لەسەر لووتکەی بینا بەرزەکان شتێکیان دادەنا لە شێوەی کەڵەشێردا. کە با، لێی دەدا دەخولایەوە و ئاراستەی بای پیشان دەدا.
٣. کسپە؛ کڵپە، بڵێسەی ئاگر.
٤. دەنگتان؛ دەنگی گرمەگرمی هەور.

ویران بکەن و تەخت تەختی بکەن.[١]
قاڵبەکانی سروشت بشکێنن،
گشت ئەو تۆوانەی کە ژن و پیاوی
نمەک کوێر دێنن،
بۆ ئەم دنیایە، رابماڵن و بیانفەوتێنن.

کەودەن:
ئاخ، خاڵۆ، ئاوی
پیرۆز لە نێوان ماڵێکی وشکدا،[٢]
باشترە لە ئەم
ئاوەی دەبارێ لە دەرەوەیدا.
بگەڕێرەوە و گەردن ئازادی
لە کچەکانی خۆت داوا بکە.
ئەمە، شەوێکە، نە بە کەودەن، نە
بە پیاوی دانا، دڵی دەسووتێ.

لییەر: (روو دەکاتە ئاسمان)
گەردوون، پڕ گەرووت
دە بقیژێنە. شەویلکەکانت،
ئاگر و گریان لێ دەربهێنە،
وەکو تاڤگە ئاو،
بەسەر ئێمەیدا هەڵبرژێنە![٣]
گرمەگرمی هەور، رەشەبا، باران،
ئاگر و زریان، لۆمەتان ناکەم،

١. ژنی سکپڕ، سکی خڕ و توند و پتەو دەبێت. لییەر، لێرەدا لە هەور دەخوازێت بە گرمەکانی نەهێڵێت ئەو بوونەوەرانەی کە لەناو سکی جیهاندان، بێنە دنیاوە و ژیان لەسەر زەمیندا بەردەوام بکەن.
٢. ئاوی پیرۆز: مەراییکردن.
٣. تاڤگە: سولاڤ، شەلال.

گەر دڵەکانتان ئاوا لەگەڵما،
بێ رەحم و رەق بن؛
ئێوە نە کچمن،
نە مەملەکەتم داوە بە ئێوە.
نە بە رۆڵەی خۆم ئێوەم ناوناوە.
من هیچ وامێکم بەسەرتانەوە
نییە و نەبووە.
لەبەر ئەوە دەی؛ وەکو چۆن پێتان
خۆشە بەو جۆرە، رابوێرن بە من.
ئەوا لێرەدا، من راوەستاوم
وەک بەندەیەکی هەژاری پیری
ریسواکراوی زۆر بێ دەسەڵات.
بەڵام بە ناکەس من ناوتان دەنێم،
گەر هاتو ئێوە، لەم جەنگەتاندا،
هاوکاری بکەن لەگەڵ دوو کچە
بێ شەرمە بەدە نەگریسەکانم،
دژی سەرێکی
ئەوەندە پیر و سپیی وەک ئەمە.
ئای چ کارێکی پیس و بۆگەنە،
ئەگەر هاوکاری لەگەڵیان بکەن!
کەودەن:
ئەو کەسەی ماڵی
هەیە تا سەری بخاتە ناوی،
مێشکی باشی لە سەردا هەیە. (گۆرانی دەڵێت)
ئەوەی بۆ کێری ماڵ دابین دەکات،
پێش ئەوەی جێگەی هەبێت بۆ سەری،

سەرتاپا لەشی، ئەسپێی تێ دەدات.[١]
بەو جۆرە سوالّکەر،
گەلێک هاوسەری پیس مارە دەکات.[٢]
ئەوەی کە خەمی پەنجە گەورەکەی،
لا گرینگترە لە خەمی دڵی،
ئێشی بزمارە و ترس و پەژارە،
ناهێڵن چاوی دابخا و بنوێ.[٣]
چونکە ژنی جوان، دیمەی کرێتی
تەنیا پیشاندی ئاوێنە دەدا.[٤] (کێنت دێت)

لییەر:
نا، دەبێت ببم
من بە نموونەی پیاوی ئارامگر؛
هیچ ناڵێم ئیتر.

کێنت: (لە تاریکییەکەدا گوێی لە دەنگیان دەبێت)
کێ لەوێدایە؟

کەودەن:
بە مەریەم، بەگم،
شکۆدارێک و پیاوێکی سادە و گەلێک رەمەکی؛

---

١. ئەوەی کە هەر دوای کەیف و داخوازی ئێستای دنیای دەکەوێت و بیر لە دوارۆژ ناکاتەوە، دوارۆژی باش نابێت.

٢. سوالّکەر، سوالّکەری وەکو خۆی دەهێنێت و زوو شەڕیان دەبێت و جیا دەبنەوە و مارەی سوالّکەرێکی تر دەبڕن.

٣. بزمارە؛ مێخەکە. شتێکە وەکو بالووکە وایە، لە پێدا پەیدا دەبێت و ئازاری هەیە. کەودەن مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ پیاو، لە ژیانیدا، هەمیشە دەبێت بزانێت، چ شتێک لەوانەی تر گرینگترە و خەمی ئەوەیان زیاتر بخوات.

٤. دیمەی کرێتی؛ رووی ناشرینی (رووە راستییەکەی). دیارە مەبەستی لە "رێگان"ە. بە لییەر دەڵێت؛ رێگانی کچت ژنێکی موونافیقە.

واتە پیاوێکی دانا و کەودەنێک.[1]

کێنت:

داخەکەم، گەورەم، جەنابت لێرەیت؟
تاکو ئەوانەی شەویان خۆش دەوێ،
شەوی ئاوایان، هەرگیز خۆش ناوێ.
گەردوونی توورە،
تەنانەت تا ئەو گیانەوەرانەی،
لە تاریکیدا دەچنە دەرێ،
دەترسێنێت و لەناو ئەشکەوتی
خۆیاندا ئەمشەو دەمێننەوە.
ئەمن ئەوەتی خۆمم لە بیر دێ
هەرگیز جاجمی
گڕ و ئاگری ئاوام نەدیوە.[2]
نە ڕۆژێک تووشی تەرزە و بارانی
وا بەهێز بووم
نە گوێم لە دەنگی ناڵە و هاواری
با و گەردەلوولی هاری وا بووە.
مرۆڤ سروشتی،
وا نەکراوە لە توانایدا بێ
ترس و ئازاری هەندە گرانی
پێ بچێژرێ.

لییەر:

با ئەو خوایە گەورانەی کە ئەم

١. مەبەستی کەودەن، روون نییە؛ لەو دووانە، کامیان دانایە و کامیان کەودەنە.

٢. ئاگر و تیشکی تروسکەکان، هەورەکان وا رووناک دەکاتەوە، هەر وەکو جاجمێکی ئاگریان لێ دێت بەسەر دنیاوە.

قاووقیژەمان بەسەردا دەکەن
ئێستا دەستبەجێ،
دوژمنی خۆیان بدۆزنەوە.[1]
بلەرزێ دە دەی با سام بتگرێ
هەی ئەو داماوەی، تاوانەکانی،
هێشتا پەنهانی نێوان دڵێتی و
تازیانەی دادگە، هەتاکو ئێستا،[2]
سزای نەداوە.
خۆت بشارەوە هەی دەست خوێناوی،
سوێندخۆر بە درۆ، زۆڵی دەستخەرۆ.
ناکەسی داماو، بلەرزە تاکو
ئەندامەکانت هەڵدەوەرێن و
وردوخاش دەبن.
لەژێر پۆشاکی رووالەتێکی
ئاساندا، بە فێڵ، رێگەی خۆت بری
دژی ژیانی پیاوی بێ تاوان.
تاوانبارییە نادیارەکانتان،
ئاشکراکەن و بپارێنەوە
بۆ لێبووردن لای
ئەوانەی سزای سامناکتان دەدەن.
(کڵاوەکەی دادەکەنێت و بەرزی دەکاتەوە بۆ ئەوەی ببینرێت کە هیچ تاوانێکی نەشاردووەتەوە)
ئەمن پیاوێکم، زیاتر لە دژم،

١. لییەر، بە خوایەکان دەڵێت من تاوانم دژتان نەکردووە. ئێوە سزای ئەوانە بدەن کە بەڕاستی تاوانبارن.
٢. تازیانە: قەمچی.

تاوان کراوە لەوەی کردوومە.

کێنت:

داخت بەجەرگم، کەڵلە رووتوقووت!
گەورەی بەڕێزم، نزیک لێرەوە
کووخێکی قامیش هەیە هیچ نەبێت،
دژی رەشەبا دەتانپارێزێت.
بحەسێرەوە لەوێدا دەمێک
تا بۆ ئەو ماڵە دەگەڕێمەوە
ئەوەی خاوەنە دڵ بەردەکانی،
لە پێش تۆزێکدا،
کە چووم دەربارەی ئێوە بپرسم،
رێیان نەدامێ بچمە ژوورەوە.
زۆریان لێ دەکەم، بە شارستانی
پێشوازیت بکەن.

لییەر:

ئەوا مێشکم تەواو دەشێوێت. (روو دەکاتە کەودەن)
ئا وەرە کوڕم. (دەستەکانی دەخاتە سەر شانی کەودەن)
ها کوڕم، چۆنیت؟ خۆ سەرمات نییە؟
من خۆم سەرمامە.
(ئەوە یەکەم جار بوو، لییەر دەربارەی خەم و ئازاری خەڵکی تر بپرسێت.
ئینجا روو دەکاتە کێنت)
ئەرێ کابراکە کوا قامیشەکە؟[1]
جادووی پێویستی، سەیرە، دەتوانێت
شت بەجۆرێکی وا لە بەرچاوی
ئێمە بگۆڕێت؛

١. مەبەستی لە کووخە قامیشەکەیە.

ئەوەی بێ نرخە، نرخی بداتێ.
باشە با بڕۆین بۆ ناو کووخەکە.
کەودەنی هەژار، کەرتێکی دڵم،
هێشتا بەزەییی بە تۆ دێتەوە.
کەودەن: (گۆرانی دەڵێت)
ئەو کەسەی سەری،
تەنیا ئاستەمێ مەژی تیا هەبێ
بەرگەی باران و ڕەشەبا دەگرێ
ئیتر بڕیاری خوای بەختیاری
باش بێ و باش نەبێ،
پێی دەچێژرێ
لییەر:
کوڕە باشەکەم، ڕاستییەکەی دەڵێی. (روو دەکاتە کێنت)
دەدەی بمانبە بۆ ناو کووخەکە.
کەودەن:
ئەمە شەوێکی گەلێک نایابە
بۆ شکاندن و ساردکردنەوەی
تینی ئاڵۆشی
سۆزانییەکی گەرمی بە پەرۆش.[1]
پێش ئەوەی بڕۆم، پێشبینیێکم
هەیە دەمەوێت ئاشکرای بکەم؛ (گۆرانی دەڵێت)
کەی قەشە، بدوێ
زۆرتر لەوەی کار بەدی دەهێنێ.
بیرە دروستکەر
کەی ئاوی کردە "بیرە"کەیەوە

١. چونکە شەوێکی زۆر سارد و بە ڕەشەبایە.

بۆ ئەوەی بەوە، روونی بکاتەوە.
کەی خانەدانان بوون بە فێرکەری
بەرگدرووی خۆیان.
کەی تاوانباری راستی رزگاری
ببێت لە سزای یاسا و، عاشقی
گەنجی بێتاوان سزا بدرێت.
١,٢,٨٥ کەی کاروباری دادگەکان هەمووی
رەوا دەربچێت.
کەی بەگزادەکان، وامدار نەبن و
لەناو نۆکەر و
پیاوەکانیاندا هەژاری نەبێ.
کەی زمان بوختان نەکات بە کەسێ و
هیچ گیرفانبڕێ سزا نەدرێ.
کەی دەوڵەمەندە فایزخۆرەکان،
سامانەکانی خۆیان پیشان دا و
٣,٢,٩٠ قەحبە و سۆزانی پەرستگای نوێیان،
بۆ خەڵک بینا کرد،
ئەوساکە ئەلبیۆن دەبێت بە دیلی[١]
ئاژاوە و بەشی
ریسواکردنی ئەم و ئەو دەبێ.
جا ئەو کاتە دێ،
بۆ ئەوەی هێشتا ماوە و دەبینێ،
کە پێ بۆ رۆشتن بەسەر زەمیندا
بەکار دەهێنرێ.
ئەم پێشبینینەم

١ ئەلبیۆن: ئینگلتەرە.

"مێرلن" بۆ ئێوەی ئاشکرا دەکات.[1] ٣,٢,٩٥
چونکە من، لە پێش زەمانی ئەودا،
هاتوومەتە ئەم دنیایەی ئێستا.

١. مێرلن: جادووگەرێکی بەناوبانگ بووە لە کۆشکی "شا ئارسەرKing Arthur"دا، کە گوایە ماوەیەک دوای لییەر حوکمی کردووە.

## دیمەنی ٣,٣

گڵۆستەر و ئێدمەند بە چراوە دەردەکەون

گڵۆستەر:

داخی گرانم،
ئێدمەند، من ئا ئەم
ڕەوشتە بەدە ناسروشتییە
هیچ پەسند ناکەم؛
کە خواستم لێیان ڕێگەم بدەنێ
بۆ دڵدانەوەی لەگەڵی بدوێم،[1]
ماڵەکەی خۆمیان، لێ داگیر کردم،
بە هەڕەشەوە ئەمریان پێ کردم؛
نە لەگەڵیدا من بچم بدوێم،
نە لەبارەی ئەو بپاڕێمەوە
کە ڕێزی پایەی بڵندی بگرن،
یان دڵی پیر و ناسکی نەشکێنن،
نە بە هیچ جۆرێک من ئاگەداری
ئەو بم و ببم بە پارێزگەری.
ئەگینا ئاوا لێم تووڕە دەبن؛
هەتاکو ماون ئەمن نەناسن.

ئێدمەند:

ڕەوشتێکی زۆر

---

١. لەگەڵی: لەگەڵ لییەردا بدوێم.

بەد و دڕندە و ناسروشتییە!

گڵۆستەر:

دە بڕۆ، باشە.
بەڵام، ها، لای کەس، نەیگێڕیتەوە؛
ناکۆکییەکی گەورە کەوتووەتە
ناو "دیوک"ەکان،
وە شتی تریش، خراپتر لەوە.
لەبارەی ئەوە، ئەم ئێوارەیە،
من نامەیەکی وام پێ گەیشتووە،
مەترسی هەیە باسی بکرێت.
لە ژوورەکەی خۆم،
شاردوومەتەوە و کلیلم داوە.
ئەم مامەڵە نارەوایانەی
شا دەیانچێشێت،
گشت تۆڵەکانیان، دەسەنرێنەوە؛
بەشێکی سوپا،
جێگەپێی بۆ خۆی داگیر کردووە،
لەسەر زەمینی مەملەکەتەکە.
ئێمە پێویستە کە لایەنگری
شای خۆمان ببین.
دەیدۆزمەوە و من بە دزییەوە،
یارمەتیی دەدەم.
تۆ بڕۆ بدوێ لەگەڵ "دیوک"دا،
هەتاکو ئاگای
لەو کردەوەیە چاکانەم نەبێ.
دەربارەی منی گەر هاتو پرسی،

پێی بڵێ هەندێ
نەخۆشە و چووە بۆ جێگە بنوێ.
گەر بشمکوژن،
وەک هەڕەشەیان لە من کردووە،
هەر ئەم خاوەنە کۆنەی خۆم دەبێ
من خزمەت بکەم.
لەم زووانەدا، لەم زووانەدا،
ئێدمەند، شتی زۆر روو دەدا و دەبێ
ئاگات لە خۆت بێ. تکات لێ دەکەم.
ئێدمەند: (لەبەر خۆیەوە)
ئەم شانسەی کە تۆ، ناتوانی سوودی
باش لێ وەربگری، من لێی وەردەگرم؛
لەبارەی ئەوە و نامەکە، ئێستا،
دەستبەجێ دەچم بە دیوک دەڵێم.
ئا ئەمە دەبێ نرخێکی هەبێ
بۆ ژیانی من؛
ئەوەی کە باوکم وا دەیدۆڕێنێ،
دەبێت بە هی من؛ هەموو شتێکی
ئەو، بۆ من دەبێ. نەک هەر بەشێکی.
پیرەکە[١] دەڕوا، ئەوا دەڕوخێ؛
گەنج جێگەی دەگرێ.

١. پیرەکە، باوکێتی و گەنجەکە، خۆیەتی.

## دیمەنی ٣,٤

لە زەلکاوێکدا لە بەردەمی کوخێکی رووخاودا، لییەر و کێنت

و کەودەن دەردەکەون.

کێنت:

ئا ئەمە، گەورەم، ئەو جێگەیەیە.
فەرموو، سەروەرم، بڕۆرە ژووریَ؛
دژواریی ئا ئەم، شەوە بیَ بانە[١]
زۆر دڕندەیە؛ سروشت، گرانە
پێی بچێژریَ.[٢]

لییەر:

وازم لیَ بێنە،
دەمەوێت هەر خۆم بمێنمەوە.

کێنت:

گەورەی بەڕێزم، بچۆرە ژووریَ.

لییەر:

دڵم دەشکێنی؟

کێنت:

پێم خۆشتر دەبوو هی خۆم بشکێنم.
سەروەرم، فەرموو، بچۆرە ژووریَ.

---

١. بیَ بانە چونکە نامانپارێزێت لە ئازاردانی رەشەبا و باران.
٢. شێکسپیر، زۆرجار وشەی "سروشت" لە باتیی ژیان، یاخۆ زیندوو، بەکار دەهێنێت.

لییەر:

تۆ بە شتێکی گەورەی دەزانی
کە ئەم زریانە تووڕەیە پێستی
ئێمە تا ناخی ئێسکمان دەمژێ.
لای تۆ گەورەیە؛ بەڵام کە تووشی
تای بەڵایەکی گەورەتر دەبی،
هەست بە ئازاری پچووکەکەیان،
بگرە، هەر ناکەی.
گەر تووشی ورچی دڕندە ببی،
رادەکەیت خۆتی لێ رزگار بکەی.
بەڵام گەر دەریای ورووژاو رێگەی
رزگاریی بڕی، دێیت بە ناچاری
کە بەرەنگاری ورچەکە ببی.
مەژی، ئازاد بێت
لە نیگەرانی، تەن ناسک دەبێت.[١]
ئەم زریانەی کە
لەناو مێشکی من هەڵی داوە،
هەموو هەستێکمی بە هەوا داوە،
هەر جگە لەوەی
کە دڵم تامی تاڵی دەچێژێت.[٢]
نمەک کوێری ئەم
مناڵانەی من، زۆر لەوە ناچێت
کە دەم گاز بگرێت
لەو دەستەی نان و ئاوی دەداتێ؟

---

١. مەژی؛ مێشک. ئەگەر هیچ کێشەیەک مێشک نیگەران نەکات، ئەوساکە مرۆڤ بیر لە تەندروستیی خۆی دەکاتەوە و هەست بە هەموو جۆرە نەخۆشییەک دەکات.
٢. جگە لەو هەستەی کە دڵم، تامی تاڵی دەچێژێ.

تۆڵەی ئەمانە، بێ کەموکورتی،
دەسەنرێنەوە.
نا، ئیتر ناگریم.
ئاخ، لە شەوێکی ئاوادا دەرگە،
لە من دابخەن! (روو دەکاتە ئاسمان)
دەی ببارێنە، پێم دەچێژرێ.
لە شەوێکی وا، ئاوا وەک ئەمە!
گۆنێریڵ، رێگان!
دڵە پاکەکەی باوکی دڵسۆزتان،
هەموویی دانێ–
ئاخ، ئەم رێگەیە،
من بەرەو شێتی دەبات؛ دایدەخەم.[1] (سەری بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕێت)

کێنت:
سەروەرم، فەرموو بچۆرە ئێرە.

لییەر:
تکات لێ دەکەم، برۆرە ژووری و
تۆ خۆت لەوێدا، بحەسێرەوە:
ئەم رەشەبایە،
هیچ نەبێ هەندێ رێگەم لێ دەگرێ
بیر بکەمەوە، لەوەی کە زیاتر
ئازار بە گیانی من دەگەیێنێ.
بەڵام دەی چی بکەم، دەچمە ژووری. (روو دەکاتە کەودەن)
دەی، تۆ، رۆڵەکەم، پێش من بکەوە.
(لەبەر خۆیەوە لەگەڵ هەژاراندا دەدوێت)

١. ئەگەر لەمە زۆر بیر بکەمەوە شێت دەبم. لەبەر ئەوە ئەم رێگەیە لە مێشکی خۆم دادەخەم.

ئاخ، هەژارانی بێ ماڵ و جێگە – (کەودەن حەز ناکات پێش شا بکەوێت)
نا، نا، پێش کەوە.
من نوێژ جارێ دەکەم و ئینجا
دوای ئەوە دەنووم – (کەودەن دەچێتە ژوورەوە)
ئای، کوڵۆڵانی رووت و بێ جێگە،
(لەسەر ئەژنۆ دادەنیشێت و نوێژ دەکات)
لە هەرچ جێگەیە، زللەبارانی[1]
ئەم رەشەبایە بێ بەزەییە،
ئێوە دەچێژن:
سەری بێ کڵاو و لەشی برسیتان،
چۆن جلوبەرگە دڕاوەکانتان
لە کەشی ئاوا، دەیانپارێزن؟
داخی گرانم، هەرگیز قەت رۆژێ،
بە راستی بیرم
لە کەساسی وا نەکردبووەوە.
دەی شکۆدار، تۆش،[2]
ئا لەم دەرمانە، قومێک بنۆشە!
خۆت بەر رەشەبا و هەوای سارد بدە،
تاکو بزانی؛ کڵۆڵ ژیانی
چۆنە و هەست بە چی دەکا و چۆن دەژی.
ئەوساکە بەڵکو ئەتۆ بتوانی
ئەوەی کە زیادە لە خۆت، بیدەیتێ و
نەختێ لە دەرد و خەمی نەبوونی
ئەو، بۆ خۆت بەری.

---

١. زللەباران؛ وەکو گوللەباران، یاخۆ بەردەباران.
٢. شکۆدار؛ مەبەستی لە خۆیەتی.

ئا بەوە، کەمێ لە دادپەروەریی
خۆت لە بەرچاوی گەردوون دەنوێنی.
ئیدگار: (لە ژوورەوە، لەناو کوخەکەدا، دەنگی دێت)
باڵا و نیوێکە، هەی "تۆم"ی هەژار!
باڵا و نیوێکە![١] (کەودەن، زوو لە کووخەکە رادەکاتە دەرەوە)
کەودەن:
نەیەیتە ژوورێ،
ها، نەکەی خاڵۆ، خێوی تیادایە.
بێن بە فریادمان، بێن بە فریادمان!
کێنت:
ئەتۆ دەستتم، بەرێ و پێم بڵێ؛
کێ لەوێدایە؟
کەودەن:
خێوی تیادایە، خێوی تیادایە؛
دەڵێت من ناوم، "تۆم"ی هەژارە.
کێنت:
تۆ کێیت، لەوێدا، لە زەلەکەدا،[٢]
بۆڵەبۆڵت دێ؟ ئا وەرە دەرێ.
ئێدگار:
دوور کەونەوە
خێوێکی دزێو، بە دوامەوەیە![٣]
بایە ساردەکە، لەو ناوچەیەوە

١. ئێدگار، خۆی لە باوکی خۆی شاردووەتەوە و جلوبەرگێکی کۆن و دڕاوی لەبەر کردووە، بۆ ئەوەی کەس نەیناسێتەوە. لە هەمان کاتدا بە شێت خۆی دەنوێنێت. لێرەدا کە دەڵێت؛ باڵا و نیوێکە، مەبەستی لە قووڵاییی ئاوی بارانەکەیە.
٢. لە زەلەکەدا؛ لە کووخەکەدا.
٣. خێوێکی ئێسک گران دوام کەوتووە.

هەڵدەکات لەنێو
دەوەنە چڕە دڕکاوییەکانی
ئەو شیلانانە.
ئای، ئای، کە ساردە! (روو دەکاتە لییەر)
بڕۆ بۆ جێگە، بەگم ، با گیانی
تەزیوت نەختێ گەرم بێتەوە.

لییەر:
ئەرێ پێم بڵێ،
هەرچیت هەبووە، بەخشت کردووە
بە کچەکانت؟
بۆیە خۆت ئاوات بەسەر هاتووە؟

ئێدگار:
کێ شتێک دەدات بە "تۆم"ی هەژار؟ ٣,٤,٥٠
ئەوەی کە خێوی ستەم و بەدکار،
بەناو ئاگر و گڕدا بردوێتی
بەناو چەماو و گێژەلووکەدا،
بەناو قوڕاو و بەناو زەلکاودا،
کێردی خستووەتە ژێر سەرینەکەی
پەتی سێدارەی بۆ هەڵواسیوە
بە کورسیی لۆجی پەرستگاکەیەوە،
دەرمانی مشکی بۆ گرتووەتەوە و
داناوە لەلای ژەمی هەریسەی.[١]

١. ئەم خێوە بەدکارە، بە هەموو جۆرێک هەوڵی داوە و هەوڵ دەدات کە "تۆم"ی هەژار، خۆی بکوژێت؛ کێردی بۆ داناوە لەژێر سەرینەکەیدا، گوریسی سێدارەی بۆ ئامادە کردووە و بەستوویەتییەوە بە کورسیی ئەو کڵێسەیەی کە ئێدگار بۆی دەچێت، بۆ ئەوەی خۆی پێ بخنکێنێت، ژەهری (دەرمانی مشکی) بۆ دانەوە لەلای ئەو هەریسەیەی کە دەیخوات.

گەلێک سەربەرزیی
خستووەتە نێوان دڵ و دەروونی؛
سواری ئەسپێکی شێی کردووە و[1]
بەسەر پردێکی تەسکی چوار ئینجی
غاری کردووە بە دوای سێبەری
خۆیدا لە باتیی
ئەوەی خائینیی لەگەڵ کردووە.
دەک بە دروود بن پێنج هەستەکانتان.[2]
تۆم، سەرمایەتی.
(لەدەم سەرماوە دەلەرزێت. بۆ ئەوەی خۆی گەرم بکاتەوە، دەست دەکات
به هەڵپەڕین و پێ بە خاکدا دان)
ئاه، دوو دی دوو دی
خوا لە گەرداو و لە کاریگەری
ئەستێرەکشان بتانپارێزی.
یارمەتیی "تۆم"ی کەساسی هەژار
دە توخوا بدەن.
ئەوەی کە ئازار
ئێستا دەچێژێ بە هۆی ئاژری
خێوێکی بەدی زۆر دزێو و هار.[3]
(جووڵەیەک دەکات وەکو هێرش بباتە سەر یەکێک)
دەبێت بیگرم،
ئەوەتا گرتم، ئەوەتا گرتم.
لییەر:
ئاخ، کچەکانی،

١. رەنگی ئەسپەکە، "شێ"یییە؛ ئەسپەشێ.
٢. ئەو پیاوەی هەستی هەبێت، یارمەتیی پیاوی هەژار دەدات.
٣. ئاژر: قین. دزێو: زۆر ئێسک گران.

مێشکیان ئاوا لێ شێواندووە؟
شتێکت بۆ خۆت نەهێشووەتەوە؟
هەموویت دانێ؟

کەودەن:

نا، جاجمێکی گل داوەتەوە.
ئەگینا ئێستا، هەموومان لێرە،
شەرمەزار دەبووین.[1]

لییەر:

دەی خوایە هەرچی، نەخۆشیی درمی
بە ئاسمانەوە هەیە و لەوێوە
لە هەڵەی مرۆڤ، هەڕەشە دەکەن،
دەنیشتنەوە راست بەسەر گیانی
کچەکانتەوە!

کێنت:

سەروەرم، کچی نییە ئەم پیاوە.

لییەر:

مردن، بەشتان بێ، هەی خائینەکان!
هەرگیز هیچ شتێ
ئاوا ئەم پیاوە داناوەشێنێ،
جگە لە کچە دڵڕەقەکانی.
ئێستاکە باوە، پیاو کەم بەزەیی
بە گۆشت و خوێنی
باوکی داماوی پیری دێتەوە.
سزادانێکی دروست و حەقە؛

١. جاجمێکی گل داوەتەوە، گەڵوگونی خۆی پێ بشارێتەوە.

ئاخر ئەم لەشە، کچی پێلیکانی[1]
هێنایە دنیا.
ئێدگار:
پیلیکۆک لەسەر گردی پیلیکۆک، ٣,٤,٧٥
ڕێک دانیشتووە. ئەلۆ لوو ئەلۆ لوو.[2]
کەودەن:
ئەم شەوە ساردە،
هەمووومان دەکا بە کەودەن و شێت.
ئێدگار:
ئاگەداربە لە
خێوە بەدەکە.
بە قسەی باوک و دایکی خۆت بکە.
سوێند مەخۆ و بوختان
قەت بەکەس مەکە.
قەت چاوباشقاڵی لەگەڵ هاوسەری
خەڵکی تر مەکە.
قەت حەز لە جلی زۆر گران مەکە. ٣,٤,٨٠
تۆم، سەرمایەتی.
لییەر:
وەختی خۆی چی بوویت؟

١. پێلیکان؛ جۆرە باڵندەیەکی گەورەیە. لە دەوری گۆم و زەلکاودا دەژێت. ئەگەر بێچووەکانی برسییان بێت و خواردنی نەبێت بیانداتێ، دەنووک لە سنگی خۆی دەگرێت هەتاکو خوێنی لێ دەردەچێت. ئینجا بێچووەکانی، بێ ئەوەی هیچ بەزەییان بە دایکیاندا بێتەوە، خوێنەکەی دەخۆن. لێرەدا، لییەر کچەکانی خۆی بە بێچووی پێلیکان تەشبیە دەکات.

٢. هەندێ ئینگلیز، کە بە زمانی بازاڕانە دەدوێن، بە ئەندامی زاوزێی پیاو دەڵێن پیلیکۆک. ئێدگار، بۆ ئەوەی بە شێت خۆی بنوێنێت، گۆرانیی بازاڕانەی ئاوا دەڵێت.

ئێدگار:

من عاشقێک بووم،
بە هەموو دڵ و مێشک و خەیاڵم
گەلێک مەغروور بووم.
قژم لوول دەکرد،
بەو کڵاوەی کە دەیکەمە سەرم،
زۆرجار دەستکێشم
من هەڵدەواسی.[١]
بانوویارەکەی خۆمم، بەو جۆرە،[٢]
تووڕە دەکرد و ناچارم دەکرد ٣,٤,٨٥
کاری تاریکم لەگەڵدا بکات.
ئەوەندەی وشەم بەکار دەهێنا،
کاتی دواندنم،
ئەوەندەش سوێندم دەخوارد و گشتیم،
لەبەر رووی جوانیی گەردوون دەشکاند.
خەونەکانیشم، بەچکەی خەیاڵی
پیاوێکی گەنجی ئاڵۆشاوی بوون؛
کاتی هەڵسانم، دەمهێنانە دی.[٣]
حەزێکی زۆرم لە بادە دەکرد.
قوماركردن خۆ، شەیدای دەکردم.
دەربارەی ئافرەت، من بانوویارم

١. دەستکێش بە دیاری بردن، هێمای خۆشەویستی بووە. ئەو کچەی حەزی لە کوڕێک بکردایە دەستکێشی دەدایە بە دیاری. ئێدگار، بۆ خۆنواندن و خۆهەڵکێشان، ئەو دەستکێشانەی بە کڵاوەکەی خۆیەوە هەڵدەواسی بۆ ئەوەی خەڵکی بیانبینن. (بەو جۆرە دەدوێت بۆ ئەوەی بە شێتی بزانن.)

٢. بانوویار؛ عەشیقە.

٣. کاتێک کە هەڵدەستام لە خەو، خەونەکانم، دەهێنانە دی.

زۆر زیاتر هەبوو
لە سوڵتانی تورک. ٣,٤,٩٠
زۆر دڵناپاک بووم، ئاژاوەگێڕ بووم،
لە خوێنڕشتندا وریا و خێرا بووم،
لە تەمەڵیدا لە بەراز دەچووم،
لە فێڵبازیدا، وەک ڕێوی وابووم،
وەک گورگ ڕەزیل بووم،
وەکو سەگ هار بووم،
وەک شێر زاڵم و بێ بەزەیی بووم.
هەرگیز نەیەڵی
جیرەی پێڵاو و هاڕەی ئاوریشمی
کراس و کەوا،
دڵی هەژارت بدەن بە ئافرەت.
پێیەکانیشت،
نەخەیتە ماڵی ژنی سۆزانی.
دەستەکانیشت، قەت درێژ نەکەی
بۆ دوگمەکانی ژێربەرگ و ئەتەگ.[١]
پێنووست، دوور بێت لە مۆرکردنی ٣,٤,٩٥
دەفتەری وامدەر. وە بە هیچ جۆرێک
نەکەی گوێ بگری لە ئامۆژگاریی
خێوی زیانبەخش
بایە ساردەکە،
هەر لە دەوەنی شیلانەکانی،
ئەوێ هەڵدەکات
لەوێوە دەنگی سەیر سەیر دەردەکات؛

---

١. ژێربەرگ: ژێرکراس.

دەڵێت سووم و مەم، سووم و مەم نۆننی.
دۆفین، ڕۆڵەکەم![1]
ڕۆڵە، ڕۆڵەکەم! (پەنجە دەخاتە سەر دەمی، بۆ ئەوەی کەس دەنگ نەکات)
شش، شش، بێ دەنگبە! ڕێگەی بدەرێ،
با لێرە بە غار بۆ خۆی دەرپەڕێ! (زریانەکە هەر بەردەوامە)

لییەر:

بۆ تۆ، باشترە لەناو گۆڕدا بی
لەوەی بە رووتی سەرما و ئازاری ٣,٤,١٠٠
ئاسمانی تووڕەی ئاوا بچێژی.
ئاخر قەت دەشێ،
پیاو هەندە نرخی، کەم و نزم بێ؟ (ڕوو دەکاتە کەودەن)
تێبینیی بکە توخوا بە باشی! (ڕوو دەکاتەوە ئێدگار)
تۆ نە وامداری کرمی ئاوریشمی،
بۆ ئاوریشمەکەی،
نە هیچ ئاژەڵێک، بۆ پێستی بەری،
نە پشیلە بۆ تەلیسمی عەتری.[2] (ڕوو دەکاتە ئێدگار)
ئەم سێیانەی ئێرە، بەسەریانەوە[3]

---

١. دۆفین؛ لەوە دەچێت کە ناوی ئەسپێک بێت. ئێدگار لە خەیاڵی خۆیدا دەیبینێت. (دەبێت لە بیرمان نەچێت کە ئێدگار بەقەستی وەکو شێت خۆی دەنوێنێت)

٢. لە ناوکی جۆرە ئاسکێک، عەترێک دەردەهێنرێت بە عەرەبی پێی دەڵێن میسک، بە ئیگلیزی (musk) و بە لاتینی (muscus). بە سەنسکریتی (Mushka مەشکە). وا دیارە نەژادی ئەم وشەیە، سەنسکریتییە؛ فارسەکان کردوویانە مەصک. عەرەبییەکەی و لاتینییەکەی وا دیارە لە فارسییەوە وەرگیراون. ئینگلیزییەکەشی، لە لاتینییەوە. هەروەها جۆرە پشیلەیەک هەیە لە ئەفریقیا، پێیان دەڵێن پشیلەی سیڤێت (Civet Cats) لەناو لەشیاندا جۆرە لوویەک هەیە مادەیەکی زۆر بۆن خۆش دەردەکات، هەر وەکو بۆنی میسک وایە. بۆ عەتر دروستکردن بەکار دەهێنرێت.

٣. مەبەستی لە خۆی و کێنت و کەودەنە.

چڵک نیشتووه؛
هەر تۆ سروشتی و شتێکی راستیت.
له نەژاددا پیاو، هەر ئاژەڵێکی
هەژار و رووت و دەربەدەر بووه؛
ئاوا وەکو تۆ.
ئا دەی "وام"ەکان،[1]
دوگمەکانتان با بکرێنەوه.[2] (دەست دەکات بە داکەندنی جلەکانی)

کەودەن: (گلۆستەر لە دوورەوە بە چرایەکەوە دەردەکەوێت)
خالۆ، تکایه، هێمن بەرەوە.
شەوێکی درِه،
دەست نادا مەلەی تیادا بکرێ (گلۆستەر دەبینێت شاپلێتەیەکی بە دەستەوەیە)
ئێستا، ئەو گڕه،
لەناو ئەو دەشتە گەورە زلەدا،
هەر وەکو دڵی
پیاوێکی پیری بە ئالۆش وایه:
تروسکەیەکی ورد و پچووکە،
گشت ئەندامێکی تری بەدەنی،
وەک سەهۆڵ وایه.
بڕوانە ئەوا ئا ئەو ئاگره
بەرەو ئێرەوە بەسەر پێوەیه.

---

١. وامەکە: قەرزەکە. لییەر خۆی بە قەرزار دەزانێ؛ ئەو جلانەی لەبەریایەتی، وامن (قەرزن)، له ئاژەڵ وەرگیراون. پێش ئەوەی بمرێت، حەز دەکات ئەو قەرزانە بداتەوه. (سەیری دێری ٣,٤,١٠٢ بکه)

٢. هەوڵ دەدات جلەکانی خۆی بدڕێنێت و فڕێیان بدات، بەڵام کێنت و کەودەن دەستەکانی دەگرن و نایەڵن.

ئێدگار:

خۆ ئەمە خێوە دزێوەکەیە؛
"فلیبەرتیجیبێت"ە[1]
هەرکە تاریکی دادێت دەست دەکات
بە ڕۆیشتن تاکو یەکەم خوێندنی
کەڵەشێرێکی بەری بەیانی.
ئا ئەمە چاوی خەڵکەکە تووشی
نەخۆشیی ئاوی سپی دەکات و
خێلیشی دەکات،
لێو دەقڵیشێنێ و دەغڵی پێگەیشتوو
سەرجەم بە کەڕوو دادەڕزێنێ و ٣,٤,١١٥
ئازاری هەموو
گیا و بوونەوەرە هەژارەکانی
سەر زەمین دەدا. (دەست دەکات بە گۆرانی وتن)
ئەوا سێنت "وسهۆڵد"
سێ جار بە تەنیا
هەر خۆی بە دەوری
جیهاندا بە پێ ڕۆیشت خولایەوە.
تووشی مەیتەکە و نۆ نەوەکانی[2]
بوو لەو کاتەدا
کە لە دایکەکەی خۆیان دەخوازی
ئەو گفتەی دایبوو، بیهێنێتە دی؛
وازی لێ بێنێ و

١. فلیبەرتجیبێرت؛ ناوی شەیتانێکە.
٢. مەیتەکە؛ مێردەزمە، دێوەزمە. ئەوەی هەندێ کەس لە نوستنیاندا تووشی دەبن و هەناسەیان پێ نادرێتەوە.

دابەزێ لەسەر سنگی نێچیری.
شەیتانەکە، دەی،
ون ببە و تۆ ئیتر لێرە نەمێنی.

کێنت:

ها گەورەم، چۆنی؟

لییەر:

ئەو پیاوە کێیە؟

کێنت: (روو دەکاتە گلۆستەر)

کێ لەوێدایە؟ بۆ چی دەگەڕێی؟

گلۆستەر:

ئەرێ ئێوە کێن؟ ناوەکانتان چین؟

ئێدگار:

"تۆم"ی هەژارە،
ئەوەی کە بۆقی ئاو و وشکایی،[1]
سەرەمێکوتە و شەوگەردەکانی
ناو ماڵ و زەلکاو، ژەمەکانیەتی.
ئەوەی کە خێوی بەد دەورووژێ،[2]
تەپاڵەی مانگا زەڵاتەی دەبێ و
مشک و سەگانی تۆپیو قووت دەدا.
بۆ خواردنەوەش، ئاوی قەوزاویی
زەلکاو و گۆمی وەستاو نۆش دەکا.
لە کڵێسەیەک کە راو دەنرێ
بۆ یەکێکی تر

١. دوو جۆرە بۆق هەیە؛ یەکێکیان سەر پشتی ساف و لووسە، لە زەلکاودا دەژێت. ئەوەکەی تریان سەر پشتی زبرە و گەورەترە، لە وشکاییدا دەژێت.

٢. خێوی بەد؛ شەیتان (ئەو خێوەی کە دوای ئێدگار کەوتووە).

دەچێت، لەوێشدا، سزا دەدرێ.[1]
جارانی پێشوو، سێ دەستە جلی،
زۆر جوانی هەبوو، تەنیا بۆ پشتی.
لەگەڵ شەش کراس بۆ گیان و لەشی.[2] (دەست دەکات بەگۆرانی)
ئەسپێکی هەبوو کە سواری ببێ.
لەگەڵ شمشێرێ کە هەڵی بگرێ.
ئەمە حەو ساڵی درێژە تەنیا
هەر جرج و مشک و بوونەوەری وا،
بوون بە خۆراکی "تۆم"ی لات و رووت.
ئاگەدار بن، ها،
لەو خێوە بەدەی دوای من کەوتووە. (لەگەڵ یەکێکی نادیاردا دەدوێت)
وسبە، بێ دەنگبە، "سمەڵکن"ی خێو.[3]

گڵۆستەر:

ئەرێ، سەروەرم، هیچ هاورێیەکی
باشترت لەمە، دەست نەکەوتووە؟

ئێدگار:

میری تاریکی، زۆر خانەدانە،
سەرهێزەکانی، یەکێکیان ناوی
"مۆدۆ"یە و "ماهوو" ئەوەی تریانە.[4]

گڵۆستەر:

ئەم گۆشت و خوێنەی ئێمە، سەروەرم،[5]

---

١. دەچێت بۆ کڵێسە، بۆ سواڵکردن.

٢. ئێدگار، پێیان دەڵێت کە کاتی خۆی، پێش ئەوەی مێشکی تێک بچێت، نۆکەریی کردووە لە ماڵی خانەدانێکدا. لەوێدا، (وەکو ئۆسواڵد، سەیری دێری ٢,٢,١٥ بکە) جلی جوانی لەبەر دەکرد.

٣. سمەڵکن؛ ناوی خێوێکە.

٤. مۆدۆ و ماهوو، ناوی دوو سەرۆک هێزی تووڕەیین لە جەهەننەمدا.

٥. ئەم گۆشت خوێنەی ئێمە؛ منداڵەکانمان.

ئەوەندە سووک و بەدرەوشت بوون،
دوژمنایەتی
دژ دایک و باوکی خۆیان دەنوێنن.
ئێدگار:
"تۆم"ی هەژار زۆر، زۆر سەرمایەتی.
گلۆستەر: (ڕوو دەکاتە لییەر)
وەرە لەگەڵم، بڕۆینە ماڵێ.
من هەستکردنم بە ئەرکەکانم،
هەندە ناکشێ، تاکو بتوانم
داخوازی سەختی کچەکانتم
پێ بچێژرێ.[١]
هەرچەندە ئەوان ئەمریان پێ کردم
کە دەرگەکانم، دابخەم و ڕێ
لە دڕندەیی ئەم شەوە هارە،
نەگرم بە گیانی تۆ رابوێرێ.
لەگەڵ ئەوەشدا، سەرکەشییەکی
ئاوام کرد؛ هاتم
بتدۆزمەوە و جەنابت بەرم
بۆ ئەو جێگەیەی،
نان و گەرمایی چاوەڕوانتن.
لییەر:
با من لە پێشا،
هەر نەختێک لەگەڵ ئەم فەیلەسووفە،
گفتوگۆ بکەم. (ڕوو دەکاتە ئێدگار)

١. کچەکانی لییەر لە گلۆستەریان داوا کرد کە گوێ نەداتە باوکیان و بانگی نەکاتەوە کە بێتەوە ماڵێ. بەڵام گلۆستەر، دڵی نایەت داخوازییەکانی ئەوان بهێنێتە دی.

دەزانی چییە هۆی هەورەگرمە؟

کێنت:

گەورەی بەڕێزم، تۆ ئامۆژگاریی
ئەو، قبووڵ بکە بچۆ بۆ ماڵی.

لییەر:

دەمەوێت لەگەڵ ئەم بلیمەتە[١]
ماوەیەک بدوێم.
تۆ بەفێربوونی چییەوە خەریکی؟

ئێدگار:

لە ئازاردانی
شەیتان چۆن گیانی خۆم بپارێزم.
چۆنیش میکرۆبی بەد بتۆپێنم.

لییەر:

دە با شتێکی هەندێک تایبەتیت
من لێ بپرسم. (لەلایەکەوە بە گوێیدا دەچرپێ)

کێنت: (روو دەکاتە گلۆستەر)

پێی بڵێرەوە، گەورەم، سەرلەنوێ،
بچێتە ژوورێ،
ئەوا مێشکی، تەواو تێک دەچێ.

گلۆستەر:

ئەی حەقی نییە؟ (رەشەبایە و باران هەر دەبارێت)
گەر کچەکانی مەرگی بخوازن.
ئینجا خۆ "کێنت"ی
نەجیب و دڵسۆز، کاتی خۆی گوتی
وای بەسەردا دێ.

---

١. بلیمەت؛ کەسێکی زۆر زیرەک.

ئاخ، ئاخ، هەژاری دەربەدەرکراو![1]
گوتت ئەم "شا"یە ئەوا شێت دەبێ. (روو دەکاتە لییەر)
دە با پێت بڵێم، دۆستی بەرێزم؛
خۆم، بگرە، شێتم.
ئاخ، من کوڕێکم هەبوو، ئێستاکە،
حاشام لە خۆی و خوێنی کردووە؛
لەم زووانەدا،
بەشوێن ژیانی مندا، دەگەڕا.[2]
ئەوەندە ئەوم خۆش دەویست، هاوڕێ،
قەت باوەڕ ناکەم، کە باوکێک هەبێ ٣,٤,١٦٥
کوڕەکەی خۆی لا ئازیزتر بێ.
راستیت پێ دەڵێم
خەفەت مێشکی منی تێک داوە.
ئای، چ شەوێکە، (روو دەکاتە شا)
سەرورەرم، تکا لە شکۆدارییی
جەنابت دەکەم–

لییەر:

دەپاڕێمەوە کە لێم ببووری.[3] (روو دەکاتە ئێدگار)
تۆش، فەیلەسووفە خانەدانەکە،
لەگەڵماندا بە.

ئێدگار:

تۆم، سەرمایەتی.

---

١. مەبەستی لە " کێنت"ە.
٢. دەیویست بمکوژێ.
٣. لەوە دەچێت کە گلۆستەر بیەوێت لییەر بباتەوە بۆ ماڵی خۆی. بەڵام لییەر، قبووڵ ناکات. دەچێت بۆ کووخەکە.

گلۆستەر:

دە دەی هاوڕێکەم،
بڕۆرە ژووریٚ بۆ ناو کووخەکە،
نەختێک با لەشت گەرمی بێتەوە.

لییەر:

دەی با هەموومان، بڕۆینە ژووریٚ.

کێنت:

گەورەم، لێرەوە.

لییەر: (باوەش بە ئێدگاردا دەکات)

لەگەڵی دەبم، هەمیشە لەگەڵ
ئەم فەیلەسووفەی خۆمدا من دەبم.

کێنت: (روو دەکاتە گلۆستەر)

گەورەی بەڕێزم،
بۆ ئەوەی نەختیٚ هێمن بێتەوە،
با ئەم کابرایە، لەگەڵ خۆی بەریٚ.

گلۆستەر:

باشە، خۆت دەبیٚ ئاگەداری بی.

کێنت: (روو دەکاتە ئێدگار)

دەی لەگەڵماندا وەرە با بڕۆین.

لییەر:

دەی "ئەسین"ی باش، وەرە با بڕۆین.[١]

گلۆستەر: (روو دەکاتە ئێدگار)

وسبە، بێدەنگبە؛ شش. دەنگت نەیەت.

ئێدگار: (گۆرانی دەڵێت)

"رۆڵەند"ی گەنجی خانەدان هاتە

---

١. یەکەم خوێندنگەی فەلسەفە سوکرات (Socrates 469-399 BC) لە "ئەسینا"دا، پایەتەختی یۆنان، دایمەزراند.

ناو قەڵا بەرزە تاریکەکەوە.
دوژمنەکەشی، وەکو جارانی؛
"فای" و "فوو" و "فەم" بوو
من هەست بە بۆنی خوێنی پیاوێکی ٣,٤,١٨٠
ئینگلیز دەکەم.[١]

١. رۆڵەند، ناوە. ئەم وتانە هیچ واتەیەکی وایان نییە. ئێدگار دەیانڵێت بۆ ئەوەی خۆی بە شێت بنوێنێت.

## دیمەنی ٣,٥

کۆرنوەڵ و ئێدمەند دەردەکەون

کۆرنوەڵ:

دەبێت تۆڵەی خۆم، بسەنمەوە
پێش ئەوەی ئەمن،
ئەم خانووبەرە، بەجێ بهێڵم.[١]

ئێدمەند:

گەورەم، ئاخر چۆن
خەڵکەکە لە من، بیر دەکاتەوە،
ئەگەر دڵسۆزیم، من بخەمە پێش
هەستی سروشتیم.[٢]
ناوێرم لەوە بیر بکەمەوە.

کۆرنوەڵ:

ئێستا دەبینم؛
تەنیا رەوشتی بەد و نەگریسی
براکەت نەبوو، وای لێ کرد مەرگی
باوکی خۆی بوێت؛ سروشتی بەدی
باوکت، بەو جۆرە،
"هەستەدەمار"ی ورووژاندووە.[٣]

---

١. ئەم خانووبەرە؛ ئەم ماڵە (ماڵی گلۆستەر).
٢. هەستی سروشتی رۆڵە، بۆ باوکی.
٣. هەستەدەمار: ئەعساب. هەستەدەماری: هەستەدەماری ئێدگار.

ئێدمەند:

ئای کە بەدبەختم؛
تاکو بتوانم داد بپارێزم،
دەبێ دەروونم ئازار بچێژێ.
ئەمەیە، ئا ئەو نامەیەی باوکم
کە باسی دەکرد.
ئا ئەمە، هەموو
تاوانەکانی دادەچسپێنێ؛
ڕازبەری دەکات بۆ بەرژەوەندیی[١]
شای فرەنسییەکان.
ئاخ، گەردوون، خۆزگە
ئەم خیانەتە، قەت رووی نەدەدا.
منیش لێرەدا،
نەدەبووم بەوەی ئاشکرای بکا.

کۆرنوەڵ:

وەرە لەگەڵما بۆ لای شازادە.[٢]

ئێدمەند:

گەر راست بێت ئەوەی
کە نووسراوە لەم کاغەزەدا،
ئەتۆ کارێکی گەورە و گرینگت
بەدەستەوەیە بیهێنیتە دی.

کۆرنوەڵ:

راست بێ و درۆ بێ

١. ڕازبەر: جاسووس. ڕازبەری: جاسووسی.
٢. شازادە: مەبەستی لە ژنەکەی خۆیەتی کە کچی شایە.

تۆی کرد بە سانی ناوچەی گلۆستەر.[١]
باوکت، لە کوێیە؟ دە بۆی بگەڕێ
تاکو بیگرین.
ئێدمەند: (لەبەر خۆیەوە، بە دەنگێکی نزم)
ئەگەر بیبینم خۆی بە یارمەتیدانی ٣,٥,٢٠
"شا"هەوە خەریک کردووە،
ئەوە، گومانی زۆری "دیوک"ەکە
زۆرتریش دەکا. (ئەمجا بە دەنگێکی بەرز)
بەردەوام دەبم لە هێنانەدی
ئەرکی دڵسۆزی. هەرچەندە گیانم
ئازار دەچێژێت
لە نێوان مافی دەروون و خوێنم[٢]
کۆرنوەڵ:
ئەوەتا من پشت بە تۆ دەبەستم.
لە خۆشەویستیی مندا باوکێکی
باشتر تۆ بۆ خۆت دەدۆزیتەوە. (دەڕۆن)

١. ئەوەی لە نامەکەدا نووسراوە، ئەگەر راست بێت یان درۆ دەربچێت. ئەم نامەیە تۆی کرد بە سانی گلۆستەر لە باتیی باوکت.
٢. بۆ ئەوەی ئەرکی خۆی بە دڵسۆزی بکات، دەبێت خیانەت لە خوێنی ( لە باوکی) خۆی بکات.

## دیمەنی ٣,٦

لە کووخێکدا لە تەنیشت کۆشکەکەوە. گلۆستەر و کێنت دەردەکەون

گلۆستەر:

دەی هەرچۆنێک بێ، ئێرە باشترە،
لە هەوای دەرێی کراوەی بێ بان.
شوکری خوا بکە. دەی با بزانم
ئیتر چیی ترم من پێ دەکرێ
کە ئێرە نەختێ ئاوەدانتر بێ.
ئەوا من دەڕۆم، زۆرم پێ ناچێ.

کێنت:

مێشک و بیری بووْون بە دیلی
بێ ئارامییەکەی.[1]
خوایەکان، ڕەببی،
پاداشتی ڕەنجی تۆ بدەنەوە[2]
بۆ ئا ئەم کارە باشەی کە دەیکەی.[3] (گلۆستەر دەڕوات)

(لییەر و ئێدگار و کەودەن دێنە ژوورەوە)

ئێدگار:

فراتێرێتتۆ،

---

١. مەبەستی لە "شا"یە.
٢. پاداشت: جەزا.
٣. مەبەستی لە " گلۆستەر"ە.

بانگی من دەکا. پێم دەڵێت؛ نێرۆ،[١]
ماسیگرێکە لەسەر کەناری
گۆمی تاریکی.[٢] (روو دەکاتە کەودەن)
بێتاوان، برۆ، ئەتۆ نوێژی
خۆت بکە و دەبێ زۆر ئاگەداری
خێوی بەدخواز بی.

کەودەن:

تکات لێ دەکەم، خالۆ، پێم بڵێ
ئاخۆ پیاوی شێت، خانەدانە یان
پیاوی ساکارە؟

لییەر:

"شا"یە، شا.[٣]

کەودەن:

نا، نا، ساکارە.
چونکە هەر پیاوی زۆر ساکار و شێت،
کوڕەکەی دەکات
بە خانەدان و خۆی دوای دەکەوێت.[٤]

لییەر:

دەک هەزار شەیتان بە دوایانەوە،
رایان دەکرد و بەدەستیانەوە،

---

١. نێرۆ: نیرۆن. یەکێک بووە لە قەیسەرە هەرە ستەمکارەکانی رۆما. زۆر حەزی لە شیعر و مۆسیقا کردووە و باش کەمانچەی لێ داوە. بەپێی ئەفسانەیەکی کۆن، کە لە جەهەنەمدا کەمانچە لێ دەدات، شەیتانەکان دێن گوێی لێ دەگرن. فراتێرێتتۆ، ناوی یەکێکە لەو شەیتانانە. دەربارەی نیرۆن سەیری پاشکۆی ئەم کتێبە بکە.

٢. گۆمی تاریکی: گۆمێکە لە جەهەننەم.

٣. لییەر، مەبەستی لە خۆیەتی.

٤. سەیری دێری ١,١,٤٠ بکە.

شیشی کەبابی
سوور سوور هەڵگەڕاو.[١]
ئێدگار:
خێوە بەدەکە، پشتم دەگەزێ.
کەودەن:
شێتە ئەوەی کە
بەماڵیبوونی گورگ، بڕوا دەکا،
یان بە لەشساغیی
ئەسپ، یان ئەڤینی[٢]
کوڕی مێردمناڵ.
یاخۆ بە سوێندی ژنی سۆزانی.
لییەر:
هەر دەبێت بیکەم؛ ٣,٦,٢٠
دەستبەجێ ئێستا، سزایان دەدەم.[٣] (ڕوو دەکاتە ئێدگار)
وەرە لێرەدا تۆ دابنیشە،
دادوەری زانا. (ڕوو دەکاتە کەودەن)
ئەتۆش هەی دانا، لێرە دانیشە.
نا، "ما ڕێوی"یەکان–[٤]

---

١. لییەر وێنای کچەکانی خۆی دەکات کە لە جەهەنەمدان. لە خوا دەخوازێت کە هەزار شەیتان بە شیشی کەبابی داغی سوورهەڵگەڕاوەوە دوایان بکەون و بیانگرن وەکو کەباب بیانبرژێنن.
٢. ئەسپ، کە هەرزان دەفرۆشرێت، زۆرترین جار لەبەرئەوەیە چونکە نەخۆشە. بڕوا مەکە کە نەخۆش نەبی.
٣. لییەر لە جیهانێکی تایبەتیی خۆیدا دەژێت؛ مێشکی شێواوە. دەیەوێت کچەکانی محاکەمە بکات و سزایان بدات.
٤. ما ڕێوی؛ ڕێوی مێ. وەکو ماکەر یان ماین. مەبەستی لە کچەکانی خۆیەتی.

ئێدگار:

سەیرکە چۆن چاوی لە کچەکانی،
مۆر کردووەتەوە![1]
ها، خاتوونەکە،
ها، لە دادگەدا، تۆ چاوت نییە؟[2] (بە گۆرانییەوە دەڵێت)
"بێسی"، لە جۆگەلەکە[3]
بپەڕێرەوە و وەرە بۆ لای من–
(کەودەن گۆرانییەکەی بۆ تەواو دەکات)

کەودەن:

ئاخ، بەلەمەکەی،
کونی تیادایە و بۆی نییە بدوێ.
بۆیە ناوێرێ بپەڕێتەوە و
بێتە لای ئێوە.

ئێدگار: (برسییەتی و سکی قۆڕەقۆڕی دێ)

خێوە بەدەکە، دوای "تۆم"ی هەژار
کەوتووە و هەرجار،
بە دەنگی بولبول لەگەڵیا دەدوێ.
هۆپپێدانس، ئەوا
لەناو ئەم سکەی "تۆم"ی هەژاردا،[4]
هاوار دەردەکا؛
دوو ماسیی سپی لە من دەخوازێ.

---

١. "ئێدگار"یش، خۆی کردووە بە شێت و بەو جۆرە خۆی دەنوێنێت؛ وەکو بە راستی کرابێت بە دادوەر و محاکەمەی کچەکانی لییەر بکات.

٢. وا دیارە کچەکان، ناوێرن سەیری رووی باوکیان بکەن. ئێدگار بە یەکێکیان دەڵێت؛ بۆ سەیری رووی باوکی خۆت ناکەیت، ئاخۆ چاوت نییە، یاخۆ بۆچی.

٣. بێسی، دیارە ناوی کچێکە.

٤. هۆپپێدانس: ناوی شەیتانێکە.

قیرەقیرِ مەکە، پەرییە رەشەکە،
خواردنم نییە تاکو بتدەمێ.

کێنت:

سەروەرم، چۆنی؟
مەوەستە ئاوا بە سەرشێواوی.
لەسەر ئەو نوێنە، بۆ پاڵ ناکەوی
بحەسێیتەوە؟

لییەر:

دەبێ من سەیری
ئەم دادوەرییە، بکەم لە پێشا.
دەی گەواهەکان، با بێنە ژوورێ.[1] (روو دەکاتە ئێدگار)
دەی تۆش پیاوەکە،
ئەوەی کە رۆبی قۆزی دادوەری[2]
کردووەتە بەری، جێگەی خۆت بگرە. (روو دەکاتە کەودەن)
ئەتۆش هاورِێکەی، کابرا داناکە،
لە تەنیشتییەوە، دەی دابنیشە. (روو دەکاتە کێنت)
تۆش ئەندامێکی
ئەنجوومەنەکەی. تۆش دابنیشە.[3]

ئێدگار:

با دادپەروەر بین لە بریاردانا. (گۆرانی دەڵێت)
ئەرێ تۆ نوستووی، شوانی شادمان؟
یان بە خەبەری؟
مەرِەکانت وا

---

١. گەواه؛ شاهد.

٢. ئێدگار، تەنیا هەر جاجمێکی کۆنی دراوی بە خۆیدا داوە. هیچی تر نا.

٣. ئەنجوومەنەکە، لە سێ دادوەر پێکهاتووە؛ ئێدگار، کە خۆی بە شێت دەنوێنێت، کەودەن و کێنت.

لە نێوان دەغڵی گەنمەشامیدان.
هەر فیکەیەکی ناسک دەربکەی
لەو دەمە جوانە خنجیلەتەوە،
گشت مەڕەکانتان،
بەساغی بۆتان، دەگەڕێنەوە.
پوڕڕ، پشیلەکە، رەنگەکەی بۆرە.[١]

لییەر:

دادوەریی ئەمیان، لە پێشا بکەن،
ئەم، " گۆنێریل"ە.[٢]
ئەوا لێرەدا، سوێندی خۆم دەخۆم،
لە بەردەمی ئەم کۆڕگە بەرێزە.[٣]
شاهی هەژاری،
کە باوکییەتی، دایە بەر لەقە.

کەودەن:

وەرە بۆ ئێرە، تۆ، خانمەکە!
"ناوت گۆنێریل"ە؟

لییەر:

هەرگیز ناتوانێ، نکووڵیی لێ بکا.

کەودەن:

ببوورە لە من، وام زانی کورسیت![٤]

---

١. ئێدگار، خۆی بە شێت دەنوێنێت. پوڕڕ، وا دیارە ناوی جنۆکەیەکە. جاران وایان دەزانی جنۆکە جاربەجار لە شێوەی پشیلەدا، دێت بۆ لای خەڵکی. بە تایبەتی بۆ لای شێت.

٢. کە دەڵێت ئەم " گۆنێریل"ە، ئاراستەی کورسییەکی بەتاڵ دەکات.

٣. کۆڕگە: ئەنجوومەن.

٤. کەودەن، گاڵتەچییە، وا دەڵێت چونکە لییەر، هەموو کاتەکە، هەر ئاراستەی کورسییەکی بەتاڵی دەکرد.

لییەر:

ئەمەش ئەوەی تر،
ئەمیان، روانینە کرێتەکانی[١]
باش پێمان دەڵێن
چییە بووژەنی دڵی ئەم ژنە.[٢]

(بە تووڕەییەوە خۆی هەڵئەدات و خۆی بە خاکدا دەکوتێت)

ئا، بیوەستێنن، نەیەڵن بڕوا.
چەکم بدەنێ؛ ئاگر، شمشێرێ!
دەبێ گەندەڵی، لێرەدا هەبێ![٣] (روو دەکاتە ئێدگار)
ئەرێ دادوەری ٣,٦,٥٥
گەندە، تۆ بۆچی هێشتت دەرباز بێ؟[٤]

ئێدگار:

دەک خوا بەزەیی بە هەر پێنج هەستی
تۆدا، بێتەوە!

کێنت:

خوایە رەحمت بێ!
سەروەرم، کوانێ، ئەو ئارامەی کە
گەلێک جار خۆتت
پێ هەڵدەکێشا؟

ئێدگار: (لەبەر خۆیەوە)

فرمێسک، بەشداری لەمەدا بکا،
شێوەگۆڕینم ئاشکرا دەکا.[٥]

---

١. روانین: سەیرکردن. کرێت: ناشیرین.
٢. بووژەن: مادە، مەعدەن.
٣. گەندەڵی: بەرتیل پێدان، فەساد.
٤. گەندە: قەڵب، ساختە.
٥. ئێدگار، بەزەیی بە " لییەر"دا دێتەوە و گریانی بۆی دێت. بەڵام ناوێرێت بگری نەوەکو فرمێسکەکانی رەنگە راستییەکەی دەموچاوی ئاشکرا بکەن و بناسرێتەوە.

لییەر:

سەگە پچکۆلە-
کان و هەموویان؛
(ترەی) و (بلانچ) و خۆشەویستەکەم،[1]
سەیریان بکەن چۆن،
بە من، دەوەڕن.

ئێدگار:

بە کلاوی سەری
تۆم، راوتان دەنێ.
دەی بڕۆن پەیی هیچتان نەمێنێ.[2] (دەیکات بە گۆرانی)
ئەگەر قەپۆزت سپی یان رەش بێ
گازی کەڵبەکەت گەر ژەهراوی بێ؛
ئەتۆ گەماڵ بی، بۆرە تانجی بی
یاخۆ تۆ سەگی دووڕەگی مۆن بی
یاخۆ سەپانی، یان سەگی راو بی
نێر بی یان مێ بی
گەر کلک بەرزکەر بی یان کلک بایەر بی،
تۆم، وات لێ دەکات لوورە لوور بکەیت؛
کە کلاوەکەی
خۆی تۆم هەڵدەدات
هەر سەگە و لایەک دەگرێ و رادەکات.

١. زۆر روون نییە، لییەر مەبەستی لە کێیە. بە لای زۆرەوە مەبەستی لە کچەکانی خۆیەتی. گۆنێریڵ: ترەی یاخۆ بترەی (betray) واتە خیانەت. رێگان؛ بلانچ (blanch) مادەیەکە رەنگ دەباتەوە؛ رەنگی دەموچاوی لییەر دەباتەوە و زەردی دەکات. خۆشەویستەکەم؛ کۆردێلیای کچێتی، ئەوەی کە خۆی حاشای لێ کرد.

٢. پەی: جێ پێ، ئەثەر.

دێدێ دێدێ دێ،[1]
دەی بەسە وسبە، دەنگت دەرنەچێ!
وەرن  با بڕۆین
بۆ رابواردن و ئاهەنگ و گەڕان،
بۆ بازاڕی شار لەگەڵ لادێیەکان.
ئای "تۆم"ی هەژار، وشک دەبیتەوە.

لییەر:

با لەشی ریگان،
گشت توێ توێ بکەن. تاکو بزانین
چی هەڵهێناوە دیواری دڵی.[2]
ئاخۆ هیچ جۆرە بۆنەیەک هەیە
لە سروشتدا تا، ئەوەندە دڵی
بێ رەحم و رەق بێ؟ (روو دەکاتە ئێدگار)
ئەتۆ، رێزدارم،
دەکەم بە یەکێک
لە سەد زەلامە شاسوارەکانم.
هەرچەند مۆدێلی جلەکانتم،
زۆر بەدڵ نییە؛
ئێستا پێم دەڵێیت– مۆدەی فارسییە؛
من لێت دەخوازم کە بیانگۆڕی.

کێنت:

گەورەی بەڕێزم، لێرە پاڵ کەوە.
دەی بۆ خۆت نەختێک بحەسێرەوە.

لییەر:

دەنگ مەکەن ئیتر، دەنگتان دەرنەچێ.

---

١. دێدێ دێدێ دێ: دەنگی دانەکانێتی کە لە سەرمادا دەلەرزێ.

٢. چی هەڵهێناوە: چ جۆرە کرمێک، مکرۆبێک، یان کرۆیشێکی هەڵهێناوە.

دەی پەردەکانیش دابدەنەوە.[١] (دەنوێت)

کەودەن:

منیش دوای کەمێک دەچمە جێگە. (گلۆستەر دەگەڕێتەوە)

گلۆستەر:

وەرە بۆ ئێرە، وەرە دۆستەکەم؛
ئەرێ کوانێ شا؟ کوا خاوەنەکەم؟

کێنت:

لێرەیە، گەورەم، ئاژاوەی مەکە؛
مێشکی تێکچووە.

گلۆستەر:

دۆستە باشەکەم، تکات لێ دەکەم،
باوەشی پیا بکە و هەڵی بگرە زوو؛
بە رێککەوت من گوێم لە پیلانێک بوو؛
لەناوی بەرن.[٢]
دەستەبەرەیەکم، داناوە لەبەر
دەرگەکەی دەرێ.
پاڵی بخە تیایدا و لێخوڕە یەکسەر
بڕۆ بۆ دۆڤەر.[٣]
دۆستەکەم، لەوێ هەردووکیت دەبێ؛
پێشوازیی گەرم و ئاسایشی گیان.
دەستبەجێ یەکسەر
خاوەنەکەی خۆت هەڵبگرە و بیبە.

---

١. لییەر، مەبەستی لەو پەردانەیە کە دەوران دەوری نوێنەکەی دەگرن. بێگومان، لەم جێگەیەدا، نوێنەکەی پەردەی نییە. لییەر مێشکی تێکچووە؛ هەڵوەسە دەکات.

٢. لییەر، لەناوبەرن.

٣. دۆڤەر: ناوی بەندەرێکە لەسەر کەناڵی ئینگلیزی. نزیکە لە فەرەنساوە.

گەر نیو سەعاتێ دواکەویت، گیانی
ئەو و تۆ و هەرچی
یارمەتیی بدات یان بیپارێزێ،
بێگومان یەکسەر، لە کیسیان دەچێ.
دەی هەڵی بگرە،
دەی هەڵی بگرە و دوام بکەوە بڕۆین.
ها، ئەوەش بەرە؛ بەدیهێنانی[١]
ئەرکەکانی تۆ، خێراتر دەکا.

کێنت:

سروشتی ماندوو، نوستن دەیگرێ.[٢] (روو دەکاتە لییەر)
دەی خوایە بەڵکو،
ئا ئەم سرەوتە، مەرهەمێک دەبوو[٣]
بۆ هەموو پەیە دڕاوەکانت.[٤]
ئەگەر بارودۆخ، ڕێمان نەداتێ
چارەکردنیان، زۆر ئاسان نابێ. (روو دەکاتە کەودەن)
تا خاوەنەکەت
هەڵبگرین تۆخوا، دەستێکمان بدەرێ.
نەکەی ها، لە دوا بمێنیتەوە.

گلۆستەر:

دەی ئیتر بڕۆن! (هەموویان دەڕۆن. هەر ئێدگار دەمێنێتەوە)

---

١. وا دیارە هەندێ شتی داوەتێ کە لە ڕێگەدا بەکاریان بهێنێت بۆ ئەوەی ڕێگەکەیان ئاسان بکات و زووتر بگەنە دۆڤەر، وەکو پارە، خواردن بۆ خۆی و ئەسپەکانی، خەریتەی ڕێگەکە.
٢. سروشتی ماندوو: زیندووی ماندوو (پیاوی ماندوو) خەو بەسەریا زاڵ دەبێت.
٣. سرەوت: حەسانەوە
٤. پەی: هەستەدەمار، ئەعساب.

ئێدگار:

که به چاوانی خۆمان دەبینین،
ئەوانەی لێمان بەرز و باشترن،
دەرد و ئازاری ئاوا دەچێژن،
ئیتر له دەرد و ئازارەکانی
خۆمان به دوژمن، بیر ناکەینەوە.
هەره پەستترین
ئازار، ئەوەیه، ئەوەی به تەنیا،
له مێشکماندا، ئێمه دەیچێژین؛
که ئاسوودەیی و هیوا و شادمانی
له دوامانەوە، بەجێ دەهێڵین.[١]
بەڵام بیر بەسەر بەشێکی زۆری
رووباری خەمدا دەپەڕێتەوە،
گەر هاوڕێی هەبێ و
کێشی خەفەتی لەگەڵ هەڵبگرێ.
ئای که بەسووکی
ئێستا ئازارم پێ دەچێژرێ
که من دەبینم
ئەوەی که پشتم دادەنەوێنێ،
شا ناچار دەکات، ملی کەچ بکات.
ئەو،
مناڵەکانی، ناچاری دەکەن.
منیش، باوکی خۆم.
دەی تۆم، دەی بڕۆ،

١. که هیوامان نامێنێت و بیر له شادمانی ناکەینەوە، ئەوساکه مێشکمان بەتەنیا ئازار دەچێژێت.

هەر تێبینینی هەرا و ڕووداوی
دەوری خۆت بکە.
بەڵام نهێنیی ڕەوت و شێوازی
خۆت جارێ بۆ کەس، ئاشکرا مەکە.[1]
هەتاکو ئەوەی کە ناوی شکاندی و
وا شەرمەزاری کردی لە دنیا،
خۆی پەشیمانیی ٣,٦,١١٠
خۆی دەردەبڕێ و ئاشت دەبێتەوە.
ئا لەم شەوەدا، چیی تر ڕوو دەدا،
لام گرینگ نییە.
جگە لە ساغیی شا و دەربازبوونی
بە سەلامەتی.
بەڵام تۆ جارێ، خۆت پیشان مەدە!

١. جارێ با کەس نەزانێت تۆ کێیت.

## دیمەنی ٣,٧

کۆرنوەڵ، ڕێگان، گۆنێریڵ و ئێدمەند دەردەکەون

لەگەڵ نۆکەر و یاوەرەکانیاندا

کۆرنوەڵ: (ڕوو دەکاتە گۆنێریڵ)

زوو سواربە و بڕۆ بۆ لای مێردەکەت.

ئا ئەم نامەیەی بەرێ ببینێ؛[1]

سوپای فرەنسی،

پێی ناوەتە سەر خاکی وڵاتمان (ڕوو دەکاتە نۆکەرەکانی)

بۆ " گڵۆستەر"ی خائین بگەڕێن.

ڕێگان:

کە گرتتان یەکسەر، هەڵی بواسن! (هەندێک لە نۆکەرەکان دەڕۆن)

گۆنێریڵ:

چاوی هەڵکۆڵن!

کۆرنوەڵ:

دایبنێن بۆ خۆم.

بەپێی هەوەسی ڕقی ناو دڵم،

سزا دەدرێ.

ئێدمەند، تۆش لەگەڵ خوشکەکەم، بڕۆ.

ئەو سزایانەی،

باوکی خائینی تۆ، دەیانچێژێ،

باشترە چاوی تۆ نەیانبینێ. (ڕوو دەکاتەوە گۆنێریڵ)

---

١. ئەو نامەیەیە کە بۆ گڵۆستەر هاتووە و ئێدمەندی کوڕی هێنای بۆ کۆرنوەڵ.

که چوویت ببینی، به دیوک بڵێ؛
لەشکرەکانی، با بە خێرایی،
ئامادە بکا.
ئێمەش وا دەکەین.[1]
پەیامبەرانی ئێمە بێگومان،
زیرەک و وریا و زۆر چالاک دەبن؛
دەنگ و خەبەری
یەکتریمان زوو پێ دەگەیەنن.
ئەسپەردەی خوا بی خوشکی ئازیزم،
ئەسپەردەی خوا بی "سان"ی گلۆستەر.[2] (ئۆسواڵد دەردەکەوێت)
ها، شا لە کوێیە؟
ئۆسواڵد:
سانی گلۆستەر،[3]
گەشتی بۆ رێکخست؛ بڕوات بۆ دۆڤەر.
ئاوا نزیکەی
سی و شەش زەلامێک لە سوارەکانی،
بە پەرۆشەوە دەگەڕان بەڵکو بیدۆزنەوە.
کە بەدییان کرد لای دەروازەکەی
کۆشکەکەیەوە،[4]

١. کۆرنوەڵ و ئەلبەنی، مێردەکانی کچەکانی شا، هەریەکەی "دیوک"ی ناوچەیەکن و سوپای تایبەتی خۆیان هەیە. ئێستا خۆیان ئامادە دەکەن بۆ جەنگکردن دژی سوپای فرەنسی. کۆردێلیا، کچە پچووکەکەی لییەر، دیارە مێردەکەی خۆی لاس داوە کە لەسەر باوکی بکاتەوە.
٢. سانی ئازیزم: مەبەستی لە ئێدمەندە. چونکە بەڵێنیان داوەتێ کە بیکەن بە سانی گلۆستەر لە باتیی باوکی.
٣. سانی گلۆستەر: مەبەستی لە باوکی ئێدمەندە.
٤. مەبەستی لە کۆشکەکەی گلۆستەرە.

پێکەوە لەگەڵ
هەندێک لە پیاو و نۆکەرەکانی
"سان"ی گلۆستەر، چوون بەرەو دۆڤەر.
لەوێدا گوایە
دۆستی دڵسۆزی چەکرێژکراوی
بەهێزیان هەیە.
کۆرنوەڵ:
برۆ ئەسپەکان ئامادە بکە
بۆ خاتوونەکەت. (ئۆسوەڵد دەڕوات)
گۆنێریڵ:
ئەسپەردەی خوا بی
سانی شیرینم. ئەتۆش خوشکی خۆم.
کۆرنوەڵ:
خواحافیز ئێدمەند. (گۆنێریڵ و ئێدمەند دەڕۆن. روو دەکاتە چەند نۆکەرێک)
بۆ " گلۆستەر"ی خائین بگەڕێن،
بیدۆزنەوە.
بەندی بکەن و خێرا بیهێنن،
بێتە بەردەممان. (نۆکەرەکان، دەڕۆن)
هەرچەندە ئێمە
بۆمان نییە وا، بەبێ دادوەری،
ئێستا کۆتایی بە ژیانی بێنین،
بەڵام،
ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە،
بۆی هەیە و دەبێت
نەختێک خاتری سەرگەرمی بگرێت.
بۆ ئەوە مرۆڤ، لۆمە دەکرێت.

بەڵام، ناتوانێت بەسەریا زاڵ بێت[١] (گلۆستەر دەهێنن)

ها ئەوە کێیە؟ خائینەکەیە؟

ڕێگان:

ڕێوی نمەک کوێر، ئا ئەم پیاوەیە![٢]

کۆرنوەڵ:

ئەو دەستە وشکە چرچانەی، دەی توند،

توند توند بەند بکەن.

گلۆستەر:

خاوەن شکۆ تۆ، مەبەستت چییە؟

ئاخر دۆستەکان، دۆستە باشەکان، ٣,٧,٣٠

لە بیرتان نەچێ؛ میوانی منن.

هاوڕێیەکانم،

ئاخر ئازارم پێ مەگەیەنن.

کۆرنوەڵ: (ڕوو دەکاتە نۆکەرەکان)

من پێتان دەڵێم، بیبەستنەوە.

ڕێگان:

توندتر، دەی توندتر (ڕوو دەکاتە گلۆستەر)

ئاخ داخی دڵم، خائینی ڕیسوا!

گلۆستەر:

ئەمن خائین نیم، خانمی دڵڕەق.

کۆرنوەڵ:

بەم کورسییەوە، بیبەستنەوە. (ڕوو دەکاتە گلۆستەر)

ناکەس، دەبینی– (ڕێگان، بۆ ڕیسواکردنی، موو لە ریشەکانی هەڵدەکێشێت)

١. بۆ سەرگەرمی، پیاو لۆمە دەکرێت. بەڵام بەدەست خۆی نییە؛ پیاو، ناتوانێت بەسەر سەرگەرمیی خۆیدا زاڵ ببێت.

٢. پێش ماوەیەک، گوایە چاکەیان لەگەڵدا کردووە. سەیری دێری ٢,١,٥٩ بکە. ئێستاش وەکو ڕێوی بە دزییەوە لەگەڵ "کۆردێلیا"دا، نامە بۆ یەکتری دەنێرن.

گلۆستەر:

لەبەر خاتری خوای پڕ بەزەیی،
کردەوەیەکی زۆر ئابڕووبەرە،
مووی ریشەکانم، وا هەڵبکێشی.

رێگان:

ئەوەندی سپین، هەندەش خائینی؟

گلۆستەر:

رۆژێک، خانمی بێ شەرم و ئابڕوو،
ئەو موویانەی تۆ هەڵیان دەکێشی،
دەبووژێنەوە و
لە دادگەی دوایی، تۆ تاوانباری
کردەوە و کاری دڕندە دەکەن.
من، لەمماڵەدا، خانەخوێتانم؛
هیچ شەرم ناکەن،
وەکو رێگری بێ نرخ، زۆرداری
لە میوانداریی سەخیتان دەکەن.
بەتەمای چین و چی لە من دەکەن؟

کۆرنوەڵ:

گەورەم، بەسێتی، دەی پێمان بڵێ؛
لەم دواییەدا، لە فرەنساوە،
نامە و خەبەری چیت بۆ هاتووە؟

رێگان:

راستەوخۆ وەڵام، ها، بدەرەوە.
چونکە راستییەکەی ئێمە دەیزانین.

کۆرنوەڵ:

پیلانی چیتان ئێوە داناوە

لەگەڵ ئەو پیاوە
خائینانەی کە،
لەم دواییەدا، پێیان داناوە
لەسەر خاکانی مەملەکەتەکە؟

ڕێگان:

"شا"یە شێتەکەی
خۆت بۆ لای کێ نارد؟
دەی، قسە بکە.

گڵۆستەر:

من نامەیەکی کەم ڕوونم پێ گەیشت،[1]
لە یەکێکەوە
کە لایەنگری هیچ لایەک نییە.
ئەوەی نووسیوە، ئەوەی کە دڵی
یاخۆ خەیاڵی هەڵی هێناوە.
لە دوژمنەوە، بۆم نەهاتووە.

کۆرنوەڵ:

ئای کە زۆرزانی.

ڕێگان:

درۆزنیشی.

کۆرنوەڵ:

تۆ "شا"ت بۆ کوێ نارد؟

گڵۆستەر:

ناردم بۆ دۆڤەر.

ڕێگان:

بۆچی بۆ دۆڤەر؟

---

١. کەم ڕوون: زۆر ڕوون نییە و من خۆم بەباشی لێی تێ نەگەیشتووم.

بۆچی تۆ ئەمرت پێ نەکراوە،
لەژێر هەڕەشەی مەرگدا، تۆ ئەگەر–[١]

کۆرنوەڵ:

بۆچی بۆ دۆڤەر؟
وەڵامی ئەوە، با بداتەوە.

گلۆستەر:

بە دارەکەوە، بەستراومەتەوە.
ئیتر ناچارم،
بێدەنگ ئازاری قەپاڵ بچێژم،
هەتاکو گیانم دەردەچێ و دەمرم.[٢]

ڕێگان:

بەگی بەڕێزم، بۆچی بۆ دۆڤەر؟

گلۆستەر:

چونکە حەز ناکەم، ٣,٧,٥٥
نینۆکە تیژە ستەمەکانی ئێوە ببینم،
چاوەکانی ئەو هەژارە پیرە،
لە بەرچاوانی مندا هەڵکۆڵن.
ناشمەوێ خوشکە
دڕندەکەی تۆ، کەڵبەی بەرازیی
دابچەقێنێ،

---

١. هەڕەشە کرابوو کە بە هیچ جۆرێک نابێت یارمەتیی شا بدات، ئەگینا دەیکوژێت. سەیری دێری ١٤٦ , ٤ , ٣ بکە.

٢. لەو کاتانەدا، جۆرە رابواردنێکی گەلێک ستەم باو بووە، بە تایبەتی لە نێوان پیاوە گەنجەکاندا؛ ورچێکیان دەگرت و بە گوریسێکی تۆزێ درێژ دەیانبەستەوە بە دارێکەوە. ئینجا یان سەگیان تێ بەردەدا، یان چەند کەسێک بە خەنجەرەوە هەڵیان دەکوتایە سەری تا دەیانکوشت.

له گۆشتەکانی لەشی پیرۆزی.
دەریاکە، بە ئەو زریانەی سەری
رووتی دەیچێژا، لەناو ئەو شەوە
رەشە تاریکە دۆزەخییەدا،
ئامادە بوو خۆی، وا بەرز هەڵبدا،
ئاگرەکانی گەردوون قووت بدا.[1]
لەگەڵ ئەوەشدا،
ئەو دڵە پیرە، داوای لە گەردوون
دەکرد تووڕەتر
بێت و بارانی تر ببارێنێ.
ئەگەر لەو کاتە سەختەدا گورگێک،
لە بەردەرگەکەت بیلووراناییە،
دەبوایە بڵێیت؛
دەرگەوانەکە، کوڕی باش دەرگەی
لێ بکەرەوە!
گشت بوونەوەرە ستەمەکانی
تری ئەم خاکە،[2]
بەزەیی، دڵیان نەرم دەکاتەوە.
رۆژێک دەبینم، چۆن گەردوون تۆڵە
لە رۆڵەی بەد و
دزێوی ئاوا دەسەنێتەوە.

کۆرنوەڵ:

هەرگیز قەت رۆژێک ئەوە نابینی. (روو دەکاتە نۆکەرەکانی)

١. ئاگرەکانی گەردوون: ئەستێرەکان. بەو زریانەی کە سەرە رووتەکەی لییەر دەیچێژا، دەریاکەی وا وروژاندبوو، شەپۆلەکانی دەگەیشتنە ئاسمان.
٢. بوونەوەر: گیانەوەر. ئەم خاکە: ئەم دنیایە.

کورسییەکە بگرن، دەی بە قایمی.
بە پاژنەکانی خۆم چاوەکانی
تۆ، هەڵدەکۆڵم.
(پاژنەی پێڵاوەکەی دەکات بە چاوێکی " گلۆستەر"دا و هەڵی دەکۆڵێت)
گلۆستەر:
ئەوەی باوەڕی هەیە کە رۆژێک،
وەک من، پیر دەبێت،
یارمەتیم بدا و فریام بکەوێت؟
ئاخ، ستەمکاری!
ئای، خوایە، رەحمێک!
رێگان:
لایەکی گاڵتە بەوەکەی تری
دەکات. پێویستە ئەویش هەڵکۆڵی. ٣,٧,٧٠
ئەوەکەی تریش.
کۆرنوەڵ:
ئەگەر دەتەوێ تۆڵە ببینی-
(کۆرنوەڵ، توند سەری گلۆستەر دەگرێت و پێیەکەی تری بەرز دەکاتەوە،
بۆ ئەوەی چاوەکەی هەڵبکۆڵێت)
یەکەم نۆکەر:
بەگی بەڕێزم،
دە دەستەکانی خۆت بگرە بەسە.
لە منداڵییەوە هەتاکو ئێستا
ئەمن نۆکەریم بۆ تۆ کردووە.
قەت خزمەتێکی رەوا و باشترم
بۆت نەکردووە،
لەوەی کە ئێستا لە تۆ دەخوازم؛
دەستەکانی خۆت بگرە بەسێتی.

ڕێگان:

ها، سەگی ڕیسوا؟

یەکەم نۆکەر:

ئەگەر چەناگەت مووی پێوە بوایە،
لەسەر ئا ئەوەی کە ئێستا گوتت،
جەنگم لەگەڵت
دەکرد و ڕیشتم بۆ دەلەرزانی.[١]

ڕێگان:

مەبەستت چییە؟

کۆرنوەڵ:

ناکەس، چی دەڵێی؟

یەکەم نۆکەر:

دەی شمشێرەکەی خۆت هەڵبکێشە.
سوودیش دەتوانی ئێستا وەربگری
لە ورووژاویی دەمارەکانم.[٢] (جەنگ دەکەن. کۆرنوەڵ بریندار دەکات)

ڕێگان: (ڕوو دەکاتە نۆکەرێکی تر)
شمشێرەکەتم ئەرێ بدەرێ. (دەیداتێ)
ڕەنجبەرە و ئاوا، دژمان دەوەستێ![٣] (شمشێرەکە، دەکات بە پشتی نۆکەری یەکەمدا)

یەکەم نۆکەر:

ئای، خۆ کوشتمی. (ڕوو دەکاتە گلۆستەر)
گەورەی بەڕێزم،

١. ئەگەر پیاو بوویتایە (ژن نەبوویتایە). لەسەر ئەوەی کە گوتت، من جەنگم لەگەڵتا دەکرد و ڕیشتم دەلەرزان.
٢. نۆکەرەکە، زۆر تووڕە بووە. پیاویش کە تووڕە دەبێت و دەمارەکانی دەورووژێن، ناتوانێت باش شیربازی بکات.
٣. وشەی ڕەنجبەر، بۆ ڕیسواکردن، بەکار دەهێنێت.

هێشتا چاوێکت ماوە، دەتوانی
کۆتاییی بەد و پیسی ببینی.[1] (دەمرێت)

کۆرنوەڵ:

ئەوەکو شتی تریش ببینێ،
ئەوا من ڕێگەی ئەوەی لێ دەگرم.
دەی جێلی ناکەس، وەرە دەرەوە.[2] (چاوەکەی تری هەڵدەکۆڵێت)
درەوشانەوە و بریسکەکانت،
لە کوێ مانەوە؟

گلۆستەر:

ئاخ، لە تاریکی بەولاوە هیچی
تر من نابینم، ئای کە ناخۆشە!
کوا ئێدمەند، کوانێ؟ کوانێ کوڕەکەم؟
ئێدمەند، دەی لە گشت، ۳,۷,۸۵
برووسکەکانی ئاسمان و سروشت،
ئاگر بەربدە،
هەتاکو تۆڵەی ئەم کارە بەدە،
دەسەنیتەوە.

ڕێگان:

دەی بۆ دەرەوە، خائینی ریسوا،
ئەوەی فریادی، ئەتۆ دەخوازی،
رقی لە تۆیە؛ خیانەتەکەی
تۆ، ئەو بۆ ئێمەی
زوو ئاشکرا کرد.
بەرزترە لەوەی ڕۆژێک بەزەییی

---

١. کۆتاییی پیس و بەدی کۆرنوەڵ.
٢. چاو، لە بووژەنێک پێکهاتووە، لە جێلی یاخۆ جەلاتین دەچێت.

بە ریسوایەکی وەک تۆ بێتەوە.
گلۆستەر:
وەی لە من، هاوار، ٣,٧,٩٠
چ هەڵەیەکم خوایە کردووە!
کەوابێت ئێدگار،
هەژارە، غەدرم من لێ کردووە.
خوای بە رەحمەت،
لە من ببوورە و ئەو لە ژیاندا،[١]
سەرکەوتوو بکە!
رێگان: (روو دەکاتە نۆکەرێک)
هەڵی دەرە بەردەرگەی دەرەوە،
جا با لەوێوە، بە بۆن بۆ دۆڤەر،
رێگەوبانی خۆی بدۆزێتەوە.
کۆرنوەڵ:
دوام کەوە خانم، من برینداڕم.
برینێکی قووڵ.
دەی ئەو ناکەسە کوێرە دەربکەن
بچێتە دەرێ.
ئا ئەو بەندەیەش هەڵبدەنە سەر[٢] ٣,٧,٩٥
سەرەنوێلکەکە.[٣] (روو دەکاتە ژنەکەی)
رێگان، خوێنێکی زۆرم لێ دەچێ.

---

١. گلۆستەر، تازە تێ گەیشت کە "ئێدمەند"ی کوڕی بوختانی بە ئێدگار کردووە. لەبەر ئەوە لێبووردن لە خوا دەخوازێت و لێی داوا دەکات کە ئێدگاری کوڕی سەرکەوتوو بکات.

٢. بەندە؛ مەبەستی لە تەرمی نۆکەرە کوژراوەکەیە.

٣. سەرەنوێلک؛ کۆمەڵ تەپاڵە و پیسی.

لە چ کاتێکی
ناڵەباردا، ئاخ، هات برینداری
کردم. دە توخوا دەستتم، بەرێ.
(ڕێگان، دەستی مێردەکەی دەگرێت و دەیبات. نۆکەرەکان دەست و پێی گلۆستەر لە کورسییەکە دەکەنەوە)

دووەم نۆکەر:
ئامادەم من گشت
ستەمکارییەک بکەم بە مەرجێ
ژیانی ئەم پیاوە،
ببووژێتەوە و سەرکەوتوو ببێ.

سێیەم نۆکەر:
ئەم ژنە ئەگەر تەمەن درێژ بێ و
کۆتاییی ژینی بە ئاسایی بێ،
هەموو ژنێکی ئەم جیهانەمان،
دەبن بە دێوی ستەمی کێوی.[1]

دووەم نۆکەر:
دەبا ئێمە دوای "سان"ی پیر بکەوین
بەڵکو تۆمی شێت بێت دەستی بگرێ،
بۆ کوێ دەیەوێ بۆ ئەوێی بەرێ.
شێتییە کێوییەکەی.
ڕێگەی دەداتێ بۆ هەموو شتێ.

سێیەم نۆکەر:
دە ئێوە برۆن. ئەوا من دەچم
کەتان دەهێنم
لەگەڵ سپیکەی هێلکە تێکەڵی

١. چونکە دەبینن، ئەم هەموو ستەمکارییەی کرد و هیچ سزا نەدرا.

دەکەم و دەیدەم
لەو برینانەی ناو دەموچاوی.
هەر خوا ئیتر، یاریدەری
بێ و بیپارێزێ. (دەڕۆن)

# پەردەی چوارەم

## دیمەنی ٤,١

### ئێدگار دەردەکەوێت لە شێوەی "تۆم"ی هەژاردا

ئێدگار:

باشترە ئاوا، هەر بە ئاشکرا،
جنێو بدرێم،
لەوەی جنێوی تاڵتر بدرێم.
لە پشت خۆمەوە.[١]
کڵۆڵترین و هەرە پەستترین
نێچیری خوای بەخت و بەختیاری،
هەمیشە دڵی
پڕە لە هیوا و بەبێ ترس دەژی.[٢]
ئەو گۆڕینەی کە
مرۆڤ بە ڕاستی، نیگەران دەکا،
ئەوەیە، ئەوەی،
پیاو لەسەر لووتکەی بەرزی شادمانی-
دا تووشی دەبێت.

---

١. ئێدگار، ئێستا سواڵکەرە، کەس ئیشی پێی نییە تا مەرایی بکات. ئەو جنێوانەی ئێستا خەڵکی پێی دەدەن لەبەرئەوەی کە سواڵ دەکات، بە ئاسانتر دەیچێژێت لە جنێوی ئەو کەسانەی کە کاتی خۆی ڕووبەڕوو مەراییان دەکرد بەڵام لە پشتەوە جنێویان پێ دەدا.

٢. هەمیشە هیوای هەیە کە بارودۆخەکەی بەرەو باشی بگۆڕێت؛ چونکە هەرچۆنێک بێت، لە ئێستای خراپتر نابێت. ئیتر لە چی بترسێت.

وەرە کەوابێت،
وەرە زەمانی بێ تەن و بووژەن،[١]
دەک بەخێر هاتی!
ئەمن باوەشی گەرمت پیا دەکەم.
ئەو کلۆڵەی تۆ،
هەڵتدایە ناو بەدترین باری،[٢]
یەک ئاست وامداری سوپاسکردنی
جەنابت نییە. (گلۆستەر دێت. پیاوێکی پیری لاواز دەستی گرتووە)
بەڵام، ئاخۆ کێ، بەرەو ئێرە دێ؟
ئای، خۆ باوکمە،
پیاوێکی لاواز، دەستی گرتووە!
جیهان، ئاخ، جیهان!
تەنیا گۆڕینی رەوت و شێوازی
نالەباری تۆ، وامان لێ دەکا
تۆمان خۆش نەوێ.
ئەگینا ژیان، هەرگیز قەت رۆژێ،
ئاشت نەدەبووەوە لەگەڵ مردندا.[٣]

پیرەمێرد:
گەورەی بەرێزم،
وا هەشتا ساڵە
ئەمن نۆکەری خۆت و باوکتم.

گلۆستەر:
برۆ، خۆت لە من دوور بخەرەوە،

---

١. بووژەن: مادە
٣. ئەو کلۆڵە: ئێدگار خۆیەتی. بەدترین باری: خراپترین وەزعی.
٣. ئەو گۆڕینە نالەبارانە وا لە ژیان دەکەن کە بە مردن رازی بێت؛ ئەگینا مردن، شتێکی زۆر زەحمەت دەبوو.

دۆسته باشەکەم، ئازیزم برۆ
دڵی من بەتۆ، نادرێتەوە.
لەگەڵ مندا بی،
دەترسم تووشی، ناخۆشی ببی.

پیرەمێرد:

داخەکەم، گەورەم،
ئاخر ناتوانی رێگەت ببینی.

گڵۆستەر:

من رێگەوبانم، نییە، کەوابێ
من ئیتر ئیشم بە بینین نابێ. ٤,١,٢٠
ئەو کاتەی کە پێم
هەڵکەوت، سەروەرم،
دوو چاوی ساغم هەبوو؛ دەمبینی.[١]
تێروتەسەلی
گەلێ جار ئێمە ئاوا لێ دەکات،
کە ئاسایشمان فەرامۆش بکەین.[٢]
دەستکورتیش زۆرجار
دەبێت بە سوود و سەرمایە بۆمان.[٣]
ئاخ، ئێدگار کوڕی هێژای شیرینم،
بوویت بە خۆراکی
تووڕەیی باوکە خەڵەفاوەکەت.

١. مەبەستی ئەوەیە؛ ئەوساکەی من بڕوام بە بوختانەکەی ئێدمەند کرد دژی ئێدگار و حاشام لەو کوڕە باشەی خۆم کرد، کوێر نەبووم؛ چاوەکانم دەیانبینی. بەڵام دەروونم، کوێر بوو.
٢. فەرامۆش: ئیهمال. تێروتەسەلی، وامان لێ دەکات بیر نەکەینەوە لە سەلامەتی و رەوایی هەنگاوەکانمان.
٣. دەستکورتی: نەبوونی.

گەر هاتو بژیم
تاکو ئەو رۆژەی ئەتۆ دەبینم
بە هەست و هۆشی ئەنگوستەکانم،[1]
ئەوساکە دەڵێم: سەرلەنوێ چاوم
هەیە و دەبینم. (پیرەمێردەکە، ئێدگار دەبینێت)

پیرەمێرد:

ئا ئەوە، کێیە؟

ئێدگار: (لەبەر خۆیەوە)

ئای، خوایە، خوایە، کێیە ئەوەی کە
دەتوانێت بڵێ؛ لە کەساسیدا،
گەیشتوومە هەرە بەدترین بارم؟
ئەوەتا ئێستا من کەساسترم
لە کەساسترین کاتی ژیانم[2]

پیرەمێرد:

"تۆم"ی هەژارە. مەجنوونەکەیە.

ئێدگار:

دوور نییە تووشی بەدتریش ببین؛
مادەم دەتوانین بڵێین "بەدترین"،
ئا، نەگەیشتووینە "هەرە بەدترین"[3]

پیرەمێرد:

کابراکە، ئەرێ، تۆ بۆ کوێ دەچی؟

---

١. چاوی نەماوە: ئیتر بە چاو، کورەکەی خۆی نابینێت. بەڵکو بە هەستی پەنجەکانی ببینێت.
٢. لە پێش تاوێکدا، وای دەزانی ئەوەندە کەساسە ئیتر قەت لەوە کەساستر نابێت. بەڵام کە باوکی خۆیی بینی لە چ بارێکدایە، هەستی بە کەساسییەکی زۆرتر کرد.
٣. هەرچەند لەبارێکی بەددا بین، مادەم نەمردووین، لەوانەیە بارەکەمان بەدتریش ببێت.

گلۆستەر:

سواڵکەرەکەیە؟

پیرەمێرد:

بەگم، سواڵکەرە مەجنوونەکەیە.

گلۆستەر:

هێشتا مێشکی هەر تۆزێک هەیە،
ئەگینا سواڵی قەت پێ نەدەکرا.
کاتی زریانی شەوی رابردوو،
پیاوێکم بینی. ئاوای لێ کردم[1]
مرۆڤ وەک کرم، بێتە بەرچاوم.
ئا لەو کاتەدا، کوڕەکەی خۆمم،
من هاتەوە بیر. هەرچەندە ئەوسا،
لێی تۆرابووم و بە دۆستی خۆمم
من نەدەزانی.
بەڵام لەوساوە، بیرم لە شتی
تر کردووەتەوە؛
مێش، لای مناڵی لاسار چەند نرخی،
هەیە ئێمەش واین، لای خوایەکانمان؛
هەر وا، بۆ کەیف و گەڕانی خۆیان،
ئێمە دەکوژن.

ئێدگار: (لەبەر خۆیەوە)

ئەمە، چۆن رووی دا؟
کردەوەیەکی ناخۆش و بەدە،
ئەگەر ناچاری، ئاوات لێ بکا
لەگەڵ پیاوێکی

---

١. ئەو پیاوە، ئێدگاری کوڕی دەبێت.

خەفەتباردا خۆت، بە شێت بنوێنی؛
بەوە تۆ خۆت و ئەو توورە دەکەی. (روو دەکاتە باوکی)
بە درووود بی، بەگم!

گلۆستەر:

ها، ئەمە کابرا بێ جلەکەیە؟

پیرەمێرد:

بەڵێ، سەروەرم.

گلۆستەر:

کەوابێت تکات لێ دەکەم، برۆ.
کە هاتیتەوە پێشمان بکەوە،
بۆ میلێک یاخۆ دووان بەرەو دۆڤەر،
بیکە هەر لەبەر
خاتری من و ئەڤینی کۆنمان.
لەگەڵ خۆشتدا هەر ئاوا نەختێ
جل بۆ ئەم گیانە رووتە بهێنە.
ئەوەی وا ئێستا
دەپارێمەوە لێی دەستم بگرێ.

پیرەمێرد:

زۆر بەداخەوە، سەروەرم، شێتە.

گلۆستەر:

زەمان، بیمارە،
ئەگەر پیاوی کوێر، شێت رابەری بێ.
من چیت پێ دەڵێم، تۆ ئەوە بکە،
یاخۆ ئارەزووی چی دەکەیت، بیکە.
ئەوەی بە راستی لای من گرینگە،
ئەوەیە کە تۆ، هەر ئێستا برۆی.

پیرەمێرد:

له جلەکانی خۆم، باشترینیان
بۆ ئەو دەهێنم.
چی دەبێ، ببێ.[١] (دەڕوات)

گڵۆستەر:

دەی کوڕە وەرە، کابرا رووتەکە-

ئێدگار:

تۆمی هەژار زۆر، زۆر سەرمایەتی.
(لەبەر خۆیەوە) ئیتر ناتوانم
شێواز و ناوم بشارمەوە.

گڵۆستەر:

وەرە، کابراکە.

ئێدگار:

بەڵام پێویستە.[٢]
خوا چاوەکانی تۆ بپارێزێ.
خوێنیان لێوە دێ.

گڵۆستەر:

تۆ رێگەی دۆڤەر، ئەرێ دەزانی؟

ئێدگار:

بەڵێ هەردووکی؛
بە سواری ئەسپ و تووڵەڕێی پیادە.[٣]
تۆمی هەژار، ترس،
مێشکی باشی بەمجۆرە تێک دا.

---

١. ئیتر چیم لێ دەکەن لەسەر ئەوەی کە یارمەتیی ئەم پیاوە دەدەم، با لێم بکەن.
٢. بەڵام پێویستە، شێواز و ناوی خۆم، جارێ بشارمەوە.
٣. تووڵەڕێ؛ رێگەی باریک.

ئەی پیاوە باشە خانەدانەکە،
خوا لە جنۆکەی بەد بتپارێزێ.
لەناو دەروونی "تۆم"ی هەژاردا،
پێنج جنۆکەی بەد لە هەمان کاتدا،
هەموو دەژیان؛
"ئەبیدیکەت"ی ئاڵۆش پێگر و
"هۆبیدیدێنس"ی میری لاڵێتی،
"ماهۆ"ی گزیکەر، "مۆدۆ"ی زەلامکوژ،
لەگەڵیشیاندا، "فلیبەرتیگیبەر"
ئەوەی دیمەی خۆی ناشیرین دەکا.[١]
لەوساوە ئەوان،
دەروونی کچە خزمەتچییەکانیان،
کردووە بە جێی ژیانی خۆیان.
گەورەم، دەک یەزدان،
بتانپارێزێ لە بەدکارییان.[٢]
گلۆستەر:
ها، جزدانەکەم، بۆ خۆتی بەرە،
هانێ هەی ئەوەی کە بەلاکانی
گەردوون ئەوەندە زەبری شکاندووی،
گشت ئازارێکت پێ دەچێژرێ.
کە من دەبینی هێندە داماوم،
هەست بە ئازاری خۆت کەمتر دەکەی. (روو دەکاتە ئاسمان و دوعا دەکات)
گەردوون، رەوتاری

١. ئەوانە، ناوی ئەو جنۆکە بەدانەن کە لە دەروونی ئێدگاردا دەژیان.
٢. ئێدگار، بەو جۆرە دەدوێت بۆ ئەوەی خۆی بە شێت بنوێنێت.

خۆت وەکو ئێستا بهێڵەرەوە؛
ئەوەی سامانی زیاد لە پێویستی
هەیە و نایەوێ
یاساکانی تۆ بهێنێتە دی و
نایەوێ سەیری ژانی کەس بکا،
چونکە خۆی ژانی
قەت نەچەشتووە و هەستی پێ ناکا،
ناچاری بکە
بە دەسەڵاتی گەورەت هەست بکا.[1]
با دابەشکردن،
تیماری زیادەی سامانیان بکا.
وە هەموو کەسێ بەشێکی هەبێ.
ئەرێ تۆ رێگەی دۆڤەر دەزانی؟
ئێدگار:
بەڵێ، سەروەرم.
گلۆستەر:
کەندەڵانێکی مەزن و باڵا[2]
هەیە لەوێدا.
سەری بڵندی شۆڕ کردووەتەوە،
بەرەو ئاوەکە.
بیر بەترسەوە لە پیاکێشانی
شەپۆلەکانی
لای پێیەکانی خۆی دەکاتەوە.

---

١. خوایە، وەکو چۆن منت ناچار کرد، هەست بە ژانی کەسانی تر بکەم، هەموو کەسێک ناچار بکە کە هەست بە ژانی پیاوی هەژار و داماو بکات.
٢. کەندەڵان: لووتکەی بەر لە کەناری دەریا.

بۆ ئەوێم بەرە و لەسەر لێواری
کەندەڵانەکە، بەجێم بهێڵە.
ئینجا لەوێدا،
من بە شتێکی بەنرخ و هێژا، ٤,١,٨٠
کە لەگەڵ خۆما، هەڵم گرتووە،
تیماری دەردی داماویت دەکەم.
لەوێوە، ئیتر پێویستیم نابێ
بە ڕابەریی تۆ.
ئێدگار:
دەستتم بەرێ،
ئا، "تۆم"ی هەژار ڕابەرت دەبێ.

## دیمەنی ٤,٢

لە بەردەرگەی کۆشکی "دیوک"ی ئەلبەنی، گۆنێریلّ و ئێدمەند دەردەکەون.

گۆنێریلّ:

بەخێر بێیت گەورەم. سەرم سوورِماوە،
کە مێردە ناسکە رەوتار نەرمەکەم،
نەهاتە دەرێ، بەپیرمانەوە. (ئۆسوالّد دەبینێت)
ها، کوا بەگەکەت؟

ئۆسوالّد:

خاتوونەکەم ئەو لە ژوورەوەیە.
بەلاّم هەرگیز قەت
رووی نەداوە پیاو وا بگۆرِێت!
پێم گوت دەربارەی ئەو لەشکرانەی
پێیان خستووەتە
سەر خاکەکانی مەملەکەتەکە،
کەچی پێکەنی.
پێم گوت کە تۆ دێی.
وەلاّمی منی دایەوە و گوتی؛
ئەمجا خراپتر.
دوایی کە باسی
ئەو خیانەتەی " گلّۆستەر"م کرد
لەگەلّ دلّسۆزی "ئێدمەند"ی کورِی،

پێی گوتم خوێڕی،
تۆ بە ئاوەژوو بۆم دەردەبڕی.[١]
ئەوەی دەبوایە پێی پەست بووبووایە
کەیفی پێ دەهات.
ئەوەی پێویستە شادمانی بکات
دڵی پەست دەکات.

گۆنێریڵ:

دە لەوە زیاتر مەڕۆ لەسەری.
ترسی دڵیەتی،
ناهێڵێت ئەرکی بهێنێتە دی؛
هەست بە هەڵەیەک ناکات بزانێ
کە بەرپرسیاریی لە دواوە هەیە.
ئەو ئومێدانەی کە لە ڕێگەدا
دەرمان دەبڕین،
زۆر لەوانەیە ببن بە ڕاستی.[٢]
بگەڕێرەوە، ئێدمەند، دەی یەکسەر
بۆ لای براکەم.
لەشکرەکانی کۆ بکەرەوە.
خۆشت سەرداری سوپاکەی بکە.
لە ماڵیشەوە دەستەکانی خۆم
لەگەڵ مێردەکەم دەگۆڕمەوە؛
تەشی دەدەمێ.[٣] (ئاراستەی ئۆسواڵد دەکات)
ئا ئەم نۆکەرە دڵسۆزەش دەبێ

١. تۆ بە عەکسەوە دەیگێڕیتەوە.
٢. لە ڕێگە، خۆشەویستیی خۆیان بۆ یەکتری دەردەبڕی.
٣. تەشی: تەشی ڕستن. ئەو دەکەم بە ژن لە ماڵەوە خوری بڕێسێ و خۆشم دەبم بە پیاو.

بە پەیامبەرمان.
لەم زووانەشدا، ئەگەر نەترسی
تۆ لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆت،
سەرکەشی بکەی،
لە خاتوونەکەی خۆتەوە، جۆرە
فەرمانێکی زۆر تایبەتیت بۆ دێ.

(ئێدمەند، لە مەبەستی گۆنێریڵ تێ دەگات؛ دەستی دەخاتە سەر دەسکی خەنجەرەکەی. چونکە دەزانێت کە گۆنێریڵ دەیەوێت ئەلبەنی مێردی بکوژێت)

دەمەوێت ئەمە بکەیتە ملت. (زنجیرێک دەردەهێنێت)
پێویستیش ناکات هیچ بە من بڵێی.[1]
دەی سەرت نەختێ نزم کەرەوە. (زنجیرەکەی دەکاتە مل و ماچێکی دەکات)
ئەگەر ئەم ماچە دەیتوانی بدوێ
هەموو گیانتی دەبووژانەوە.
تۆ بە رەوانی لە من تێ بگە.
ئەسپەردەی خوا بی.

ئێدمەند:

مولْکی تۆ دەبم تاکو مردنم.

گۆنێریڵ:

ئاخ، " گلۆستەر"ی هەرە شیرینم!
چەند زۆر جیاوازی
لە نێوان پیاو و پیاودا دەبینم![2]
ئەتۆ بە راستی
شایانی ئەوەی، کە ژن دەتوانێ

١. پێویست ناکات سوپاسم بکەیت.
٢. لە نێوان پیاو و پیاودا؛ مێردەکەی و ئێدمەندی یاری.

به پیاوی بدا و
ئاڵۆشەکانی دابمرکێنیێ؛
ئێستا ڕیژگاویێ
نوێنەکەی منی داگیر کردووە. (لەو کاتەدا ئەلبەنی دەردەکەوێت)

ئێدمەند:
خاتوونە، ئەوا، خاوەنەکەم هات. (دەڕوات)

گۆنێریڵ:
ئەمن شایەنی فیکاندنێکم.[1]

ئەلبەنی:
ئاخ، ئاخ، گۆنێریڵ!
تۆ تاکو ئا ئەو گڵە ناهێنی،
کە گێژەڵووکە هەڵی دەداتە
ناو دەموچاوت.
ڕەوتاری دڕت، من دەترسێنیێ؛
ئەو سروشتەی کە
ڕیسوای ڕەگەزی خۆی ئاوا دەکا،[2]
هەرگیز ناتوانێ
پێ لە سنووری خۆی دەرنەهێنیێ.
ئەو چڵەی کە خۆی
لە درەختەکەی جیا دەکاتەوە،
خۆی لە بووژەنی ئاووک دەبڕیێ؛[3]
ئا ئەوە دەبێ
بە هۆی لاوازی و سیسی و مردنی.

---

١. جاران نەریتی ئاوا هەبووە، کە پیاو فیکە بکێشێ بۆ ژنی سووک. لێرەدا، بێگومان، لۆمەی مێردەکەی دەکات کە نەهاتووە بە پیریەوە.

٢. ڕەگەزی خۆی؛ باوکی خۆی.

٣. بووژەن: مادە. ئاووک؛ ئاوی ژیان. ئەوەی کە لەناو دەماری دار و درەختدا هەیە.

گۆنێریڵ:

ئیتر بەسێتی؛ تۆ وتارێکی
دەبەنگ و پووتم بۆ هەڵدەبەستی.

ئەلبەنی:

دانایی و باشی،
بۆ نەگریس بۆنی نەگریسیی لێ دێ.
تەنیا هەر پیسی،
لای مرۆڤی پیس پەسند دەکرێ.
ئێوە، پێم بڵێ، چیتان کردووە؟
ئێوە کەی کچن. کورە کچی چی!
ئێوە پڵنگی دڕندە و هارن.
ئەرێ ئێوە چی بەتەمان بکەن؟
هەر جگە لەوەی کە ئەو، باوکتانە،
پیرەمێردێکی
هەندە بە شکۆ و هێژا و سەنگینە،
تەنانەت ورچی هاری دڕندە،
کە لەسەرییەوە دەیبەستنەوە و
بۆ لای دەیهێنن،
زۆر بەڕێزەوە، دەست و پێی پیری
دەلێسێتەوە.[1]
ئای کە بەربەری و بێ ڕەحم و دڕن!
بە دەستانەوە، مێشکی تێکچووە.
قەت دەشێت برا خانەدانەکەم،[2]

---

١. ئەو ورچانە زۆر دڕندەن، لەگەڵ ئەوەشدا دڵیان نایەت ئازاری پیرەمێردێکی ئەوەندە بەڕێز بدەن؛ دەیلێسنەوە.

٢. برا: مەبەستی لە "کۆرنوەڵ"ە. پێی دەڵێت برا، چونکە مێردی خوشکی ژنەکەیەتی.

رێگەتان بدا وا ریسوای بکەن؟
پیاوە و ئەمیرە و
هەندەش ئەو چاکەی لەگەڵ کردووە؟[١]
ئەگەر گەردوون زوو فریشتەکانی
نەنێرێت بۆمان، بۆ خوارەوە، تا
تاوانبارەکان سزایەک بدا،
ئادەمزادیش وەک دڕندەی دەریا،
دەست دەکەن بە راو
کردنی خۆیان.[٢]

گۆنێریڵ:

ئای، جگەر سپی،[٣]
روومەتەکانت بۆ زللە لێدان
دروست کراون
سەریشت، تەنیا بۆ هەڵەکردن.
لە دیمەتدا چاو
نییە جیاوازی بکات لە نێوان
ئێشی شەرەفی بەرز و ئێشی گیان.[٤]
تەنیا هەر ریژگاو دڵی دەسووتێت
بەو ناکەسەی کە سزا دەدرێت،
پێش ئەوەی دەستی، زیان ببەخشێت.

١. ئەو: لییەر. لییەر نیوەی مەملەکەتەکەی داوەتێ.
٢. ئادەمزاد یاخۆ ئادەمئزاد. خەڵکەکە، لەناو خۆیاندا یەکتری راو دەکەن و گۆشتی یەکتری دەخۆن.
٣. جگەر سپی: ترسنۆک.
٤. ئێشی گیان: ئێشی لەش. ئێشی لەش لەوانەیە پیاو پێی بچێژرێت. بەڵام پیاو، نابێت ئێشی شەرەف قبووڵ بکات. مەبەستی ئەوەیە: ئەو لەشکرە فرەنسییەی پێی ناوەتە سەر خاکی وڵاتەکەمان، ئێش بە شەرەفمان دەگەیێنێت.

کوا دەهۆڵەکەت؟[1]
شای فرەنسا وا بەیداخەکانی
پەرش دەکاتەوە، لەسەر زەمینی[2]
مات و بێدەنگی مەملەکەتەکە.
کڵاوی جەنگی کردووەتە سەری و
هەڕەشە لە تۆ و وڵاتت دەکا.
داخەکەم کەچی، داوێن بێ مەژی،[3]
بێ جووڵە لە جێی خۆتدا دانیشتووی،
دەڵێیت داخەکەم، ئاخۆ لەبەرچی
ئەو ئاوا دەکا؟[4]

ئەلبەنی:

سەیری خۆت بکە، لە شەیتان دەچی. ٤,٢,٦٠
بێناموسێتی بە شەیتانەوە،
هێندە سامناک و نەگریس دیار نییە،
وەک بە ژنەوە.

گۆنێریڵ:

ئاخ، شێتی ناو پووت!

ئەلبەنی:

تۆ گۆڕاوی و هەڵخەڵەتاوی.
دەک شەرمەزار بی!
بەسە، بەسێتی

---

١. جاران دەهۆڵیان لێ دەدا بۆ کۆکردنەوەی سەرباز. بۆ ئەوەی بیاننێرن بۆ پاراستنی وڵات.
٢. پەرش دەکاتەوە؛ بڵاو دەکاتەوە.
٣. بێ مەژی: بێ مێشک. ئەلبەنی، خانەدانێکی "داوێنپاکە". ژنەکەشی ئەوە دەزانێت. لەبەر ئەوە، لەباتیی بڵێ "داوێنپاک" بۆ ریسواکردن پێی دەڵێت "داوێن بێ مێشک"
٤. ئەو؛ شای فرەنسا.

وەکو دڕندە تۆ خۆت بنوێنی.
ئەگەر من پەیە بەتینەکانم،
دەستەکانمیان ئازاد کردایە،[١] ٤,٢,٦٥
ئێسقانەکانتم، ئێستا دەهاڕی،
گۆشتەکانیشتم لەگەڵ دەجنی.
ئەتۆ، ئیبلیسی، بەڵام شێوازی
ژن، دەتپارێزی.

گۆنێریل:
ئاهـ، چ پیاوێکی![٢] (پەیامبەرێک دێتە ژوورەوە)

ئەلبەنی:
چییە، دەنگوباس؟

پەیامبەر:
گەورەی بەڕێزم،
"دیوک"ی کۆرنوەڵ، کۆچی دوایی کرد.
نۆکەرێک کوشتی
لەو کاتەی دەیویست
چاوەکەی تری
گلۆستەر، لە جێی خۆی هەڵبکۆڵێ.

ئەلبەنی:
چاوی گلۆستەر؟

پەیامبەر:
نۆکەرێک لەوێ،
بەزەیی، دڵی داگیر کردبوو،
ویستی نەهێڵێ.

---

١. پەی: دەماری هەست، ئەعصاب.
٢. بە گاڵتەپێکردنەوە، ئەوە دەڵێت.

ئیتر ناچار بوو
له خاوەنەکەی شیر هەڵبکێشێ.
ئا ئەوە ئەوی، هەندە تووڕە کرد
هێرشی بردە سەری بیکوژێ.
کەوتنە یەک و نۆکەر، کوژرا.
نەک لە پێش ئەوەی
بە لێدانێکی قووڵی کوشندە
خاوەنەکەی خۆی بریندار بکا.
ئەوە، بوو بەهۆی ئەوەی دوای کەوێ.[1]

ئەلبەنی:

ئەمە، ئا ئەوە دادەچەسپێنێ (روو دەکاتە ئاسمان)
کە دادوەرەکان، ئێوە لەوێدان،[2]
بەسەرمانەوە.
بۆیە دەتوانن وا بە خێرایی
تۆڵەی تاوانی
خوارەوە، وا زوو بسەندنەوە.
ئاخ " گلۆستەر"ی داماوی هەژار،
داخی گرانم!
چاوەکەی تری ئاخۆ لە کیس چوو؟

پەیامبەر:

بەڵێ، هەردووکی، بەڵێ سەرووەرم. (روو دەکاتە گۆنێریل)
ئەم نامەیەشم، خانم، هێناوە،
لە خوشکتەوە.
دەپاڕێتەوە بۆ وەڵامێکی

---

١. دوای بکەوێت بۆ دنیاکەی تر.
٢. دادوەرەکان: دادپەروەرەکان، خوایەکان.

هەر گەلێک خێرا.

گۆنێریڵ: (لەبەر خۆیەوە)

لەلایەکەوە، پێویستە ئەمەم،

گەلێک پێ خۆش بێ.[١]

بەڵام ئەوەی کە،

ئەو، بێوەژنە و" گلۆستەر"ەکەم[٢] ٤،٢،٨٥

لەگەڵیایەتی،

زۆر لەوانەیە،

کۆشکی ئومێد و ئاواتەکانم،

ئەوەی بە خەیاڵ هەڵمچنیوە،

بڕووخێ و سەرجەم،

هەمووی کاول بێ.

وە لەلایەکی ترەوە ئەگەر،

من سەیری بکەم،

نا، هەواڵێکی گەلێک تاڵ نییە. (ئەمجا بە دەنگێکی بەرز دەڵێت)

دەیخوێنمەوە و وەڵامی خۆمی

من بۆ دەنێرم.

ئەلبەنی:

باشە لە کوێ بوو

کوڕەکەی، ئەوسای چاویان هەڵکۆڵی؟

پەیامبەر:

بە ڕێگەوە بوو،

١. چونکە گۆنێریڵ، بیری دەکردەوە کە بە ئێدمەند بڵێت ئەلبەنی مێردی بکوژێت. دوای ئەوە شوو بکات بە ئێدمەند.
ئینجا ئەگەر کۆرنوەڵ کوژرابێت، ئەوە ڕێگە پاک دەکاتەوە کە ئێدمەند و خوشکەکەی ببن بە شا و شاژنی وڵاتەکە.

٢. ئەو بێوەژنە: ڕێگانی خوشکم بێوەژنە. گلۆستەرەکەم: ئێدمەند.

لەگەڵ بانووەکەم، بۆ ئێرە دەهات.

ئەلبەنی:

ئەو، لێرە نییە.

پەیامبەر:

نەخێر، سەروەرم.
لە رێگە من دیم، دەگەڕایەوە

ئەلبەنی:

باشە، دەربارەی
ئەم بەدکارییە، ئاخۆ دەزانێ؟

پەیامبەر:

بەڵێ، سەروەرم.
خۆی چوو خەبەری دا لە باوکەکەی.
لە ماڵیش دەرچوو تەنیا بۆ ئەوەی
کۆرنوەڵ بتوانێ کە بە ئازادی
بە سزادانی باوکی هەڵبستێ.

ئەلبەنی:

ئاخ گلۆستەر من، دەژیم بۆ ئەوەی
سوپاست بکەم بۆ ئەو ئەڤینەی
کە تۆ پیشانی "شا"مانت داوە.
هەروەها تۆڵەی
چاوەکانی تۆ بسەندمەوە.

## دیمەنی ٤,٣

کێنت و خانەدانێک دەردەکەون

کێنت:

ئەرێ دەزانی بۆ "شا"ی فرەنسا،

وا لە ناکاودا، گەڕاوەتەوە؟

خانەدان:

لە وڵاتەکەی خۆیدا شتێکی

گەلێک گرینگی بە ناتەواوی

بەجێ هێشتبوو.

کە گەیشتە ئێرە، هاتەوە بیری

لەوساوە بیری لێ دەکردەوە.[١]

دەترسا ئەوە،

مەترسیی هەبێت بۆ وڵاتەکەی؛ ٤,٣,٠٥

جا لەبەر ئەوە،

گەڕانەوەی خۆی بە پێویست زانی.

کێنت:

کام جەنەراڵەی داناوە هەڵسێ

بە کاروباری مەملەکەتەکەی؟

خانەدان:

مسیۆ "لا فار"ی داناوە لە جێی.[٢]

١. لەوساوەی هاتەوە بیری، هەر بیری لێ دەکردەوە.

٢. لە جێی: لە جێگەی خۆی. (لە باتیی خۆی سەرکردەی وڵاتەکە بکات)

ئەوەی "مارشاڵ"ی وڵاتەکەیە.
کێنت:
نامەکانی تۆ، وەکو بزانی،
"ئاژنین"ەکانی، هەست پێ دەکرا
بە شاژنەوە؛ خەفەت، دڵتەنگی
یان شتێکی وا؟
خانەدان:
بەڵێ، سەروەرم، کە دەیخوێندەوە
من لەوێدا بووم.
تاوێک نا، تاوێ،
فرمێسکێکی زۆر دەهاتە خوارێ
ئا بەو رووومەتە ناسکانەوەی.
وام بۆ دەردەکەوت،
کە خۆی "شاژن"ی سۆزەکانی بوو،
ئەوانەی دژی یاخی دەبوون و
دەیانویست ببن بە شا بەسەریا.
کێنت:
گەر وا بێت سۆزی دڵ و دەروونی
بووژاونەتەوە.
خانەدان:
وا نا، کە شەنگیی خۆی بدۆڕێنێ.
بەڵام خەفەتی قووڵی ناو دڵی،
بە دیمەیەوە دیاربوو بە روونی؛
ناسکیی دڵی ئاشکرا دەکرد.
خۆ تۆ باران و تیشکی هەتاوت
دیوە پێکەوە؛

خەنینی لێوی و فرمێسکەکانی
لەو دووانە دەچوون،
بەڵام جوانتر و زۆر دڵڕفێنتر.
ئا ئەو خەنینە شادمانەی بەسەر
ئەو لێوە جوانە ئاڵانەیەوە،
وا خۆی دەنواند،
لەوە نەدەچوو، کە ئاگەدار بێ
لەو فرمێسکانەی کە چاوەکانی
هەڵیان دەقووڵان.
ئەوانەی وەکو دەنکە مرواری
لە ئەڵماسەوە بەردەبوونەوە.[1]
دە با بە کورتی من پێتان بڵێم؛
پەژارە وەکو جۆرە شتێکی
دەگمەنی دڵبەر دەردەکەوت ئەگەر
هەمیشە لەسەر،
ئەو رووە جوانەی، دەربکەوتایە.[2]

کێنت:

هیچی نەپرسی؟

خانەدان:

ئا، بە ئیمانم. ئاوا یەک دوو جار،
هەناسەی قووڵی هەڵکێشا و گوتی؛
"بابە" هەر وەکو

١. چونکە کۆردێلیا کچێکی دڵ ناسک و باشە، هەموویان خۆشیان دەوێت؛ فرمێسکەکانی لە دەنکە مرواری دەچن و چاوەکانی وەکو ئەڵماس وان.

٢. پەژارە، ئەوەندە لەو رووە ناسکەی دەهات و ئەوەندە جوان دەهاتە بەرچاو، پیاو شەیدای پەژارە دەبوو.

باوکی، یان یەکێ دڵی بگوشێ.
هاواری دەکرد دەیقیژان دەیگوت؛
ئاخ، خوشکەکانم، بانووەکانم،
دەک شەرمەزاری
ئافرەت، بەشتان بێ.
خوشکەکانم! کێنت! باوکە! ئاخر چۆن؟
ئەوە چی دەڵێن؟ بە شەو لە نێوان
باران و تەرزە و رەشەبای ساردا؟
لەبەر خاتری رەحم و بەزەیی
نامەوێت بڕوا من بەمە بکەم!
لەو کاتانەدا، ئاوی پیرۆزی
لەو چاوە جوانە گەردوونییانەی
خۆی هەڵدەتەکان.
ئیتر رۆیشت هەر خۆی،
بە تەنیا، گڕ و ئاگری دڵی،
بە فرمێسکی چاو دابمرکێنێ.
کێنت:
ئەم ئەستێرانەی بەسەرمانەوەن،
ئەوان، بڕیاری رەوشتمان دەدەن!
ئەگینا، ئاخر، چۆن هەمان باوان
منداڵ و رۆڵەی هەندە جیاوازیان،
هێنایە دنیا؟
ئەرێ لەوساوە،
تۆ لەگەڵیدا، نەتدواندووە؟
خانەدان:
نەء.

کێنت:

ئەمە پێش ئەوەی، شا بڕواتەوە؟[1]

خانەدان:

نەخێر، دوای ئەوە.

کێنت:

" لییەر"ی هەژار، هات، گەیشتە دۆڤەر.
کاتی هێمنی و ژیری، ئەو جارجار
دێتەوە بیری؛ بۆ لێرەدایە.
بەڵام، داخەکەم،
هەر بە هیچ جۆرێ، رازی ناکرێ
ئاشت ببێتەوە لەگەڵ کچەکەی.[2]

خانەدان:

بەگم، لەبەر چی؟

کێنت:

چونکە شەرمێکی
زۆردار دەروونی داگیر کردووە؛
ستەمکارییەکەی،
خۆی بوو وای لێ کرد حاشای لێ بکا.
کچەی ناچار کرد کە سەر هەڵبگرێ
بۆ وڵاتێکی بێگانە، لەوێ،
بەختی سەرلەنوێ، تاقی بکاتەوە و
ماوەی ژیانی خۆی بەسەربەرێ.
مافە ئازیزە هێژاکانیشی،
دا بە دوو کچە دڵ سەگەکانی.[3]

١. شا؛ شای فەرەنسا.
٢. کۆردێلیای کچی.
٣. دڵ سەگ؛ بێ رەحم. سەگ دڵسۆزی خاوەنەکەیەتی، بەڵام رەحم بەکەس ناکات.

ئا ئەم شتانە، بە ئازارێکی وا گرانەوە،
بە دەروونییەوە گشت کاتێک دەدەن.[1]
ئیتر شەرم دەکا، ڕووبەڕوو سەیری
روو و چاوەکانی کۆردێلیا، بکا.

خانەدان:

داخەکەم بۆ ئەم پیاوە ناسکە.

کێنت:

دەربارەی سوپای ئەلبەنی و کۆڕنوەڵ،
هیچت بیستووە؟

خانەدان:

ئا، بە رێگەوەن.

کێنت:

باشە، خانەدان،
من دەتبەم بۆ لای "لییەر"ی خاوەندمان.
داتدەنێم لەلای ئاگەداری بی.
لەبەر کارێکی گرینگ من دەبێ
بۆ ماوەیەکی کەم بە تەنیا بم؛
کەی ناوی راستی
خۆم بەکار هێنا و زانیت ئەمن کێم،
قەت پەشیمانیی خۆت دەرنابڕی
کە ناسیاومی.
تکات لێ دەکەم، وەرە لەگەڵم.

(دەڕۆن)

---

١. وەکو دووپشک پێیەوەی دەدەن.

## دیمەنی ٤,٤

کۆردێلیا، بە دەهۆڵ و زورنا و ئاڵاکانیەوە دەردەکەوێت، خۆی و پزیشکێک لەگەڵ ئەفسەر و سەربازێکدا.

کۆردێلیا:

داخەکەم ئەوە. ئەوە، خۆیەتی.
ئێستا، پێش تۆزێک، بەدی کراوە.
شێت بووە وەکو دەریای ورووژاو؛
بەدەنگی بەرز و قیژەقیژەوە
گۆرانیی دەگوت.
بەسەریشیەوە، تاجێک لە بژار و
گژوگیای زەویی تازە کێڵراو،
لەگەڵ گوڵاڵە و
نێرگز و گوڵی ژەهراوی و کێوی.
لەو جۆرەی کاتی خوێندنی پەپوو،[1]
دەگەشێنەوە. ئیتر لە هەموو
لەو جۆرە گژوگیایانەی لەناو
کێڵگەی گەنم و جۆدا دەردەچن.
سەد سەربازێکم دەوێت کە بچن،
دۆنم بە دۆنم،
گشت کێڵگە بەرزە پێگەیشتووەکانی
ئەو ناوچانە باش، باش باش بگەڕێن.

١. لە کاتی شەودا دەگەشێنەوە.

بیدۆزنەوە و بۆمی بهێنن. (ئەفسەرێک و چەند سەربازێک دەردەچن)
چ زانینێکی مرۆڤ دەتوانێ
تیماری دەردی دەروونی بکا و
ژیری بکاتەوە؟
ئەوەی بتوانێ چاکی بکاتەوە،
ئامادەم هەرچیم هەیە بیدەمێ.

پزیشک:

بۆ ئەوە، خاتوون، ڕێبازێک هەیە؛
هەرە باشترین چارە و دەرمانی
سروشتی دایکمان، حەسانەوەیە.
ئەو، ئەوەی نییە.[1]
لەو گیایانەی کە
پەییی وروژاو دادەمرکێنن،[2]
زۆرن و کاری
باش لە پیاو دەکەن؛
چاوی ئازاری مێشک دادەخەن.[3]

کۆردێلیا:

دەی خوایە هەرچی
نهێنیی چارە و دەرمانی پیرۆز،
هەیە لەسەر ڕووی ئەم زەمینەدا
لەگەڵ فرمێسکی چاوەکانمدا،
هەڵبقووڵێنی! با یاریدەری
ئەو پیاوە باشە هەژارە بن و

١. ئەو؛ لییەر. لییەر حەسانەوەی نییە؛ ماندووە.
٢. پەی: هەستەدەمار، ئەعساب.
٣. ئەگەر چاوی ئازاری مێشک دابخرێت، ئیتر مێشک ئازار نابینێت و هەستی پێ ناکات.

چارەسەرێکی
ئازار و دەردی دەروونی بکەن.
زوو بۆی بگەڕێن، بگەڕێن، دەی، زوو؛
نەوەک شێتییەکەی، ئاوای لێ بکا
کۆتاییی بێنێت بەم ژیانەی کە
هیچی نەماوە بەخێوی بکا. (پەیامبەرێک دێت)
پەیامبەر:
من هەواڵێکم، خاتوون، پێ هەیە؛
لەشکرەکانی بەریتانیا،
بەرەو ئێرەوە، کەوتوونەتە رێ.
کۆردێلیا:
ئاگەدارین و لەشکرەکانی
ئێمە ئامادەن، چاوەڕوانیانن.
وەی لە من و ئاخ، باوکی شیرنیم!
وا بە فریادی تۆوە من هاتووم.
"فرەنسا"ی مێردم،[1]
بەزەییەکی زۆری هاتەوە،
بە پاڕانەوەی فرمێسکەکانم.
بۆ جەنگ نەهاتووین بۆ بەرژەوەندی،
یان هێنانەدی بەرزخوازییەکانمان.
نا، خۆشەویستم
تەنیا ئەڤین و مافی پیرێتیی
باوکی شیرینم، ئێمەیان هێنا.
بڵێی ئاوا زوو،
گوێم لە دەنگی بێ و بە چاو بیبینم!

١ فرەنسا؛ شای فرەنسا.

## دیمەنی ٤,٥

له كۆشكی گڵۆستەردا، ڕێگان و ئۆسوەڵد دەردەكەون

ڕێگان:

لەشكرەكانی براكەم ئاخۆ،
كەوتنە ڕێگە؟

ئۆسوەڵد:

بەڵێ، خاتوونە.

ڕێگان:

بە سەرداریی خۆی؟

ئۆسوەڵد:

خاتوونە، لە دوای وتووێژێكی
پووت و بێ واتا، وا بڕیار درا،
كە خوشكەكەی خۆت،
سەرۆك هێزێكی ئازا و باشترە.

ڕێگان:

لۆرد ئێدمەند ئەرێ لە ماڵە هیچ،
نەیدواند لەگەڵ " لۆرد"ەكەی تۆدا؟[1]

ئۆسوەڵد:

نەخێر، خاتوونە.

ڕێگان:

خوشكەكەم ئاخۆ، لە نامەكەیدا،

---

١. ئێدمەند، لەوەتی خیانەتی لە باوكی خۆی كردووە، نازناوی "لۆرد"یان داوەتێ. لۆردەكەی ئۆسوەڵد، "ئەلبەنی"ە.

چی بۆ نووسیوە؟
ئۆسوەڵد:
خانم، نازانم.
ڕێگان:
بێگومان دەبێ ئەوی ناردبێ
بۆ پێکهێنانی کارێکی گرینگ.
ئای،
چەند هەڵەیەکی
گەورە بوو ئەوەی کە ئێمە کردمان؛
کە گلۆستەرمان بەجێ هێشت بژی،
دوای ئەوەی هەردوو چاوەکانیمان
لەبن هەڵکۆڵی.
لەمەولا ئیتر بۆ هەرچ کوێ بچێ
دڵی خەڵکەکە، دژمان دەگۆڕێ.
لام وایە چونکە ئێدمەند بەزەیی
بە کلۆڵییەکەی ئەو زۆر دێتەوە،[1]
چووە کۆتایی
بە ژیانی پەست و تاریکی بێنێ.[2]
لە هەمان کاتدا،
بە چاوەکانی خۆی پشکنینی
هێزی دوژمن بکات.
ئۆسوەڵد:
خاتوونە دەبێ، بەم نامەیەوە،
رابکەم بەدوایا و پێی بگەیێنم.

١. کلۆڵییەکەی گلۆستەری باوکی.
٢. چووە بیکوژێت.

ڕێگان:

لەشکرەکانی ئێمە سبەینێ،
دەکەونە ڕێ؛
لەگەڵ ئێمەدا بمێنێرەوە.
نەوەکو تووشی شتێک بی لە ڕێ.

ئۆسوەڵد:

خانم، ناتوانم؛
بانووەکەم ئەرکی داومەتێ و دەبێ
جێبەجێ کرێ.

ڕێگان:

ئاخر بۆ ئێدمەند، بۆچی دەنووسێ؟
بۆ نەتدەتوانی ئەوەی دەیەوێ،
بە زمان پێت بڵێ و پێی بگەیێنی؟
وا دیارە شتێ...
(دەیویست بڵێت وا دیارە خوشکەکەم بووە بە بانوویاری ئێدمەند، بەڵام ئەوە ناڵێت، دەوەستێت)
نازانم زارم چۆن دەری بڕێ.
زۆر پێم خۆش دەبێ،
ئەگەر بهێڵی من بیکەمەوە.

ئۆسوەڵد:

خاتوونە، ئاخر...

ڕێگان:

من باش دەزانم کە بانووەکەی تۆ،
مێردەکەی خۆی هەندە خۆش ناوێ.
کە جاری دوایی
لێرە بوو من دیم، سەیرکردنێکی

چەند گەرم و سەیر و  پڕ بەواتەوە،
لەو چاوانەوە،
بۆ لۆرد "ئێدمەند"ی هەژار دەربڕی.
دەزانم کە تۆ،
پەنهانەکانی ئەو دەپارێزی.

ئۆسوەڵد:

خاتوونە، ئەمن؟

ڕێگان:

ئاخر، دەزانم باسی چی دەکەم.
نەمزانیایە، پێم نەدەگوتی.[1]
لەبەر ئەوە من، ئامۆژگاریی تۆ
دەکەم گوێ بگری
لەوەی پێت دەڵێم؛
مێردم مردووە وەکو دەزانی.
لەگەڵ ئێدمەندا، دەربارەی ئەمە،
وتووێژێکی زۆرمان هەبووە و
ئێمە ڕێک کەوتووین.
هەر جگە لەوەی،
کە لەگەڵ من و هەڵوێستی مندا
باشتر دەگونجێ
لەوەی کە لەگەڵ خانمی تۆدا.
تۆ باش دەزانی مەبەستم چییە. (ئەنگوستیلەیەک لە گیرفانی دەردەهێنێت)
گەر دۆزیتەوە،
تکات لێ دەکەم ئەمەی بدەیتێ.

١. ئەگەر نەمزانیایە، من پێم نەدەگوتی. من دەزانم.

کەی خاتوونەکەت
بیستی ئەوەی من ئێستا بە تۆم گوت،
تکات لێ دەکەم پێی بڵێیت مێشکی
بەکار بهێنێ.
دەی خوات لەگەڵ بێ.
گەر شتێکت بیست
دەربارەی ئا ئەو خائینە کوێرە، ٤,٥,٤٠
ئەوا لێرەدا پاداشتێک هەیە
بۆ ئەو کەسەی کە
کۆتایی بە ئەو ژیانەی دێنێ.
ئۆسواڵد:
خۆزگە دەمبینی،
خاتوونە، ئەوسا ئەمن دەمتوانی
باش لایەنگری خۆم پیشان بدەم.

## دیمەنی ٤,٦

گڵۆستەر و ئێدگار دەردەکەون (ئێدگار بەجلی رەنجبەرێکەوە
و گۆچانێکی بەدەستەوە گرتووە)

گڵۆستەر:

کەی دەگەمە سەر
لووتکەی ئەو گردەی کە من پێم گوتی؟

ئێدگار:

ئێستا بەسەریا تۆ سەردەکەوی،
سەیرکە چەند ئێمە پێی ماندوو دەبین.

گڵۆستەر:

لەلای من وایە بەسەر خاکێکی
رێک و تەختایی
دا ئێمە دەڕۆین.

ئێدگار:

نا، گەلێک لێژە. گوێی خۆت شل بکە و
تۆ گوێ لە دەنگی دەریاکە بگرە.
ها، گوێت لێیەتی؟

گڵۆستەر:

نا، گوێم لێی نییە.

ئێدگار:

سەیرە، لەبەر چی وا هەستەکانی
ترت گشت تێکچوون، بەو ئازارانەی

کە چاوەکانی تۆ دەیانکێشن.

گڵۆستەر:

دوور نییە وایان بەسەر هاتبێ.

دەنگی تۆش وەکو

نەختێ گۆڕابێ، بۆم دەردەکەوێ.

لە "دواندن"یشتدا، تۆ وەکو رستەی

روونتر و پڕتر لە واتا و بووژەن،

بەکار دەهێنی.[١]

ئێدگار:

بەهەڵە چوویت؛ هیچ شتێک تیامدا،

نەگۆڕاوە، جلەکەم نەبێ.

گڵۆستەر:

لام وایە ئێستا، تۆ باشتر دەدوێی.[٢] ١٠,٦,٤

ئێدگار:

فەرموو، سەروەرم، ئەوە جێگەکە.

لێرە بوەستە، مەجووڵێرەوە.

ئای کە شوێنێکی بەرز و سامناکە.[٣]

مرۆڤ، هەر سەری کاس و گێژ دەبێ

کە چاوەکانی خۆی دەبڕێتە

ئەم دۆڵە قووڵە زلەی بەردەمی.

قاژوو و داڵەکان، کە هەر لە نیوەی

بەرزاییەکەیدا، ئێستا دەفڕن،

وا پچووک دیارن؛ لە هەرلە دەچن.[٤]

١. بووژەن: مادە. وتەکانت وەکو جاران، پووت و بێ واتا نین؛ بووژەنیان تیادا هەیە.

٢. ئێستا ئێدگار، خۆی بە شێت نانوێنێت. لەبەر ئەوە وتەکانی پووت و بێ واتە نین.

٣. مەجووڵێرەوە، نەوەکو بکەویتە خوارەوە. جێگەکە، زۆر بەرز و سامناکە.

٤. هەرلە: قالۆنچە.

له نیوەی ڕێگە، بەرەو خوارەوە،
٤,٦,١٥ یەکێک دەبینم، گەلای سافایر،[١]
کۆ دەکاتەوە.
چ پیشەیێکی سامناکە خوایە.
وەکو "مووروو"یەک
لە بەرچاوای من، ئەو دەردەکەوێت.
ماسیگرەکان،
کە دێن و دەچن نزیک ئاوەکە،
هەر لە مشک دەچن.
ئا ئەو کەشتییە بەرزەی لەوێدا
ئەنگەر کراوە، لە بەرچاوانی[٢]
مندا ئەوەندە پچووک بووەتەوە؛
وەک بەلەمێک بێ
لەو بەلەمانەی خۆی هەڵیان دەگرێ.[٣]
بەلەمەکانی، خۆ ئا ئەوەندە
ورد بوونەتەوە، هەر نابینرێن.
٤,٦,٢٠ شەپۆلە گەورە هاژاوەکانی،
ئەوانەی زیخ و

١. سافایر؛ جۆرە سەوزەیەکی بۆن خۆشە، لە کەرەوز دەچێت. لە ترشیاتکردندا بەکار دەهێنرێت. هەردەم لە جێگە لێژە بەرزەکانی لای کەناری دەریا دەڕوێت. ئەوانەی کۆی دەکەنەوە، پیشەیەکی سامناکیان هەیە. چونکە جێگەکە بەرزە و لەوانەیە بکەونە خوارێ.

٢. ئەنگەر کراوە؛ بە ئەنگەر لە ئاوەکەدا وەستێنراوە.

٣. کەشتییە گەورەکان، لەگەڵ خۆیاندا بەلەم هەڵدەگرن بۆ ئەوەی بەکاریان بهێنن بۆ بارکردنی کەشتییەکە. چونکە زۆرجار لە نزیک کەناری دەریاکەوە، ئاوەکە ئەوەندە قووڵ نییە کە بەکەڵکی کەشتیی گەورە بێت. لەبەر ئەوە کەشتییەکە تۆزێک دوور دەوەستێ و ئەو بەلەمانە بەکار دەهێنن بۆ بارکردنی.

چەوە تەمەڵە بێ کەڵکەکانی
کەناری دەوری دەورووژێنێ،[١]
لەبەر بەرزێتیی ئا ئەم جێگەیە،
هارە و هاواریان، ناگەنە گوێمان.

گلۆستەر:

من لەو جێگەیەی خۆت بوەستێنە.

ئێدگار:

دەستتم بەرێ.
ئەوەتا ئێستا، تەنیا هەر فووتێ[٢]
تۆ لە لێواری دۆڵەکە دووری.
بە هەموو ئەوەی لەژێر مانگدایە،
سەرکەشی ناکەم،
لە جێگەی خۆمدا ئێستا هەڵبەزم.[٣]

گلۆستەر:

دەستم بەربدە. ئەوە کیسێکی
تر، ها، دۆستەکەم، لێمی وەربگرە.
ها، گەوهەرێکی
هەندە بەنرخی لەناودا هەیە،
گەلێک دەهێنێت بۆ کابرایەکی
هەژاری وەک تۆ.
خوایە تۆ خێری زۆر لێ ببینی.
دەی ئیتر برۆ، ئەسپەردەی خوابی.

١. دەوری: دەوری دەریاکە.
٢. فووت: پێ، قەدەم.
٣. ئەگەر هەموو دنیاشم بدەنێ ناوێرم لە جێگەی خۆمدا هەڵبەزم (نەوەکو بکەوێتە خوارەوە)

بڕۆ دەی، بڕۆ،
با گوێم لە دەنگی پێیەکانت بێ.
ئێدگار: (خۆی وا دەنوێنێت وەکو بڕوات)
بەگی بەڕێزم، ئەسپەردەی خوا بی.
گلۆستەر:
بە هەموو دڵ و گیان و جەرگمەوە.[١]
ئێدگار: (لەبەر خۆیەوە)
من بۆچی سەری لێ دەشێوێنم؟
بەڵکو بتوانم،
دەردی کلۆڵی، چارەسەر بکەم.
گلۆستەر: (چۆک دادەدات و دەست دەکات بە نوێژ و نزاکردن)
خوایە گەورەکان! من دەستەکانم،
لەم دنیایەی خۆم، ئەوا هەڵدەگرم. ٤,٦,٣٥
وە لە بەرچاوی
ئێوەدا دەرد و ئازارەکانم،
زۆر بە هێمنی،
لە دڵ و گیانم هەڵدەتەکێنم.
ئەگەر دەمتوانی
بۆ ماوەیەکی تر بیانچێژم،
بەبێ ناکۆکی، لە نێوان من و
یاسا و ئارەزووی گەورەی بێدژتان،[٢]
بنکەی "دزێو"ی مۆمی ژیانم،[٣]

١. گلۆستەر، هیوای بەم دنیایە نەماوە. ئارەزووی مردن دەکات. بەڵکو لە دنیای داهاتوودا خوا ئاگەداری بێت.

٢. ئارەزووی بێدژ؛ ئەو ئارەزووەی کە کەس نییە بتوانێت دژی بوەستێت؛ ئارەزووی خوا.

٣. دزێو؛ ئێسک گران. ژیانی پیاو، وەکو مۆم، دەسووتێت تا تەواو دەبێت. بنکەی ژیانیش، وەکو بنکەی مۆم دزێوە.

دەمایەوە تا، خۆی، خۆی دەسووتان.[1]
خوایە گەورەکان،
ئەگەر "ئێدگار"ی کورم، زیندووە،
ڕەببی درووودی لێ بێت و ئێوە،[2]
لەم دنیایەدا، ئاگەداری بن. (ڕوو دەکاتەوە ئێدگار)
دۆستەکەم، ئیتر ئەسپەردەی خوا بی.

ئێدگار:
ئەوا من ڕۆیشتم، خوات لەگەڵ، بەگم.
(گلۆستەر، بازێک دەدات بۆ پێشەوە، وەکو خۆی هەڵبداتە خوارەوە. بەڵام
لە جێگەی خۆیدا بەدەما دەکەوێت)
لەبەر خۆیەوە– ئێستاش نازانم، ئاخۆ بە خەیاڵ،
گەنجینەی ژیان قەت دەدزرێ،
ئەگەر ژیان خۆی،
بەو دزێتییە ڕازی و شادمان بێ؟[3]
لەو جێگەیەدا، گەر بوەستایە،
ئەوەی خەیاڵی وێنای کردبوو،
ئێستا مردبوو. بڵێی مردبێ؟ (ڕوو دەکاتە گلۆستەر)
مەرحەبا، گەورەم، ئەرێ دۆستەکەم،
تۆ گوێت لە منە؟ دە شتێک بڵێ!
لەبەر خۆیەوە– خۆ دووریش نییە، ئێستا مردبێ. (گلۆستەر دەجووڵێتەوە)

١. گلۆستەر، بڕیاری دابوو کە لەو بەرزاییەوە خۆی هەڵبداتە خوارەوە و خۆی بکوژێت. بەڵام خۆکوشتن، تاوانە دژی خوایەکان. لەبەر ئەوە لە خوایەکان دەپاڕێتەوە کە سزای نەدەن. چونکە ناتوانێت بژی و ناکۆکی نەکەوێتە نێوان خۆی و یاساکانی ئەوانەوە.
٢. گلۆستەر، دەروونی ئازاری دەدات، کە کاتی خۆی بڕوای بەو "ئێدمەند"ە ناکەسە کردووە و حاشای لەو کوڕە باشەی خۆی کردووە.
٣. ئەگەر پیاو لە خەیاڵی خۆیدا وابزانێت کە لە جێگەیەکی بەرزەوە دەکەوێتە خوارێ، ئاخۆ ئەوە دەبێت بە هۆی مردنی؟

ئەوا خەریکە دەبووژێتەوە.
(ئێدگار، دەنگی خۆی دەگۆڕێت وەکو ماسیگرێک بێت لەگەڵ گلۆستەردا دەدوێت)
کابراکە، تۆ کێیت؟
گلۆستەر:
وازم لێ بهێنە، با بۆ خۆم بمرم.
ئێدگار:
گەر هەرچ شتێکی
تر بوویتایە تۆ، جگە لە هەوا و
تووکی باڵندە،
لەو هەموو مەترە، بێیتە خوارەوە،
وەک هێلکە ئێستا، وردوخاش دەبووی.
کەچی هەناسە تۆ دەدەیتەوە.
لەشت، پتەوە و خوێن ناپرژێنی و
دەتوانی بدوێیت و ساغ و سەلیمی.
گەر دە کۆڵەکە، لە بەرزەکانی
چارۆکەی کەشتی،
بخەینە سەر یەک، هێشتا بەرزایی
ناگاتە بەرزی،
ئەو جێگەیەی لێی کەوتیتە خوارێ.
بەوەی کە زیندووی،
هەرگیز شتێکی سروشتی نییە.
دە تۆ شتێکی ترم پێ بڵێ.
گلۆستەر:
لەو بەرزییەوە، ئاخۆ بە راستی،
کەوتمە خوارێ؟
ئێدگار:
لە لووتکە هەرە بەرزەکەی ئا ئەم

گردە بڵندە ڕەنگ سپییەوە.[١]
سەرت هەڵبڕە و سەیرێکی بکە؛
ئەوەندە بەرزە،
ئەو کڵاوکوڕەی لەوێ دەفڕێ،
نە دەبینرێ
لێرەوە، نە گوێت لە دەنگی دەبێ.
دە سەیری بکە.

گلۆستەر:

داخی گرانم، من چاوم نییە. ٤,٦,٦٠
ئاخۆ کڵۆڵی،
بۆی نییە سوودێ لە مەرگ وەربگرێ و
کۆتاییی بوونی خۆی پێ بهێنێ؟
لەگەڵ ئەوەشدا،
ئازاری گیانم، سووک بووەوە نەختێ؛
چونکە داماوی، توانی فێڵێکی
وا دابهێنێ؛ فەرمانەکانی
تووڕەییی زۆردار نەهێنێتە دی.
بەوە پیلانی ویستی سەربەرزی
سەرجەم تێک بدا.[٢]

١. شاری دۆڤەر، بەندەرێکە لەسەر کەناڵی ئینگلیزی. لەسەر گردێکە لە بەردی سپی پێکهاتووە. کە لە دیوی کەناڵەکەوە سەیری دۆڤەر بکەیت، کەندەڵانێکی بەرزی ڕەنگ سپی دەبینیت.

٢. لێرەدا، شێکسپیر، داماوی و تووڕەیی و ویست (ئیرادە) بەرجەستە دەکات؛ داماوی دەکات بە پیاوێکی داماو، تووڕەیی دەکات بە "زۆردار" ویست دەکات بە پیاوێکی سەربەرز و لووتبەرز. ئەوەی کە گلۆستەر، خۆی هەڵدا و نەمرد، ئەوە داماوی بوو بۆی. بەڵام چونکە فەرمانەکانی تووڕەیی زۆرداری نەهێنایە دی، ئەوە نەختێک ئازاری گیانی گلۆستەری کەم کردەوە.

ئێدگار:

دەستتم بەرێ. هەڵسەرە سەرپێ. (یارمەتیی گلۆستەر دەدات هەڵسێت)
ها، ئێستا چۆنی؟
بە قاچەکانی خۆت هیچ هەست دەکەیت؟
ئەها، دەوەستی!

گلۆستەر:

گەلێک بە باشی، گەلێک بە باشی.

ئێدگار:

ئەمە شتێکی هەر گەلێک سەیرە.
کێ بوو ئەوەی کە لە تۆ جیا بووەوە،
لەسەر کەناری بەرزاییەکە؟

گلۆستەر:

ئاخ، سواڵکەرێکی بەدبەختە و گەلێک،
گەلێک هەژارە.

ئێدگار:

کە لە خوارەوە من راوەستابووم،
وا بۆم دەردەکەوت کە چاوەکانی،
وەکو دوو مانگی چواردە شەو وابوون.
هەزار لووت و زۆر شاخی پێوە بوو.
هەموویان لوول و شەپۆلاوی بوون،[1]
لە دەریایەکی وروژاو دەچوون.
لام وایە خێو بوو یان شەیتانێک بوو،
لەبەر ئەوە تۆ،
ئەی پیاوە پیرە زۆر بەختیارەکە،
دەبێت بزانی کە خوایەکانی

---

١. هەموویان: هەموو شاخەکانی.

ئاسمان رەحمێکی زۆریان پێ کردی و
بە کردەیەکی زۆر ناسروشتی،
رزگاریان کردی.

گلۆستەر:

ئەوا من ئێستا، هاتەوە بیرم.
بێ دەنگ لەمەولا، ئازار دەچێژم،
هەتاکو گەردوون خۆی بڕیار دەدا،
کە من ئازارم، بەشی خۆم کێشا و
پێم دەڵێت بەسە و دەهێڵێت بمرم.
ئەو شتەی دیت و باست بۆ کردم،
من وام دەزانی تەنیا پیاوێکە.
گەلێک جار دەڵێن؛ شەیتان بوو، شەیتان.
شەیتان بوو ئەوەی
منی گەیاندە ئا ئەو جێگەیە.

ئێدگار:

هێمن بەرەوە و ئارامت هەبێ.
(لە دوورەوە لییەر دەبینێت. لییەر، شێت بووە)
بەڵام کێیە وا بەرەو ئێرە دێ؟
مێشکی دروست، هەرگیز قەت ناشێ
خاوەنی خۆی وا، بەرەڵا بکا.[1]

لییەر:

نا، نا، ناتوانن تاوانبارم کەن
کە پارەی ساختەم دروست کردووە.

---

١. دیمەنی لییەر، لە هی شێت دەچێت. ئێدگار، کە دەیبینێت دەڵێت مێشکی ئەم پیاوە ئەگەر دروست بوایە نەیدەهێشت خاوەنەکەی بەمجۆرە لەم چۆڵاییەدا بسووڕێتەوە.

من خۆم "شا"یەکەم.[١]

ئێدگار:

ئاخ،

چ دیمەنێکی جگەر کونکەری.[٢]

لییەر:

سروشت لە هونەر، دەست بالاترە[٣]

ها، پارەکانتان!

ئەو کابرایە خۆ هەر وەکو داهۆڵ[٤]

تیر و کەوانی خۆی هەڵگرتووە.

تەلی کەوانت، هەندەی درێژی

تەواوی باڵی خۆت رابکێشە – (لەو کاتەدا مشکێک لە بەرچاوی دەردەکەوێت)

ئای سەیری بکە، خۆ ئەوە مشکە،

هێواش لەسەرخۆ. شش، شش، بێ دەنگ بە!

ئا بەم پەنیرە

برژاوە ئێمە، جێبەجێی دەکەین.[٥]

---

١. لییەر، بۆ ئەوەی شاسوارەکانی ئاگاداری بن، پارەیان دەداتێ. هەر لە خۆیەوە، چونکە شێت بووە، وا دەزانێت کە تاوانبار کراوە بە دروستکردنی پارەی ساختە. ئینجا دەڵێت؛ من خۆم "شا"م، کەس بۆی نییە من تاوانبار بکات.

٢. جگەر کونکەر؛ پیاو ئەوەندە بەزەیی پیادا دێتەوە، جگەری بۆی کون دەبێت.

٣. وتەکانی لییەر، زۆر پێوەندییان بە یەکترییەوە نییە. ئەوە، هێمای ئەوەیە کە لییەر شێت بووە. بەلام دووریش نییە مەبەستی ئەوە بێت؛ سروشت، لە هونەر زیاتر دیمەنی جگەر کونکەر دروست دەکات (رەنگە مەبەستی لە پیرێتی بێت). ها، پارەکانتان؛ وا دەزانێت پارە بە شاسوارەکانی دەدات.

٤. داهۆڵ: دالۆ، داوەڵ. پەیکەرێکە لە پووش و پەلاش دروست دەکرێت بۆ ترساندنی باڵندە لە دەغڵ و مەرەزەکان.

٥. دەیگرین.

(پارچەیەک  لەو پەنیرە برژاوەی کە بەخەیاڵ دەیبینێت، دەکاتەوە و هەڵی دەداتە بەردەمی مشکەکە. جا بەجۆرێک خۆی دەنوێنێت وەکو دەستکێش لە دەست بکات)

ئا بەم دەستکێشە درێژانەوە،
تا بەرەنگاری دێویش دەوەستم.

(لییەر، ئێستا وا دەزانێ جەنەراڵە و لە مەیدانی جەنگدایە)

ڕم هەڵگرەکان، با پێش بکەون.

(ڕوو دەکاتە سەرەوە و بە چاوەکانی دوای تیرێک دەکەوێت کە لە خەیاڵیدا بە ئاسمانەوە دەفڕێت)

باڵندەیەکی زۆر جوان فڕۆکی،[1]
دەی لە ناوچەقی، لە ناوچەقی دە. (لەو کاتەدا ئێدگار دەبینێت)
ها،
وشەی نهێنی، چییە؟ پێم بڵێ.

ئێدگار:

جاترە کێویلەی بۆن خۆش و شیرین.[2]

لییەر:

فەرموو تێپەڕبە.

گلۆستەر:

ئا ئەم دەنگە من، دەناسمەوە.

لییەر: (گلۆستەر دەبینێت وا دەزانێت "گۆنێریل"ی کچێتی)

ها، گۆنێریل، بە
ریشی سپییەوە!
وەک سەگی ماڵی، مەراییەکی

---

١. جوان فڕۆک؛ جوان دەفڕێت. دەی لە ناوچەقی؛ دەی لە ناوچەقی ئامانجەکە بدە.

٢. جاترە کێویلە؛ جۆرە سەوزەیەکە، گوایە مێشک و پەیی ورووژاو، هێمن دەکاتەوە. جاران وەکو دەرمان بەکار دەهێنرا و دەدرا بەوانەی مێشکیان شڵەژاوە. یاخۆ شێت بوون. ئێدگار، دەبینێت کە لییەر شێت بووە، بۆیە ئەو وشەیە بەکار دەهێنێت.

زۆریان دەکردم؛
پێیان دەگوتم بەگی ریشسپی،
پێش ئەوەی ریشی رەشم پێوە بێ.[١]
بڵێن "ئا" یان "نا"
هەرچەند کە بڵێم "ئا" یان بڵێم "نا"
تاکو "تەبا"بن لەگەڵ رای منا،
ئەوە دینێکی زۆر دروست نییە.[٢] ٤,٦,١٠٠
جارێک کە باران،
هات تەڕم بکا و رەشەبا و زریان،
دانەکانمیان خستە لەیەکدان،[٣]
کە برووسکەکان،
نەوەستان بەوەی کە گوتم پێیان،[٤]
ئەوساکە زانیم کە چین و بۆنی
چییان لێوە دێ.
دەی بڕۆن ون بن، ئەو پیاوانە نین،
کە مرۆڤ بڕوای بە گفتتان هەبێ.[٥]
پێتان دەگوتم؛ من گشت شتێکم،
درۆتان ئەوسا، لەگەڵ دەکردم؛
دژی لەرزوتا و گرانەتا من،
ناتوانم گیانی خۆم بپارێزم.

---

١. زۆرجار بە پیاوی گەنجی دانا، دەڵێن؛ "ریشسپی". ریشی سپی، هێمای داناییە.
٢. پیاو، کە دەڵێت "ئا" یاخۆ "نا". دەبێت هیچ مەبەستێکی تری نەبێت لەوە زیاتر کە رای راست و رەوای خۆی دەردەبڕێت. نابێت بەکاریان بهێنێت تەنیا بۆ مەراییکردن. (سەیری ئیجیلی مەتتی ٥,٣٦ یان جەیمس ١٢,٥ بکە)
٣. پیاو، کە لە سەرمادا دەلەرزێت، دانەکانی بەر یەکتری دەکەون.
٤. کە زانییان من هێزی جارانم نەماوە.
٥. گفت: بەڵێن، پەیمان.

گلۆستەر:

ئەمە دەنگێکی بێگانە نییە،
هاتەوە بیرم؛ ئەرێ شا، نییە؟

لییەر:

هەموو "ئینج"ێکم، "شا"یەکە بۆ خۆی.
گەر سەیری یەکێ بکەم دەستبەجێ،
گشت ئەندامێکی لەشی دەلەرزێ.
من لە ژیانی
ئا ئەو زەلامە، ئەوا دەبوورم؛
با بۆ خۆی بژی.
(روو دەکاتە زەلامێک کە هەر خۆی لە خەیاڵیدا دەیبینێت)
تۆ چیت کردووە؟ هەر تەنیا زینا؟
نا، نابێ بمری؛ بمری بۆ زینا!
تا فیرنەگولە، ئەو کارە دەکات.[1]
لە بەرچاوانی خۆمدا من دیومە،
مێشوولەی زەردی رەنگ ئاڵتوون، دەیکات.
با جووتبوون، هەردەم لە گەشەدا بێ؛
ئێستا، ئەو کوڕە زۆڵەی گلۆستەر،
لەم کچانەی من،
کە بەپێی یاسا هاتنە دنیاوە،
زۆرتر بەزەییی
بە باوکی پیری خۆیدا دێتەوە.
دە دەی فەسادی،
پەرە بسەندە و بڵاو بەرەوە.
چونکە پێویستم بە سەرباز هەیە.

---

١. فیرنەگولە؛ باڵندەیەکی زۆر پچووکە.

سەیری ئەو ژنە دەم بە خەنینە
ئەوەی کە دیمەی،
لە نێوان ئا ئەو پرچانەیەوە،
ساردی دەنوێنێ[١]
رۆیشتن و بەژنی جوان و دڵبەرە و
هەمیشە سەری
بادەدات لە دژ باسکردنی سێکس.
بەڵام نە سمۆرە، نە مشک، نە ماین، ٤,٦,١٢٠
هەندەی ئەو تینووی جووتبوون و سێکسن.
لە کەمەرەوە، تاکو خوارەوە،
ئاژەڵ ئاژەڵن.
گەرچی لەوێوە و بۆ سەرێ ژنن.[٢]
هەر تاکو پشتێن هی خوایەکانن،
ئەوانەی ژێری موڵکی شەیتانن.
سیا و تاریکی و دۆزەخ لەوێدان.
چاڵی فۆسفۆریش ئەوێ جێیەتی–[٣]
برژاندن، پیشێن، داپڵۆخاندن،
هالاوی گەرمی، بۆنی بۆگەنی، ٤,٦,١٢٥
تفوو، سەد تفوو.[٤] (روو دەکاتە گلۆستەر)

---

١. بە دیمەیدا لەوە دەچێت کە سارد بێت و ئارەزووی لە سێکس نەبێت.

٢. لە ناوقەدەوە بۆ سەرێ لە ژنێکی جوان و خوێن گەرم دەچن و رێزی خۆیان دەگرن؛ نە خۆیان باسی سێکس دەکەن نە دەهێڵن کەس باسی سێکسیان لەگەڵدا بکات. بەڵام لە ناوقەد و خوارەوە، وەکو ئاژەڵ بەرانبەر سێکس خۆیان دەنوێنن و هەمیشە تینوون و ئامادەن بۆی. دەبێت لە بیرمان نەچێت کە لیەر ئێستا شێت بووە؛ وتەکانی زۆر پێوەندییان بەیەکەوە نییە.

٣. گوایە لە دۆزەخدا چاڵێک هەیە وەکو کوورەیەکی زۆر گەورە وایە. فۆسفۆری تیادا دەسووتێ و زۆر زۆر گەرمە.

٤. لیەر شێت بووە، بۆیە بەمجۆرە دەدوێت و قسەی ناشیرین دەکات.

دەی عەتاری باش،
دەی توخوا ئۆنسێ عەترم بدەرێ،
هەتاکو بۆنی
خەیاڵی خۆمی پێ شیرین بکەم.
ها ئەوەش پارە، بۆ خۆتی بەرە.

گلۆستەر:
ئاخ،
با دەستەکانت، توخوا ماچ بکەم!

لییەر:
با بیانسڕم
بۆنی مردنیان چونکە لێوە دێ.

گلۆستەر:
ئای،
چ پارچەیەکی سروشت وێران بووا![1]
ئەم دنیا زلە مەزنەش ئاوا
بەمجۆرە دەسوێ و کۆتاییی پێ دێ.
دەمناسیتەوە؟

لییەر:
چاوەکانی تۆم، من باش لە بیر دێ.
بە لاچاو ئەرێ، تۆ سەیرم دەکەی؟
ئەگەر تۆ لەوەش خراپتر بکەی،
کیوپیدی کوێر،
قەت جارێکی تر عاشقم ناکەی.[2]

---

١. مەبەستی لە لییەرە. لییەر پارچەیەکی سروشتە.

٢. کیوپید؛ خوای خۆشەویستی، هەرچەندە کوێرە، بەڵام کە نیشان دەگرێتەوە، وەکو هەموو کەسێک، بە لایەکی چاو سەیری ئامانجەکەی دەکات. لییەر، کە گلۆستەر=

بیخوێنەرەوە! بەم نامەیەم من،
ڕووبەڕوو دژی ویستت دەوەستم.
تەنیا هەر سەیری دەستخەتەکەی کە.[١]
گلۆستەر:
گەر هەر تیپێکی
"ڕۆژ"ێکیش بووایە، من نەمدەبینی.
ئێدگار: (لەبەر خۆیەوە)
بیستبوومایە، لە دەمی خەڵکی
بڕوام نەدەکرد.
بە چاوەکانی خۆم کە دەیبینم؛
پەییی ناو دڵم، هەڵدەپچڕێ.[٢]
لییەر:
بیخوێنەرەوە.
گلۆستەر:
بە چی؟
بە چاڵەکانی جێی چاوەکانم؟
لییەر:
ئەها، دەزانم مەبەستت چییە.
بەسەرتەوە چاو،

---

= دەبینێت، وا دەزانێت کیوپیدە و دەیەوێت دیسانەوە بیخاتە عەشقەوە. لەبەر ئەوە پێی دەڵێت؛ هەرچییەک بکەیت من جارێکی تر عاشقی کەس نابم. (چونکە نایەوێت منداڵی تر بهێنێتە ئەم دنیایەوە)

١. کاغەزێک لە گیرفانی خۆی دەردەهێنێت و پێشانی گلۆستەری دەدات. بەوە، گلۆستەر ئەو نامەیەی دێتەوە بیر کە کاتی خۆی ئێدمەند پێشانی دا و پێی گوت ئێدگار نووسیویەتی. ئەوساکە گلۆستەر، چاوی هەبوو، خوێندییەوە، بەڵام نەیبینی کە دەستخەتی ئێدگاری کوڕی نییە و ئێدمەند خۆی نووسیبووی.

٢. پەییی ناو دڵم؛ دەماری خوێنی ناو دڵم.

نییە و جزدانت، پارەی تیا نییە؟
باری چاوانت، سەخت و گرانە و
سووکە جزدانت.
لەگەڵ ئەوەشدا دەبینی دنیا
بەرەو کوێ دەچێ.

گلۆستەر:

بە هەستەکانی ترم دەیبینم.

لییەر:

ئەرێ تۆ شێتی؟
پیاو چۆن بەبێ چاو، دنیا دەبینێ و
دەتوانێ بڵێ بەرەو کوێ دەچێ.
بە گوێ، بڕوانە
سەیرێکی ئا ئەو دادوەرەی ئەوێ
بکە و بزانە، چۆن سەرزەنشتی
ئەو دزە سادە و ساکارە دەکا و
پێی رادەبوێرێ.
دە ئەوە جێگە و شوێنیانم، گۆڕی.
ئێستا پێم بڵێ؛
کامیان دادوەرە و کامەیان دزە؟
پێم بڵێ ئەرێ،
قەت جارێ سەگی
جووتیارت دیوە لە سواڵکەرێکی
ساکار بوەڕێ؟

گلۆستەر:

سەروەرم، بەڵێ.

لییەر:

"بوونەوەر"ەکە، زوو لە سەگەکە،[1]
دەترسێ و هەڕادەکات.
ئەوە، ئەمەمان تێ دەگەیێنێ؛
ئەوەی کە مافی هەیە و دەتوانێ،
فەرمان دەربکات، ڕێزی دەگیرێ؛
سەگی کاربەدەست، گوێی لێ دەگیرێ.[2]
هێی، پۆلیسی ناکەس،
دەستی خوێناویی
خۆت بگرە و نەکەی، ها بیوەشێنی!
ئاخر تۆ بۆچی تازیانەکاری[3]
ئەو سۆزانییە هەژارە دەکەی؟
گەر دادپەروەری،
بڕۆ پشتی خۆت رووت بکەرەوە؛
خۆت بە ئالۆشی بۆ ئەو کردنەی
کە تۆ لەسەری فەلاقەی دەکەی.
فایزخۆر، پەتی سێدارەی دادگە
دەخاتە ملی وردە ساختەچی.[4]
پچووکترین نەنگ، لە نێوان جلی

١. بوونەوەرەکە: سوالْکەرەکە.
٢. سەگی کاربەدەست: ئەو سەگەی وەزیفەی هەیە. سەگەکە، پاسەوانە وەزیفەی هەیە. بەلاّم لییەر وەزیفەی نییە.
٣. تازیانە: قەمچی. تازیانەکاری؛ لێدان بە تازیانە. وەکو دارکاری. بڕۆ پشتی خۆت رووت بکەرەوە و ئامادە ببە بۆ تازیانەکاری. چونکە تاوانباری راستی، تۆیت؛ ئەو نییە.
٤. فایزخۆر، دەوڵەمەنە. بە ریشوەت دادوەر دەکڕێت؛ بۆ ئەوەی خۆی رزگار بکات، وردە ساختەچییەک تاوانبار دەکات و سەری دەخاتە پەتی سێدارەوە.

شرۆڤەوە بەدی دەکرێ.[١]
بەڵام کەوایەک بەرگی فەروو بێ،
نەنگیی خاوەنی خۆی دادەپۆشێ.
بەزە، لە ئاڵتوون گەر بگیررێ،
رمی بەهێزی دادوەر، ناتوانێ
کاری تێ بکات؛ نووکەکەی دەشکێ.
بە پەرۆ و پاتاڵ بیپێچیتەوە،
قامیشی دەستی
کورتبالاترین بێ هێز و بێ تین
کون کونی دەکا.
کەس تاوانباری ناکا و هیچ کەسێ
تاوانبار نییە؛ دەڵێم هیچ کەسێ.
دۆستەکەم، ئەوە، ٤,٦,١٦٥
تۆ لە زمانی من وەری بگرە،[٢]
ئەوەی کە هێزی هەیە، دەتوانێ
لێوی ئەوانەی لە دادگە خەڵکی
تاوانبار دەکەن، بدوورێتەوە.
بۆ خۆت چاوانی شووشە بکرە؛
وەک رامیارێکی
نزمی درۆزن، ئەوەی نایبینی،
خۆت وا بنوێنە، وەکو بیبینی.(ئینجا وەکو لەگەڵ بەردەستەیەکیدا بدوێت)
ئێستا، دەی، ئێستا،
دەی زوو قەیتانی پۆستاڵەکانم،
توند رابکێشە.

١. نەنگ؛ عەیب. پیاوی هەژار، هەردەم جلی شرۆڕ لەبەر دەکات. لەبەر ئەوە ناتوانێت نەنگەکانی بشارێتەوە.
٢. من ئەوەت بۆ مسۆگەر دەکەم.

توندتر، دەی توندتر. ئا، ئێستا باشە.[1]

ئێدگار:

دانایی و شێتی کە تێکەڵ دەبن

دانایی شێتیان لێ دروست دەبێ.

لییەر:

ئەگەر دەتەوێ بۆ بەختم بگری

چاوەکانی من دەتوانی بەری.

باشت دەناسم؛ تۆ " گڵۆستەر"ی.

ئەتۆ پێویستە ئارامت هەبێ؛

بەگریانەوە، بۆ ئێرە هاتین؛

وەکو دەزانی، هەرکە یەکەمین

جار ئێمە بۆنی بای جیهانمان کرد،

یەکسەر دەستمان کرد بە ناڵە و گرین.

لە ئامۆژگاریی

من، باش گوێ بگرە.

گڵۆستەر:

داخی گرانم. ئاخ، چ رۆژێکە.

لییەر:

کە لەدایک دەبین، هەر یەکسەر دەگرین

چونکە دەبینین؛ هاتووینەتە سەر

ئەم شانۆ زلەی کەر و کەودەنان. (تاجەکەی سەری دادەکەنێت)[2]

ئەوەتا ئەمە، بنکە دارێکە.[3]

(شەفقەکەی سەر گڵۆستەر، کە لە لباد دروست کراوە، لە سەری گڵۆستەر

---

١. لە خەیاڵی خۆیا، بەردەستەیەک، پۆستاڵەکانی دەکاتە پێ.

٢. ئەو تاجە دادەکەنێت، ئەوەی لە بژار و گژوگیای کێوی دروست کراوە (سەیری دێری ٤,٤,٠٣ بکە)

٣. بنکەی دارێکی براوە.

دادەکەنێت و بە دەستییەوە دەیگرێت و خۆی هەڵدەداتە سەر بنکە دارەکە و دەست دەکات بە خوتبەدان)

تەڵە و فێڵێکی زۆر دانا دەبوو،
ئەگەر بە لباد، گشت ئەسپەکانی
خۆمان ناڵ بکەم.
ئا، وای لێ دەکەم.
وە کەی بەبێ دەنگ،
من گەیشتمە سەر دوو زاواکانم،
ئەوسا دەزانم چۆن دەیانکوژم. (خانەدانێک و دوو نۆکەر دەردەکەون)

خانەدان:

ئەوەتا لێرەیە؛ دەی زوو بیگرە. (روو دەکاتە لییەر)
سەروەرم، کچە خۆشەویستەکەت–

لییەر:

رزگارم نابێ؟ من دیل کراوم؟
دیارە من تەنیا بۆ رابواردنی
خوای بەختیاری دروست کراوم.
مامەڵەی من، بکەن بە باشی.
ئێوە دەتوانن، پارەی قوربانی
وەربگرن تاکو ئازادم بکەن.
نەشتەرگەرێکم، زوو بۆ بهێنن،
راست تا مێشکم، من بریندارم.

خانەدان:

هەموو شتێکت دەبێ، سەروەرم.

لییەر:

بێ گەواه؟ هەر خۆم؟[1]

١. گەواه؛ شاهد. لییەر، وادەزانێت هاتوون بیبەن بۆ شەڕەشیر. لە کاتی شەڕەشیردا، دەبێت دوو گەواه ئامادە بن.

ئەمە، پیاو دەکا بە پیاوێ لە خوێ.[١]
تا چاوەکانی، لە جێی ئاوپرژێن،
بەکار بهێنرێ بۆ ئاودانی باخ.
ئا،
بۆ ئاوڕشێنی تۆزی پایزان.

خانەدان:

بەگی بەڕێزم.

لییەر:

من بە ئازایی وەک زاوایەکی
جوان رازێنراو، ئەوەتا دەمرم.
پێی، شادمان دەبم.
دەی، خانەدان، دەی،
ئاخۆ دەزانی کە من "شا"تانم؟

خانەدان:

تۆ شکۆداری؛ گشت گوێڕایەڵی
جەنابتین، بەگم.

لییەر:

کەوابێت نامرم.
جارێ ژیانم بەردەوام دەبێ.
دەی، وەری دەگرن. گەر وەری بگرن،[٢]

---

١. ئەم کردەوەیەی ئێوە، پیاو سەرتاپا دەکات بە فرمێسک. چونکە فرمێسک سوێرە، لەبەر ئەوە پیاوەکە دەبێت بە پیاوێک وەکو لە خوێ دروست بووبێت.

٢. پارەی قوربانی (ransom)، پیاو لە مردن دەپارێزێ (سەیری دێری ٤,٦,١٨٨ بکە)؛ ژیانی تیادا هەیە. لییەر، کە دەبینی ئەم پیاوانە رێزی دەگرن، هەستی بە شاهێتیی خۆی کردەوە و ئازا بووەوە. خانەدانەکە لەلایەن"کۆردێلیا"ی کچیەوە هاتووە. دەزانێت لییەر "شا"یە و وەکو شا مامەڵەی دەکات. بەڵام لییەر وادەزانێت هەر لەبەر پارەی قوربانییەکە رێزی دەگرن. لەبەر ئەوە ئارەزوو دەکات نەختێک گاڵتەیان لەگەڵدا بکات.

به راکردنتان ئەوە وەردەگرن.

دەی رابکەن دەی. (لییەر رادەکات، ئەوانیش بە دوایەوە)

خانەدان: (لەبەر خۆیەوە)

دیمەنێکی زۆر پڕ داخ و پەستە.
گەر ئەوە لەگەڵ
هەرە نزمتر کلۆڵ روو بدا.
بەڵام، کە لەگەڵ "شا"دا روو دەدا،
زمان ناتوانێت قەت وەسفی بکا. (روو دەکاتە لییەر)
کچێکت هەیە، ئەوەی دەتوانێ
سروشت، لە یەکەم ئاژری خوا،[1]
ئەوەی بە کاری دزێو و بەدی
دوو خوشکەکانی
خۆی وا هەڵگیرسا،
بپارێزێت و رزگاری بکا[2]

ئێدگار:

ئەی خانەدانی بەڕێز، مەرحەبا.

خانەدان:

خوا بتپارێزێ. شتێکت دەوێ؟

ئێدگار:

هیچتان بیستووە، سەروەرم، ئەرێ

---

١. سروشت: ژیان، ژیانی ئادەمزاد یاخۆ ئادەمزاد خۆی. ئاژر: توورەیی، غەزەب. ئاژری خوا: غەزەبی خوا. یەکەم غەزەبی خوا، ئەوەبوو کە لە ئادەم و حەوای گرت. دوای ئەوەی کە لە بەهەشتدا لە ئەمری دەرچوون و سێوەکەیان خوارد. ئەوەی کە گۆنێریڵ و ریگان بە باوکی خۆیان کرد، خوا ئەوەندە توورە دەکات کە دیسانەوە، غەزەب لە هەموو ئادەمزادێک بگرێت.

٢. خوا، ئەوەندە "کۆردێلیا"ی کچتی خۆش دەوێت، لەبەر خاتری ئەو، ئامادەیە لە ئادەمزاد ببوورێت و تەنیا هەر سزای ئەو دوو تاوانبارە بدات.

دەربارەی ئا ئەو جەنگەی کە گوایە،
لەم زووانەدا، وا هەڵدەگیرسێ

خانەدان:

بێگومان، ئەرێ.
خۆ ئاشکرایە بۆ هەموو کەسێ،
بیستوویەتی ئەوەی گوێچکەی کەڕ نەبێ.

ئێدگار:

ئاخۆ دەتوانم لێتان بپرسم؛
لەشکرەکانیان، چەند لێ مانەوە،
ئێستاکە دوورن؟

خانەدان:

نزیکن و زۆر، زۆر بە خێرایی،
بەرەو ئێرەوە دەجووڵێنەوە.
هێزی سەرەکیی سوپاکە ئێستا
هەموو سەعاتێ،
چاوەڕوان دەکرێ بگاتە ئێرە.

ئێدگار:

سوپاس، سەروەرم.
ئەمن، هەر ئەوەم دەویست بزانم.

خانەدان:

هەرچەند بانووشا،
بە هۆی کارێکی تایبەتییەوە،
ئێستا لێرەیە.
لەشکرەکانی نارد بۆ پێشەوە.

ئێدگار:

سوپاس، سەروەرم. (خانەدان دەڕوات)

گلۆستەر:

خوای بەرەحمەت، هەناسەدانم،
ببڕە نەوەک دیوی نەگریسم،[١]
ئەمن لاس بدا و هەمدیسان بچم،
بێ ڕەزامەندیی
تۆ، خۆم بکوژم.

ئێدگار:

باوکە، تۆ نزای گەلێک باش دەکەی.[٢] ٤,٦,٢١٥

گلۆستەر:

ئێستا، بەڕێزم، پێم بڵێ تۆ کێی.

ئێدگار:

ئەمن پیاوێکی گەلێک هەژارم.
ڕاهاتووم بێ دەنگ،
زوڵم و ئازاری بەختم بچێژم.
هەندە خەفەتی چەشتووە دڵم
هەردەم بەزەییم بە خەڵک دێتەوە.
ئا دەی دەستتم بەرێ با بتبەم
بۆ جێیەک نەختێ گەرم بیتەوە.

گلۆستەر:

پڕ بە دڵ ئەمن، سوپاست دەکەم. ٤,٦,٢٢٠
ڕەببی گەردوونی سەخی پاداشتی
ئەم چاکەیەی تۆ زوو بداتەوە![٣] (ئۆسوەڵد دەردەکەوێت)

ئۆسوەڵد:

ئای کە بەختیارم؛ خۆ تۆ ئەو کەسەی،

---

١. هەموو کەسێک دیوی باش و خراپی (نەگریسی) هەیە.

٢. نزا؛ دوعا.

٣. پاداشت؛ جەزا.

ئەوەی کە جارِی نرخی دراوە!
بۆم نووسراوە؛ سەری بێ چاوی
تو سامانێکی باشم بداتێ.[١]
هەی پیرەمێردی کڵۆڵی خائین،
دەی زوو بەکورتی،
لە بەزەکانت بیر بکەرەوە.[٢] (شمشێرەکەی هەڵدەکێشێ)
ئەو شمشێرەی کە گیانت دەردەکا،
هەڵکێشراوە، چاوەڕوان دەکا.

گلۆستەر:

دە دەی با دەستی دۆستی بە رەحمت،[٣]
دەسەڵاتێکی وا بەکار هێنێت،
بەس بێت بۆ ئەوەی یەکسەر بمکوژێت. (ئێدگار دێتە نێوانیان)

ئۆسوەڵد:

بۆچی رەنجبەری بێ شەرمی ریسوا؟[٤]
تۆ، چۆن دەوێری لەسەر خائینی
جارِ لێدراوی وا بکەیتەوە؟
خۆت لابە لاچۆ،
با چارەنووسی تۆش وەک ئەو نەبێ.

ئێدگار:

بەگم، لاناچم،
ئەگەر هۆیەکی باشترت نەبێ.

---

١. جارِ دراوە؛ ئەوەی بیکوژێت، دیوک، پارەیەکی باشی دەداتێ.
٢. بەزە؛ گوناح. لە خوا بپاڕێرەوە بەڵکو گەردنت ئازاد بکات.
٣. گلۆستەر، خواخوایەتی یەکێک بیکوژێت و لەم ژیانە ناخۆشەی رزگاری بکات. لەبەر ئەوە ئەوەی بیکوژێت بەدۆستێکی باش و بەرەحم دادەنێت.
٤. وشەی رەنجبەر، بۆ ریسواکردن بەکار دەهێنێت.

ئۆسوەڵد:

هەی داماو، لاچۆ، ئەگینا دەمری.

ئێدگار:

ئەی خانەدانی بەڕێزم، ئەتۆ،
بۆ کوێ دەڕۆیشتی بۆ ئەوێ بڕۆ،
وازیش لە ئێمەی هەژار بهێنە
بۆ خۆمان بڕۆین.
گەر بە هەڕەشە،
لەم ژیانە من راونرامایە
ماوەی ژیانم، بە دوو حەفتەیێک،
لە ژیانی ئێستای من کورتتر دەبوو.
نەکەی نزیکی
ئەم بێ دەسەڵاتە پیرە بیتەوە.
دوورکەوەرەوە لێی، وا پێم گوتی.
ئەگینا سەری تۆ و ئا ئەم دارەم،[1]
لەگەڵ یەکتری بەراورد دەکەم؛
بزانم کامیان سرت و رەقترە.
راستییەکەی چییە، ئەوەم پێ گوتی.

ئۆسوەڵد:

لاچۆ، سەرەنوێلک![2]

ئێدگار:

پێی، دانەکانت، پاک دەکەمەوە.[3]
هەڕەشەکانت، من ناترسێنن.

---

١. ئێدگار دارێکی بەدەستەوەیە.
٢. سەرەنوێلک: کۆمەڵە شیاکە یان تەپاڵە و پیسایی.
٣. پێی: بە شمشێرەکەت.

(شەڕ دەکەن. ئێدگار، دارێک دەکێشێت بە سەریا، دەیخات)

ئۆسوەڵد:

ناکەس، منت کوشت.
کیسی پارەکەم، تۆ بۆ خۆت بەرە.
ئەگەر دەتەوێت لە ژیانتدا،
تۆ سەرکەوتوو بیت،
کابرا تەرمەکەم بنێژە و هەرچی
نامە دەبینی لە گیرفانمدا،
هەموویان بدە توخوا بە سانی
گلۆستەر، ئێدمەند.[1]
بیدۆزەرەوە لەوێ، لە دیوی
لەشکرەکانی ئینگلیزەکان.
ئاخ،
چەند لە کاتێکی ناکاتدا مردم. (دەمرێت)

ئێدگار:

باشت دەناسم؛
خزمەتکارێکی زۆر بێ ویژدانی؛
ئەتۆ دەتوانی هەموو کارێکی
ناکەسبەچەیەتی،
بۆ خاتوونەکەت، بهێنیتە دی.

گلۆستەر:

ئەوە دەڵێیت چی، ئاخۆ مردووە؟

ئێدگار:

باوکە، دانیشە بحەسێرەوە.
دە با سەیرێکی گیرفانەکانی

١. نازناوی "سان"ی " گلۆستەر"یان، داوە بە ئێدمەند، کوڕە زۆڵەکەی گلۆستەر.

بکەین، دەی بەڵکو
ئەو نامانەی ئەو، باسی دەکردن،
دۆستمان دەربچن.[١] (گیرفانەکانی دەگەڕێت)
بەڵێ، مردووە.
تەنیا یەک شتم من پێ ناخۆشە
کە پیاوکوژێکی تر نەبوو، من بووم.
با بیانبینین؛
(مۆری نامەیەکیان دەشکێنێت و دەیکاتەوە)
دەی بە روخسەتی تۆ مۆمی ناسک![٢]
سەلاری، نەکەی لۆمەمان بکەی؛[٣]
تاکو بزانین چی لە مێشکی
دوشمنمان دایە؛ دڵی دەدڕێنین.
خۆ دڕاندنی
کاغەز بەرانبەر یاسا، کارێکی
گرینگتر نییە. (نامەکە دەخوێنێتەوە)[٤]
لە بیرت نەچن، ئەو پەیمانانەی
کە ئێمە دامان یەک بە یەکتری.
هەلت زۆر دەبێ لەناوی بەری.[٥]
گەر وەک پێویستە لەسەری سوور بی؛
تۆ جێگە و کاتی گونجاوت دەبێت.
ئەگەر ئەو هات و بە سەرکەوتوویی

١. بەڵکو دۆست دەرچن؛ بەڵکو سوودیان هەبێت.
٢. بۆ ئەوەی کەس نامەکە نەکاتەوە و بیخوێنێتەوە، بەئاسایی، تۆزێک مۆم دەدرێت لە جێی کردنەوەی نامەکە و مۆرێکی پێوە دەنرێت.
٣. سەلاری: ئەدەب.
٤. ئەم نامەیە، گۆنێریڵ ناردوویەتی بۆ ئێدمەند.
٥. هەل: دەرفەت. گەر سووربیت لەسەری، هەلت زۆر دەبێت مێردەکەم بکوژیت.

بگەڕێتەوە، واتە ئێمە هیچ–[1]
مان بەهیچ نەکرد.
ئەوساکە ئەمن بەندی ئەو دەبم
نوێنەکەی ئەویش، بەندیخانەکەم.
لەم نوێنە گەرمە
دزێوە دەی زوو رزگارم بکە،
جێگەکەش بکە بە نرخی ئەرکی
خۆت و جێی کارت.[2] (لە بنی نامەکەدا نووسراوە)
هاوسەری دڵسۆزت؛
ئەوەی نووسیومە، ئارەزووی دەکەم.[3]
ئەو بانوویارەی کە تۆی خۆش دەوێت.[4]
"گۆنێریل" ٤,٦,٢٦٥

ئاخ،
ویستی بێ ڕادە و سنووری ئافرەت.[5]
ئەمە، پیلانی لەناوبردنی
ئەو مێردە باشە بەڕێزەیەتی.
تا براکەی من، جێگەی ئەو بگرێت.[6] (ڕوو دەکاتە تەرمەکەی ئۆسوەڵد)
لێرەدا لەناو ئەم لمانەدا،
جێی ناپیرۆزی ناشتنی پیاوی
بکوژی پیسی ئاڵۆشاوی، من،

١. بگەڕێتەوە: لە جەنگ بگەڕێتەوە.
٢. نوێنەکە، هەم دەبێت بە نرخی ئەوەی کە مێردەکەمت کوشتووە و هەم دەبێت بە جێگەی کارکردنت (ئەم ڕستەیە، مەبەستی سێکسی تیادا هەیە)
٣. نووسیومە "هاوسەری دڵسۆزت"، چونکە من حەز دەکەم ببم بە هاوسەرت.
٤. بانوویار: عەشیقە.
٥. ویست: ئیرادە. بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی خۆی، ئافرەت، ئامادەیە هەموو شتێک بکات.
٦. براکەی من: ئێدمەند.

ئەوا تەرمەکەی ئەتو دەنێژم.
کەی کاتیشی هات،
ئا ئەم کاغەزە ریسوایە دەبەم
پێشانی "دیوک"ی
ژیان هەڕەشە لێکراو، دەدەم.
پێی خۆش دەبێت من،
یەکسەر هەردووکی بۆ ڕاپۆرت بکەم؛
ئەم مردنەی تۆ و ئەو کاروبارەی
پێوەی خەریک بووی. (تەرمەکە رادەکێشێت و دەڕوات)

گلۆستەر:

خۆ، شا، شێت بووە!
ئای کە مانگرە، ئەم مێشکەی من؛[1]
هەتاکو ئێستا ئەمن ژیرم و
باش ئاگەدارم
لەو پەژارانەی کە دەیانچێژم.
گەلێک باشترە، گەر من شێت ببم،
ئەوسا مێشکم،
جیا دەبووەوە
لە وەیی دڵ و پەژارەکانم.
وەی و پەژارەش لەناو خەیاڵی
شێتدا، نە واتە نە نرخی هەیە.

ئێدگار:

دەستتم بەرێ؛
زۆر لە دوورەوە، من وابزانم،
دەنگی دەهۆڵ دێ.

١. مانگر: عەنوود.

دەی باوکە بڕۆین، لەلای دۆستێکم،
بەجێت دەهێڵم.

## دیمەنی ٤,٧

کۆردێلیا و کێنت و خانەدانێک دەردەکەون.

کۆردێلیا:

ئای کێنت، پیاوی پاش!
من نازانم چۆن
دەبێت بژیم و چۆن تێ بکۆشم،
تا لە چاکیدا، تۆ بگرمەوە.
هەندە تەمەنی من درێژ نابێت؛
تێکۆشانیشم، بە هەرچ جۆرێک بێت،
سوودی زۆر نابێت.[١]

کێنت:

نرخی دانپیانان، لای من خاتوونە،
بەها و بەرزترە لەوەی کردوومە.
ئەو ڕاپۆرتانەی من گەیاندوومن، ٤,٧,٠٥
نە لە ڕاستییەکەی، بڕێک کەمترن،
نە هیچ زیاترن.
خۆیان چۆن بوون وا من رام گەیاندوون.[٢]

١. هەرچییەک بکەم، نە دەتوانم ببم بە مرۆڤێکی باش وەکو تۆ، نە دەتوانم ئەو هەموو چاکییەی تۆ بدەمەوە.

٢. هەرچییەکم بۆ گێڕانەوە دەربارەی شا و خۆم و دوو کچەکانی، هەمووی ڕاستە و هیچ کەم و زیادەی تیادا نییە.

کۆردێلیا:

جلەکانی خۆت بگۆڕە و جلی
باشتر لەبەرکە.
ئەمانەی بەرت یادی رۆژانی
رەشتر و تاڵتر، دەهێننەوە
بیر، بیانگۆڕە.

کێنت:

خاتوونەی ئازیز، تۆ لێم ببوورە.
ئەگەر خەڵکەکە بمناسنەوە،
دەوەستێت دژی ئەو پیلانانەی
کە دامناون و
هەمیشە بیریان لێ دەکەمەوە.
ئەوەی من لێتی، خاتوون، دەخوازم؛
خۆت وا بنوێنی کە من ناناسی.
تاکو ئەو کاتەی خۆم بە گونجاوی
دەزانم و خۆم ئاشکرا دەکەم.

کۆردێلیا:

با وابێت، گەورەی گەلێک بەڕێزم. (روو دەکاتە پزیشک)
باری شا، چۆنە؟

پزیشک:

خاتوونە، هێشتا، شا، هەر نوستووە.

کۆردێلیا: (روو دەکاتە ئاسمان)

ئاه،
خوا بە رەحمەکان،
دەرمانی دەردی مێشکی بکەن؛
پەیی و دەماری هەستی شێواوی

باوکم، که له هی
منداڵێک دەچێت، ساز بکەنەوە!
پزیشک:
شکۆدار، ئێستا ڕێ دەدەن کە شا،
لە خەو هەڵسێنین؟
دەمێکی زۆری پێ چوو نوستنی.
کۆردێلیا:
بەپێی زانیاری و مێشکی دانای
خۆت بڕیار بدە.
جلی لەبەرە؟
(لییەر، بەسەر کورسییەکەوە دەهێننە ژوورەوە. نوستووە و چەند نۆکەرێک هەڵیان گرتووە)
خانەدان:
بەڵێ، خاتوونە. کاتی نوستنی
گرانی، ئێمە، جلوبەرگێکی
نوێمان بۆ هێنا و کردمانە بەری.
بەڕێز، خاتوونە، ئەگەر دەتوانی
لە نزیکی بە، ئەو کاتەی ئێمە
هەڵی دەستێنین.
هێمن دەبێت من، گومانم نییە.
کۆردێلیا:
باشە، زۆر باشە. (ئاواز لێ دەدرێت)
خانەدان:
دە وەرە نەختێک نزیک بەرەوە (ڕوو دەکاتە ئاوازژەنەکان
دەنگی ئاوازتان، بەرز بکەنەوە.

کۆردێلیا:
ئاخ،
باوکی شیرینم، من لێوەکانم
دەرمانی دەردی تۆیان پێوەیە. (ناوچەوانی لییەر، ماچ دەکات)
دەبا ئەم ماچە
ناسکەم ببێت بە چارەسەری
گۆژم و ئازاری ئەو برینانەی
کە دوو خوشکەکەم لە رۆحیان کردی.
کێنت:
ئاخ، ئاخ، شازادەی دڵ نەرم و شیرین!
کۆردێلیا:
ئەگەر باوکیشیان تۆ نەبوویتایە،
ئاخ، هەر دەبوایە کە بەزەییان
نەختێک بە پرچی سپی و رووتاوی
تۆ، بهاتایە. (سەیری باوکی دەکات)
بڵێی ئەم رووە بتوانێ دژی
زریانی درِی سروشت، جەنگ بکا؟
یان بەرەنگاری گرمەی دەنگ گرِی
هەور و برووسکە سامناکەکانی
گەردوونمان، بکا؟
هەموو شەوەکە،
نەنوویت؟ ئای هەژار!
بە تەپڵی سەری رووتاوتەوە؟
تەنانەت سەگی دوژمنەکانم
گەر قەپاڵیشیان لە من گرتبێ،
ئا لەو شەوەدا، من رێگەم دەدا،

لەبەر ئاگری ئاگردانمدا،
بوەستێت و خۆی گەرم بکاتەوە.
باوکی هەژارم،
ئاخۆ پێویستی، ناچاری کردی
لەگەڵ بەراز و لانەوزانی
بێ ماڵی خوێڕی، لەناو کووخێکی
قامیشی بۆگەن، کات راببوێری؟
داخی گرانم، داخی گرانم!
سەرم سووڕماوە ئەمن نازانم
ژیان و ژیریی
چۆن بوو کە گەشتیان نەکرد پێکەوە![1] (ڕوو دەکاتە پزیشک)
ئەوا خەبەری
دەبێتەوە دەی، بدوێ لەگەڵی.

پزیشک:

خاتوونە، گەر خۆت بدوێیت باشترە.

کۆردێلیا:

ها، خاوەن شکۆ، سەروەرم، چۆنی؟
شکۆدار، چۆنی؟

لییەر:

تۆ تاوانباری دەکەی لە دژم،
ئەگەر لە گۆڕم، دەرم بهێنی.
ئەتۆ گیانێکیت لە بەهەشت دەژیت
بەڵام، من لێرە، لەناو دۆزەخدا،
توند بەند کراوم بە چەرخێکەوە
لە ئاگروگڕ پێکهێنراوە.

---

١. ئەوە چۆن ئازار شێتی کرد بەڵام نەیکوشت.

فرمێسکەکانی چاوەکانیشم
هەر وەکو سربی داغی تواوە[1]
گلێنەکانم، دادەپڵۆوخێن.
کۆردێلیا:
تۆ من، سەروەرم، دەناسیتەوە؟
لییەر:
ئەو گیانەیت، کە من، باشی دەناسم.
ئەرێ کەی مردی؟
کۆردێلیا: (روو دەکاتە پزیشک)
هێشتا هەر سەری زۆر لێ شێواوە. ٤,٧,٥٠
پزیشک:
توخوا تۆ وازی لێ بهێنە نەختێ؛
لام وایە هێشتا بە تەواوەتی
لە خەوی قووڵی خۆی هەڵنەستاوە.
لییەر:
ئاخۆ لە کوێ بووم؟ ئێستا من لە کوێم؟
ئەمە، بەڕاستی رووناکیی رۆژە؟
من دیارە سەرم، زۆر لێ شێواوە.
ئەگەر یەکێکی وەک خۆمم دەدی
خەفەت و داخی دڵم دەیکوشتم.
من نازانم چی ئێستاکە بڵێم. (سەیری دەستەکانی خۆی دەکات)
ئەمانە دەستی منن بە راستی؟
ناتوانم لەسەر
ئەوە، سوێند بخۆم.
(دەرزییەک دەکات بە پەنجەی خۆیدا، بۆ ئەوەی بزانێت ئەوەی دەیبینێت

١. سرب: قورقوشم.

ئاخۆ خەوە یان راستییە)
دەبا بزانم؛ ئا بە ئاژنینی
دەرزی هەست دەکەم.
خۆزگە دەمزانی
من کێم و لە چی بارودۆخێکدام.
کۆردێلیا: (چۆک دادەنێ لە بەردەمی باوکیدا)
سەیری من بکە و دەستت، سەروەرم،
دابنێ لەسەر ناوەڕاستی سەرم.
بۆ ئەوەی گیانم،
پیرۆز بکەیت و بە دروود ببم.
لییەر:
من تکایەکی زۆرت لێ دەکەم،
گاڵتەم پێ مەکە.
پیاوێکی گەلێک ریژگاو و پیرم،
خەڵەفاویشم.
هەشتا زیاترە ئێستا تەمەنم
یەک سەعات لەوە نە زۆرترە و نە
لەوە کەمترە.
گەر راستییەکەشی بە ئێوە بڵێم؛
زۆر بەداخەوە، باری مێشکم
زۆر دروست نییە.
من وابزنم،
دەبێت ئەم پیاوە و ئەتۆ بناسم.
بەڵام گومانم زۆر لەوە هەیە؛
نازانم لە کوێم، ئەم جێیە کوێیە؟
هەموو دانایی و ژیری و مێشکم،

بەکار دەهێنم، لەگەڵ ئەوەشدا،
نە ئەم جلانەم دەناسمەوە،
نە ئاگەدارم
لە کوێ من شەوی پێشوو نوستبووم.
پێم پێ مەکەنن؛ ئەمن مرۆڤم.
لام وایە، ئەمە،
ئا ئەم خاتوونە،
"کۆردێلیا"ی کچمە.

کۆردێلیا:
ئا، ئا، من ئەوم.

لییەر:
فرمێسکەکانی تۆ ئاخۆ تەڕن؟ (دەست دەدات لە روومەتی کچەکەی)
ئا، بە ئیمانم.
ئاخر دەمەگری، تکات لێ دەکەم؛
ئەگەر ژەهریشت تۆ بۆ هێنابم،
من دەیخۆمەوە.[١]
من باش دەزانم؛ منت خۆش ناوێت.[٢]
هاتەوە بیرم؛
خوشکەکانی تۆ غەدریان لێ کردم.
بۆنەشیان نەبوو. بەڵام تۆ، هەتە.

کۆردێلیا:
نا، بۆنەم نییە. نا بۆنەم نییە.

---

١. لییەر، خۆی بە تاوانبار دەزانێت بەرامبەر کۆردێلیای کچی. بۆ ئەوەی کچەکەی ئاشت بکاتەوە ئامادەیە هەموو شتێکی بۆ بکات؛ ئەگەر ژەهریشی بداتێ بیخواتەوە.
٢. چونکە کاتی خۆی، خراپەی لەگەڵ ئەو کچە باشەی خۆی کردووە. وادەزانێ کچەکەی رقی لێیەتی.

لییەر:

من، له "فرەنسا"م (کۆردێلیا، دەگریا نەیتوانی وەڵامی بداتەوە)

کێنت:

له مەملەکەتی خۆتیت، سەروەرم.

لییەر:

گاڵتەم پێ مەکەن.

خانەدان: (روو دەکاته کۆردێلیا)

خاتوونه باشه

دڵنەرمەکه تۆ، بحەسێرەوە.

ئەو توورپییەی تیایدا دەکولا،

دامرکایەوە.

ها، لێ خواستنی پرکردنەوەی ٤,٧,٨٠

چۆڵاییەکانی کاتی لەکیس چووی،

مەترسیی هەیە.[١]

لاسی بده با بچێته ژوورێ.

مەیرووژێنه، جارێ لێی گەڕێ

هەتاکو نەختێ

دەحەسێتەوە و هێمنتر دەبێ.

کۆردێلیا: (دەستی باوکی دەگرێت)

سەروەرم، ئەرێ ئەتۆ ئارەزووی

رۆیشتنت هەیە؟

لییەر:

تۆ لەگەڵ مندا،

پێویسته و دەبێ ئارامت هەبێ.

١. ئێستا، هەوڵ مەده ئەو شتانەی بخەیتەوە بیر که له بیری چوونەتەوە. چونکه مەترسیی هەیە.

تکات لێ دەکەم، ئەوەی کە رووی دا،
له بیری خۆتی دەربکە و دەبێ
لە من ببووری.
ئەمن پیاوێکی ریژگاوی پیرم.
(کۆردێلیا، دەستی باوکی دەگرێت و پێکەوە دەڕۆن)

خانەدان:

راستە کە دەڵێن، گوایە "دیوک"ی
کۆرنوەڵ کوژراوە؟

کێنت:

گەورەی بەڕێزم، بەبێ هیچ گومان.

خانەدان:

ئەی کێ سەرداری گەلەکەی دەکا؟

کێنت:

وەکو بیستوومە،
کورە زۆڵەکەی "سان"ی گلۆستەر

خانەدان:

بیستوومە دەڵێن؛ ئێدگاری کوڕی،
ئەوەی کە نەفی کرا ئێستاکە،
له ئەڵمانیادا، لەگەڵ " کێنت"دایە.

کێنت:

دەمگۆ، هەمیشە، دێت و دەگۆڕێ.
ئیتر کاتێتی، وریا بین دەبێ،
لەشکرەکانی مەملەکەتەکە،[1]
ئا بەم زووانە، دەگەنە ئێرە.

---

١. سوپای ئینگلیزی.

خانەدان:

زۆر لەوە دەچێ،

دادگەرییەکی خوێناوی ببێ[1]

ئیتر، سەروەرم، خواحافیزت بێ.

کێنت:

بەپێی ئەنجامی ٤,٧,٩٥

ئەم هەرا و جەنگە، دیارە بڕیاری

چارەنووسی من،

باش بێ، یان بەد بێ،

ئیتر دەدرێ

١. جەنگێکی خوێناوی دەبێت. جەنگ وەکو دادگەری وایە. ئەنجامی جەنگەکە لە بڕیاری دادگە دەچێت.

# پەردەی پێنجەم

## دیمەنی ٥,١

به ئاڵای بەرزکراو و ئاوازی سوپاییيەوە، ئێدمەند و ڕێگان و
چەند خانەدانێک و سەربازێکی زۆر دەردەکەون.

ئێدمەند: (ڕوو دەکاتە خانەدانێک)
بزانە دیوک، هێشتا هەر لەسەر
دواین بڕیاری خۆی ماوەتەوە.
یاخۆ بە بۆنەی بیرێک یان شتێک
بڕیارەکانی خۆی دیسان گۆڕی؟
گەلێک دوودڵە؛ بیروباوەڕی
خۆی زوو دەگۆڕێت. بڕۆ بزانە
چییە بڕیاری چەسپاوی دڵی.[1] (خانەدان دەڕوات)

ڕێگان:
نۆکەری خوشکم، ئەمن دەترسم[2]
لە ڕێگە تووشی ناخۆشی بووبێ.

ئێدمەند:
ئا، منیش، خانم، لەوە دەترسم.

ڕێگان:
ئێستاکە بەگی گەلێک شیرینم،

---

١. چەسپاو؛ نەگۆڕ. "دیوک"ی ئەلبەنی لە سەرەتاوە دوودڵ بوو، نەیدەزانی دژی سوپای فرەنسی بجووڵێتەوە یان نا. بەلاّم لە دواییدا، بڕیاری دا کە لەشکرەکانی بنێرێت بۆ بەرگریکردن لە مەملەکەتەکە.
٢. مەبەستی لە "ئۆسوەڵد"ە

خۆ تۆ دەزانی کە من نیازم
وایە کە چاکی بکەم لەگەڵتا:
پێم بڵێ، بەڵام راستییەکەی بڵێ،
خوشکەکەی منت، ئاخۆ خۆش ناوێ؟

ئێدمەند:

با، خۆشم دەوێ.
بە شێوازێکی پاک و ئابڕوودار.

ڕێگان:

بەڵام ئاخۆ قەت، پێت نەچووەتە سەر
ڕێگە و و کۆڵانی مەنعکراوی
مێردی خوشکەکەم.[1]

ئێدمەند:

ئا ئەوە، دیارە،
دڵت بە جۆرێک، نیگەران دەکا؟

ڕێگان:

لەوە دەترسم کە تۆ پێوەندیی
عەشق و دڵداریت هەبێت لەگەڵی.

ئێدمەند:

نا، نا، خاتوونە. نەخێر بە ئابڕووم.

ڕێگان:

بەگی ئازیزم، دەبێت بزانی؛
پێم ناچێژرێت، ئەگەر لەگەڵی،
ئەتۆ پێوەندیی نزیکت هەبێت.

ئێدمەند:

تۆ ترست نەبێت، لە من. ئەوەتا (دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا دێت)

١. ئاخۆ قەت پێوەندیی سێکسیت لەگەڵ خوشکەکەمدا نەبووە؟.

لەگەڵ "دیوک"دا بەرەو ئێرە دێت.

(بە ئاڵای بەرز کراوەوە ئەلبەنی و گۆنێریڵ و سەربازەکانیان دەردەکەون)

گۆنێریڵ: (لەبەر خۆیەوە)

ئەگەر جەنگەکە من بدۆڕێنم
کەمتر ئازارم پێ دەگەیەنێ
لەوەی رێگانی خوشکم بتوانێ
من و ئەو لە یەکتری جیاب کاتەوە.[1]

ئەلبەنی:

مەرحەبا خوشکی گەلێک شیرینم. (روو دەکاتە ئێدمەند)
بەڕێزم، بیستم
کە شا رۆیشتووە بۆ لای کچەکەی،
لەگەڵ کەسانی تردا لەوانەی،
حوکمکردنی ناڕەوای ئێمە،
ناچاری کردن دژمان بوەستن.
لە هەڵوێستێکدا،
ئەگەر نەتوانم راستگۆ و رەوان بم،
قەت ناکەس نابم؛ ئەوەی روو دەدا،
دەروون و دڵم نیگەران دەکا؛
هەر لەبەرئەوەی کە شای فرەنسا،
خاکەکانمانی داگیر کردووە.
نەک لەبەرئەوەی کە ئەو پشتگیریی
شا و کەسەکانی لەگەڵین، دەکا.
زۆر بەداخەوە، ئەوانە مافی[2]
گرینگ و بەزۆر داگیرکراویان،

١. ئەو: ئێدمەند.

٢. ئەوانە: شا و ئەو کەسانەی کە لەگەڵین.

وایان لێ دەکات بوەستن دژمان.

ئێدمەند:

وەک خانەدانێک، سەروەرم، دەدوێیت.

ڕێگان:

هیچ بۆنەیەکت
هەیە بەمجۆرە لەگەڵمان بدوێیت؟

گۆنێریڵ:

با یەک بین دژی دوژمنەکانمان؛
ئەو ناکۆکییەی هەیە لە نێوان
بنەماڵەمان، ئێستا لێرەدا،
کێشەیەکی وا زۆر گرینگ نییە.

ئەلبەنی:

کەوابێت، لەگەڵ لێزانەکانی
جەنگکردن، بچین
پیلانەکانمان دابچەسپێنین.

ئێدمەند

من، یەکسەر ئێستا، دێم بۆ خزمەتت
لە چادرەکەی خۆتدا بتبینم. (هەڵدەستێت بڕوات)

ڕێگان:

خوشکە، تۆ لەگەڵ ئێمەدا، دەچیت؟

گۆنێریڵ:

نەخێر من ناچم.

ڕێگان:

باشترە ئەگەر لەگەڵماندا بیت.
وەرە لەگەڵمان، تکات لێ دەکەم.

گۆنێریڵ (گومان لەوە دەکات، کە خوشکەکەی حەز نەکات هەر خۆی بەتەنیا لەگەڵ ئێدمەنددا بێت)

( لەبەر خۆیەوە) لە مەبەستەکەی تۆ باش تێ دەگەم.
دە باشە، من دێم.
(لەو کاتەدا، ئێدگار دەردەکەوێت، لە شێوە و جلی ڕەنجبەرێکدا)
ئێدگار: (ڕوو دەکاتە ئەلبەنی)
بەگی شکۆدار، گەر پێت دەکرێ
گوێ لە کەسێکی
ماندوو و هەژاری وەکو من، بگری،
بۆ وتەیەکی کورت گوێتم بەرێ.
ئەلبەنی: (بەوانەی تر دەڵێت)
دە بڕۆن، ئەمن، دواتان دەکەوم. (ڕوو دەکاتە ئێدگار)
دەی کابرا، بدوێ!
ئێدگار:
پێش ئەوەی بچی بۆ جەنگ تۆ دەبێ،
ئا ئەم نامەیە، بخوێنیتەوە.[١]
گەر بردتەوە،
فەرمان دەربکە بلوێر لێ بدرێ،
بۆ ئەو کەسەی کە
ئەمەی بۆ هێنایت:
هەرچەند هەژار و زۆر کڵۆڵ دیارم،
پاڵەوانێکم، دەتوانم ڕاستیی
ئەوەی کە باسی
تیایدا کراوە، باش بچەسپێنم.[٢]
گەر دۆڕانیشت،

١. ئەو نامەیەی دەداتێ کە لە گیرفانی ئۆسوەڵدا دۆزییەوە. نامەکە، گۆنێریل نووسیویێتی بۆ ئێدمەند.
٢. تیاید؛ لە نامەکەدا.

تۆ، ئیتر ئیشت بە کاروباری
دنیا نامێنێ و هەموو شتێکی
کۆتاییيان دێ.
دەک خوای بەختیاری ئێوەی خۆش بوێ.

ئەلبەنی:
مەڕۆ، بوەستە،
تاکو نامەکە، دەیخوێنمەوە.

ئێدگار:
پێم وتراوە؛ نەمێنمەوە.[١]
کەی کاتی گونجاو، هەڵکەوت بلوێری
بانگکردنم بۆ
لێ بدەن، یەکسەر دەگەڕێمەوە.

ئەلبەنی:
دە باشە بڕۆ، ئەسپەردەی خوا بی.
ئەمن سەیرێکی نامەکەت دەکەم. (ئێدگار دەڕوات. ئێدمەند دەگەڕێتەوە)

ئێدمەند:
وا هێزەکانی دوژمن دەرکەوتن.
لەشکرەکانت ئامادە بکە. (پارچە کاغەزێکی دەداتێ)
ژمارە و هێزی لەشکرەکانیان،
چەندن بەڕاستی،
لەم ڕاپۆرتەدا تۆمار کراوە.
بەهۆی زیرەکی ئەو سیخوڕانەی،[٢]

١. ئێدگار، حەز ناکات لەوێ بێت کاتی خوێندنەوەی نامەکە. بۆ ئەوەی ئەلبەنی لەسەرخۆ بیخوێنێتەوە و پەلە نەکات. ئەگینا هەر خۆی، ئەلبەنی، ناتوانێت دەرەقەتی ئێدمەند و دوو خوشکەکە بێت.
٢. سیخوڕ؛ جاسووس.

ئێمە هەمانە،
باش توانیومانە هەڵیان بهێنین.
پەلەکردنت، گەلێک پیوێستە.
ئەلبەنی:
بە پەرۆشەوە،
من چاوەڕوانی ئەو کاتە دەکەم. (دەڕوات)
ئێدمەند: (لەبەر خۆیەوە)
ئەمن بۆ هەردوو خوشکەکان سوێندم
خواردووە کە من زۆر خۆشم دەوێن؛
ئێستاکە هەردوو
وا لە یەکتری دەترسن وەکو
مرۆڤێک جارێ مار پێوەی دابێ و
لە مار بترسێ.
لەم دووانە کامیان من هەڵبژێرم؟
هەردووک؟ یەکێکیان؟
یاخۆ، هەر هیچیان؟
لەزەت لە هیچیان، ئەمن نابینم
ئەگەر هەردووکیان،
هەر بە زیندوویی بمێننەوە.
بێوەژنەکە گەر هەڵبژێرم،
" گۆنێریڵ"ی خوشکی، خۆ هەر شێت دەکەم.
بەڵام مێردەکەی،
گەر بە زیندوویی بمێنێتەوە،
گران دەبێت بۆم،
بەتەنیا هەر خۆم،

ئا ئەم گەمەیەم، پێ ببرێتەوە.[1]
بۆ باری ئێستا، رووی ئەو پێویستە،
بەکار بهێنین لە جەنگەکەدا؛
کەی لێی بووینەوە،[2]
ئەوەی ئارەزووی مردنی دەکا،[3]
با ئەو رێبازی دروست و خێرا
بدۆزێتەوە بۆ لابردنی.[4]
ئەو بەزەیییەی کە دەری بڕی[5]
دەربارەی لییەر و کۆردێلیای کچی،
هەرکە جەنگەکە گەیشتە کۆتایی و
ئەوان کەوتنە
ژێر دەسەڵات و رەحمەتی ئێمە،
ئەو لێبووردنە، هەرگیز نابینن؛
چونکە کاری من، رزگارکردنە،[6]
نەک وتووێژ و لێکۆڵینەوە.

---

١. ئێدمەند، بیر لەوە دەکاتەوە کە بەهۆی ئەم دوو خوشکەوە خۆی بکات بە شا.
– ئەگەر هەردووکیان هەڵبژێرم، ئەوسا لەزەت لە هیچیان نابینم.
– ئەگەر بێوەژنەکە هەڵبژێرم، ئەوسا، گۆنێریل زۆر توورە دەبێت و مێردەکەی دەدا بە گژمدا.

٢. لێی: لە جەنگەکە.

٣. مەبەستی لە " گۆنێریڵ"ە.

٤. لابردنی: کوشتنی.

٥. ئەو بەزەیییەی کە ئەلبەنی دەری بڕی.

٦. رزگارکردنی مەملەکەتەکە.

## دیمەنی ٥,٢

دەنگی بلوێر و دەهۆڵ دێت. لییەر و کۆردێلیا لەگەڵ
لەشکرەکانی فرەنسا دەردەکەون و دەڕۆن. ئەمجا ئێدگار و
گلۆستەر دەردەکەون.

ئێدگار:

باوکە تۆ لێرە، لەژێر سێبەری
ئا ئەم درەختە
میوانپەروەرە جوانە، بوەستە.
نزا بکە خوا هەر داد سەر بخا.
گەر مام و توانیم بگەڕێمەوە،
بۆ لات، هەواڵی
شادکەر و باشت من بۆ دەهێنم.

گلۆستەر:

برۆ، سەروەرم، ئەسپەردەی خوا بی.

ئێدگار (هەست دەکات کە سوپای فرەنسی لە شکاندندایە و ئینگلیزەکان پێش دەکەون. لەبەر ئەوە دەگەڕێتەوە باوکی خۆی رزگار بکات)

پیرەمێردەکە،

دەستبەجێ دەبێ لێرە دەربچین.
دەستتم بەرێ با زوو دەرباز بین.
لییەر، جەنگەکەی دۆڕان و ئێستا،
خۆی و کچەکەی گیران بە دیلی.
دەی زوو دەستتم بدەرێ با برۆین.

گلۆستەر:

پێم، یەک هەنگاوی تر هەڵناهێنێ؛
لە گشت خاکێکدا،
گۆشت و ئێسقانی مرۆڤ دەڕزێ.[١]

ئێدگار:

ها، دیسان پەستی، ٥,٢,١٠
بەسەر دەروونی تۆدا زاڵ دەبێ؟
پیاو لەسەرێتی خەم و خەفەتی
بەجێهێشتنی ژیان، بچێژێ.
وەکو چۆن کاتی هاتنی چێشتی[٢]

گلۆستەر:

ئا، ئەوەش، راستە. (هەڵدەستێت و لەگەڵ ئێدگاردا دەڕوات)

---

١. گلۆستەر، حەز دەکات بمرێت. لەبەر ئەوە بە ئێدگار دەڵێت؛ بەجێم بهێڵە با لێرەدا بمرم و لەشم برزێت.

٢. کاتی هاتنی بۆ ئەم دنیایە.

## دیمەنی ٥,٣

ئێدمەند وەک سەرۆک سوپایەکی سەرکەوتوو لەگەڵ ئەفسەرێکدا
دەردەکەوێت. لییەر و کۆردێلیا بە بەندکراوی.

ئێدمەند:

دەی چەند ئەفسەرێک، با بێن بیانبەن.
وریابن، ها، باش ئاگەداریان بن،
تاکو ئارەزووی سەرۆکەکانمان،
روون دەبێتەوە و بڕیارێک دەدەن،
چییان لێ دەکەن.

کۆردێلیا:

ئێمە یەکەمین
کەس نین بەمجۆرە، ئازار بچێژین
لە رێی خەبات بۆ هەرە باشترین
مەبەستەکانیان.
ئاخ، دەربارەی تۆ، ٥,٣,٠٥
ئەی شای چەوساوە، من دۆڕانوومە.
بەڵام دەربارەی
خۆم، من دەمتوانی
ڕووبەڕوو دژی بەختی رووگرژم،
بە روویەکی زۆر تاڵتر و گرژتر،
بوەستم تاکو من دەمبردەوە.[١]

---

١. کۆردێلیا، زۆر بەزەیی بە باوکیدا دەهاتەوە. لەبەر ئەوە لاسی لە مێردەکەی خۆی دا،=

باشە، ئێمە ئەم
کچانە، یاخۆ ئا ئەم خوشکانە،
ئاخۆ نابینین؟[١]

لییەر:

نا، نا، نا وەرە، بۆ بەندیخانە
پێکەوە بچین؛ هەردووک بەتەنیا،
وەکو باڵندەی لەناو قەفەزدا،
گۆرانی دەڵێین.[٢]
لەو کاتەی کە تۆ، ٥,٣,١٠
دروود لێکردن لە من دەخوازی،
دەنوشتێمەوە و لەسەر ئێسقانی
دوو ئەژنۆکانم، راست لە بەردەمی
تۆ دادەنیشم،
دەپاڕێمەوە کە لێم ببووری:
ئیتر بەو جۆرە پێکەوە دەژین؛
نوێژ دەکەین و
وەکو باڵندە، تیایدا دەخوێنین،[٣]
باسی رۆژانی ڕابردوو دەکەین؛
کە بە پەپوولە زێرپۆش کراوە–

---

= کە بە فریادییەوە بێن. بەڵام کە دەبینێت ناتوانێت رزگاری بکات، دەگاتە ئەو بڕوایەی کە خەباتەکەی دۆڕاندووە. بەڵام خەمی خۆی نییە.

١. مەبەستی لە گۆنێریل و ریگانە، کە کچی باوکین و خوشکی خۆین.

٢. لییەر، زۆر پێی خۆشە کە ئێستا لەگەڵ کۆردێلیای کچیدایە. ئەگەر لە بەندیخانەشدا بێت هەر پێی خۆشە. هەست بە تاوانبارییەکی زۆر دەکات بەرانبەر کچەکەی. گرینگترین شت لای ئەو، ئەوەیە کە داوای لێبووردن لە کچەکەی بکات و کچەکەی لێی ببورێت.

٣. تیایدا؛ لە قەفەزەکەدا.

کان، پێ دەکەنین.[1]
گوێ لە هەژارە
" کڵۆڵ"ەکانیش دەگرین کە باسی
کۆشکی شاهانی دەگێڕنەوە و
ئێمەش لەگەڵیان، دەدوێین، بزانین
کێ دەیدۆڕێنێ و کێ دەیباتەوە؛ ٥,٣,١٥
کامیان بۆ ژوورێ دەچێت و کامیان
لێوەی دەردەچێ.[2]
وەکو سیخوڕی خوای گەورە بین،
گوێ لە نهێنی و پەنهانەکانی
سەرزەمین دەگرین.
لەناو پەرژین و دیوارەکانی
بەندیخانەکەی
خۆماندا ئێمە، ئەوەندە دەژین
کە چەند دەستەیەک
ڕێبڕ و چەتەی توانا ببینین،
کە بە هۆی هێز و یارای مانگەوە،
بەرز دەبنەوە و نزم دەبنەوە.[3]

---

١. هەندێک لە خانەدانە گەنجەکان کە دەهاتن بۆ کۆشکی شا، ئەوەندە خۆیان دەڕازاندەوە، لە پەپوولەی زێڕپۆشکراو دەچوون. دیارە لیەر، خۆی و کچەکانی کە هێشتا منداڵ بوون، باسی ئەو جۆرە کەسانەیان دەکرد و پێ دەکەنین.

٢. ئەوەی جەنگەکە دەباتەوە، ئەو جێگەی شا دەگرێت و دەچێتە ناو کۆشکی "شا"وە. ئەوەی دەیدۆڕێنێت لێوەی دەردەچێت.

٣. یارا؛ توانا. ئاوی دەریا، کە مەد و جەزر دەکات، بە هەوەسی خۆی نایکات؛ مانگ، بۆ سەرەوە یان بۆ خوارەوە ڕای دەکێشێت. بارودۆخی وڵاتەکە، پایەی ئەم و ئەو بەرز و نزم دەکاتەوە.

ئێدمەند:

برۆن، بیانبەن.

لییەر:

خۆبەخشکردنت، کچم، کۆردێلیا،
یەزدانەکانمان لە ئاسمانە و
کە بەدی دەکەن
بە دەستەکانی خۆیان بخووری
بە سەردا دەکەن. (کۆردێلیا، دەست دەکات بە گریان)
ئەمن، تۆم گریان؟ (باوەش بە کچەکەیدا دەکات)
ئەوەی بیەوێت جیامان بکاتەوە،
لە ئاسمانەوە، بە شاپڵێتەوە،
دەبێت دابەزێت؛[1]
وەکو چۆن رێوی لە کونی قووڵی
بە دووکەڵ و گڕ دەردەهێنرێت.
فرمێسکەکانت دەی بسڕەوە؛
خۆیان دەڕزن،
پێش ئەوەی من و تۆ بگرییێن.
پێش ئەوە ئێمە،[2]
بە چاوەکانی خۆمان دەبینین،
کە چۆن برسێتی دەیانڕزێنێ. (لییەر و کۆردێلیا دەڕۆن)
با ئیتر برۆین.

ئێدمەند:

ئا وەرە کاپتن، گوێ بگرە لە من. (کاغەزێکی دەداتێ)

١. ئیتر قەت ئێمە لە یەکتری جیا نابینەوە. مەگەر یەکێک لە ئاسمانەوە بە شاپڵێتەیەکی ئاگرەوە بێتە خوارەوە بۆ ئەوەی ئێمە لە یەکتری جیا بکاتەوە.

٢. پێش ئەوە؛ پێش ئەوەی بمانگرییێن.

ها ئەم فەرمانە، لەگەڵ خۆت بەرە و
دوایان بکەوە بۆ بەندیخانە.
پلەیەک پایەی تۆم بەرز کردەوە.
ئەگەر بە باشی،
ئەم فەرمانەی من بەدی بهێنی،
خۆت دەخەیتە سەر ڕێی خانەدانی.[١]
دەبێت بزانی کە پیاو پێویستە
هەمیشە لەگەڵ کات و زەمانی
خۆیدا تەبا بێ. هەرگیز دڵنەرمی[٢]
لە شیرهەڵگری جەنگاوەر نایەت.
قەت ئەرکی بەرزی سەرباز ڕێ نادات
سەرباز پرس بکات؛ یان بڵێ دەیکەم،
یان بۆ خۆت بڕۆ، بە شێوازێکی
تر خانەدانی و پایە بڵندی
خۆت دابین بکە.

ئەفسەر:

سەروەرم، دەیکەم.

ئێدمەند:

دە بڕۆ بیکە. کە هێناتە دی؛
دەبێت شادمان بی.
وەک چۆن نووسیومە، بێ کەموکورتی،
ئاوا، دەستبەجێ، بیهێنەرە دی.

---

١. ئەگەر فەرمانەکانی من باش بهێنیتە دی، پایەت ئەوەندە بەرز دەکەمەوە تا دەتکەم بە خانەدان.

٢. لە کاتی جەنگدا، سەرباز دەبێت دڵی نەرم نەبێت. دەبێت جەنگاوەرانە شمشێرەکەی خۆی بەکار بهێنێت.

ئەفسەر:

من نە دەتوانم
گالیسکە بەدوای خۆمدا راکێشم،
نەک ئالیک و جۆ، بخۆم بە وشکی.
ئەو کردەوەیەی بە پیاو بکرێت،
ئامادەم بیکەم. (دەڕوات)
(ئەلبەنی، گۆنێریڵ، رێگان و چەند ئەفسەر و سەربازێک دێن)

ئەلبەنی:

بەگم، تۆ ئەمڕۆ هێزی جوامێری
خۆتت بەڕاستی نواند بە باشی؛
خوای بەختیاری دەستی دەگرتی.
بەندکراوەکان،
ئەوانەی جەنگیان دەکرد لە دژمان،[١]
لەلاتن، کوانێن؟
لە تۆ دەخوازم بیانمدەیتێ.
بۆ ئەوەی بەپێی شایستەیان و
ئەوەی بەباشی ئێمە دەزانین،
بۆ پارێزگاریی خۆمان بەو جۆرە،
مامەڵە بکرێن.

ئێدمەند:

گەورەم، من ئەوەم بە دروست زانی
کە شاهی پیری داماو بنێرم
بۆ جێگەی بەندی
رابگیرێت و بپارێزرێت؛
دەبێت بزانی، تەمەنی پیری
شا، تەلیسمێکی تایبەتی هەیە،

---

١. مەبەستی لە لییەر و " کۆردێلیا"یە.

جگە لە ناوی بەرزی شاهانی،
کە تەڵیسمەکەی بەهێزتریشە،
دڵ و دەروونی ساکارەکانی
گەلەکە بەرەو خۆی رادەکێشێ.
وە رمەکانی
سەربازەکانمان راست دەگیرێنە
ئەم چاوانەمان.
وە لەگەڵیدا، بۆ هەمان بۆنە،
من "شاژن"م نارد.[1]
ئامادەن سبەی،
یاخۆ درەنگتر تۆ بیانبینی.
بەڵام ئێستاکە،
ئێمە ئارەق و خوێن دەرژێنین؛
دۆست، دۆستەکانی
خۆی لێ ون بووە، بۆیان دەگەڕێ
هەرە باشترین بۆنە بۆ جەنگین،
لەعنەتی دڵی پڕ سۆزی بۆ دێ.
کێشەی کۆردێلیا و باوکی، پێویستی
بە بارودۆخی گونجاوتر هەیە.[2]

ئەلبەنی:

بە روخسەتی تۆ،
سەروەرم، دەبێ، ئەوە بزانی:–
کە تۆ هەر تەنیا

---

١. شاژن؛ کۆردێلیا، ئێستا شاژنی فرەنسایە. چونکە گەلەکە "کۆردێلیا"یشی خۆش دەوێت.

٢. ئێستاکە کاتی ئەوە نییە کۆردێلیا و باوکی ببینیت. چونکە گەلەکە ورووژاوە و بە شتی گرینگترەوە خەریکن.

ژێردەستەیەکمی لەم جەنگینەدا،
نەک برای من بی.[١]

ڕێگان:

ئێمە بڕیاری ئا ئەوە دەدەین
چ نازناوێکی بەرزی بدەینێ
لەو باوەڕەداین کە تۆ دەبوایە
ئارەزووی ئێمەت بزانیایە
لە پێش ئەوەی تۆ ئەوەندە بدوێی.
ئەو سەرۆکداری لەشکرەکانی
ئێمەی لەم جەنگە سەختەدا دەکرد،
بەپێی داخواز و فەرمانەکانی
خۆم، ئەو جێی گرتم.
ئەوە، لام وایە، بەسە کە پایەی
لەگەڵ جەنابی تۆ، هاوتا بکا و
خۆشی بە برای ئەتۆ دابنێ.[٢]

گۆنێریڵ:

ئاخر ئاواش نا؛
زات و دانایی و دەسەڵاتی خۆی
ڕێز و پایەکەی بەرز کردووەتەوە،
نەک ئەو نازناوەی کە تۆ داوتەتێ.[٣]

---

١. سەیری دێری ٤,٢,١٥ و ٤,٥,١ بکە. ئێدمەند، بە هۆی ڕێگانەوە، خۆی بە سەرۆک هێزی گشتی دەزانێت.

٢. ڕێگان، وای پێشان دەدات وەکو خۆی پایەی ئێدمەندی بەرز کردبێتەوە و لەبەر ئەوە دەبێت ڕێزی بگیرێت و ئەلبەنی وەکو برای خۆی سەیری بکات.

٣. پیلانی گۆنێریڵ ئەوە بوو کە ئێدمەند، بە جۆرێک ئەلبەنیی مێردی بکوژێت و خۆی بهێنێت. ئینجا دوای ئەوەی ڕێگانی خوشکی دەکوژێت، ئێدمەند ببێت بە شا و خۆشی بە شاژن.

ڕێگان:

بەپێی ئارەزوو و پەسندکردنی
خۆم، مافەکانی خۆمم داوەتێ.
ئێستا بۆی هەیە ئەو بەراوردی
خۆی بکات لەگەڵ هەرە باشترین.

ئەلبەنی:

ئا، ئەوە گشتی جێبەجێ دەبوو،
گەر مێردت بوایە.

ڕێگان:

وتەی ڕاست زۆرجار،
بۆ گاڵتە لە زار، دەهێنراوە.[1]

گۆنێریل: (بە گاڵتە پێکردنەوە)

هێـــی، هێی،
ئەو چاوەی ئەوەی
پێشبین کردووە دیارە خێل بووە.

ڕێگان:

هەندێک، خاتوونە،
هەست بە ناساغی دەکەم ئەگینا،
لە دڵی گەرمی هەڵکوڵاومەوە،
باشم دەزانی چۆن من وەڵامی
تۆ بدەمەوە. (ڕوو دەکاتە ئێدمەند)
جەنەراڵ، هەموو سەربازەکانم و[2]
دیلەکانم و سامانەکانم،
بە خۆشمەوە، بۆ خۆتی بەرە.

---

١. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ ئەی بۆچی نا، لەوانەیە ببم بە ژنی.
٢. جەنەراڵ؛ مەبەستی لە ئێدمەندە.

وە چۆن بە باشی ئەتۆ دەبینی،
بەو جۆرە گشتمان، بەکار بهێنە.
دیوارەکانی لەژێر فەرمانی
ئارەزووتانن.[1]
با هەموو جیهان ئەوە ببینێت
کە من تۆ دەکەم
بە گەورەی خۆم و بە خاوەنەکەم.

گۆنێریڵ:
نیازت وایە کە شووی پێ بکەیت؟

ئەلبەنی:
ئیشی تۆ نییە، دژی بوەستی.

ئێدمەند:
ئاخر، سەروەرم، ئیشی تۆش نییە.

ئەلبەنی:
زۆڵ، تۆ پێویستە ئەوە بزانی،
کە ئیشی منە!

ڕێگان: (ڕوو دەکاتە ئێدمەند)
دە دەی با دەهۆڵ،
لێ بدرێت و رای بگەیەنە؛
هەرچی هی منە، گشتی موڵکی تۆن.

ئەلبەنی:
ئێدمەند، بوەستە، گوێ بگرە لە من؛
لەسەر خیانەت، ئەوا دەتگرم.
لەگەڵیشتدا،

١. دیوارەکانی: دیوارەکانی قەڵاکە. ڕێگان، خۆی وا دەنوێنێت کە قەڵایەک بێت و ئێدمەند داگیری کردبێت و ئەو داگیرکردنەی پێ خۆش بێت.

ئەم مارەی لە زێڕ گیراوە دەگرم.[١] (روو دەکاتە ریگان)
بەڵام بارەی داخوازی دڵی
ئەتۆ، خوشکەکەم، خوشکە جوانەکەم،
جێبەجێ نابێت؛ چونکە ئەو یاری[٢]
ژنەکەی منە؛ ئەو کۆنتراکتی[٣]
لەگەڵ ئەم "بەگ"ەی تۆدا کردووە.[٤]
لەبەر ئەوە من،
کە مێردەکەیم، دژ شووکردنی
ئەتۆ دەوەستم.[٥]
بەڵام ئەگەر تۆ، دەتەوێت شوو بکەیت،
شوو بکە بە من؛
خاتوونەکەی من مارە کراوە.
گۆنێریڵ:
شانۆگەرییە![٦]
ئەلبەنی:
خۆ چەکت پێیە.
گڵۆستەر، دەی با بلوێر لێ درێ.
گەر کەسێک نەهات، بە نووکی شیری،

١. دەرەوەی جوانە، بەڵام دەروونی مارە، نەگریسە. مەبەستی لە "گۆنێریڵ"ی ژنێتی.
٢. ئەو: ئێدمەند.
٣. ئەو: ژنەکەی من.
٤. " گۆنێریڵ"ی ژنم، کۆنتراکتی لەگەڵ بەگەکەی تۆدا، لەگەڵ ئێدمەند، کردووە، کە بیهێنێت؛ بەڵێنی داوە کە ژنەکەی من بهێنێت.
٥. لەبەر ئەوە، ئەگەر تۆ دەتەوێت شوو بکەیت، شوو بە من بکە. بێگومان، ئەمە، بە گاڵتە پێکردنەوە دەڵێت.
٦. گۆنێریڵ، سەری سووڕماوە بەوەی کە بە چاوەکانی خۆی دەیبینێت و بە گوێچکەکانی دەیبیستێت، وەکو شانۆگەری دێتە بەرچاوی.

خیانەتی تۆ و تاوانەکانی
تری نەگریست، داپچەسپێنێ،
ئەوسا من تامی نان ئیتر ناکەم،
تا بە شیرەکەم راست لەسەر دڵت[١]
ناکەسییەکانت دادەچەسپێنم
(دەستکێشەکانی خۆی دادەکەنێت و هەڵیان دەداتە بەردەمی ئێدمەند)[٢].
ریگان:
ئاخ، من نەخۆشم دڵم تێکەڵ دێ.
گۆنێریڵ: (لەبەر خۆیەوە)
گەر نەخۆش نەبی،
ئیتر بە ژەهر، بڕوام نامێنێ.
ئێدمەند:
فەرموو، ئامادەم. (دەسکێشەکانی خۆی هەڵدەداتە بەردەمی ئەلبەنی)
ئەوەی بە خائین ناو لە من دەنێ،
ئەو هەر کەسێک بێ،
بە درۆزن و ناکەس دەردەچێ.
دەی بلوێرەکەت لێ بدە با بێ.
ئەوەی دەوێرێ دژم بجەنگێ،
بۆ ئەو و بۆ تۆ و بۆ هەموو کەسێ،
راستی و رەوایی و ئابڕووی بێ نەنگم،[٣]
دادەچەسپێنم.

١. لەسەر دڵت؛ نووکی شیرەکەم، لەسەر دڵت دادەنێم و ناچارت دەکەم دان بە تاوانەکانی خۆتدا بهێنیت.
٢. ئەوە مانای ئەوەیە بەرانبەری دەوەستێت و داوای شەڕەشیرکردنی لەگەڵدا دەکات.
٣. نەنگ: عەیب.

ئەلبەنی:

ئەرێ جارِ دەرێ![1]

ئێدمەند:

باشە، دەبا بێ، با جارِ دەرێ بێ!

ئەلبەنی: (روو دەکاتە ئێدمەند)

تەنیا بە توانا و بە ئازایەتیی
خۆت ئیتر پشتی خۆت قایم بکە؛
سەربازەکانی تۆ بە فەرمانی
من، ئەوا هەموو بڵاو بوونەوە.

ڕێگان: (هەست بە گێژبوون دەکات)

نەخۆشی، گیانم وێرانتر دەکا.

ئەلبەنی:

نەخۆشە بیبەن بۆ چادرەکەم. (ڕێگان دەبەن. جاڕدەر دێت)
ئا وەرە جاڕدەر!
با بلوێرەکەت دەنگی لێ هەڵسێ و
ئەمە بۆ خەڵکی بخوێنەرەوە.

جاڕدەر:

ئەگەر لە نێوان خانەدانان یان
سوپاکەماندا،
کەس هەیە ئێدمەند،
ئەوەی کە ناوی خۆی ناوە سانی
ناوچەی گلۆستەر، تاوانبار بکا
بە خیانەت و گەلێک تاوانی
تری ناکەسی،
لەگەڵ سێیەمین دەنگی لێدانی

---

[1]. جاڕدەر: ئەو کەسەی کە جارِ دەدات، جارچی.

ئا ئەم بلوێرە، با خۆی دەربخا.
ئێدمەند لێرەدا، ئامادەیە کە
بە ئازایەتی لە خۆی بەرگری
لە دژی بکا.
بلوێر لێ بدە (لێ دەدرێت)
دەی جارێکی تر (لێ دەدرێت)
دەی سێیەمین جار (لێ دەدرێت)
(ئێدگار، بە شمشێرەکەیەوە دەردەکەوێت)

ئەلبەنی: (روو دەکاتە جاڕدەرەکە)
دە لێی بپرسە، بۆ بە لێدانی
ئەم بلوێرە وا هاتە پێشەوە.

جاڕدەر:
ئەرێ تۆ کێیت و ناوەکەت چییە و
چییە پایەکەی تۆ و بۆچی هاتی،
ئاوا بە دەنگی ئەم بانگکردنەوە؟

ئێدگار:
دەبێت بزانی، ناوم ون بووە
دانی خیانەت هەر وەکو کرمی
سندانی، گشتی وێران کردووە.[1]
دەبێت بزانی من خانەدانم،
وەک ئەو دوشمنەی
هاتووم لە دژی ئێستا بجەنگم.

ئەلبەنی:
ئەو دوشمنەی تۆ، کێیە؟ پێم بڵێ.

---

١. سندان؛ نەخۆشیی درەخت. کرمی سندانی؛ کرمی نەخۆشیی درەخت.

ئێدگار:

کامەیان دەڵێ ئێدمەندە ناوم و
سانی گلۆستەرم؟

ئێدمەند:

من ئەوم، فەرموو، چیت لە من دەوێ؟

ئێدگار:

دە شمشێرەکەی خۆت هەڵبکێشە.
بۆ ئەوەی ئەگەر بە وتەکانم،
هات و من دڵی خانەدانێکم
شکاند، بتوانی،
بە دەستەکانی خۆت و جوامێری،
مافی بسەنی (شمشێرەکەی خۆی هەڵدەکێشێت)
ئەوە، ئەوەی من.[1]
شانازییە بۆ ئابڕوو و رەسەنی
بەرز و بەڵێنم، دژت بوەستم.[2]
هەرچەندە ئەمن،
لە دەسەڵات و پایەی بڵند و
گەنجی و ناوبانگی تۆ ئاگەدارم.
هەرچەندە ئەتۆ
شمشێری دەستت، وا سەرکەوتووە و
ئەستێرەی بەختت
نفت هەڵی داوە و ئازا جوامێری،[3]
لەگەڵ ئەوەشدا،

---

١. ئەوە شمشێرەکەی من.

٢. بەڵێنی بە خۆی داوە کە مافی خۆی و باوکی بسەنێتەوە.

٣. نفت؛ تازە، نوێ.

راستەوخۆ ئێستا، بە رووتدا دەڵێم؛
تۆ خیانەتت لە برای خۆت و
لە باوکی خۆت و لە خوا کردووە.
ئەتۆ لە تەپڵی سەرتەوە تاکو
ئەو خاکەی پێتی لەسەر دادەنێی،
ژەهراویترین بۆق و خائینی.[1]
ئەگەر بڵێیت "نا"،
ئەم شمشێرەم و ئا ئەم دەستەم و
ئەم دەسەڵاتە و هێزی دەروونم،
ئامادەن ئێستا دایبچەسپێنن،
بۆ جەرگ و دڵت[2]

ئێدمەند:

دانایی دەڵێت، دەبێت بپرسم؛
تۆ ناوت چییە.
شێوەی دەرەوەت،
ئا، بە من دەڵێت
کە خانەدان و ئازا و جوامێری.
زمانەکەشت، بۆنی پەروەردەی
دروستی لێ دێ.
هەرچەند دەتوانم، بەپێی نەریتی
ئاسای شاسواری،
ئەم شەڕەشیرە هەندێک دوابخەم،
بەڵام من کاری

١. بۆقی ژەهراوی؛ بوونەوەرێکی زۆر ژەهراوی و ئێسک گرانە.
٢. ئەگەر دان بەوەدا نەنێیت کە خیانەتت کردووە، شمشێرەکەم دەچێتە ناو دڵتەوە و بۆی دادەچەسپێنێت.

وا ریسوا ناکەم.
بەوەی کە ناوی ناکەس و ناپاک
تۆ لە من دەنێی،
بۆ سەری خۆتی هەڵدەدەمەوە.
لەگەڵیشیاندا، هی درۆزنی،
ئەوەی کە بەقەد دۆزەخیش زیاتر
رقم لێیەتی، بۆ خۆت و دڵی[1]
تۆی پێ غەرق دەکەم.
ئەوانە ئێستا بەلاتدا دەڕۆن،
بەبێ ئازار و بەبێ ڕووشاندن.[2]
لەبەر ئەوە من، بە شمشێرەکەم،
ئێستا دەستبەجێ
رێگەی دروستیان بۆ دابین دەکەم،
کە هەر لەوێدا، تا هەتاهەتا،
بمێننەوە. بلوێر لێ بدەن. (شەڕەشیر دەکەن. ئێدمەند دەکەوێت)

ئەلبەنی:
نا، نا، مەیکوژە!

گۆنێریڵ:
گلۆستەر، داویان بۆ تۆ داناوە.
تۆ بەپێی یاسای
جەنگ، ناچار نەبووی
لەگەڵ دوژمنی نەناسراوی
وادا بجەنگی.

١. ناوی ناکەس و ناپاک، بۆ خۆت هەڵدەدەمەوە و دڵی خۆتی پێ لەت دەکەم.
٢. ئەو ناوانەی کـــە من بۆتی هەڵدەدەمـــەوە، هیچ ئازارێکتـــان پێ ناگـــەیێن. بگرە ناشتانڕووشێن.

نەتدۆڕاندووە؛ بەڵام تۆ گزیت،
بەگ، لێ کراوە و هەڵخەڵەتاوی.

ئەلبەنی:

خاتوونە دەمت دابخە و دەنگت
لێوە دەرنەچێ.
ئەگینا بەمە، ئا بەم نامەیە،[1]
بۆتی دادەخەم. (روو دەکاتە ئێدگار)
شیرەکەت بگرە؛ مەیکوژە، جارێ. (روو دەکاتە گۆنێریڵ)
من وشەیەکی گونجاو نازانم
رادەی ناکەسیی تۆی پێ دەربڕم. (نامەکە دەردەهێنێت)
هانێ نەگریسی
خۆت بە چاوی خۆت بیخوێنەرەوە، (گۆنێریڵ هەوڵ دەدات نامەکەی لە دەست بڕفێنێت)
هەوڵ نەدەی، خانم، کە بیدڕێنی
من وابزانم، تۆ باش دەزانی،
ئا ئەمە چییە.

گۆنێریڵ:

ئینجا چی دەبێ ئەگەر بزانم؟
یاسا، هی خۆمە
خۆ یاسا موڵکی جەنابت نییە.
چ دەسەڵاتێ لە توانایەتی
دادگەییم بکا؟

ئەلبەنی:

دڕندەیەکی تەواو تەواوی (نامەکەی پێشان دەدات)

١. ئەمە، ئەو نامەیەیە، کە گۆنێریڵ بۆ ئێدمەندی نووسیبوو و ئێدگار، لە گریفانی "ئۆسواڵ"دا دۆزییەوە. (سەیری دێری ٤,٦,٢٥٧ تا ٤,٦,٢٦٥ بکە و هەروەها دێری ٥,١٤١)

ها، تۆ دەزانی ئا ئەمە، چییە؟

گۆنێریڵ:

له من مەپرسە، من چی دەزانم. (بە تووڕەیییەوە دەڕوات)

ئەلبەنی: (روو دەکاتە ئەفسەرێک)

بڕۆ دوای کەوە، ئاگەداری بە.
زۆر ورووژاوە.

ئێدمەند:

ئەوەی منی پێ تاوانبار دەکەی،
گشتیم کردووە و زۆرتریش لەوە.
وردە بە وردە،
کات، دەریان دەخات.
ئەوانە هەموو، کۆتاییيان هات؛
کاتیان بەسەرچوو. هەروەها منیش.
بەڵام ئاخۆ تۆ
کێیت، وا بەسەرما، بەخت زاڵی کردی.
گەر خانەدانی، من لێت دەبوورم.

ئێدگار:

لەگەڵ یەکتری دەی با زمانی
نەرم و نازەنین بەکار بهێنین.
ئێدمەند، من بەخوێن،
له تۆ کەمتر نیم. ئەگەر زیاتر بم
واتە تۆ زیاتر غەدرت لێ کردووم.
ناوم ئێدگارە و کوڕی باوکتم.
دەرکەوت خوایەکان، چەند دادپەروەرن؛
لەو کارە بەدەی ئێمە لەزەتی
تیادا دەبینین، ئەوان ئامرازی

سزادانمان بۆ
دروست دەکەن و ئامادەی دەکەن.
سزای ئەو کارە رەشە تاریکەی
تۆی کرد بە رۆڵەی، چاوەکانی بوو.[1]

ئێدمەند:
تۆ راست دەبێژی؛ وایە وەک دەڵێی.
بەخت، چەرخەکەی وا دەورەیەکی
راست و تەواوی
کرد و کەوتمە ژێری ژێرەوە.

ئەلبەنی: (روو دەکاتە ئێدگار)
من بە رەوشتی تۆدا دەمزانی
کە خانەدانی.
پێویستە ئێستا من باوەشێکی
گەرمت پیا بکەم،
بڵێم دەک رەببی
پەژارە دڵم دابوەشێنێت
ئەگەر قەت رۆژێک
رقم لە تۆ، یان
لە باوکت بووبێت.

ئێدگار:
ئەی میری هێژا، ئەوە دەزانم.

ئەلبەنی:
باشە، تۆ لە کوێ خۆت شاردبووەوە؟
ئەرێ دەربارەی کوێرەوەرییەکەی

---

١. سزای ئەو کارە تاریکەی کە باوکم کاتی خۆی لەگەڵ دایکتدا کردی، چاوەکانی بوو. خوا بە هۆی تۆوە، کە بەرهەمی ئەو کارە بووی، چاوەکانی لێ سەندەوە.

باوکتت خۆ بیست؟

ئێدگار:

بە دڵدانەوە و بە هەوڵدانم
لەگەڵیا، بەگم،
دەردی گرانی، سووک بکەمەوە.[1]
گوێ لەم چیرۆکە کورتەی من بگرە.
خۆزگە دوای ئەوەی دەمگێڕایەوە،
دڵم لە ئاستی خۆیدا دەتەقی!
تا لە هەڕەشەی خوێناوی مردن،
خۆم رزگار بکەم،
ئەوەی ئەوەندە لە نزیکەوە
بە دوامەوە بوو–[2]
ئای، ئای شیرینیی
ژیان، لەلامان، چەند پەسندترە،
ئەگەر ئازاری مردن سەعاتی
بەشێکی بەرێ. لەوەی بە جارێ،
مەرگ لە ناکاوا، بێ و هەمووی بەرێ–[3]
فێری کردم خۆم لە نێوان جل و
بەرگی شێتێکی هەندە هەژاردا
بشارمەوە،
سەگ بێزی نەیەت لەبەری بکا.
ئا لەو بارەدا من باوکمم دی

١. بەو جۆرە من بیستم. من خۆم هەوڵم لەگەڵیدا دەدا، دەردی گرانی سووک بکەمەوە.

٢. ئەوەی: ئەو هەڕەشەیەی.

٣. ژیان، هەموو سەعاتێک بەشێک لە درێژی و شیرینییەکەی دەمرێت. ئێمە ناچارین ئەوە قبوولّ بکەین، چونکە ژیان خۆی وایە. ئەوە زۆر زیاتر پەسند دەکەین لەوەی مەرگ بێت و یەکسەر هەمووی بە جارێک بەرێت.

بازنەکانی خوێنیان دەڕژاند؛
بەردە بەنرخە هێژایەکانیان،
تازە ون بووبوون.[١]
بووم بە ڕابەری، دەستەکانیم گرت،
سواڵکەریم بۆ کرد، لە نائومێدی
من رزگارم کرد.
ئای، چ هەڵەیەکی گەورەم لەگەڵ کرد؛
تەنیا هەر لە پێش نیو سەعاتێکدا،
کە زرێپۆشی خۆمم لەبەر کرد،
کەسایەتیی خۆم، بۆ ئاشکرا کرد.
هەرچەندە ئەمن زۆر هیوادار بووم
بەم بەختیارییەم،
بەڵام، بێگومان، دڵنیا نەبووم،
لەبەر ئەوە چووم دروودلێبوونی
من لێ بخوازم.[٢]
باسی گەشتەکەی خۆشمم بۆ کرد،
لە سەرەتاوە هەتاکو ئێستا.
بەڵام ئاخ دڵی درزبردووی هەندە
سیس و لاوازە، راکێشاندنی
هەستی پەژارە و هەستی شادمانی[٣]

١. چاڵی دوو چاوەکانی خڕن، بازنەن. بە گوێی چاوەکانی دەڵێت بەردی بە نرخ؛ وەکو بەردی بە نرخی ئەنگوستیلە یاخۆ بازن.

٢. دەترسا، لە شەڕەشیرەکەدا بکوژرێت و ئیتر باوکی نەبینێت. لەبەر ئەوە هەموو شتێکی پێ گوت و داوای گەردن ئازادکردنی لێ کرد.

٣. دڵی پڕە لە خەفەت چونکە ئێدمەند بەو جۆرە خیانەتی لێ کرد و چاوەکانیان هەڵکۆڵی. لە هەمان کاتدا زۆر شادمانە کە ئێدگاری کوڕی دۆزییەوە و لەگەڵیایەتی. ئەو دوو هەستە، هەریەکەی لەلایەکەوە دڵی رادەکێشن.

پێ نەچێژرا؛
دەگریا و دەمیم دی پێ دەکەنی.[1]

ئێدمەند:

بەم وتارەی تۆ،
سۆزی ناو دڵی من بووژایەوە؛
بەڵکو کارێکی باشم پێ بکا؛
دەی وتەکانی خۆت تەواو بکە.
تۆ، لەوە دەچی،
کە دواندنی ترت لە دڵ بێ.

ئەلبەنی:

ئەگەر تۆ باسی تر و سامناکتر
لە دڵتدا هەیە، با هەر لەوێدا
بمێننەوە. بە گوێگرتنم،
دەترسم جەرگم، بتوێتەوە.

ئێدگار:

ئەوەی پەژارە
خوێن لەناو دڵی هەڵدەکوڵێنێ،
بە گێڕانەوەی ئەمە بە وردی،[2]
هەموو دەروونی گڕ تێی بەردەبێ.
لەو کاتەی کە من خەفەتی دڵی
خۆمم بە هاوار، بەگ، دەردەبڕی
کابرایەک منی لەو بارەدا دی.
لام وایە ویستی خۆی لە هاوڕێی
ناخۆش و پەستی من دوورخاتەوە.

١. لە داخا دەگریا و لە خۆشیدا پێ دەکەنی.
٢. ئەمە: ئەم چیرۆکە.

بەڵام کە بینی کێیە وێرانی
ئاوا دەچێژێ؛ هات یەکسەر دەستی
توانای بەهێزی لە ملم گیر کرد،
دەنگێکی دەرکرد، ئاسمان درزی برد.
ئەمجا باوەشی بە باوکما کرد؛
باسێکی هەندە بەزەییهێنی،
دەربارەی لییەر و خۆی گێڕایەوە،
هیچ گوێیەک شتی وای نەبیستبوو.
ئاخ کە بۆمانی دەگێڕایەوە،
نەختە بە نەختە، خەفەتەکانی
زیادیان دەکرد و بەهێزتر دەبوون
تا پەیەکانی دڵی دەستیان کرد
بە لێکبوونەوە.
ئا لەو کاتەدا دووەمین دەنگی
بلوێرەکەتان، گەیشتە گوێچکەی من؛
لەوێدا بەجێم هێشت بە بێهۆشی.

ئەلبەنی:

کابراکە کێ بوو؟

ئێدگار:

بەڕێزم، "کێنت"ی نەفیکراو بوو،
ئەوەی شێوازی خۆی وا گۆڕیبوو،
تاکو بتوانێت دوای "شا"ی دوشمنی
خۆی بکەوێت و خزمەتی بکات.
بە جۆرێک تاکو لە بەندەش نەیەت.

(لەو کاتەدا خانەدانێک بە خەنجەرێکی خوێناوییەوە دێتە ژوورەوە)

خانەدان:

یارمەتیم بدەن، توخوا، یارمەتی.

ئێدگار:

چۆن یارمەتییەک؟

ئەلبەنی:

پیاوەکە، بدوێ!

ئێدگار:

ئەم کێردە، لە خوێن هەڵکێشراوە،

ئاخۆ مانای چی؟

خانەدان:

هێشتاکە گەرمە،

هالاوی لێوە بەرز دەبێتەوە،

ئێستا لە دڵی هاتە دەرەوە.

ئاخ، ئاخ، مردووە.

ئەلبەنی:

کێ مردووە، کێ؟ پیاوەکە بڵێ.

خانەدان:

خاتوونەی ژنت، سەروەرم، خۆشی ٥,٣,٢٢٥

ژەهری دەرخواردی خوشکەکەی داوە.

گەورەم، خۆی دانی بەوەدا هێنا.

ئێدمەند:

ئەمن بەڵێنم بە هەردووک داوە،

کە بیانهێنم.

ئەوەتا ئێستا، لە هەمان کاتدا،

هەموو، هەرسێکمان،

دەبین بە مێرد و ژنی یەکتری.[١]

---

١. هەرسێکمان دەمرین.

ئێدگار:

ئەوەتا کێنت، هات. (کێنت، دێتە ژوورەوە)

ئەلبەنی:

بە مردوویی بێت یان بە زیندوویی،
تەنی هەردووکیان بۆ ئێرە بێنە. (خانەدان دەڕوات)
ئەم سزادانەی گەردوون هەرچەندە
دەمانلەرزێنێت،
بەڵام بەزەیی لە دەروونماندا،
نابزووتێنێت. (روو دەکاتە کێنت)
ئای، ئەمە ئەوە؟
ئەم کاتەی ئێستا، زۆر بەداخەوە،
رێمان ناداتێ
کە بە روویەکی شاد و خۆشەوە،
بەخێرهاتنی جەنابتان بکەین.

کێنت:

لە شا و خاوەنم هاتووم شەوباشی،
هەتایی بکەم. ئەو لێرە نییە؟

ئەلبەنی:

ئای من شتێکی گەلێک گرینگم،
ئێستا هاتە بیر! ئێدمەند، پێم بڵێ،
ئەرێ کوانێ شا؟ کۆردێلیا، کوانێ؟ (تەرمەکانی گۆنێریڵ و رێگان دەهێنن)
ها، کێنت، دەبینی؟

کێنت:

داخی گرانم، ئەوە لەبەر چی؟

ئێدمەند:

دیارە ئەوەندە منیان، خۆش دەویست،

لەبەر خاتری من بوو یەکێکیان،
ژەهری بەوەکەی
تریان دا و خۆیشی کوشت.
ئەلبەنی:
راستییەکەی دەڵێ.roوویان داپۆشە.
ئێدمەند:
گیانم دەردەچێ! ئارەزوو دەکەم،
لە دژ سروشتی ناڕەوا و بەدم،
ئەمن کارێکی رەوا و باش بکەم؛
خێرا دەستبەجێ، با یەکێک بچێ
بۆ قەڵا و لەوێ،
فەرمانەکانی من بوەستێنێ.
من فەرمانێکی وام دەرکردبوو،
لییەر و کۆردێلیا، لەناوببرێن.
ئەلبەنی:
رابکەن دەی زوو. دەی زوو، رابکەن!
ئێدگار: (روو دەکاتە ئێدمەند)
بۆ لای کێ، بەگم؟
کامیان لەوێدا کاری بەدەستە؟
ئەتۆ پێویستە،
ئاماژەیەکی لەگەڵ بنێری؛
کە خۆت، جەنابت،
بڕیارت داوە لێیان ببووری.
ئێدمەند:
بیرێکی باشە،
ها شمشێرەکەم لەگەڵ خۆت بەرە.

به "کاپتن"ەکەی قەڵاکەی بدە.
ئێدگار: (شمشێرەکە لە ئێدمەند وەردەگرێت و دەیدات بە ئەفسەرێک)
رابکە هەرچەند خێرا دەتوانی. (ئەفسەر دەڕوات)
ئێدمەند: (روو دەکاتە ئەلبەنی)
فەرمانی من و خاتوونەکەتی ٥,٣,٢٥٠
پێ هەیە؛ بچێ، خێرا دەستبەجێ،
لە بەندیخانە،
کۆردێلیا بەرێ هەڵی بواسێ و
بەخەڵکی بڵێ؛ لە داخدا، خۆی کوشت.
ئەلبەنی:
ئاخ، یەزدانەکان، دە بیپارێزن.
دەی هەڵی بگرن.
دەی بۆ ماوەیەک بیبەنە دەرێ. (ئێدمەند هەڵدەگرن و دەیبەن)
(لییەر دێتە ژوورەوە، کۆردێلیای هەڵگرتووە و ئەفسەرێکی بەدواوەیە)
لییەر:
دە بناڵێنن، دە بناڵێنن، ناڵەتان لێ بێ
ئاخ، ئێوە، لە بەرد دروست کراون.
گەر چاوەکان و زمانەکانی
ئێوەم من دەبوو، ئاوا بەکارم
ئێستا دەهێنان، بە ناڵەناڵم
بنمیچەکانی ئاسمانەکانم
گشت هەڵدەتەکان.
مردووە، مردوو، ئەوە دەزانم؛
ئەوا رۆیشت ئیتر
تا هەتاهەتا ناگەڕێتەوە.
ئەمن دەزانم بکەم جیاوازی

لە نێوان کەسی مردوو و زیندوودا؛ (سەیری کۆردێلیا دەکات)
مردووە، وەکو خاکی سەرزەمین. (لەسەر زەمین پاڵی دەخات)
ئاوێنەیەکم ئەرێ بدەرێ؛
ئەگەر هالاوی هەناسەکانی ٥,٣,٢٦٠
ڕووی ئاوێنەکە
لێڵ بکات یاخۆ لەکاوی بکات،[1] (ڕووی ئاوێنەکە لێڵ دێتە بەرچاوی)
کەوابێت هێشتا، شکور زیندووە.
کێنت:
ئەمڕۆ ئەوەیە؛ ئەو کۆتاییەی
یەزدان، بەڵێنی بە ئێمە دابوو.[2]
ئێدگار:
یان وێنەیەکی ئا ئەو ڕۆژەیە.
ئەلبەنی:
خۆزگە دەهات و هەموو شتێکی
وێران دەکرد و لەناوی دەبرد.
لییەر: (لییەر تووکێکی نەرمی باڵندە لە نزیک دەمی کۆردێلیا دەگرێت)
ئای پەڕەکە خۆ دەجووڵێتەوە،
زیندووە، زیندووا!
خوا بکات وابێت، ئیتر ئا ئەمە،
هەرچی خەفەت و پەژارەم دیوە،
لە ژیانمدا،
هەمووی بە جارێک دەسڕێتەوە. (کێنت، لە بەردەمی لییەردا چۆک دادەدات)
کێنت:
ئاخ، خاوەنەکەم، خاوەنە باشەکەم! ٥,٣,٢٦٥

١. زۆرجار مرۆڤ، ئەوە دەبینێت، ئەوەی کە خۆی پێی خۆشە بیبینێت.
٢. ئەمڕۆ ڕۆژی هەڵساندنەوەیە (ڕۆژی قیامەتە).

لییەر:

لاچۆ لامەوە، تکات لێ دەکەم.

ئێدگار:

ئا ئەوە " کێنت"ە. " کێنت"ی دۆستتە.

لییەر:

ئاخ، پیاوکوژەکان،
دەک بە لەعنەت بن، گشت یەکە یەکە.
دەمتوانی گیانی، من بپارێزم
بەڵام ئەوەتا،
ڕۆیشت بەجێی هێشتین، تا هەتاهەتا.
مەڕۆ کۆردێلیا، مەڕۆ کۆردێلیا
بمێنەرەوە تاوێک لەگەڵما.
ئاخ، کۆردێلیا، ئاخ.[1]
(گوێی لە دەنگی کۆردێلیا دەبێت. لەبەر ئەوە گوێی لە دەمی نزیک دەکاتەوە)
ئەرێ هیچت گوت؟
هەمیشە دەنگی نزم و ناسک بوو؛
ئای کە شتێکی جوانە لە ژندا.[2]
ئەو بەندەیەی کە تۆی هەڵدەواسی،
کچەکەم، کوشتم.

ئەفسەر:

گەورەم، ڕاست دەدوێ؛ کوشتی، بە ڕاستی.
فرەنسا، ئەوا بوو بە موڵکی خۆت.

---

١. زۆر پەشیمانە و ئەو ڕۆژەی هاتەوە بیر کە ئەو کچە باشەی خۆی دەرکرد. سەیری دێری ١,١,٢٦٥ بکە کە بە شای فرەنسای گوت.

٢. ئای کە شتێکی جوانە کە ژن دەنگی نزم بێت.

با هەر هی خۆت بێت.
کچی ئاوامان نییە و ئەو رووە،
قەت جارێکی تر نابینینەوە.
برۆن، دەی برۆن
بێ پیرۆزبایی و دروودی ئێمە.

لییەر:

کابراکە، نەمکوشت؟
من، ئەو رۆژانەی خۆمم لە بیر دێ
کە بە شمشێری نووک تیژم خەڵکم
من هەڵدەپەڕان. ئێستاکە پیرم
ئا ئەوە نەختێ دەمشڵەژێنێ. (روو دەکاتە کێنت)
تۆ کێیت؟ پێم بڵێ؟
چاوەکانی من، زۆر باش نابینن،
ئەوا ڕاستەوخۆ من بە تۆ دەڵێم.

کێنت:

ئەگەر خوای بەخت،
بە دوو کەسەوە، خۆی هەڵبکێشێ،
رقی لێیانە و خۆشیانی دەوێ؛
ئێستاکە چاومان لە یەکێکیانە.[1]

لییەر:

بەرچاوەکانم، لێڵە ناتبینم.
ئەرێ تۆ " کێنت"ی؟

کێنت:

ئەوم، سەروەرم،
هەر نۆکەرەکەی جاری جارانتم.

---

١. مەبەستی لە لییەرە.

کوا نۆکەرەکەت، ئەوەی کە ناوی
" کایەس" بوو، بەگم؟[1]

لییەر:
پیاوێکی باشە، باشی دەناسم؛
جەنگاوەرە و زوو دەست دەوەشێنێ.
مرد و دارزا.[2]

کێنت:
نا، نا، سەروەرم، من خۆم ئەو پیاوەم–

لییەر: (بیری لای کچەکەیەتی، باش گوێ لە کێنت ناگرێت)
ئێستا، دەستبەجێ، ٥,٣,٢٨٥
من تێبینیی ئا ئەوە دەکەم.

کێنت:
ئەوەی کە یەکسەر، لە سەرەتاوە
هەرکە جیاوازی کەوتە ناوتان و[3]
بوویت بە نێچیری دەرد و داماوی،
بەدوای هەنگاوە سوێدارەکانی
جەنابتا دەڕۆشت.

لییەر:
دەک بەخێر هاتی.

کێنت:
کەسی تر نەبوو لە من بەولاوە.
پەستی و پەژارە، بەسەر ئێرەدا
نیشتوونەتەوە؛ تای نائومێدی،

---

١. کێنت، کە شێوازی خۆی گۆڕیبوو و خزمەتی "لییەر"ی دەکرد، ناوی خۆی نابوو "کایەس".

٢. لییەر، وای دەزانی کە کێنت مردووە.

٣. جیاوازی کەوتە نێوان لییەر و کۆردێلیای کچی.

بەگ، هەردوو کچە گەورەکانتی،
ناچار کرد خۆیان، خۆیان بکوژن.
لییەر:
ئا، وادەزانم.
ئەلبەنی:
خۆشی نازانێ باسی چی دەکا؛
دواندن لەگەڵی بێ سوود و کەڵکە.
ئێدگار:
راستە، بێ کەڵکە. (پەیامبەر دێت)
پەیامبەر:
گەورەم، ئێدمەند مرد.
ئەلبەنی:
ئەوە، لێرەدا، ئەو نرخەی نییە.
ئێوە، بەگەکان، دۆستە هێژاکان،
دەبێت بزانن نیازمان چییە؛
هەرچی چاکەیەک لەم وێرانییە،
دەستگیر بکرێ، پێویستە و دەبێ
سوودێکی باشی لێ وەربگیرێ.
دەربارەی خۆمان، بڕیارمان داوە،
تا خاوەن شکۆی پیر دەژی و ماوە،
گشت دەسەڵات و لەشکرەکانمان
دابنێین لەژێر دەستەکانی خۆی. (روو دەکاتە ئێدگار و کێنت)
دەربارەی ئێوە،
سەرەڕای ئەوەی گشت مافەکانتان،
وەردەگرنەوە، نازناوی بەرزیش.
لەوانەی ئابڕوو و بەرزی و شەرەفتان،

تا لەوانەشیان زیاتر شایانە.
هەموو دۆستەکان، هەرکەسە بەپێی
رادەی دڵسۆزی
پاداشتی باشی دەدرێتەوە.
هەر دوژمنێکیش،
لەو جامە تامی سزای دەنۆشێت،
کە شایانیەتی.
ئای سەیری بکەن، توخوا سەیر بکەن!

لییەر:

ئاخ،
ئەم بێ مێشکەی[1]
منیش ئەوەتا، هەڵواسراوە[2]
نا، نا، ژیانی تیادا نەماوە.
ئاخر دە بۆچی، سەگ و ئەسپ و مشک
هەموویان دەژین، کۆردێلیا، کەچی ٥,٣,٣٠٥
تۆ هیچ نەفەست تیادا نەماوە؟
ئاخ، قەت رۆژێک ئیتر ناگەڕێتەوە.

(لییەر، هەست دەکات کە هەناسەی پێ نادرێتەوە. هەوڵ دەدات دوگمەی یاخەی کراسەکەی بکاتەوە. بەڵام، پێی ناکرێتەوە)

تکات لێ دەکەم،
توخوا دوگمەکەم بۆ بکەرەوە (ئەلبەنی بۆی دەکاتەوە)
سوپاس سەروەرم.

١. لییەر، وتەی بێ مێشک لە باتیی "ئازیز" لێرەدا بەکار دەهێنێت. وا دیارە، مناڵێتیی "کۆردێلیا"ی هاتووەتەوە بیر؛ کە لە باتیی پێی بڵێت "ئازیزم وا مەکە"، پێی گوتووە " کەرە وا مەکە".

٢. هەڵواسراوە؛ ئیعدام کراوە بە هەڵواسین.

ئەمە دەبینی؟
تۆ سەیری بکە، توخوا تۆ سەیری
لێوەکانی بکە.
سەیری ئەوێ بکە، سەیری ئەوێ بکە![1] (لییەر دەکەوێت و دەمرێت)
ئێدگار:
سەروەرم، دیارە، بێهۆش کەوتووە!
کێنت:
دڵی، پچڕا
تکات لێ دەکەم، وازی لێ بێنە.
ئێدگار: (سەری لییەر بەرز دەکاتەوە)
بەگ، چاوەکانی خۆت بکەرەوە.
کێنت:
گیانی لە کاتی کۆچکردندایە،
مەیشڵەژێنە، با بڕوا و کۆچی
خۆی بەهێمنی و لەسەرخۆ بکا!
تەنیا هەر دوژمن،
ماوەی ئازاری درێژتر دەکا.
ئێدگار:
تەواو، مردووە.
کێنت:
من زۆرتر سەرم لەوە سوڕماوە
کە بۆ کاتێکی ئەوەندە درێژ
توانی ئازاری ژیان بچێژێ.

١. دیسانەوە وا بۆی دەردەکەوێت کە کۆردێلیا هەناسە دەداتەوە و دەیەوێت ئەلبەنی ئەوە ببینێت.

ئەلبەنی:

دە هەڵیان بگرن، بیانبەنە دەرێ.
ئێمە ئێستاکە، تەنیا خەریکی
سوێداری گشتین. (روو دەکاتە کێنت و ئێدگار)
هەردووکتان ئێوە، دۆستی گیانمن.
دەبێت هەموومان بێین حوکمداری
وڵاتی وێران
بووی خوێناویمان، پێکەوە بکەین.

کێنت:

سەروەرم، دەبێ لەم زووانەدا
گەشتی خۆم بکەم.
بەگ، خاوەنەکەم،
وا بانگم دەکات، پێویستە بچم.[1]

ئێدگار:

ئێمە پێویستە، باری گرانی
ئەم کاتە پەستە هەڵبگرین. هەردەم
هەر ئەوە بڵێین؛
ئەوەی بە راستی هەستی پێ دەکەین،
نەک ئەوەی ئێمە
کە بە پێویست و باشی دەزانین.
پیرەکان، زۆریان، زۆر زۆریان کێشا.
ئێمە گەنجەکان،
نە ئەوەندە زۆر رۆژێک دەبینین،
نە ئەوەندە زۆر بەتەماین بژین.

١. کێنت، بەردەوام بە هەموو دڵەوە شای خۆش دەویست. ئێستا دوای ئەوەی مرد، هەست بەوە دەکات کە خۆیشی لەم زووانەدا دەمرێت.

# پاشکۆکانی شانۆگەرییەکە

## Nero نیرۆن

دایکی، نیرۆن، "ئەگریپینا Agrippina"، خوشکی " کالیگوڵە Caligula" دەبێت. وا ڕێک دەکەوێت، ئەو ساڵەی نیرۆن لەدایک دەبێت، لە ساڵی ٣٧دا، کالیگوڵەی خاڵی، کە پیاوێکی هەندێک شێتۆکە دەبێت، لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا دەکرێت بە قەیسەری ڕۆما. نیرۆن، لە تەمەنی سێ ساڵیدا "دۆمیتەس Domitus"ی باوکی دەمرێت. پێش ئەوەش بە ساڵێک دایکەکەی، بە فەرمانی کالیگوڵەی برای، نەفی دەکرێت. ئیتر پوورەکەی (خوشکی باوکی) بە ناچاری نیرۆن دەبات بۆ لای خۆی بەخێوی بکات.

لە ساڵی ٤١دا دوای کوشتنی کالیگوڵە، " کلۆدیەس Claudius"ی مامی کالیگوڵە، دەکرێت بە قەیسەر. کلۆدیەس، یەکسەر ئەگریپینای برازای، لە نەفی بانگ دەکاتەوە.

لە سێزدە ساڵی داهاتوودا، ئەگریپینا، هەوڵ دەدات و هەر لە یەک شت بیر دەکاتەوە؛ چۆن تەختی قەیسەر، دوای کلۆدیەس، بۆ نیرۆنی کوڕی دابین بکات: لە ساڵی ٤٩دا شوو دەکات بە کلۆدیەس، کە مامیتی و زۆر لە خۆی گەورەترە. ئەگریپینا، مێردەکەی ئیقناع دەکات کە "سێنێکا Seneca"، کە مامۆستایەک و فەیلەسووفێکی زۆر بەناوبەنگ دەبێت، لە نەفی بانگ بکاتەوە و بیکات بە مامۆستای نیرۆنی کوڕی.[١] ساڵی ٥٠، کلۆدیەس، بە تەبەننا، نیرۆن دەکات بە کوڕی خۆی. پاش دوو ساڵی تر، نیرۆن، "ئۆکتاڤیا"ی کچی کلۆدیەس دەهێنێت. ئینجا، دوای ئەوەی ئەگریپینا، کلۆدیەس ئیقناع دەکات سەرۆکی ئێشکگرانی ئیمپراتۆری لابەرێت و "بەڕەس Burrus" کە دڵسۆزی ئەگریپینا خۆی دەبێت، لە

١. سێنێکا؛ فەیلەسووفێکی ڕۆمانی زۆر بەناوبانگە. ساڵی ٤١ بە فەرمانی کلۆدیەس، بە تاوانباری زینا لەگەڵ "جولیا"ی کچی برای ئیمپراتۆر، خوشکی ئەگریپینا، نەفی دەکرێت بۆ کۆرسیکا. دوای ٨ ساڵ کلۆدیەس بانگی دەکاتەوە بۆ ڕۆما تا ببێت بە مامۆستای نیرۆن.

جێگەکەی دابنێت، لە ساڵی ٥٤دا، بە ژەهر، کلۆدیەس دەکوژێت. هەرچەندە کلۆدیەس، کوڕێکی ١٣ ساڵی خۆی دەبێت بەناوی بریتانیکەس Britannicus" لە "میسالینا"ی ژنی (ئەوەی کلۆدیەس، بە تاوانباری زینا، ئیعدامی کرد)، بەڵام نیرۆن، دەکرێت بە قەیسەر.

لەو چەند ساڵەدا، سێنێکا، دەتوانێت نیرۆن فێری زۆر شت بکات و بە جۆرێک پەروەردەی بکات کە پایەی بەرزی قەیسەر، شایانی بێت و لە رەوشتی بێت. کە بە ١٧ ساڵی دەبێت بە قەیسەر، گەلەک خۆشی دەوێت و بە پەرۆشەوە پێشوازیی دەکات. "نیرۆن"یش، بەڵێنیان دەداتێ کە لەسەر شێوازی "ئوگەستەس Augustus"[1] حوکم بکات؛ دڵی بە هەژار و رەنجبەر بسووتێت، باجیان کەمتر لێ وەربگرێت و نەیەڵێت کەس هەقیان بخوات. جگە لەوەی کە هەموو بەڵێنەکانی جێبەجێ دەکات، رێش دەدات بە ئەندامانی پەرلەمان کە بیروباوەڕی خۆیان بە ئازادی دەرببڕن. یەکەم پێنج ساڵی چەرخی نیرۆن، بە هۆی ئامۆژگاریی سێنێکا و وریاییی "بەررەس"ەوە، زۆر باش دەبێت. سێنێکا، هەر یەک شتی پێ ناخۆش دەبێت؛ ئەوەش ئەوە دەبێت کە دایکی نیرۆن زۆر تەدەخولی رامیاری و کار و کردەوەی دەوڵەتی دەکرد؛ دەیویست، لە رێی کوڕەکەیەوە، حوکمداریی رۆما بکات. لەبەر ئەوە سێنێکا، بە هەموو جۆرێک دەیویست نیرۆن لە دایکی دوور بخاتەوە.

لە ساڵی ٥٥دا، نیرۆن، حەز لە کچێکی ئازادکراوی (لە بەندەیی ئازاد کراوە) جوان دەکات. ئەگریپینای دایکی، زۆری پێ ناخۆش دەبێت و بە هیچ جۆرێک خۆشەویستیی کوڕەکەی بۆ ئەو کچە پایە نزمە، پەسند ناکات. وەکو سێنێکا،

---

١. ئۆگەستەس؛ ناوە ئەسڵییەکەی " گایەس ئۆکتاڤیەس"ە. بە تەبەننا، یولیەس قەیسەر، دەیکات بە کوڕی خۆی. لە دوای کوشتنی یولیەس قەیسەر (باسی کوشتنی یولیەس قەیسەر کراوە لە پاشکۆی (٣) ی ئەم پەڕتووکەدا) کە یەکەم دیکتاتۆری رۆما دەبێت، شەڕی ناوەخۆ دەست پێ دەکات. شەڕەکە بە سەرکەوتنی ئۆکتاڤیەس دەبڕێتەوە. ئۆکتاڤیەس، پیاوێکی دڵنەرم و راست و ڕەوا دەبێت، گەلەکە خۆشی دەویست، هەروەها خانەدانەکانی رۆماش. پەرلەمان، ناوی دەنێت ئۆگەستەس، واتە پیرۆز یاخۆ زۆر بەڕێز و دەیکات بە ئیمپراتۆر. بەوە، حوکمی کۆماری لە رۆما، کۆتاییی پێ دێت. وە هەموو ئیمپراتۆرێکی رۆمانی بەناوی قەیسەرەوە ناو دەنرێت.
وشەی "قەیسەر" لە ناوی یولیەس "قەیسەر"ەوە هاتووە.

چاوەڕوانی دەکرد، ئەوە دەبێت بەهۆی دوورکەوتنەوەی نیرۆن لە دایکی؛ تا ڕۆژێک دایکەکەی، پێی دەڵێت "وەکو چۆن من تۆم کرد بە قەیسەری ڕۆما، ئاواش دەتوانم لاتبەرم و بریتانیکەس، لە جێگەی تۆ، دابنێم" لە دوای ئەوە بە ماوەیەک، لە ئاهەنگێکدا، نیرۆن، یەکێک لە نۆکەرەکانی خۆی دەنێرێت ژەهر دەکاتە ناو جامی بادەی "بریتانیکەس"ەوە و دەیکوژێت.

ئەمجا ئەگریپینا، هەوڵ دەدات لەگەڵ ئۆکتاڤیای ژنی نیرۆن، بەرەیەک* دابمەزرێنێت دژی کوڕەکەی. نیرۆن، دایکی خۆی لە ماڵەوە بەند دەکات و بۆ سێ ساڵ نایەڵێت بۆ هیچ کوێ بچێت. لەو سێ ساڵەدا هیچ شتێک روو نادات بە دڵی گەلەکە نەبێت. تا کوشتنی "بریتانیکەس"یان بە کارێکی ئاسا و پێویست دەزانی بۆ چەسپاندنەوەی ئاشتی لە وڵاتەکەدا.

***

هەموو شتێک باش بوو تاکو ساڵی ٥٨، کە نیرۆن دەکەوێتە ناو داوی خۆشەویستیی ژنێکی ترەوە بەناوی "پەپاییا سابینا Pappaea Sabina"، ژنەکە، سوور دەبێت لەسەر ئەوەی کە نیرۆن، لە پێش هەموو شتێکدا، دەبێت بیهێنێت و بیکات بە ژنی خۆی. شووشی پێ ناکات تا ئەگریپینای دایکی مابێت. نیرۆن ئیقناع دەکات کە دایکەکەی مەترسییەکی زۆری هەیە بۆ نیرۆن خۆی و بۆ وڵاتەکەش. نیرۆن، لەگەڵ سەرۆکی هێزی دەریاییدا، "ئەنیسێتەس Anicetus" رێک دەکەوێت کە بە جۆرێک دایکەکەی سواری کەشتییەک بکات و کەشتییەکە نوقم بکات بۆ ئەوەی لە ئاوەکەدا بخنکێت.

ئەنیسێتەس، لە دوورگەیەکدا، ئاهەنگێک ساز دەکات و کەشتییەک دەنێرێت بە شوێن ئەگریپینا. کە کەشتییەکە نوقم دەکرێت، ئەگریپینا، چونکە مەلەوانێکی باش دەبێت، پێی دەکرێت بە مەلە بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. کە هەست دەکات ئەمە پیلان و کردەوەی کوڕەکەیەتی، زوو نامەیەکی بۆ دەنێرێت کە پیلانەکەی سەری نەگرت و بە ساغ و سەلامەتی گەڕاوەتەوە بۆ ماڵی خۆی.

ئیتر نیرۆن، کۆمەڵەیەک سەرباز بە سەرۆکایەتیی ئەنیسێتەس دەنێرێت لە ماڵەوە بیکوژن. ئەگریپینا، کە دەیانبینێت لێیان دەپرسێت؛ ئاخۆ هاتوون بۆ

* بەرەیەک؛ جەبهەیەک.

کوشتنم؟ که دەڵێن ئا، پێیان دەڵێت من هەر یەک تکام هەیە؛ ئەو تکایەشم ئەوەیە؛ که یەکەم خەنجەر بکەن بێرەمدا، ئاماژەی رەحمی خۆی دەکات و دەڵێت "ئەمە، ئەو ناکەسەی هێنایە ئەم دنیایەوە". ئیتر دەیکوژن.

نیرۆن، کە هەست دەکات چ تاوانێکی گەورەی دژی دایکی خۆی کردووە زۆر دەترسێت کە گەلەکە دژی بوەستێت، بەڵام لە دواییدا سەیر دەکات زۆر کەس چاوڕوونیی لێ دەکەن بەبۆنەی رزگاربوونی لەو پیلانگێڕە.

لە دوای نەمانی دایکی نیرۆن، بەتەواوی دەکەوێتە ژێر دەست پەپاییا و هاوڕێکانی. ساڵی ٦٢ بەررەس، بە ژەهر دەکوژرێت و سێنێکا واز لە ئیشەکەی خۆی دەهێنێت. پەپاییا و "تیگێلینەس Tigellinus" جێگەکانیان دەگرن؛ پەپاییا، دەبێت بە ئامۆژگاری و تێگێلینەس، چونکە گەوادیی بۆ دەکرد، دەیکات بە سەرۆکی ئێشکگیران لە جێگەی بەررەس.

***

نیرۆن، زۆر لە موئامەرە دەترسا، پەپاییا و هاوڕێیەکانیشی ئەو ترسەیان باش بەکار دەهێنا و ئاراستەیان دەکرد دژی دوشمنەکانی خۆیان. لە دوای ماوەیەک، ئۆکتاڤیا، تەڵاق دەدرێت، نەفی دەکرێت لە دواییدا دەشکوژرێت. ساڵی ٦٣ کە شاری پۆمپەیی[1] بە بوومەلەرزە وێران دەبێت و فارسەکان ئەرمینا، لە دەوڵەتی رۆمانی داگیر دەکەن و دەیکەن بە پارچەیەک لە وڵاتەکەی خۆیان، خەڵکەکە دەڵێن؛ خوایەکان، تۆڵە لە نیرۆن دەسەندنەوە.

١. پۆمپەیی، شارێکی زۆر کۆنە، نزیکی بناری شاخی ڤیسۆڤ (Vesuvius)ە. بەپێی ئەفسانەی یۆنانی، هیراکل (هرقل) بنجی ئەو شارەی داناوە. لە ساڵی دا بە بوومەلەرزە، سەرجەم وێران دەبێت. خەڵکی شارەکە سەرلەنوێ دەست دەکەنەوە بە بیناکردنی. پێش ئەوەی بەتەواوی لێ بنەوە لە بیناکردنەوەی، گڕکانی (بورکانی) ڤیسۆڤ، ساڵی ٧٩، سەرتاپا شارەکە بە خۆڵەمێش دادەپۆشێت. قووڵایی خۆڵەمێشەکە، لە هەندێ جێگەدا، دەگاتە ٢٠ مەتر. کەم کەس رزگاری دەبێت. شارەکە، هەر وا بە داپۆشراوی دەمێنێتەوە و لە بیر دەچێتەوە. ساڵی١٧٦٣ دەست دەکرێت بە هەڵکەندنەوەی ئەو خاک و خۆڵەمێشەی شارەکەی داپۆشیبوو. ئێستا، هەموو شارەکە کراوە بە مەتحەف.

**سووتاندنی شاری رۆما:**

شــەوی ١٨ی تەمــووزی ســاڵی ٦٤ رۆمــا، ئاگــر دەگــرێت. بۆ ٦ تا ٨ رۆژ رۆمــا بەردەوام دەســـووتێت. لـە چوارده گـەڕەکــەکــانی رۆمــا، هـەر چواریان لە وێرانی رزگـاریان دەبێت. لەناو گـەلـەکـەدا وا بڵاو بووەوە کــە بە فـەرمـانی نیـرۆن خـۆی، شـارەکە ئاگری تێ بەردراوە؛ بۆ ئەوەی لە جـێی ئەو خـانووە تەختـە ناشـیـرینانە، کۆشکێکی جـوان بۆ خـۆی دروست بکات. دەشـڵێن گوایە، لەو کـاتەی کـە شـارەکە دەسـووتا و وێران دەبوو، نیـرۆن، بە سـەرخـۆشی، ئەو شـیـعـرانـەی دەخـوێندەوە کـە "هۆمیرۆس Homer" و "ڤێرجل Virgil"، کاتی خـۆی دەربارەی سووتـانـدنی شـاری تەروادە، نووسیبوویان.[1]

شـارەکـە کـە بینـا دەکـرێتـەوە، زۆربەی خـانووەکـانی بە بەرد و مـەڕمـەڕ دروست دەکرێن. هـەر لەوێشـدا، نیـرۆن، کـۆشکێکی نایابی زۆر جـوان و مـەزن بە بـاخـێکی گەورەوە بۆ خۆی دروست دەکات. ناوی دەنێت کۆشکـی "زێڕین".

لە ســەرەتای ســاڵی ٦٥دا مـوئامـەرەیەک دژی نیـرۆن، دەدۆزرێتـەوە. گـەلێک لە خـانەدانەکـانی رۆمـا، هـاوبەشـیـان تیـادا کـردبوو. سـێنێکا و "لوکـان Lucan"ی شـاعیریش لەگەڵیاندا تاوانبـار دەکرێن. نیرۆن، هەمـوویان لە خـاچ دەدات، جگە لە سێنێکا، چونکە کاتی خـۆی مامۆسـتای دەبێت، رێی دەداتێ بە دەسـتەکانی خۆی، خـۆی بکوژێت. ئـەویش ناچار دەبێت خـۆی بکـوژێت. ئیـتـر نیـرۆن، وەکـو شـێـتی لێ دێت؛ جار بەجـار وەکو جۆرە فێیـەکی لێ بێت وابوو. لە کاتی یەکێک لەو فێیانەیدا لەقەیەک دەکێشـێت بە پەپاییای ژنیدا. پەپاییا، سکی پڕ دەبێت، لە دوای ماوەیەک دەمرێت. دوای ئەوە ئەنتۆنینای کچی کلۆدیەس دەخوازێت. کە قبووڵ ناکات شووی پێ بکـات، دەیکوژێت. ئەمـجـا، سـتـاتیلیـا، دوای ئـەوەی مـێـردەکـەی دەکـوژێت، دەهێنێت. لە ساڵی ٦٨دا سوپای رۆمانی لە فرەنسا و ئیسپانیا، یاخی دەبن دژی. کە لەشکری ئێشکگرانی کۆشکەکەی خۆی، بڕیار دەدەن پشـتگیریی یاخیبووەکان بکەن و " گـالبا Galba" بکەن بە قـەیسـەر، نیـرۆن رادەکـات و دەچێت لە مـاڵێکدا، نزیکی رۆما، خۆی دەشارێتەوە. هەر لەوێشدا ناچار دەکرێت کە خۆی بکوژێت.

---

١. هەرچەندە نیرۆن، پیاوێکی شێت بوو، بەڵام گەلێک رۆشنبیر بوو؛ زۆر لە شیعر و ئەدەب و مۆسیقای دەزانی. وەکو گوتمان، سێنێکا، کاتی خۆی مامۆستای بووە.

## پێڕست


پێشکەشکردن ........ 5
وتەی وەرگێڕ ........ 6
دەربارەی شێکسپیر ........ 8
چیرۆکی شا لیەر بە کورتی ........ 15
لیستەی کەسایەتییەکان ........ 39
پەردەی یەکەم ........ 41
پەردەی دووەم ........ 135
پەردەی سێیەم ........ 205
پەردەی چوارەم ........ 277
پەردەی پێنجەم ........ 359
پاشکۆکانی شانۆگەرییەکە ........ 407
– نیرۆن ........ 409